

## با کورد بێن ملیۆنێک سەماکاری میسر ببەن و ئێمە مەمنون

نووسەری میسری، رەجائی فاید ئەوەی رەتکردەوە کە ئەو نووسراوە راستبێ کە بەناوی موخابەراتی عێراقی بڵاوبووەتەوەو باسی ئەوەدەکات کە 18 ئافرەتی ئەنفالکراوی کورد براونەتە مەلهاکانی میسرو، گوتی میسر خۆی سەماکاری زیادە و باکورد بێن ملیۆنێک سەماکار ببەن و ئێمە مەمنون.

لاپەڕەی کاروباری سیاسی



## فرەژنی قەدەخە بکەن

ژنە چالاکڤانی کوردلە ئەوروپا ویداد ئاکرەیی رەخنە لەبەرپرسان و رێکخراوەکانی تایبەت بەپاراستنی مافی ژنان دەگرێ وپێیوایە کوشتنی ژنان هەروا زیاد دەبێت وبەرەو کەمبوون نییە، داوای قەدەخەکردنی فرەژنیش دەکات چونکە یەکێکە لەچارەسەرییەکانی خۆسووتاندنی ژنانی کوردستان.

لاپەڕەی ژیانی نوێ



## ئەستەمە گەردەلوول بەشی سێیەمی هەبێت

جەلیل زەنگەنەی دەرهێنەری گەردەلوول دەڵێ ئەگەر بەشی سێیەمی دراماکەی بەهێزتر نەبێت لە هی دووەم ئەوە نایکات و وازی لێدەهێنێت، لەدیدارێکدا لەگەڵ رووداو، زەنگەنە باسی کێشەو ناکۆکییەکانیشی لەگەڵ ئەکتەرەکانی دەکات .

لاپەڕەی هونەر


Rûdaw

رووداو

ژمارە (3)

دووشەممە 2008/4/21

1 گوڵانی 2708

(750) دینار

www.rudaw.net

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


# رووداو وردەکاریی گرتنی 10 گیراوەکەی کۆمەڵی ئیسلامی لەلایەن ئاسایشەوە ئاشکرا دەکات

## وەزیری مافی مرۆڤ: گیراوانی کۆمەڵی ئیسلامی تاوانیان کردووەو پەیوەندییان بە تیرۆرەوە هەیە

**تایبەت بە رووداو**

وەزارەتی مافی مرۆڤ ناوی 10 گیراوەکەی کۆمەڵی ئیسلامی دەداتە (رووداو) و دەڵێ دەستیان لەکاری تیرۆردا هەبووە،کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێ ئەوە راست نییە"ئەگەر راست بوایە دەدرانە دادگا".

لەوماوەیەدا، وەڵامکاری لەنێوان کۆمەڵی ئیسلامی لەلایەک و ئاسایشی گشتی لە هەولێر و پارتی لەلایەکەی دیکەدا دروستبوو لەسەر گیراوانی کۆمەڵی ئیسلامی. شوان عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ،بە (رووداو)ی راگەیاند کۆمەڵی ئیسلامی ناوی 12 کەسیان بۆ هێناین بۆئەوەی بەدواداچوونیان بۆ بکەین، 10کەسیان لەلایەن ئاسایشەوە لەهەولێر گیراون "پاش ماندووبوونێکی زۆر زانیاریمان لەسەر وەرگرتن"،بە راپۆرتێک لە 2008/4/16 لیستی ناوەکانیان دراونەتەوە کۆمەڵی ئیسلامی و تۆمەتەکانیشیان تێدا نووسراوە. لەبارەی تاوانباریی و بێ تاوانیشیانەوە گوتی "تاوانیان کردووە و زۆربەشیان پەیوەندییان بە تیرۆرەوە هەیە". بەڵام دوو کەس کە بەپێی کۆمەڵی ئیسلامی دەبووایە لەئاسایشی سلێمانی بن،لەوێ نین و دوو کەسی دیکەشیان کە دەبووایە لە ئاسایشی گشتیی هەولێر گیرابن لەلای ئەوان نین.بەپێی وەڵامی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر.

بەپێی قسەی وەزیری مافی مرۆڤ، 300 زیندانی کە بە تۆمەتی تیرۆر گیراون و تا ئێستا نەدراونەتە دادگا .لەو 10 کەسەی کۆمەڵیش تەنیا دووانیان حوکمدراون و یەکێکیشیان لەدادگایە و ئەوانیتر دادگایی نەکراون.

عیسمەت ئەرگۆشی،بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند کە کۆمەڵی ئیسلامی راپۆرتێکی داوەتە رێکخراوی یونامی کە ئەو گیراوانەیان بێ سەروشوێنن و مواجەیان نییە"بەڵام ئەوە راست نییە".

زانا روستایی بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری کۆمەڵی ئیسلامیش لە لێدوانێکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "ئەو 10 کەسەی ترمان بێسەروشوێن نین و هەفتانە کەسوکاریان دەچێتە لایان"،بەڵام گوتی"گرفتی ئێمە لەوەدایە چەندین ساڵە بەبێ دادگایی کردن ماونەتەوەو تۆمەتیان ئاراستە نەکراوەو تەنها بە تۆمەتی ئیسلامی بوون گیراون و هیچ کارێکیان ئەنجام نەداوەو رووبەڕووی هیچ دادگایەکیش نەکراونەتەوە".هەروەها گوتی" ئێمە دەڵێین ئەو تۆمەتانە راست نییە ئەگەر راست بوایە دەدرانە دادگا".

عیسمەت ئەرگۆشی گوتی،لەکاتی دەستگیرکردنی کەیفی فارس بەتۆمەتی بەشداریکردن لە تیرۆرکردنی فرەنسۆ هەریری،کۆمەڵی ئیسلامی رەتیکردەوە کە ئەوە ئەندامیان بێ، کەچی ئێستا دەڵێن ئەندامی ئێمەیە.

روستایی گوتی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەلیستێک کە ناوی 10 گیراوو تۆمەتەکانی تێدایە وەڵامی ئەوانی داوەتەوە،بەڵام" ئێمە داوامان کردووە کە ئەو تۆمەتانە لە دادگا رووبەڕوویان بکرێتەوە، ئەگەر تۆمەتەکانیان لەسەر نەچەسپان ئازادبکرێن".گوتیشی هەشتەمین ناوی ناولیستەکەش ئەو (محەممەد ئیسماعیل)ە نییە کە ئێمە داوامانکردووە.

**ناوی گیراوەکان لەلاپەڕە (2) بخوێنەوە**

## کچێک لەلایەن باوک و زڕدایکییەوە پرچ و برۆی دەتاشرێ و زیندانی دەکرێ...

لاپەڕە 13



(ش)ی 17ساڵی، دوای چەندین جار پرچ و برۆ تاشینی، دەرگای کۆگای ماڵەکەیان شکێندرا و رزگارکرا

(فۆتۆ: رووداو)

### راوێژکاری وەزارەتی کارەبا:

## ئەم هاوینە 20 کاتژمێر کارەبا دەدەینە هاووڵاتیان

**تایبەت بە رووداو**

وەزارەتی کارەبا بە (رووداو)ی راگەیاند "دەتوانین ئەو مژدەیە بەخەڵک بدەین کە ئەم هاوینە دەتوانین 20 سەعات کارەبایان بۆ دابین بکەین".

دڵشاد محەممەد راوێژکاری وەزارەتی کارەبا، ئەوەی بۆ (رووداو) روونکردەوە کە بە 8 کاتژمێر کارەبای موەلیدە ئەهلییەکانی هەولێر و سلێمانییەوە،بەرنامەی کارەبا لە هاویندا بەرنامەیەکی باش دەبێ " دەتوانین برێکی وا دابین بکەین کە هاووڵاتیان بە بەرنامەی موەلیدەوە رۆژانە لە 20 کاتژمێر کەمتریان نەبێت ئێمە بەکارەبای خۆمان دەتوانین 10-12 سەعات کارەبا دابین بکەین".هەروەها گوتیشی وێستگەی 500 میگاواتی هەولێر تەواو ئامادەیە" لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا یەکەی یەکەمی دەخەینەکارو دوای ئەویش بەماوەیەکی زۆر کەم و پێش وەرزی هاوین یەکەی دووەمیش دەکەوێتەکار". ئاماژەی بەوەشدا ئەگەر سووتەمەنی پێویست بۆ ئەو وێستگەیە دابین بکرێ دەتوانن 24 کاتژمێر بەردەوام کاری پێ بکەن " هێندە کارەبا بەخەڵک بدەین کە هەست بە گەرمای هاوین نەکەن".

گوتیشی ئێستا سەرقاڵی دانانی خشتەیەکن بۆ زیادکردنی کارەبا بۆ هاووڵاتیان لە مانگی ئایار.لە هەمانکاتدا ئاماژەی بەوەدا نرخی کارەبا زیاتر دەکەن و سیستەمێکی تازەی پێوانەکردنی خەرجکردنی کارەبا دادەنێن کە هەرکەسێک پارە نەدات بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی کارەباکەی دەبڕدرێ.

وردەکاری زیاتر لە پەڕە (3) بخوێنەوە

بەنیاز بوون پارتی چاکسازی کوردستان دابمەزرێنن

## ئاسایشی سلێمانی عەقیدێک و 5 پۆلیس دەستگیر دەکات

**ئامانج خەلیل - سلێمانی**

هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی، عەقیدێکی پۆلیس و پێنج لە پاسەوانیان لەهەڵەبجەی تازە دەستگیر کرد، کە بەنیازی دامەزراندنی حیزبێک بوون.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەئاسایشی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی نەجم مەلا حەمە ئەمین، عەقید لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتنی سلێمانی و 5 پاسەوانیان دەستگیرکرد دوای ئەوەی زانرا کە ناوبراو خەریکی دامەزراندنی حیزبێکە بەناوی پارتی چاکسازی کوردستان".

سەرچاوەکە گوتیشی"عەقید نەجم لەگەڵ پاسەوانەکانیدا خەریکی ناساندنی حیزبەکەیان بوون لەهەڵەبجەی تازە، لەدوای گەیشتنی زانیاری توانرا هەموویان دەستگیر بکرێن، کە یەکێک لەدەستگیر کراوەکان کوڕەکەی خۆیەتی و ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدان لەئاسایشی سلێمانی".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، عەقید نەجم لەتیرەی (وەیس)ە لەعەشیرەتی رۆغزایی و تا راپەڕینەکەی بەهاری 1991 ئامر سریە بووە.

ساڵی رابردووش حیزبی ئازادی و چاکسازی لەلایەن جەوهەر هەرکی راگەیێندرا کە ئامانجێکی دژایەتیکردنی فیدراڵی هەرێمی کوردستانە.

## دەرمان و خۆراکی بایعی لە تاقیگەکانی تورکیا و هەنگاریا و کەنەدا دەرنەچوون

**تایبەت بە رووداو**

لەو پشکنینەی لەسەر 10جۆر دەرمانی بەکارهاتوو لە کوردستان و 7 مادەی بایعی مانگانە،بە سابونیشەوە لە تاقیگەکانی دەرەوە کراوە، دەرکەوت هیچیان بەکەڵکی بەکارهێنان نایێن.

سەرۆکی کۆنترۆلی جۆریش لە کوردستان دەڵێ ئەوە کۆمەڵکوژییەکی لەسەرەخۆیە و لە دوارۆژدا کاردانەوە ترسناکەکانی بەکارهێنانی ئەو مادە خراپانە دەردەکەوێ.

د.موئەیەد عەبدولڕەحمان،سەرۆکی دەستەی کۆنترۆڵی جۆری لە کوردستان کە ئەزموونی 20 ساڵ کارکردنی لەوبوارەدا هەیە لە ئەمریکا و کەنەدا، بە (رووداو)ی راگەیاند، حەوت مادەی بەشە خۆراکی مانگی شوبات و مایسی ساڵی رابردوویان بۆ پشکنین بردە تاقیگەکانی کەنەدا و هەنگاریا و تورکیا "ئەنجامەکان دەریانخست هیچیان بۆ بەکارهێنان نابن". خۆراک و دەرمانی کوردستان لەسەر بوودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە دابیندەکرێ، هەرچەندە کۆنترۆڵی جۆری وەزارەتی بازرگانی کوردستانی لەو ئەنجامانە ئاگادارکردەوە کەچی دابەشکردنی ئەو مادانە بەسەر هاووڵاتیاندا بەردەوامە.

د.موئەیەد سەبارەت بەو دەرمانانەی لە کوردستانیش بەکاردەهێندرێن گوتی"دە جۆر نموونەی دەرمانی کوردستانم بردە کەنەداو لەوێ پشکنینم بۆ کرد، هیچ کام لەو دەرمانانە مەرجی تەندروستی تێدا نەبوو بۆ بەکارهێنان، راپۆرتی ئەنجامەکانیشم دایە وەزیری تەندروستی، ئەو دەرمانانەش کە پشکنینمان بۆ کردن، بەتایبەتی هەڵماننەبژاردبوون".

د.بارام رەسوڵ، کە ماوەی 17 ساڵ لەکارگەکانی دروستکردنی دەرمان لەسوید کاریکردووە، ئەوەی بۆ (رووداو) خستەڕوو، کە بەهۆی جۆری دەرمانەکان و خراپ هەڵگرتنیان، ئەو دەرمانانەی لە کوردستان بەکاردێن بێ کاریگەرین "زۆرجار نەخۆشێک پێویستە بەحەبێک چاک ببێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی مادەی چالاک لەحەبەکەدا کەمە بەچەند حەبێکیش چاک نابێتەوە".

وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (7) و (12) بخوێنەوە

## لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی هەولێر گیراوەکان ئەشکەنجە دەدرێن

**تایبەت بە رووداو**

بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی کوردستان لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان ئەشکەنجەدان هەیەو شوێنەواری ئەشکەنجەدانەکەش بەسەر جەستەی گیراوەکانەوە دیارە.

بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی کوردستان کە وێنەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە، رۆژی 2008/2/20، بەشی بەندیخانەی دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ سەردانی گرتووخانەکانی ناوەندی هەولێریان کردووە کە 284 حوکمدراو و 251 راگیراویان تێدابووە.

لەو راپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە "زۆربەی بەندکراو و راگیراوەکان سکاڵایان لە درەنگ یەکلابوونەوەی کێشەکانیان هەبووەو زۆربەی لە شەش مانگ زیاتر دەمێنێتەوە".

لەو راپۆرتەی وەزارەتی مافی مرۆڤدا ئەوە ئاشکرا کراوە کە "بەشێک لە راگیراوەکان سکاڵای ئەوەیان هەبووە لە هەندێک لە بنکەکانی پۆلیس بەتایبەتی لە (بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان)، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دووچاری لێدان و توندو تیژی بوونەتەوە، هەندێک لە راگیراوەکانیش ئاسەواری ئەم لێدانانە بەسەر جەستەیانەوە دیاربووە".

عەمید هێرش ئەحمەد بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان، بە (رووداو)ی راگەیاند ئاگاداری ئەو راپۆرتەی وەزارەتی مافی مرۆڤ نییەو "لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆشەوە بڕیارمان بۆ هاتووە کە نابێت لێدان هەبێت و ئەوەش رەتدەکەمەوە کە لە گیراوەکانمان دابێت".



## لەئاهەنگێکی بووک گواستنەوەدا 20 کەس ژەهراوی دەبن

ڕووداو-موسڵ

◆ لە ئاهەنگێکی بووک گواستنەوە لە شاری موسڵ 20 کەس بەهۆی خواردنەوە ژەهراوی بوون و، لە ئەنجامدا 20 کەس گیانیان لەدەستدا. سەرچاوەیەک لە فەرمانگەی تەندروستی موسڵ بە(ڕووداو) ڕاگەیاند "ئەوانە بەهۆی خواردنی خراپەوە ژەهراوی بوون، کە زۆربەیان ژن و منداڵن و دوو کەسیش بەهۆی ئەو ژەهراوی بوونەوە گیانیان لەدەستداوە، ئەوانی دیکەش ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکیدان".

# ئەنسارولئیسلام دەستی بە جموجوڵ کردووە

**تایبەت بە ڕووداو . سلێمانی**

بەرپرسێکی دەزگای دژەتیرۆر ئاشکرای کرد کە ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام کەوتوونەتە جموجوڵ و ڕێکخستنەوەی شانەکانیان لەناو هەرێمی کوردستان و دەزگای دژەتیرۆریش لەهەوڵی هەڵوەشاندنەوەیاندایە.

ئەو بەرپرسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پاشماوەکانی ئەنسار کەوتوونەتە جموجوڵ ئێمەش دەستمانکردووە بە بەرەنگاربوونەوەو بنبڕکردنیان". گوتیشی "لەچەند ناوچەیەک خەریکی دروستکردنی شانەی نووستون، بەڵام ئێمە ئەو شانانەمان لەبەریەک هەڵوەشاندووەتەوە".

بەپێی گوتەی ئەو بەرپرسەی دەزگای دژە تیرۆر جگە لە ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام ڕێکخراوی قاعیدەش لەهەوڵی دروستکردنی شانەی نووستودایە لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان. گوتیشی "ئەنسارو قاعیدە لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ ڕێکخستنەوەی ئەندامانیان لەناو کوردستان، بەڵام ئێمە بە پلانی تۆکمە لێکمان هەڵوەشاندوونەتەوە".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە ڕێکخراوی قاعیدە توانیویانە لەناوچەکانی دیالە و سەعدیەو جەلەولا شانە دابمەزرێنن و لەهەندێک شوێنیش کۆنترۆڵی تەواویان کردووە.

لەبارەی هەرێمی کوردستانیشەوە گوتی "ئەوان ناتوانن لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێم شانەی نووستو دابمەزرێنن، بەڵام ڕەنگە خەڵکی موخبیریان هەبێت".

ئەو سەرچاوەیە هۆشداری ئەوەشیدا کە چالاکییەکانی ئەنسارولئیسلام زیاد بکەن بەوەی کە ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەدژی سوپای سەدر بچێتە شەڕەوە ئەوا ئێرانیش جموجوڵ بە ئەنسار دەکات.

هەفتەی ڕابردوو فەرماندەییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خرانە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆ بەشداریکردن لەو شەڕەی کە حکومەتی عێراق لەدژی سوپای مەهدی دەستیپێکردووە. بەپێی زانیارییەکان بڕیاردراوە هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی ناوچەکانی موسڵ، کەرکوک، دیالە بکرێن بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو هێزانەی سوپا کە لە باشوورو ناوەڕاستی عێراق لەدژی سوپای مەهدی کەوتوونەتە شەڕەوە.

هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەبەری ناحیەی سەعدیە ڕایگەیاند کە ڕێکخراوی قاعیدە لەهەوڵی دروستکردنی شانەی نووستودایە لەناوچەکانی گەرمیان و هۆشداری دایە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم کە ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە لەژێر هەڕەشەدایەو دوورنییە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.

# لیستی ناوی گیراوەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و تۆمەتەکانیان

| ناوی بەند کراوان | تێبینی |
|---|---|
| 1- هێمن ئەسعەد ئیسماعیل | لە ڕێکەوتی 2004/8/19 دەسگیر کراوەو تومەتی گرتنی (ئەنسار) بووە. |
| 2- میقداد قادر سەعید | لە ڕێکەوتی 2005/5/26 دەستگیر کراوەو تۆمەتی گرتنی (ئەنسار) بووە. |
| 3- هۆگر تەلعەت محەممەد | لە ڕێکەوتی 2005/5/12 دەستگیر کراوە، بەتۆمەتی ئەنسار لەسەر ئینتەرنێت گیراوە لەکاتی کردنەوەی ئیمێڵی ئەنسار |
| 4- ئاراس عومەر فەقێ | لە ڕێکەوتی 2005/12/15 دەستگیر کراوە، چەکداری ئەنسار بووە بەنهێنی هاتۆتەوە چەند کاتیۆشایەکی لێگیراوە. |
| 5- کەیفی فارس خدر | لە ڕێکەوتی 2004/6/20 دەستگیر کراوە، تۆمەتی گرتنی (کۆمەڵ) بووە، هاوکار بووە لەتیرۆر کردنی (شەهید فرەنسۆ). |
| 6- ئەنوەر سلێمان قادر | لە ڕێکەوتی 2005/5/7 دەستگیر کراوەو ئەنسار بووە. |
| 7- کاروان عارف عەبدوڵڵا | لەساڵی (2003) بەتۆمەتی (TNT) دراوەتە دادگا و لەدادگا بە 30 ساڵ حوکمدراوە. |
| 8- محەممەد ئیسماعیل محەممەد | لە 2005/1/26 بەتۆمەتی (TNT) گیراوە دراوەتە دادگا و، حوکمی تا هەتایی دراوە. |
| 9- حەمید سابیر محەممەدئەمین | لە 2005/5/18 دەستگیر کراوە بەتۆمەتی تەقاندنەوەی کاتیۆشا بۆ لقی دوو و پەرلەمان، دراوەتە دادگا، تائێستا حوکمی دەرنەچووە. |
| 10- عەبدولحەکیم حەسەن ئەحمەد | لە ڕێکەوتی 2004/6/1 دەستگیر کراوە، کۆمەڵ بووە بووەتە (ئەنسار) (3) ساڵ لە خورماڵ بووە. |
| 11- واحید حوسێن ئەمین | بەپێی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی لای ئەوان نییە. |
| 12- هیدایەت عەزیز ئەحمەد | بەپێی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی لای ئەوان نییە. |
| 13- عومەر حەسەن عوسمان | لەوەڵامی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/هەولێر ناوی نەهاتووە. |
| 14- کازم ئیسماعیل ئیبراهیم | لەوەڵامی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/هەولێر ناوی نەهاتووە. |

بەرپرسێکی حیزبی شیوعی :

# ئەگەر فایلی سوبحی مەهدی ڕاست دەربچێ لە حیزب دەردەکرێ

**تایبەت بە ڕووداو:**

بەرپرسێکی حیزبی شیوعی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەگەر ئەو فایلەی بەناوی یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەوە ئاشکرا بووە ڕاست دەرچێت ئەوا لە حیزب دەردەکرێت.

حیزبی شیوعی کوردستان لەدوایین کۆنگرەی خۆیدا کە ڕۆژانی 12 تا 2008/3/14 لە شەقڵاوە بەڕێوەچوو،گفتوگۆی لەسەر مەسەلەی فایلێک کرد کە پەیوەندی بە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە هەیەو لەم کۆنگرەیەشدا جارێکی دیکە ئەو پلەیەی بەدەست هێناوەتەوە. بەگوێرەی ئەو نووسراوە بێ مۆرە سوبحی مەهدی ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی لەڕێگەی کەسێکی سەر بە دەزگای موخابەراتی بەعسەوە بۆ هەماهەنگی و کارکردن ڕاکێشراوە.

مامۆستا قادر ئەندامی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕەتکردەوە کە لەلایەن حیزبەوە لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەوفایلە پێکهێنرابێ، بەڵام گوتی "بڕیاری کۆنگرە ئەوەیە کە ئەو برادەرە بچێتە دادگاو داوا تۆمار بکات و بەدوای ئەو مەسەلەیەدا بچێ و خۆی یەکلا بکاتەوە، ئایا ئەو فایلە ڕاستە یان ڕاست نا". گوتیشی "کاک سوبحی کەسەکە دەناسێت کە فایلەکەی نووسیوەو ناوی ئەمی تێدا هێناوە".

لەکاتێکدا کەسێکی نزیکی سوبحی مەهدی ئەوەی ڕەتکردەوە کە ناوبراو نووسەری ڕاپۆرتەکە بناسێت، مامۆستا قادر ڕایگەیاند کە ناوی کەسەکە دیارەو گوتی "داوای لێکراوە بچێ لەگەڵی بگاتە ئەنجامێک، خۆیشی گوتوویەتی دەچم شکات دەکەم".

مامۆستا قادر هەروەها گوتی "وەکو فایل فایلێکی دروستە، ئەم فایلە لەدوای ڕووخانی حکومەتەوە پەیدابووە، بۆ ناوی من نەهاتووە، بۆ ناوی کەسێکی دی نەهاتووەو ناوی ئەو هاتووە؟".

هەر لەدرێژەی ئەو قسانەدا گوتی "پێشتر فایلی خەڵکی دیکەش هاتەگۆڕێ دەرکەوت ڕاستە، ئەو دروستی و نادروستییە بە تۆمارکردنی داوای یاسایی یەکلادەبێتەوە، چونکە کەسەکە دەناسێت و ناوەکەی دیارە و ناونیشانی دیارە". مامۆستا قادر ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەگەر فایلەکە دروست بێت ئەوا سوبحی مەهدی لەحیزب دەردەکرێت.

کەسێکی نزیک لە سوبحی مەهدی گوتی ئەوەی کەوتووەتە بەردەست بەڵگەنامە نییە، بەڵکو کاغەزێکی کۆپیکراوەو بەدەست نووسراوەتەوەو ڕاشیگەیاند کە سوبحی داوایەکی لە دادگا تۆمار کردووە، کەچی لەهەمان کاتیشدا گوتی "ئەو نووسەری ڕاپۆرتەکە ناناسێت".

# 14 ترومبێل هاتنە سۆتن

**گرهۆ محەممەد**
**ڕووداو -دهۆک**

د ڕویدانەکا هاتن و چونێ دا ل دەمژمێر (10)ی شەڤا 19لسەر 2008/4/20 ل گەلیێ زاخو چواردە تورمبێل هاتنە سۆتن و کەسەک ژی ب گرانی بریندار بوو. زیانێن ڤێ رویدانێ ل دویڤ ڕاپورتێن هاتن و چونێ و ئاگر ڤەمراندنێ ل پارێزگەها دهوکێ زێدەتر ژ(800) هزار دۆلارانە.

تورمبێلێن هاتینە سۆتن پێکاتینە ژ:8 لاندگروز تۆیوتا ( مۆنیکا ) مۆدیل 2008، دوو پیکئاپ- 2008، زێدەباری ترێلا ژمارە 982655 کو سورییە و هەلگرا ڤان ترومبێلان بوو. هەروەسا سێ تانکەرێن ژمارە 17837 و 13054 و 17042 دهۆک کو ئەڤ تانکەرەژی د بارکری بوون ب مادێ فلورین.ل دۆر ڤێ رویدانێ ئەفسەرێ ڕێڤەبەریا هاتن و چونێ ل پارێزگەها دهۆکێ مافپەروەر نایف خەلەف داود د داخویانیەکا تایبەت دا بو (ڕووداو) گۆت "ژئەگەرا پەقینا سۆندێ ستوپێ شوفێرێ ترێلا بارهەلگر یاسوری نەشیا کونترولێ ل سەر ترومبێلا خۆ بکەت وبۆش بوویە ب سێ تانکەرێن بارهەلگر کەڤتیە و دئەنجامدا شۆرتێ کارەبێ پەیدابویە و ئاگر بەربوویە هەر چواردە تورمبێلا وهەمی هاتینە سۆتن و تنێ ئاسنێ وان مایە". دهێتە زانین کو تورمبێلێن لاندگروز و تویوتا پیک ئاب یێن وەلاتیان بوون و نۆکە شوفێرێ ترومبێلا سوری د زیندانێ دایە.



هندەک ل ترمبێلێن سۆتی (فۆتۆ:ڕووداو)

# شارەوانی سلێمانی فرۆشتنی ڕۆژنامە لەسەر شۆستەکان قەدەخە دەکات

**ڕووداو-سلێمانی**

بەبڕیاری شارەوانی سلێمانی ڕێگە نادرێ بەڕۆژنامەفرۆشەکان لەسەر شۆستەکان ڕۆژنامە بفرۆشن و ڕۆژنامەفرۆشانیش داوای دروستکردنی ئەو کۆشکانە دەکەن کە ماوەی ساڵێک زیاترە بەڵێنیان پێداون.

دارا محێدین کە یەکێکە لەو 12 ڕۆژنامەفرۆشەی لەسەر شۆستەکان ڕۆژنامە دەفرۆشن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەپێنجشەممەی ڕابردووەوە بەبڕیاری سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ناهێڵن لەسەر شۆستە ڕۆژنامە بفرۆشین، هەر کەسێک ڕۆژنامە دابنێت دەستی بەسەردا دەگیرێت".

ئەو ڕۆژنامەفرۆشە لەبارەی ئەو کۆشکانەی بڕیاربووبۆیان دروستبکرێ گوتی "لە 2007/3/7ەوە بڕیار دراوە کۆشکمان بۆ دروستبکرێ، بەڵام ئەوە ساڵێک زیاترە ئێمە هاتوچۆی شارەوانی دەکەین، هەر دەڵێن ئەمڕۆ نا بەیانی وەڵامتان دەدەینەوە".

هەر لەو بارەیەوە شێخ عومەر مەحوی سەرۆکی شارەوانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەم هەفتەیەدا تەندەر ڕادەگەیێنین بۆ دروستکردنی کۆشکی ڕۆژنامەفرۆشان".

خەباتی شاخ لەبەرچاو ناگیرێ

# حیزبەکان لە پێوەرەکانی دیاریکردنی بودجەکانیان نیگەرانن

**ڕووداو – هەولێر**

بەپێی ئەو پرۆژە یاسایەی بۆ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان ئامادە کراوە، بەشێک لە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ حیزبە سیاسییەکان تەرخاندەکرێت لەشێوەی مینحەیەکی ساڵانەدا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوەو بەپێی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان بەسەر حیزبەکاندا دابەش دەکرێت

زانا ڕۆستایی ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ژمارەی کورسی حیزبەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا و ژمارەی دەنگدەرانی حیزبەکان کە کورسی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە دەکرێتە پێوەر بۆ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان" بەپێی ئەو زانیاریانەش کە دەست (ڕووداو) کەوتووە ئەم پێوەرە نیگەرانی لای ئەو حیزبانە دروستکردووە کە لەکوردستاندا خۆیان بەخاوەن جەماوەر دەزانن و لەپەرلەمانیشدا تەنها کورسییەکیان هەیە.

محەممەدی حاجی مەحموود سکرتێری حیزبی سۆسیالست،بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕێککەوتوون لە پرۆژەکەدا خەباتی شاخ و ئەو قوربانیانەی کە حیزبەکان داویانە بکرێتە پێوەری سەرەکی بۆ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان"، بەڵام زانا ڕۆستایی، گوتی" خەباتی حیزبی و ژمارەی ئەو شەهیدانەی کە ئەو حیزبە داویەتی ناکرێتە پێوەر چونکە شتێکی لاستیکییە، ناشکرێت ژمارەی شەهید بکرێتە پێوەر چونکە کەسانێکی زۆر هەن لەشەڕێکی ناڕەوادا کوژراون، ئایا دەکرێت ڕێزبگیرێت لە حیزبێک کە شەڕی ناوخۆی کردبێت، لیژنەی یاسایی پەرلەمان لێکۆڵینەوەیان لەسەر یاسای حیزبەکانی چەند وڵاتێکی عەرەبی و ئەورووپی کردووەو لەوێش کورسییەکانی پەرلەمان کراوەتە پێوەر".

وەزیری دەرەوەی تورکیا

# لەبەر ئەمریکا لەباکووری عێراق کشاینەوە

**ڕووداو – نەفەل**

وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیاندا لەباکووری عێراق (باشووری کوردستان) ئاشکرا بوو کە تورکیا هیچ مەبەستێکی شاراوەی بۆ عێراق نییەو گوتی هۆکاری ئەوەی کە ئەمریکا بەتورکیای گوت بکشێنەوە مەترسی تێکچوونی هاوسەنگی ناوخۆیی عێراق بوو.

عەلی باباجان سەبارەت بەپێداگری وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕۆبێرت گەیتس لەبارەی کشانەوەی هێزەکانیان لەباشووری کوردستان گوتی "ساڵی 2008 بۆ ئەمریکا ساڵی جێگیرکردنی یەکێتی عێراقە. بۆ ئەوەش چوار خاڵی گرنگ هەیە: یاسای هایدرۆکاربۆن، فیدراڵی، دوو پەیمانی دیکە، هەروەها فەرمانی نەتەوەیەکگرتووەکان تا ڕێ بداتە هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بمێننەوە".

باباجان هەروەها ڕایگەیاند کە ئەمریکا لەو ئۆپەراسۆنە سەربازییەی ئێمە، کە وردەکارییەکانی لەنێوان بەرپرسانی سەربازی هەردوولادا باسکرا دەترسا هاوسەنگی ناوخۆیی عێراق تێکبچێت، بۆیە داوای کشانەوەی لێکردین.



عەلی باباجان

گومان لە هۆکاری پاشماوەی چەکی کیمیایی دەکرێت

# چەند هاووڵاتییەک لە هەڵەبجە بە تەپوتۆز بریندار دەبن

**شوان سۆسەکانی**
**ڕووداو- هەڵەبجە**

چەند هاووڵاتییەکی گەڕەکێکی هەڵەبجە لە ئەنجامی تەپوتۆزی پرۆژەی ئاوەڕۆی گەڕەکەکەیان بەخێرایی پێستی لەشیان بریندار دەبێ، هەندێ سەرچاوە گومان دەکەن بەهۆی پاشماوەی چەکی کیمیایی وایان لێهاتبێت.

هەفتەی ڕابردوو لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوەڕۆی گەڕەکی کانی قوڵکە لەهەڵەبجە چەند هاووڵاتییەکی ئەو گەڕەکە پێستی لەشیان زۆر بەخێرایی دووچاری بریندار بوون هات، پزیشکانی سلێمانیش پێیانڕاگەیاندن "حاڵەتەکە لەئەنجامی پاشماوەی چەکی کیمیایی ڕوویداوە کە تا ئێستا لەژێر خاکەکەدا ماوەتەوە".

لەو بارەوە د.ئاکۆ، بەڕێوەبەری تەندروستی شارەزوور لەهەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حاڵەتی وا نەهاتووەتە لای ئێمەو ئەوەش پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ورد هەیەو بڕوامان نییە شتی وا ڕوویدا بێ، هەر پزیشکێکیش هۆکارەکەی بۆ چەکی کیمیاوی گێڕابێتەوە، دەبێ بەڵگەی زانستی هەبێ".

(ڕووداو) پەیوەندی بە کامیل عەبدولقادر وتەبێژی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە کرد و ناوبراو ڕایگەیاند "ئێمە لەو شتە بێئاگاین، بەڵام بڕواشمان بەوە هەیە کە لەهەڵەبجە کاریگەری چەکی کیمیایی مابێت".



**دیمیستۆرا: کەرکوک بۆمبێکی تەوقیتکراو بوو ئێمە کاتژمێرەکەیمان ڕاگرت**

AP

◆ ستیڤان دیمیستۆرا نوێنەری UN لەعێراق بە ئەسۆشێیتد پرێسی ڕاگەیاند "پرسی کەرکوک لە کۆتایی دیسەمبەری ڕابردوودا بۆمبێکی تەوقیتکراو بوو، UN کاتژمێرەکەی ڕاگرت". مەبەستی دیمیستۆرا دواخستنی وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو کە لەوادەی خۆیدا ئەنجام نەدراو لەسەر پێشنیاری UN بۆ 6ی مانگی دیکە درێژکرایەوە. ئەم قسەیە لەکاتێکدا دێت کە کۆتایی وادە نوێیەکەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 تەنیا دوو مانگی ماوە.

## دڵشاد محەممەد، ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا:

# ئەم هاوینە ڕۆژانە 20 کاتژمێر کارەبا دەدەینە هاووڵاتیان

**تایبەت بە ڕووداو**

دڵشاد محەممەد ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند کە هەردوو یەکەی وێستگەی غازیی کارەبای هەولێر پێش دەستپێکردنی وەرزی هاوینی ئەمساڵ دەکەونەکار و گوتیشی "دەتوانین ئەو مژدەیە بەخەڵک بدەین کە ئەم هاوینە دەتوانین 20 سەعات کارەبایان بۆ دابین بکەین".

بەهۆی کەمیی باران لە زستاندا، ئەمساڵ ئاوی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان کە بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو سەرچاوەی سەرەکیی بەرهەمهێنانی کارەبابوون، تەواو ڕوویان لەکەمبوونەوە کردووەو ئەوەش وای لە هاووڵاتیان کردووە کە بە دڵەڕاوکێوە چاوەڕوانی هاوینێکی گەرم بن. بەتایبەتیش کە حکومەت وشکەساڵی لە کوردستان ڕاگەیاند.

ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی لەوەکرد کە ئەمساڵ کەمبارانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا نابێت، چونکە وەک ئەو گوتی وێستگەی غازیی هەولێر کە بە پرۆژەی ئەحمەد ئیسماعیل ناسراوەو 500میگاوات کارەبا بەرهەمدێنێ، تەواو ئامادەیە بۆ کارکردن و پاش ئەویش وێستگەی چەمچەماڵ دەکەوێتەکار و گوتیشی "لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا یەکەی یەکەمی وێستگەی هەولێر دەخەینەکارو دوای ئەویش بەماوەیەکی زۆر کەم و پێش وەرزی هاوین یەکەی دووەمیش دەکەوێتەکار". دڵشاد محەممەد وەک ڕاوێژکارێکی بەزانیاریی وەزارەتی کارەبا ئاماژەی بەوەکرد کە کارکردنی وێستگەکان پەیوەست دەبێت بەبڕی ئەو گازوایلەی کە بۆیان دابین دەکرێت" ئەگەر گازوایل وەک پێویست دابین بکرێ دەتوانین 24 کاتژمێر بە بەردەوامی کاریان پێبکەین و هێندە کارەبا بەخەڵک بدەین کە هەست بە گەرمای هاوین نەکەن". ئەو وێستگەیە کە لە یەک کاتدا دەتوانرێ بەغازی شل و گازوایلیش کاری پێبکرێ بەگوتەی ئەندازیارانی ئەو بوارە کارپێکردنی بە گازوایل کارێکی ناچارییەو ئەگەر بە گازوایل کاری پێبکرێ ئەوا وێستگەکە زووتر پێویستی بە کاری چاکسازی و نۆژەنکردنەوە دەبێت، سەرباری ئەوەش بڕێکی یەکجار زۆر گازوایلی پێویست دەبێت کە دابینکردنی ئاسان نییە.

ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا دەربارەی ئەوەی کە لە ڕۆژێکدا دەتوانن چەند کاتژمێر کارەبا بدەنە هاووڵاتیان گوتی "دەتوانین بڕێکی وا دابین بکەین کە هاووڵاتیان بە بەرنامەی مۆلیدەوە ڕۆژانە لە 20 کاتژمێر کەمتریان نەبێت، ئێمە بەکارەبای خۆمان دەتوانین 10-12 کاتژمێر کارەبا دابین بکەین، 8 کاتژمێری دیکەش لەسەر مۆلیدە ئەهلییەکان دەبێت".

بەگوێرەی لێدوانی ئەو ڕاوێژکارەی وەزارەتی کارەبا هەردوو یەکەی وێستگەی هەولێر بڕی 220 میگاوات کارەبا بەرهەمدێنن، لەکاتێکدا هەردوو شاری هەولێرو سلێمانی بەم حاڵەی ئێستاوە پتر لە هەزار میگاوات کارەبایان پێویستە، ئەمەش بەو مانایەیە کە وەزارەتی ناوبراو سەرەڕای بەکارخستنی وێستگەکانیش هێشتا زۆر دوورە لەوەی کە ئیدی کاری بە کەم و زۆریی ئاوی بەنداوەکان نەبێت.

وەزارەتی کارەبا بۆ بەڕێکردنی ئەم هاوینە، سەرەڕای وێستگەی غازیی هەولێر پشت بەکارەبای مۆلیدەکانی ناوشارو بەشە کارەبای تۆڕی نیشتمانیی عێراق و ئەو بڕە کارەبایەش دەبەستێت کە لەهەردوو بەنداوەکەوە بەرهەمدەهێنرێ.

دڵشاد محەممەد باس لەوە دەکات کە ئێستا وەزارەت لە لێکدانەوەی ئەوەدایە بزانێ بەئاوی ئەو دوو بەنداوە ڕۆژانە دەتوانێ چەند کارەبا بەرهەم بێنێ بۆئەوەی بەدرێژایی سێ مانگی حوزەیران و تەمووزو ئاب سوودیان لێوەربگیرێ. دەربارەی بەشە کارەبای کوردستانیش لە تۆڕی نیشتمانیی عێراق گوتی "تا ئێستا لە 200 میگاوات زیاتریان بۆ دابین نەکردووین، بەڵام ئەو 200 میگاواتەش بەشێوەیەکی بەردەوام نییە، جاری واهەیە 50 میگاواتەو جاری واش هەیە هیچ نییە".

دڵشاد محەممەد ڕایگەیاند کە هەردوو یەکەی وێستگەی غازیی هەولێر لە 2008/6/1 بەتەواوی دێنە ناو سیستمی دابەشکردنی کارەباوەو ئەوکات بەرنامەیەکی نوێ بۆ کارەبای هاوین دادەنرێ، بەڵام گوتیشی"ئێستا سەرقاڵی ئەوەین بەرنامەیەک بۆ مانگی ئایاریش دابنێین و بڕی کارەبا زیادبکەین".

وەک ئەو ڕاوێژکارەی وەزارەتی کارەبای کوردستان ئاماژەی پێکرد شاری هەولێر ئێستا بەم کارەبایەی کە هەیەو بەبێ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی ناوشار کە هیچ برە کارەبایەکیان نەدراوەتێ پێویستی بە 500 میگاواتە، هەروەها سلێمانی پێویستی بە 550- 600 میگاواتەو بەم پێیەش هەولێرو سلێمانی، ئێستا پێویستیان بە پتر لە 1000 میگاوات کارەبایە. ئەوە جگە لە پارێزگای دهۆک کە کارەبای لە تورکیاوە بۆ دابین کراوەو وەزارەتی کارەبا سەرگەرمی بەستنەوەی تۆڕەکەیەتی بە تۆڕی کارەبای هەولێرەوە.

لەدوای ساڵی 2003 بوودجەی حکومەتی کوردستان بە بەراورد بەساڵانی پێشتر بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووەو لەو چوارچێوەیەشدا وەزارەتی کارەبا بۆ چاککردنی ئەو ژێرخانە وێرانەی کارەبا لەهەرسێ سێکتەری بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردنی وزەی کارەبادا چەندین گرێبەستی بە بەهای سەدان ملیۆن دۆلار لەگەڵ کۆمپانیاکان مۆرکردووە.



**چارەسەری کێشەی کارەبای کوردستان پێویستی بە 6 ملیار دۆلارە**

دڵشاد محەممەد پرۆژەکانی وەزارەتی لەپێنج پرۆژەدا کۆکردەوە: پرۆژەکانی هەولێر کە 500 میگاواتە، چەمچەماڵ کە 750 میگاواتە، پرۆژەی دهۆک کە 400 میگاواتە، پرۆژەی تاسلوجە کە 51 میگاواتە و بایی 44 ملیۆن دۆلارەو بڕیارە مانگی تەمووز تەواو بێت، پرۆژەی بێخاڵ کە پرۆژەیەکی کارۆئاوییەو بایی 8 ملیۆن دۆلارەو 1،2 میگاوات کارەبا بەرهەمدێنێ. ئەو پرۆژەیە کە حکومەتی کۆریای باشوور گرتوویەتیە ئەستۆ، تەنیا بێخاڵ و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

دڵشاد محەممەد ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان پرۆژەیەکی دیکەیان هەیە لەرێگەی بانکی ژاپۆنییەوە بەقەرزێکی 300 ملیۆن دۆلاری ئەنجامدەدرێت، دەربارەی پرۆژەکەش گوتی "بیرمان لەوە کردووەتەوە وێستگەیەکی هەڵمیی پێ دابنێین و ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەی بەرایین لەسەری بۆئەوەی پێشکێشی بانکی ژاپۆنی بکەین و دەست بە ئەنجامدانی بکەین".

هەروەها گوتی "پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندیی لەسەر وەرگرتنی ئەو قەرزە داوە کە 600 ملیۆن دۆلارە، 300 ملیۆن دۆلاری لە سێکتەری کارەبادا خەرجدەکرێ و 300 ملیۆنەکەی دیکەشی لە سێکتەری ئاودا خەرج دەکرێ".

هەروەها لەبواری گواستنەوەی کارەباشدا وەزارەتی ناوبراو چەندین گرێبەستی کردووە، وەک گرێبەستەکانی بەستنەوەی وێستگەی هەولێر بەشاری هەولێرەوە کە بایی 32 ملیۆن دۆلارە، بەستنەوەی وێستگەی چەمچەماڵ بەشاری سلێمانییەوە کە بایی 84 ملیۆن دۆلارە، پرۆژەی بەستنەوەی وێستگەی دهۆک بەشاری دهۆکەوە کە بایی نزیکەی 30 ملیۆن دۆلارەو پرۆژەی بەستنەوەی دهۆک بەشاری هەولێرەوە کە ئەویش بایی نزیکەی 30 ملیۆن دۆلارە.

### کێشەی کارەبا لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو چارەسەر دەبێ

پرسیاری سەرەکی ئەم چەند ساڵەی هاووڵاتیانی کوردستان و تەنانەت لە دەرەوەی کوردستان ئەوەیە،کێشەی کارەبا بۆ چارەسەر ناکرێ و کەی چارەسەر دەکرێ؟

وەزارەتی کارەبا لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم هەموو ژمارەیەو وردەکاری ئەم هەموو گرێبەستەو ئەو وادانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی یەکجارەکی کارەبا مەزەندەیان دەکات، بەردەوام بەرەوڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە کە کێشەی کارەبا کەی لە کوردستان چارەسەر دەبێت. ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوبراو پێیوایە چارەسەری کێشەی کارەبا لە کوردستاندا پێویستی بە نزیکەی 6 ملیار دۆلار هەیە. چونکە وەک ئەو گوتی "ژێرخانی ئابووری کارەبا لە کوردستاندا سفرەو ڕژێمی بەعس ئامادە نەبووە هیچ پارەیەک لەوبوارەدا خەرجبکات".

دڵشاد محەممەد هەروەها باس لەوە دەکات کە چارەسەرکردنی یەکجارەکی ئەو کێشەیە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەهەرسێ بواری: بەرهەمهێنان، گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبادا هەیەو دەڵێت "هەریەک لەم سێکتەرانە کێشەی خۆیان هەیە، بەڵام لەئێستا بەدواوە سێکتەری بەرهەمهێنان دەتوانم بڵێم کێشەکانی چارەسەر دەبێ، کێشەکانی ئێمە ئیدی خۆی لە گواستنەوەو دابەشکردندا دەبینێتەوە، ئێمە بۆ گواستنەوەش گرێبەستمان کردووەو 80%ی کێشەکانمان چارەسەر کردووە، بەڵام بەرهەمەکەی کەی دەخۆین، ئەوە دەکەوێتە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو".

### نرخی کارەبا زیاتر دەکرێت

وەزارەتی کارەبا ئەمساڵ نرخی کارەبای لەسەر هاووڵاتیان زیادکردو ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوبراویش ڕایگەیاند کە بەرنامەیان هەیە لەداهاتوودا زیاتریشی بکەن، لەبەرئەوەی وەک ئەو گوتی"نرخی ئەو کارەبایە هیچ نییە بە بەراورد بەو نرخەی پێی بەرهەم دەهێنرێ، ئێمە کارەبا لە وەبەرهێنەر دەکڕین بە 2،9 سەنت بۆ هەموو کیلۆوات کاتژمێرێک بەبێ حسابکردنی نرخی سووتەمەنی، بەڵام بە 0،4 سەنت بەهاووڵاتی دەفرۆشینەوە".

### پێوەری زیرەک بۆ ماڵان

ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند کە بۆ کۆنترۆڵکردنی بڕی بەکارهێنانی کارەباو هەروەها ڕێکخستنی پرۆسەی وەرگرتنی پارەی کارەبا لە هاووڵاتیان بیر لەهێنانی پێوەرێکی نوێ دەکەنەوە کە پێیدەگوترێ پێوەری زیرەک و گوتی "ئێستا چەند پایلۆت پرۆجێکتێکمان کردووە، بۆنموونە لەچەند گەڕەکێک دامانناوەو تێستی دەکەین، چونکە بەکارهێنانی لەدنیاشدا زۆر کەمەو ئێمە ناتوانین یەکسەر بچینە ژێرباری ئەوەی بیهێنین و کاری پێبکەین".

دەربارەی ئەوەش کە بۆچی بیریان لە بەکارهێنانی پێوەرێک کردووەتەوە کە بەکارهێنانی لەدنیادا کەمە، گوتی "چونکە ئەوەی ئێستا هەمانە شتێکی زۆر خراپ و فاشیلە، خەڵک پارەی کارەبا نادات و سەرپێچی زۆر دەکات و دوای ئەوەش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت تا ئەم پارەیە کۆدەکرێتەوە، ئەم شارانەی ئێمەش وا گەورە دەبن و بەو سیستمە بەڕێوە ناچن و ناچارین سیستمێکی تازە بهێنین کە کارئاسانیمان بۆ بکات". دەربارەی تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستەمەش گوتی "یەکەم تایبەتمەندیی ئەوەیە کە ئەو ژمارانەی جاران کابرا دەچوو لەماڵەکان دەیخوێندەوە خۆی دێتە کۆنترۆڵی مەرکەزی، یەکسەر لیستەکە بەئامادەکراوی دەردەهێنێ و دەیداتە دەست هاووڵاتی، هاووڵاتیش بۆئەوەی عەزیەت نەخواو چەند جارێک لەدەرگای ماڵەکەی بدرێ و لەماڵ نەبێ، یەک جار دێتە ئەو شوێنەی بۆی دیاری دەکرێ، کە دێت دەڵێت ژمارەکەم ئەوەندەیەو لە کۆنترۆڵ یەکسەر پێیدەڵێن ئەم مانگە بایی ئەوەندەت سەرف کردووە. ئەگەر نەشهات پارەکەی بدات ئەوە کۆنترۆڵێکی تێدایە خۆی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پاش ماوەیەک کارەباکەی دەبڕێت و ناتوانێ وەریبگرێتەوە تا سەردانی فەرمانگەی کارەبا نەکات. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوەیە کە دەتوانین کۆنترۆڵی بەکارهێنانی کارەبا بکەین، بۆنموونە تۆ دەتوانی بڕی ئەوەندە کارەبا وەربگری و لەوە زیاتر ناتوانی".

---

# فەرمانبەران لە هەموو وەزارەتەکانی کوردستاندا کەمدەکرێنەوە

**ڕووداو-هەولێر**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران،بەپێی نووسراوێکی فەرمی داوای لەهەموو وەزارەتەکان کردووە کە ناوی فەرمانبەرە زیادەکان دیارییبکەن، بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران لەسەرجەم وەزارەتەکاندا و، لەوچوارچێوەیەدا بەشێکی زۆری وەزارەتەکان ناوە زیادەکانیان ناردووەتە ئەنجوومەنی وەزیران.

بەپێی نوسراوی ژمارە2216 کە لە 2008/2/27 بە واژۆی عومەر فەتاحی جێگری سەرۆکی حکومەت دەرچووەو تایبەتە بەکەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران، داوا لەسەرجەم وەزارەتەکان کراوە ناوی فەرمانبەرە زیادەکانیان دیاری بکەن و بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بنێرن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون تائێستا هەندێ لە وەزارەتەکان وەڵامی نووسراوەکەیان نەداوەتەوەو دۆسیەی فەرمانبەرە زیادەکانیان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران نەکردووە.

جەمال عەبدوڵڵا، وتەبێژی فەرمی حکومەتی کوردستان، وێڕای پشت ڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریانە کە "بەشێکی لە وەزارەتەکان ناوە زیادەکانیان نەناردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران"، ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە کە "وەزارەتەکانی داد، ناوخۆ، گەیاندن، تەندروستی، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، کشتوکاڵ، ئەوقاف، پلاندانان، بازرگانی، سەرچاوەکانی ئاو، مافی مرۆڤ، ناوی فەرمانبەرە زیادەکانیان ناردووەتەوەو چاوەڕوان دەکەین لەچەند ڕۆژی ئایندەدا وەزارەتەکانی دیکەش بینێرن".

بەپێی ئەو زانیاریانەی (ڕووداو) لە لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی وەریگرتووە"ساڵی ڕابردوو 54% بوودجە بۆ مووچەی فەرمانبەران بووە، بەڵام ئەمساڵ ئەم ڕێژەیە زیادی کردووەو 59%ی بوودجە بۆ مووچەی فەرمانبەرانە".

هەرچەندە ساڵی ڕابردووش زۆر بەگەرمی باس لە کەمکردنەوەی ڕێژەی فەرمانبەران کرا و چەند ئاسانکارییەکی هاندەرانەش بۆ ئەو مەبەستە بۆ بەرژەوەندی فەرمانبەران دەرکران،بەڵام ڕێژەی فەرمانبەران هێشتا یەکجار زۆرترە لە ستانداردەکانی نێودەوڵەتی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار زانیاری ئەوەی بە (ڕووداو)دا کە حکومەتی کوردستان دەیەوێت هەزاران فەرمانبەری زیاد لە وەزارەتەکاندا کەمبکاتەوەو ئەم کەمکردنەوەیەش زیاتر ئەو وەزارەتانە دەگرێتەوە کە لەکابینەکانی پێشوودا هەبوون نەک وەزارەتە نوێیەکان.

بەپێی ئەو زانیاریانە، زۆرترین فەرمانبەر لە وەزارەتەکانی ئەوقاف، داد، شارەوانی، پەروەردە، تەندروستی، کشتوکاڵ، کارەبا کەمدەکرێنەوە. وتەبێژی حکومەتیش ئەوە دەخاتەڕوو کە "ڕێژەی فەرمانبەران لەوەزارەتە نوێیەکان وەکو سەرچاوە سروشتییەکان زیادییەکی ئەوتۆی نییەو لەوانەیە کەمیشیان هەبێت، بەڵام وەزارەتەکانی وەک شارەوانی و کشتوکاڵ و دادو ئەوقاف ڕێژەی فەرمانبەری زیادیان زۆرە".

لەبارەی ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی کەزیادن و تائێستا ناوەکانیان گەڕاوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، جەمال عەبدوڵڵا، وتی" ناتوانرێت ئێستا هیچ ژمارەیەک دیاری بکرێت، ئەگەر لیستی وەزارەتەکانی دیکەش هاتەوە کۆی گشتی دیاری دەکرێت و پاشان ڕادەگەیێندرێت".

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وتەبێژی فەرمی حکومەتی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە"وەزارەت هەیە ئێستا دەڵێت 500 فەرمانبەرم زیادە، بەڵام دەڵێ لەماوەکانی ئایندەدا لێکۆڵینەوەی دیکە دەکەین بە هەزارانم زیادەو بۆتانی دیاری دەکەین".

حکومەتی کوردستان بڕیاری کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرەکانی داوە بەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی دیاریکراوی هەبێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان.

وتەبێژی حکومەتیش ئەم ڕاستییە ناشارێتەوەو دەڵێت" تائێستا بڕیارێک نییە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو فەرمانبەرە زیادانە، بەڵام ناشخرێنە دەرەوەی دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستانەوە".

کۆکردنەوەی ئەو فەرمانبەرە زیادانە لەبەڕێوەبەرایەتییەکی سەر بەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیدا بۆچوونێکی ئەنجوومەنی وەزیرانەو هێشتا نەبووەتە بڕیار.

وتەبێژی حکومەتی کوردستان ئەمە زیاتر ڕووندەکاتەوەو دەڵێت "بۆ چوونێک هەیە لەحکومەتدا کە ئەم فەرمانبەرە زیادانە بخرێنە سەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و لەوێ شوێنێکیان بۆ بکرێتەوەو مووچەی بنەڕەتی خۆیان وەربگرن و ( ئیعادەی تەئهیل) بکرێن، هەرکاتێک دامودەزگای حکومی کاری پێیان بوو، لەوێوە بەپێی ئەو تواناو شارەزاییانەی کە هەیانە لەهەر بوارێکدا ببرێنە دامودەزگاکانی حکومەت، ئەمە بۆچوونێکەو خراوەتەڕوو، بەڵام نەبووەە بەبڕیار".

# کوردانی ڕێکخراوی قاعیدە لە سنوورەکانی کوردستان نزیک دەبنەوە

**بیلال سەعید**
**ڕووداو - خانەقین**

چەند سەرچاوەیەکی ئەمنی لەگەرمیان بە (ڕووداو) یان ڕاگەیاند چەکدارانی ڕێکخراوی قاعیدەو ئەنساروئیسلام دەستیان داوەتە جموجوڵ و شانەی نهێنیان لەناو شارەکاندا دروستکردووە.

دوو هەفتە بەر لەئێستا بۆ جاری یەکەم پۆلیسێکی عیراقی لەبازگەیەکی حەمرین بەقەناسی بێدەنگ کوژرا و لەکاتی ناشتنی تەرمەکەشیدا خۆکوژێک خۆی تەقاندەوەو لەئەنجامدا 20 کەس گیانیان لەدەستدا.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ماوەی مانگێکە قاعیدە هەوڵدەدات تەقینەوەکانی لەسنووری سەعدیە و جەلەولا، لەرێگەی ئافرەتی خۆکوژەوە ئەنجامبدات، لەو ماوەیەشدا دوو ئافرەت لەسنووری ناوچەکە خۆیان تەقاندووەتەوە، هەر لەو ماوەیەدا 4 لەو ئافرەتانە کە بەنیازی کاری خۆ کوژی بوونە لەلایەن پۆلیسی شارەبانەوە دەستگیر کراون.

سیروان شکورسەمین، بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەتەپە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە زیاد لە 30 ئەندامی ئەنساروئیسلام هاتوونەتە سنووری قەرەتەپەو سەعدیە، کە زۆرینەیان کوردن و خەڵکی شارەکانی کەلارو سلێمانی و هەولێرن".

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوە ئەمنییەکانی ناوچەکە، یەکێک لەئەندامە کوردەکانی ئەنساروئیسلام بەناوی فاروق هیدایەت پێش هەفتەیەک لەلایەن ئەمریکییەکانەوە کوژراوە. هەروەها 4 ئەندامی دیکەی سەر بەرێکخراوی قاعیدە لەلایەن پۆلیسی جەلەولاوە دەستگیر کراون.

ئیبراهیم باجەلان، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە، قسەی سەرچاوە ئەمنییەکانی ناوچەکەی پشتڕاستکردەوە کە گرووپە توندڕەوەکان دەستیان بەجموجۆڵ کردووە و گوتی "دوو هەفتە زیاترە بەهۆی کارە تیرۆرستییەکانی قاعیدەو ئەنساروئیسلام، بارودۆخی سنووری ناوچەکانی دیالە تێکچووە، بەڵام تا ئێستا ناتوانن کاری ڕێکسختن لەناو شارەکان ئەنجامبدەن، بەڵکو ناوچەکە بەکاردەهێنن بۆ ڕاهێنانی ئەندامەکانیان بۆ ئەوەی شارەکانی کوردستان بکەنە ئامانج".

بەپێی زانیاری سەرچاوە ئەمنییەکان، ڕێکخراوی قاعیدە بنکەی ئاشکرایان لەناوچەی چیای حەمرین هەیە، کە نزیکە لەسنووری قەرەتەپە و دەشتی عوزێم، کۆبوونەوەکانیشیان لەو ناوچەیە ئەنجامدەدەن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بەدووری زانی ئەو کردەوانە لەلایەن ئەنساروئیسلامەوە ئەنجامبدرێن بەڵکو گوتی"ئەو چالاکییانە زیاترلەلایەن قاعیدەوکۆنە بەعسییەکانەوە ئەنجامدەدرێن و، لەچەند ناوچەیەکی چیای حەمرینیش بارەگای ئاشکرایان هەیە".

تا ئێستا چەندین جار هێزەکانی پێشمەرگە ویستویانە بچنە ناوچەکە بۆ کۆتایی هێنان بەچالاکییەکانی ئەو گرووپانە، بەڵام هێزەکانی ئەمریکا ڕێگر بوونە لەچوونی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچەکە. بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەتەپە لەو بارەیەوە گوتی "ئەمریکییەکان ڕێگرن دەنا هێزی پێشمەرگە ئامادەیی خۆیان دەربریوە بۆ هاتنە ناوچەکەوە".

هەورەها ئیبراهیم باجەلانیش گوتی"وا بڕیارە کۆمەڵێک پێشمەرگەمان بۆ ڕەوانە بکرێت، هەر بۆ ئەو مەبەستە لەکۆبوونەوە داین لەگەڵ ئەمریکییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەی کە ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێ".

## کاروباری سیاسی



**کۆمپانیایەکی کەنەدی لە وەزارەتی نەوتی عێراق توورەیە**

**رووداو- کالگەری هیراڵد**

◆ سیمۆن هاتفیلد-ی بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای Western Zagros Ltd – ی کەنەدی کەلەبواری دەرهێنانی نەوت لە کوردستان کار دەکات نارەزایی توندی بەرامبەر وەزارەتی نەوتی عێراق دەبڕی، بەهۆی دەرهێنانی ناوی کۆمپانیاکەیان لە لیستی ئەو کۆمپانیایانەی کە بانگهێشتکراون بۆ بەستنی بۆند لەبواری دەرهێنانی نەوت لەعێراقدا. هاتفیلد گوتی ئەم بڕیارەی وەزارەتی نەوتی عێراق بڕیارێکی سیاسییە.

### رەجائی فاید:

# با کورد بێن ملیۆنێک سەماکار لە میسر ببەن و ئێمە مەمنون

**رووداو – قاهیرە**

رەجائی فاید، سیناریستی شانۆیی و نووسەری میسری کە لەنێو جیهانی عەرەبیدا بە یەکێک لە دۆستانی کورد دەژمێردرێت، پێیوایە پێداگری هەندێک لە چالاکڤانانی کورد لەسەر مەسەلەی فرۆشتنی چەند کچێکی ئەنفالکراوی کورد لەلایەن رژێمی سەدامەوە بە مەلهاکانی میسر، زیان بە راستگۆیی دۆزەکە دەگەیێنێ و ئەو بابەتەش بە "چیرۆکێکی بێ بنەما" دادەنێ.

ئەو کە لەنێوان ساڵەکانی 1979 تا 1988 لە شاری هەولێر ژیاوەو کاری کردووەو بەوهۆیەوە شارەزاییەکی زۆری دربارەی بارودۆخی عێراق و سروشتی دەسەڵات و پەیوەندی نێوان خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتی بەعس پەیداکردووەو، ئێستا یەکێکە لەو نووسەرە عەرەبانەی لەسەر مەسەلەی کورد دەنووسن.

رەجائی فاید لە کۆنگرەی دیالۆگی کوردی – عەرەبیدا کە ساڵی 1998 لە قاهیرە بەسترا، وەک ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە رۆڵی بینی و لێکۆڵینەوەیەکی تێدا پێشکێش کرد.

وەک خۆی دەڵێت ماوەی ئەو نۆ ساڵەی لە کوردستان ژیاوە، تێبینی ئەو ستەمەی کردووە کە رژێمی پێشووی عێراق لە کوردی کردووەو لەو ڕووەوە دەڵێت "ساڵی 1982 بەچاوی خۆم گوللەبارانکردنی بەکۆمەڵی لاوانی کوردم بینی لە یەکێک لە سەربازگەکانی شاری هەولێر".

رەجائی فاید لەبارەی ئەو رووداوە زانیاری زیاتری دا و گوتی "داوایان لە خەڵک کرد ئامادەی ئەو رێوڕەسمەی گوللەبارانکردنە بن، منیش بە سروشتی خۆم حەزی بینین و زانینم هەیەو چوومە سەربازگەکە، لەوێ پێنج لاوی کورد بەشێوەیەکی دڕندانە لەسەر ئەوە گوللەباران کران کە گوایە لە خزمەتی سەربازی هەڵاتوون". هەروەها دەڵێت بەهۆی ناسینی رژێمی ئەوکاتی عێراق هەرکە جەنگی عێراق ئێران راوەستاوە پێشبینی ئەوەیکردووە کە (رژێمی عێراق تۆڵەیەکی گەورە لە کورد دەکاتەوە".

رەجائی فاید،کە لە هەولێر لە پرۆژەی پەلەوەری کاریدەکرد، رۆژی 1988/8/28 لەکاتی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا شاری هەولێری جێهێشتووەو گەڕاوەتەوە قاهیرە،دوای راپەڕین سەردانی کوردستانی کردووە.دەڵێ "لەسەردانی ساڵی رابردوودا لەشاری دهۆک چوومە سەردانی سەنتەری ئەنفال و لەوێ گوێم لە قسەی ئەو شاهێدانە گرت کە پاشماوەی ئەنفال بوون و لە دادگاییکردنی سەدامدا شاهێدییان دابوو، سەیر لەوەدایە سەرجەمی ئەوانە باسیان لەوە دەکرد کە ئەوەی بەسەریان هاتووە لەهەمان رۆژی رۆیشتنی مندا بووە، واتە لە 1988/8/28".

رەجائی فاید هەرچەندە دەڵێ ئەوکاتەی پێش راپەڕین لە هەولێر ژیاوە بە چاوی خۆی و بە گوێی خۆی ئاگاداری زۆر چەوساندنەوە و تاوانکاریی بووە دژی کورد،بەڵام سەرەڕای ئەوە کە چووەتەو بۆ میسر هیچی لەسەر ئەو مەینەتیانە نەنووسیوە.ئەوەش بەدواکەوتنی لەبواری نووسینی شانۆیی دا پاساو دەداتەوە و دەڵێ کە زانیی ئیتر ناتوانێ لەبواری نووسینی شانۆییدا لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بێ



رەجائی فاید

(فۆتۆ: رووداو)

روویکردووەتە بایەخدان بە کێشەی کورد"کە گەڕامەوە هەستم کرد لەبواری نووسینی چیرۆکی شانۆییدا نۆ ساڵ دواکەوتووم، ئەوانەی لەگەڵ من دەستیان پێکردبوو ببوونە خەڵکی ناسراوی ئەو بوارە، بۆ نموونە جەمال غیتانی لەگەڵ من دەستی پێکردبوو، ئەوکات هەستمکرد ناتوانم لەو ئاستەوە دەست پێبکەم کە ئەو پێی گەیشتووەو نەشمدەتوانی لە سفرەوە دەست پێبکەمەوە. ئەو ماوەیە بۆ من حاڵەتێک بوو لە ونبوون، بۆ من مەحاڵ بوو بتوانم وەک نووسەرێکی تازە پێگەیشتوو دەست بە نووسین بکەمەوە، پاشان رووومکردە مەسەلەی گرنگیدان بەکێشەی کورد لە رێگەی لێکۆڵینەوەو راڤەی سیاسی و پێشاندانی سەرنجی خۆم لەسەر چەوسانەوەیی گەلی کورد،ئەوەش ماوەیەکی خایاند".

ئەو شانۆ نووس و نووسەرە،کە تائێستا 9 پەرتووکی لەسەر دۆزی کورد نووسیووە،سەبارەت بە کاردانەوەی رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی عەرەب بەرامبەر بەرهەمەکانی دەڵێ"بێگومان لە کۆڕو دیدارە تەلەڤزیۆنییەکان و هەروەها پاش بەچاپ گەیشتنی هەر بەرهەمێکم بەرەو رووی رەخنەو نارەزایی بوومەتەوە". ئەو نموونەی سەلیم مەتەر دێنێتەوە کە نووسەرێکی رەگەزپەرستی عێراقیی نیشتەجێی سویسرایەو دەڵێ "بەرهەمەکانی منی بە (هەڵمەتێک بۆ بەکوردیکردنی جوگرافیاومێژوو)وەسفکردووەو هێرشێکی توندیشی کردووەتە سەر کورد". دواتر ئەویش وەڵامی داوەتەوە.

رەجائی فاید لەگەڵ ئەوەی ئەو جۆرە بەرهەڵستییە بەکارێکی ئاسایی ناودەبات،ئەوەش دەڵێت کە"هەرچۆنێک بێت پێموایە لۆژیکی من لە لۆژیکی ئەوان بەهێزترەو سەرئەنجام قسەی ئەوکەسە سەردەکەوێت کە بەزانیاریی راستەقینەوە قسەدەکات".

رەجائی فاید ئاماژە بە دژایەتی رای گشتیی عەرەبی بەرامبەر کورد دەدات و دەڵێ لەپاش رووخاندنی رژێمی عێراقەوە رای گشتیی عەرەبی بەشێوەیەکی خراپ تەماشای رۆڵی کورد دەکات و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەسەر ئاستی جەماوەریی رق و توورەییەکی زۆر بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان دروستبووەو کوردیش لە سەنگەری ئەمریکیدا دەبینن. پتر لەسەر ئەم مەسەلەیە دەرواو دەڵێ"رای گشتی عەرەبی پێیوایە کورد دەستی لەهێنانی ئەمریکادا هەبووە بۆ ناو عێراق، شتێکی دیکەش ئەو بەراوردەیە کە ئەوان لەنێوان بارودۆخی ئارامی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا دەکەن کە گیرۆدەی خوێنڕێژی و بێ سەروبەری و برسێتی و هەژاری بووە". هەروەها دەڵێت "ئێستا ژمارەیەکی زۆر پەنابەری عێراقی هاتوونەتە قاهیرە کە یەک کوردیان تێدانییە، ئەمەش وێنەیەکی دژ بە کورد لای میسرییەکان دروستدەکات".

سەرەڕای هەوڵدانەکانی سەرکردایەتی کورد بۆ قسەکردن بۆ عەرەب لە رێگەی کەناڵە راگەیاندنەکانی،بەتایبەتی کەناڵی (الجزیرە)و (العربیە)،هەروەها هەرچەندە هەولێر بووە شوێنی کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەب و زۆر لە پەرلەمانتارانی عەرەب واقعی باشووری کوردستانیان بە چاوی خۆیان بینی کە کەمترین سەربازی ئەمریکی لێ یە،بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەو نووسەرە عەرەبە وای بە پێویست دەزانێ کە کورد راگەیاندنێکی باش ئاراستەی جیهانی عەرەبیی بکات نەک ئاراستەی ناوخۆ. هەر لەوڕووەوە دەڵێ"کورد وەک بەشێک لەعێراق بمێننەوە یان سەربەخۆیی رابگەیێنن نابێت ئەوە لەبیربکەن کە لەناوەڕاستی سێ نەتەوە: عەرەب و فارس و توركدا دەژین، هەربۆیە پێویستە گوتارێکی راگەیاندنیی باشتان هەبێ بۆ هەرسێ نەتەوە".

حیزبە کوردییەکان ئێستا بەشی عەرەبیان هەیە لە تەلەڤزیۆنەکانیان و هەروەها رۆژنامە و گۆڤاری عەرەبیشیان هەن،بەڵام فاید ئەوانە بە نەبوو دادەنێ و دەڵێ "سەبارەت بە عەرەب پێموایە ئەو گوتارە ئیعلامییە هەر بوونی نییە".بەڵام لەهەمانکاتدا گوتاری سیاسیی سەرکردەکانی کورد لە ئاستێکی زۆر باشدا دەبینێ و دەڵێت "ئێستا دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبی بەدوای سەرکردەکانی هەرێمدا رادەکەن بۆ ئەوەی هەواڵ و زانیارییان دەستبکەوێ، چونکە هەستدەکەن ئەوان بەشێکی گرنگی هاوکێشەی سیاسیی عێراقن".

رەجائی فاید رەخنە لە گوتاری راگەیاندنی کوردی دەگرێ و دەڵێ "من لە میسرەوەو

> **ساڵی 1982 بە چاوی خۆم گوللەبارانکردنی کۆمەڵێک لاوی کوردم لە هەولێر بینی**

بەحوکمی شارەزاییم موتابەعەی دەکەم و دەزانم لەئاستی پێویستدا نییەو بەرنامەی ئەوتۆی بۆ بینەری عەرەب نییە". هەروەها پێشنیازی ئەوە دەکات کە وەکو هەنگاوی یەکەم بیر لە دامەزراندنی تەلەفزیۆنێکی سەرتاسەریی بۆ هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، تەلەڤزیۆنێک کە هی حیزبەکان نەبێت و لەڕێگەیەوە گوتارێکی باش ئاراستەی ئێران و تورکیاو عەرەب بکرێت. خاڵێکی دیکە کە بەلای رەجائی فایدەوە گرنگەو وەک خۆی دەڵێت ئێستا لە هەوڵی دامەزراندنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی کوردییە لە قاهیرە تا ببێتە ئەڵقەی بەیەکگەیاندنی هەرێمی کوردستان و میسر، لەبارەی ئەو پرۆژەیەوە دەڵێ"ئەو سەنتەرە وێڕای کاری خۆی، دەکرێ بڵاوکراوەی هەبێ و کار بۆ سازدانی کۆڕو کۆنفرانسەکانیش بکات". ئەوەشی روونکردەوە کە لەکاتی سەردانی بۆ کوردستان لە ساڵی رابردوو ئەم بیرۆکەیەی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

بەدڵنیاییشەوە باس لەوە دەکات کە لە میسر ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەستدەکەون بۆئەوەی کاری تێدا بکەن و دەڵێت مەرج نییە ئەوانەی کاری تێدا دەکەن سەد لەسەد لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەو بن. بەبڕوای ئەو کێشەی سەرەکی لەوێوە دەست پێدەکات کە هیچ لایەک زانیاریی پێویستی لەسەر لایەکەی دیکە نییە، بۆیە ئەو سەنتەرە پێویستی بەوەیە کۆڕو کۆبوونەوە سازبداو لەڕێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە بڵاوی بکاتەوە.

لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی موخابەراتی عێراقدا ناوی 18 ئافرەتی ئەنفالکراوی کورد هاتووە کە وەک بەڵگەنامەکە دەریدەخات کاتی خۆی فرۆشراونەتە مەلها شەوانەییەکانی میسر،تائێستاکەسوکاریشیان چەند جارێک قسەیان کردووەو،لە دوو ساڵی رابردووشدا لەلایەن رێکخراوی چاکەوە ریزە خۆنیشاندانێک بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسیان بۆ بەردەم باڵیۆزخانەکانی میسر ئەنجامدرا. رەجائی فاید لەوبارەوە دەڵێت "من پسپۆڕی بەڵگەنامە نیم، بەڵگەنامەکەش وشەی فرۆشتنی بەکارنەهێناوە، بەڵکو دەڵێت لەسەر داوای خۆیان نێردراون، ئەگەر من و تۆ هەردووکمان بازرگانی ماددەی بێهۆشکەر بین و کێشەیەک لەنێوانماندا روویدات، ئاخۆ دەتوانم لای پۆلیس شکایەتت لێبکەم، بێگومان ناتوانم چونکە یاسا ئەم بازرگانییەی قەدەغە کردووە، بەهەمان شێوەش یاسای میسری بازرگانیکردنی بە مرۆڤەوە بەشێوەیەکی گشتی قەدەخەکردووە، چۆن مەلهایەک دەتوانێ مرۆڤ بەوشێوەیە بکڕێ، لەکاتێکدا ئەو ئافرەتە دەتوانێ سکاڵای خۆی بگەیێنێتە پۆلیس و کڕیارو فرۆشیاریش بگەیێنێتە زیندان". رەجائی فاید پێیوایە ئەوە هەر رووینەداوەو ئەگەر روویشیدابێ دەبێت لەسەر داوای ئافرەتەکان خۆیان بووبێت بۆ دەربازبوون لەو ئەشکەنجەیەی تێیدا بوونە.

هەروەها جەخت لەوەش دەکاتەوە کە پێداگیریی کورد لەسەر ئەو مەسەلەیە زیان بە دۆزەکەی دەگەیێنێ. چونکە، وەک ئەو دەڵێت "میسر سەماکاری کەم نین تا بچێ لەدەرەوە بیانهێنێ، فەرموون وەرن ملیۆنێک سەماکارمان ببەن و سوپاسیشتان دەکەین". یانە شەوانەو سەماخانەکانی میسر جۆرەها کچی نەتەوەکانی جیهانی تێدایە و رەجائی فاید لەو بارەوە دەڵێ" تەنیا لە سەماکارانی رووسی نزیکەی 11 هەزار کچە سەماکارمان هەن، جگە لە ئەمریکی و ئوسترالی و کەنەدی و تەنانەت ژاپۆنی، هەربۆیە لە 16 یان 20 سەماکاری ئێوەمان کەم نییە، وەرن و هەموو سەماکارەکانمان ببەن و ئێمە مەمنون".

میسر رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە پشتیوانیکردنی سەدام لە شەڕی دژی ئێران، ئەو کوردانەی دەکەوتنە بەر هەڵمەتەکانی لەنێوبردن و قڕکردنەکانی رژێمی عێراق لەوکاتدا هەموویان بە گوللەی میسری دەکوژران، هەروەک د.محەممەد ئیحسان رایگەیاندووە ئەو هەشت هەزار بارزانییەی گوللەبارانکران هەموویان گوللەی میسرییان پێوەبوو. رەجائی فاید دەڵێ"بەم قسانە بەرگری لە میسر ناکەم،بەڵکو بەرگری لەکورد دەکەم، چونکە ئەگەر لایەنی بەرامبەر گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەم قسەیە درۆیەو بنەمای نییە، ئیدی لەهیچ شتێکی دیکەدا بڕواتان پێناکەن". گوتیشی" ئێوە کێشەو موسیبەتی گەورەی بێ ئەژمارتان هەیە کە قسەی لەسەر بکەن، خۆتان بەشتی بێماناوە سەرقاڵ مەکەن، بڕۆن سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بن کە لای بەرامبەر جێی متمانەتان بۆ دروستدەکات، بەڵام خۆخەریککردن بەکێشەیەک کە رەنگە راست بێ و رەنگە درۆ بێت، من وەک میسرییەک سەد لەسەد بەدرۆی دەخەمەوە، من و هەموو میسرییەکان، دوایی کە دێیت و باسی 182 هەزار بێ سەروشوێنی ئەنفالکراو دەکەی، باوەڕتان پێناکەن و باوەڕ بەمنیش ناکەن، باشتروایە خۆتان بە هەزاران کێشەی دیکەوە خەریک بکەن کە لەوە گرنگترن، ئەو چیرۆکە لە بنچینەوە نا لۆژیکییەو ناچێتە عەقڵەوە".

دەربارەی ئەوەی کە بۆچی لایەنە فەرمییەکانی میسر وەڵامی ئەو تۆمەتەیان نەداوەتەوە، دەڵێت "لەبەربێمانایی چیرۆکەکە، ئەوان نایێن لەسەر شتێک قسەبکەن کە دەزانن هەر لە بنەڕەتەوە نادروستە".زەکیە هەقی ئیسماعیل،کە دوای رووخانی رژێم لە ئیدارەی کاتی ئەمریکا کاری کردووە دەڵێ بەخۆی ئەو بەڵگەنامەیەی لە کۆشکێکی سەدامدا دۆزیوەتەوەو داوەتە پۆل بریمەر.

رەجائی فاید دەڵێت "رۆژنامەنووسێکی کورد وای ئیدیعای کردووە کە یەکێک لەو ئافرەتانەی لە مەلهایەکی شەرم شێخ دا بینیوە، باشە بۆچی لەگەڵ خۆی نەیهێنایەوە؟ بۆچی ئەوئافرەتە شوێنی ئەوانی دیکەی پێنەگوت؟ ئەو کەسە بۆ کاری رۆژنامەنووسی چووبوو یان گەڕان بەدوای مەلهای شەوانە، من بیستوومە رۆژنامەوان دوای کاری رۆژنامەنووسی دەکەوێت کەچی ئەم چووە بۆ مەلها، من تەحەدا دەکەم با ئەو رۆژنامەنووسە بێتەوە قاهیرەوئەگەرپاسپۆرتی نییە من لە باڵیۆزخانەی عێراق پاسپۆرتی بۆ پەیدا دەکەم، بابێت ئەو ئافرەتە بدۆزێتەوەو پێمان بڵێت کێشەکەی چییەو بازرگانەکانمان بۆ بدۆزێتەوەو ئەوسا رەوانەی دەکەینەوەو کێشەکە کۆتایی پێدێنین، یان ئێوە دەتانەوێ ئەو مەسەلەیە ببێتە دیواری (مەبکا)و هەموو رۆژێک سەرتانی پێدابکێشن، دەتانەوێ کێشەکە بدۆزرێتەوەو چارەسەر بکرێ یان بیکەنە بابەتێک بۆئەوەی شەوورۆژ بەدیارییەوە بگرین؟ ئەگەر دەتانەوێ چارەسەر بکرێ، با ئەو برادەرە بێت و ئافرەتەکەم پێشانبدات من چارەسەری دەکەم".



بسم الله الرحمن الرحيم

العدد/ ١١٠١

سري وعلى الفور

بەڵگەنامەی بردنی 18 ئافرەتی ئەنفال بۆ میسر

---

### بەهۆی لەسێدارەدانی دەیان چەکداری دەستگیرکراو

# بڕیاردەری مافەکانی مرۆڤ هەڕەشە لە حکومەتی عێراق دەکات

**رووداو – ئاژانسەکان**

بڕیاردەری مافەکانی مرۆڤ لەعێراق داوای لە حکومەتی عێراق کرد کە لەبارەی لەسێدارەدانی 28 چەکداری دەستگیرکراوی خەڵکی بەسرەو ئەگەری لەسێدارەدانی 84ی دیکە روونکردنەوە بدات، ئەگەرنا دۆسیەکە بۆ ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بەرزدەکاتەوە.

د. ساحێب ئەلحەکیم بڕیاردەری مافەکانی مرۆڤ لەعێراق و ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان، لەلێدوانێکدا بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ سەرسوڕمانی خۆی لە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی 28 کەس و دانە دادگای 84 کەسی دیکە دەربڕی کە لە رووداوەکانی ئەم دواییەی شاری بەسرەدا دەستگیر کراون.

ساحێب ئەلحەکیم لەوبارەوە گوتی"دەبێت حکومەتی عێراق رووونی بکاتەوە کە ئەو کەسانە چۆن حوکمدراون و لەکام دادگای ئاشکراداو بۆچی بۆ رای گشتییان ئاشکرا نەکردووە، دەبێت بزانین ئەو دادگاییە چۆن وا بەخێرایی ئەنجامدرا، ئایا رێگەیان پێداون پارێزەر بۆخۆیان بگرن".

ساحێب ئەلحەکیم هەروەها دەربارەی 84 کەسی دیکەش کە دراونەتە دادگاو ئەگەری ئەوە هەیە بەرەورووی هەمان چارەنووس ببنەوە گوتی "ئەوانە کێن و لە چ تەمەنێکدان و کێ تۆمەتباری کردوون و پارێزەرەکانیان کێن"، گوتیشی "دەبێت سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزارەتی ناوخۆ بەپەلە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە ئەگەرنا دۆسیەکە دەخەمە بەردەم لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان".

عەبدولکەریم خەلەف وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ ئەوەی دووپاتکردەوە کە سزای لەسێدارەدان بەسەر 28 کەسدا جێبەجێکراوەو 84ی دیکەش بەتۆمەتی کوشتنی ئەنقەست لەشاری بەسرە بەرەورووی دادگای تاوانەکان کراونەتەوە. هەروەها گوتی سزاکە لەم هەفتەیەدا لەبەغدا جێبەجێکراوە.

# ئەندام پەرلەمانێکی عێراقی داوای داخستنی کۆگاکانی مەیفرۆشتن دەکات

عیماد رەحمە

**رووداو – بەغدا**

ئەندامی لیستی ئیئتیلافی شیعە لە پەرلەمانی عێراق حەسەن سنێد داوایکرد کۆگاکانی مەیفرۆشتن لەبەسراو بەغدا دابخرێن کە پاش هەڵمەتی سەربازیی حکومەت دژ بە گرووپە چەکدار و میلیشیاکان کراونەتەوە.

سنێد رایگەیاند"کردنەوەی کۆگاکانی مەیفرۆشتن ناکۆکە لەگەڵ ماددەی (...)ی دەستووری عێراق کە لە بڕگەی یەکدا داوادەکات نابێت هیچ یاسایەک دابڕێژرێ دژ بە ئەحکامە جێگیرەکانی ئاینی ئیسلام".

مەیخانەکان و کۆگاکانی مەیفرۆشتن لەسەردەمی رژێمی پێشوودا لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە ئیسلامییەی رژێمی سەدام لە ژێر ناوی "هەڵمەتی ئیمانی"،لە دوا ساڵەکانیدا دەستیپێکرد فەرمانی داخرانیان درا. پاش رووخانی رژێم و هاتنە سەرحوکمی پارتە محافزکارە شیعەکان، ئەوانیش بەهەمان شێوە درێژەیان بە قەدەخەکردنی مەیفرۆشی دا، بەڵام پاش جێگیربوونی باری ئەمنی لەهەندێ ناوچەی بەغدا بەتایبەت ئەوانەی هێزەکانی ئەمریکا پاسەوانی دەکەن، کۆگاکانی مەیفرۆشی کرانەوەو خەڵک بە وریاییەوە روویان تێدەکات لەترسی میلیشیاو چەکدارە توندڕەوەکان.

ناوبراو داوایکرد حکومەتی عێراق هەڵوێستێکی توند بنوێنێت لەو بارەوە"چونکە ئێستا حکومەت دەسەڵاتی هەیە و دەتوانێ ئاشکرای بکات کە ئەم کارانە دژ بە دەستوورن و وادەیەکیان بۆ دابنێ بۆ داخستنی کۆگاکانیان بەپێی یاسا".

ئەو جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کە "ئەم کردەوانە پێناسی ئیسلامی گەلی عێراق ناشرین دەکات کە پێویستە بپارێزرێت،دەوڵەتانی دراوسێش وەک سعودیەو کوێت و عومان یاسای قەدەخەکردنی مەیفرۆشیان داناوە، تا پێناسی ئیسلامی وڵاتەکە بپارێزن".

ئەندامەکەی لیستی ئیئتیلافی شیعە لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوەشدا کە"رەنگە ئێستا نەتوانرێ ئەو شوێنانە دابخرێن،بەڵام دەبێ پەرلەمان رێ بەهیچ دەستدرێژییەک نەدا بۆ سەر بەندەکانی دەستووری عێراق".

ڕۆژهەڵات

ڕۆژهەڵات بەیەکجاری داخرا

ڕووداو، سنە

◆ ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور بەتوندی بڕیاری دادگای تاوانی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی شەرمەزار کرد کە ڕۆژی 4/11 /2008 بڕیاری داخستنی یەکجارەکی ڕۆژنامەی (ڕۆژهەڵات)ی دا بەبیانووی ئەوەی چەند دانەیەکی ڕۆژنامەکە لە باشووری کوردستاندا فرۆشراون و بەمەش ڕۆژنامەکە بە پێی یاساکانی ئێران سەرچاوەیەکی دارایی ناقانوونی بۆ خۆی پەیداکردووە.

# نوێنەری ئەوروپا پەیامی کوردی دا بە تورکیا

## ئەحمەد تورک: ئەردۆغان درۆزنە



عەبدولڕەحمان عەلی
ebdulrahman@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

سەرۆکی فراکسیۆنی DTP لە پەرلەمانی تورکیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە سەردانی ئیمانۆئێل بارۆسۆ بۆ تورکیا ئەرێنی بوو و ئەورووپاش لەڕێگای بارۆسۆوە پەیامێکی گرنگی دا بە بەتورکیا .لەهەمانکاتدا ئەحمەد تورک نیگەرانی خۆی لە هەندێک لێدوانی بەرپرسانی باشووری کوردستان لەسەر دیموکراسیخوازیی ئەردۆغان دەربڕی و گوتی "ئەردۆغان و AKP نە دیموکراتن و نە دەیانەوێت پرسی کورد چارەسەر بکەن و نە پلانێکیشیان بۆ چارەسەری پێیە".

سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا لەدەستپێکی ئەم مانگەدا بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی و ڕەوشی ناوخۆی تورکیا سەردانی ئەو وڵاتەی کرد و سەرەڕای کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەت سەردانی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی نێو پەرلەمانی تورکیاشی کرد. ئەحمەد تورک مەبەستی سەردانەکەی ئیمانۆئیل بارۆسۆی گەڕاندەوە بۆ پشتگیری پێشڤەچوونی ریفۆرم و دیموکراسی لە تورکیا و هەروەها ئاگاداربوون لەکێشەکانی ناوخۆی تورکیا و ڕایگەیاند" بارۆسۆ بەتورکیای گوت پێویستە هەموو کێشە ناوخۆییەکانتان چارەسەر بکەن و دوای ئەوە وەرنە ناو یەکێتی ئەورووپا.

ئەحمەد تورک،سەرۆکی فراکسیۆنی کوردی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیDTP، ئاماژەی بەوەشدا کە بارۆسۆ، پەیامی یەکێتی ئەورووپای لەبارەی کێشەی کوردەوە بەتورکان داوەو گوتوویەتی کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسی و کولتوورییە. ئەحمەد تورک پێیوایە ئێستا تورکیا بەقۆناخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی ئێمەی کورد و ئەوانی تورک "بۆیە دەبێ بەهەستیارییەوە لەچارەسەری پرسەکان نزیک ببینەوە".

بارۆسۆ لەمیانەی بەسەرکردنەوەی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی تورکیادا بەیاوەری بەرپرسی فراوانکردنی یەکێتی ئەورووپا ئۆلی ڕەهن بۆماوەی 35 خولەک لەگەڵ فراکسیۆنی پەرلەمانتارانی DTP کۆبووەوە. گەلۆ ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە چبوو؟

سەرۆکی فراکسیۆنی کوردی،بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بارۆسۆ بە وردی گوێی لەقسەکانیان گرت ودەڵێ"بۆمان ڕوونکردەوە کە مافی ئازادی بیروبۆچوون و دامەزراندنی پارتێکی سیاسی لەسەرناوی کورد لەتورکیا نییەو، هەروەها ئەو شتانەی کە تورکیا دەرهەق بەنەتەوەی کورد دەیڵێت ڕاست نین و کورد نەتەنیا لەباری سیاسییەوە بەڵکو لەڕووی زمان و کولتووریشەوە قەدەخەی لەسەرە و تائێستاش هیچ دەرفەتێکی بۆ چارەسەری پرسی کورد نەڕەخساندووە". بەپێی یاسای حیزبەکان، حیزبەکان بۆیان نییە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و کۆبوونەوە فراوانەکاندا جگە لە زمانی تورکی هیچ زمانێکی دیکە بەکاربێنن. هەروەها بەکارهێنانی ناوە کوردییەکانیش قبوڵ ناکرێ. شۆرەتی بنەماڵەی ئەحمەدیش،کە شۆرەتەکە (تورک)ە کاتی لەلایەن دەوڵەتەوە لێیان نراوە.

نوێنەرانیDTP هەروەها ئەوەیان بەگوێی سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا گەیاندووە کە کورد دەیەوێت ئەو شتانە بکەونە ڕۆژەڤی پەرلەمانی ئەورووپاو بە وردی باسیان لێوە بکرێت.ئەحمەد تورک هەروەها بەبارۆسۆی گوتووە کە لە تورکیادا شەڕێکی چەکداری هەیە و دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە" گوتمان لەواقعی گۆڕەپانی تورکیادا شەڕێکی چەکداری هەیەو پێویستە ئەورووپاش لەسەر ئەوە بوەستێت کە کێ نایەوێت ئەو شەڕە کۆتایی پێ بێت، بۆیە دەبێ ئەورووپا سەرنجبداتە پرسەکە و بە وردی شرۆڤەی بکات و هەروەها پێویستە بۆ جیهان ڕوون ببێتەوە کە هۆکاری چارەسەرنەبوونی ئەو کێشەیە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیایە یان لایەنی کوردە؟".

سەرۆکی فراکسیۆنی کورد لە پەرلەمانی تورکیا نیگەرانی خۆی لە هەندێک لێدوانی بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت گوایە ئاراستەی دیموکراسیخوازی AKP و سەرۆکەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەردەبڕێ و دەڵێ"هەندێ جار براکانمان لەباشوور هەندێ لێدوان دەدەن کە لە ڕاستیدا ئێمە پێیان دڵگران دەبین، بەڵام با هەموو کورد بزانن کە سیاسەتی حکوومەتی ئەردۆغان وپارتەکەی سیاسەتی هەڵخەڵەتاندنە و ئەوان هیچ بڕوایەکیان بەدیموکراسی و مافی گەلان نییە،بۆیەش پێویستە چیدی کەس لەڕووی دیموکراسیبوونیەوە ستایشی ئەردۆغان نەکات".

زۆر شرۆڤەکاری سیاسەتی تورکیا و هەتا لەمدواییانەشدا دوو ژەنراڵی ئەمریکی بەناوەکانی ویلیام فالۆن و ئۆدێریانۆ وێڕای ئەوەی کە دانیان بەو ڕاستییەدا نا کە پ ک ک ڕاستییەکی سەر گۆڕەپانی تورکیایە، باسیان لە تاقیکردنەوەی میتۆدێکی دیکە لەگەڵ پ ک ک دا کرد و ڕایانگەیاند پێویستە دیالۆگ لەگەڵ PKK دا بکرێت. ئایا نوێنەرانی کوردی پەرلەمانی تورکیا لە بارەی دیالۆگ لەگەڵ پ ک ک هیچ پەیامێکیان داوەتەوە بارۆسۆ. ئەحمەد تورک لەوبارەیەوە دەڵێ" ئێمە بەگشتی لەسەر پرسی کورد لەباکووری کوردستان قسەمان کرد،بێگومان PKK ش بەشێکە لەکورد و ئێمەش بەبارۆسۆمان گوت کە تا پرسی کورد چارەسەر نەبێت پ ک ک لە گۆڕەپان دەرناچێت و دەمێنێتەوەو هەرکاتێک مافی سیاسی و چاندی و ناسنامەیی کورد درا، بەڵام پ ک ک وازی نەهێنا ئێمەی کورد خۆمان لەدژی پ ک ک ڕادەوەستین".

سەرۆکی فراکسیۆنی کورد لە پەرلەمانی تورکیا، ئاماژە بەوە دەکات کە ناکرێت هەموو شتێکی ناوئەوکۆبوونەوەیە بۆ ڕاگەیاندن باس بکرێ و، دووپاتیدەکاتەوە لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەچارەسەری پرسی کورد بەشێوازی ئاشتییانەو دیالۆگ کراوە.

نوێنەرانی DTP لەمیانەی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپادا پێشنیاری دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکیان داوەتە بارۆسۆ، تا لەنزیکەوە چاودێری ڕەوشی مافە کولتووری و سیاسییەکانی تورکیا بکات. ئەحمەد تورک پێویستی دامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئێستا بەرپرسانی تورک دەڵێن لەتورکیا دیموکراسی هەیەو ئازادی هەیە،بەڵام لەڕاستیدا ئەورووپاش لەوە تێگەیشتووە کە وا نییە، بۆیە بەدامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنە ڕەوشی تورکیا بە وردی دەخرێتە ژێر کۆنترۆڵەوەو ئەو لایەنانەی کە لەبەردەم دیموکراتیزەبووندا لەمپەرن دەستنیشان دەکرێن.

تورک قسەکانی لەسەر دامەزراندنی کۆمیسیۆنەکە وەها درێژە پێدەدات " دەوڵەتی تورکیا ڕاستییەکان چەواشە دەکات، بۆیە تا ئەورووپا کۆمیسیۆنێکی وا دانەمەزرێنێت ئەوان شتێک دەڵێن و دەوڵەتی تورکیا شتێکی دی".

بارۆسۆ لە پەرلەمانی تورکیادا ڕایگەیاند کە،کێشەی کورد لەڕێگای سەربازییەوە چارەسەر نابێ و پێویستە بەشێوازی سیاسی و کولتووری چارەسەر بکرێت .نوێنەری شاری مێردین لەپەرلەمانی تورکیا لەوبارەیەوە دەڵێ کە بارۆسۆ قسەکەی ئێمەی بەزمانێکی دیکە گوتەوە، ئەوە بەشێکە لەبۆچوونی ئێمەوئەگەر پرسی کورد لەبواری سیاسی و کولتووری و ناسنامەدا چارەسەر نەبێت تورکیا هیچ پێشڤەچوونێک بەخۆیەوە نابینێت. تورکۆ دەڵێ" ئەو شتەی بارۆسۆ لەپەرلەمانی تورکیا گوتی ئەوە بوو کە ئێمەش بڕوامان پێیەتی و هاوکات پەیامی یەکێتی ئەورووپاش بوو".

دوو هەفتە لەمەوپێش شاندێکی پێکهاتوو لەنوێنەری 15 ڕێکخراوی مەدەنی شاری ئامەدی باکووری کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردوغان کۆبوونەوەو ڕاپۆرتێکی وردیان لەسەر ڕەوشی باکووری کوردستان پێشکێشی ئەردۆغان کرد. لەو ڕاپۆرتەدا داوای مافی پەروەردە بە زمانی کوردی لەقوتابخانەکان و خوێندنی کوردی لەزانکۆکان وەک شتێکی ئیختیاری و کردنەوەی ئەنستیتۆی کوردی و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و شوێنە ڕەسمییەکاندا کرد.

ئەردوغانی بەرەچەڵەک گورجی لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا بەتووندی لەدژی پەروەردە بەزمانی زکماکی ڕاوەستا و بە سزگین تانریکولو سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی دیاربەکری گوت ئەوە لە هیچ شوێنێکی دونیا نییە و" تۆ درۆ دەکەی". ئەو وەڵامدانەوەیەی ئەردۆغان سزگینی توڕە کرد و لەئەنجامدا کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت.

ئەحمەد تورک ئەوە بەبیردێنێتەوە کە ئەردۆغان لە ئەڵمانیا داوای پەروەردەی بە زمانی زکماکی بۆ تورکەکان بەڕەوا دەزانێ، بەڵام لەناوخۆی تورکیا ئەو مافە بۆ زیاتر لە 20 ملیۆن کورد بەناڕەوا دادەنێ .ئەحمەد تورک دەڵێ" ئەردۆغان لە ئەڵمانیا گوتی ئەگەر کەسێک زمانی دایکی خۆی فێرنەبێت ناتوانێ فێری زمانێکی دیکە بێت، بەڵام لەکۆبوونەوەدا لەبەرامبەر سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد دەڵێت، لەهیچ شوێنێکی جیهاندا پەروەردە بەزمانی دایک نییە!! ئەورووپاش ئەوە دەزانێت چۆن بڕوای پێدەکات؟! ئەردۆغان درۆزنە و ڕاستییەکان چەواشە دەکات".

ئەردوغان، پێچەوانەی لێدوانی دووساڵ لەمەوبەری کە دانی بەوە دانا کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسییە، لە وەڵامی پرسیارێکی سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد کە باسی لەوە دەکرد کە کێشەی کورد تەنیا کێشەی ئابووری نییە گوتی کە ئەو بەروانگەیەکی ئابوورییەوە دەڕوانێتە کێشەی کورد. سەبارەت بەو ڕوانگەیەی ئەردۆغان بۆ پرسی کورد، تورک پێیوایە کە ئەو قسانەی ئەردۆغان شتێکی تازە نین و ڕای دەوڵەت و سیاسەتڤانانی تورکی دووپاتکردووەتەوە"هەموو سیاسەتڤانانی تورکیا دەڵێن کێشەی کورد کێشەیەکی ئابوورییە، بەڵام ئەوان هەڵە بیر دەکەنەوە، بەڵکو ڕاستە لەباری ئابوورییەوە کەموکوڕی هەیە،بەڵام پرسەکە ئابووری نییە و سیاسی و کولتووری و ناسنامەی کوردە".



ئەحمەد تورک

(فۆتۆ: ڕووداو)

# لە ئەڵمانیا پژاک هەرا دەنێتەوە

پارتێکی کوردی نوێ بە ناوی پژاک بووەتە جێی سەرنجی هەواڵگریی ئەڵمانیا .داواکارانی گشتی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن ئایا ئەو گرووپە کە سەرکردەکەی لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا دەژی ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە یان نا.

کەس نازانێ چ کاتێک ( ئومێد. س) کە خزمەتگوزارێکی ئاسایی بوو لە باڵەخانەیەکی شاری بادن- ڤۆرتەمبێرگ بووەتە جەنگاوەرێکی کورد. ڕەنگە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2006، ئەو کاتەی کە وێنەی هیپهۆپەکانی لە ژوورەکەی لابرد و زەنگە بێدەنگەکانی گۆڕی و دواجار خۆشی گۆڕا. دوا وشەی ئومێد بۆ داپیرەی بە تەلەفۆن ئەوەبوو"من دەبێ ئێستا بڕۆم".

پێدەچێ ئەو گەنجە تورکە تەمەن 21 ساڵە کە لە دایکبووی ئەڵمانیایە، ئێستا لەلایەن پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) نێردرابێتە چیا سەختەکانی سەرسنووری عێراق- ئێران و وەک گەریلایەک سەرقاڵی مەشق بێت بۆ شەڕکردن دژی سوپای ئێران.

ئەو گرووپە کە ساڵی2004 دامەزراوە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی هەیە بەوڕێکخراوەی کە لێیەوە دروستبووە واتە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK،کە پارتێکی قەدەخەکراوی جوداخوازەو ئێستا میلیشیای خۆی هەیە لە باکووری عێراق.

پژاک، چەند جارێک ئۆپەراسیۆنی لەناو خاکی ئێران ئەنجامداوەو بەپێی زانیارییەکانی ئەو گرووپە لەو پێکدادانانەی ڕوویانداوە پتر لە 100سەربازی ئێرایان کوشتووە.

لە ئەڵمانیا، پژاک کە پێشتر کەس نەیدەناسی ئێستا بووەتە جێی سەرنج و لەنێوان سیاسەتمەداران و ئاژانسەکانی هەواڵگریدا هەرایەکی زۆری ناوەتەوە. لە مانگی جولای ساڵی ڕابردوودا، تاران تێبینییەکی زارەکی دایە باڵیۆزی ئەڵمانیا بۆ پرۆتێستکردنی ئەو بێباکییەی حکومەتی ئەڵمانیا لە بەرامبەر "چالاکییە تیرۆریستییەکانی" پژاک دەینوێنێ.

ئێرانییەکان بەوە پەستن کە سەرۆکی پژاک عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی، کە لەدایکبووی 1941ی ئێرانەو ئێستا لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، پیاوێکە هەڵگری پاسپۆرتی ئەڵمانییە. حاجی ئەحمەدی کە ئەندازیارێکی کشتوکاڵییە، ئەو کاتەی لە کوردستان نییە،لە ئەڵمانیا لە ئەپارتمانێکی ئاساییدا دەژی کە دیوارەکانی بە وێنەی شەهیدانی کورد داپۆشراوە. ئەو لێرەوە ئەوەی پێیدەڵێت "کامپەینی ئازادی میللەتی کورد" بەڕێوەدەبات لەپێناو "مافی سیاسی و کولتوری".

شارەزایانی بواری ئاسایشی ئەڵمانیا بیروڕای جیاوازیان هەیە لەسەر پژاک، ئاژانسی هەواڵگری ناوخۆی ئەڵمانیا پێیوایە کە چالاکییەکانی پژاک شتێکی ئەوتۆنین شایەنی باس بن، ئۆفیسی داواکاری فیدراڵی دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە،بەڵام ئامانجیان کەسێکی دیاریکراو نییە .بەڵکو ئەوان لەوە دەکۆڵنەوە کە ئایا پژاکەکەی حاجی ئەحمەدی بەپێی یاسای ئەڵمانیا گرووپێکی تیرۆریستییە و، بەوردیش لە نزیکەوە چاودێری چالاکی وپێکهاتەکانی دەکەن.

حاجی ئەحمەدی ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە کاری تیرۆریستیان ئەنجامدابێت.ئەو بە شپیگلی ڕاگەیاند کە مەبەستی سەرەکی ئەو لەو ڕووبەڕووبوونەوانەیان کە لەگەڵ سوپای ئێراندا ڕوویانداوە بەرگری لەخۆکردنی کوردە کە بەردەوام لەلایەن ئێرانەوە پەلاماردەدرێت. ناوبراو هیواشی خواست دیموکراسی لە ئێران بەرقەراربێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەدی دانی بەوەشدانا کە کوڕژراو لەنێو هەردوولادا هەبووە و کارێکی ئاسایی بووە بۆ شوێنکەوتووانی چەکدار بن ودەمانچەو کلاشینکۆفیان پێ بێت. سەبارەت بەخستنە خوارەوەی کۆپتەرێکی ئێرانی لەلایەن پژاکەوە، ئەحمەدی ڕوونیکردەوە"دەکرێ بەیەک فیشەکیش فڕۆکەیەک بخەیتە خوارەوە"، گەریلایەکی بەڕەگەز ئەڵمانیش لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنێکی ئەڵمانی بەناوی "مۆنیتەر" بە وردی باسی لە قەناسە ڕووسییەکەی خۆی و مەشقکردنی لەسەرتفەنگەکەی و ریمۆت کۆنترۆڵی بۆمبی سەرڕێ کرد.

ڕەنگە کردەوەکانی بەناو جەنگاوەرانی ئازادی پتر ئاکامی بەربڵاوتری هەبێت لەسەر سیاسەتی ئەڵمانی لە گۆڕینەوەی نامەی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران. شارەزایەکی ئاسایشی ئەڵمانی هۆشداریدا سەبارەت بە سیناریۆیەکی ترسناکی پارتیزانێکی پژاک کە هەڵگری پاسپۆرتی ئەڵمانییەو لە ئێران گیری خواردووە. ئەو باسی لەوەکرد لە کاتی دەستگیرکردنیدا حکومەتی ئەڵمانیا ناچاردەبێ پشتیوانی لە هاووڵاتییە بەندکراوەکەی بکات و لەکۆتاییشدا پەلکێشی قەیرانێک دەکرێت لەگەڵ ئێران.

پێگەی حکومەتی ئەڵمانیا بایی خۆی ئاڵۆزە بەرامبەر ئەمریکا کە دەتوانێ بوونی میلیشیا بە شێوازێکی ستراتیژیانە لە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە لە ئێستادا. میلیشاکان لەلایەکەوە کاریگەری ئەمریکا لە باکووری عێراق دەپارێزن ولەبەرچاوی دەگرن، لەلایەکی دیکەوە سەقامگیری ئێرانی دوژمنی سەرسەخت دەشڵەقێنن و هێزەکانی خۆیان لە ناوچە قەدەخەکراوەکانی سەرسنوور قایم دەکەن.

ڕۆبەرت بایەر، کەکارمەندێکی پێشووی CIA ەو چەند ساڵێک لە باکووری عێراق کاری کردووەو پەیوەندییەکی باشی بە بەرپرسە سیاسییە کوردەکانەوە هەیە بە شپیگلی ڕاگەیاند "من لەوە تێدەگەم کە ئەمریکا لە ڕێگەی هێزەکانی دەلتاوە، زانیاری هەواڵگری دەداتە پژاک تا بتوانن باشتر خۆیان بپارێزن لەهەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ئێران".

ئاژانسی هەواڵگریی دەرەوەی ئەڵمانیا، Bundesnachrichtendienst(BND)، بەبایەخەوە دەڕواننە پژاک و یەکێک لە کارمەندەکانیشیان سەردانی حاجی ئەحمەدی کردووە.

بەڵام ئەو جۆرە پەیوەندییانە زۆر باش نین بۆناوبانگی ئەو پارتە. لەبری ئەوە، ئەندامانی ئەو پارتە پێیان پەسەندترە خەون بە هەڵاتنی "خۆری ئازادی" وە ببینن لە ئێراندا.

**لە ڕۆژنامەی "Spiegel" ی ئەڵمانییەوە 2008/4/15**

## ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی سوید:

# سوریا مافەکانی کورد پێشێل دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سوید هەفتەیەک لەمەوپێش ڕاپۆرتێکی بەرفراوانی لەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ لەجیهاندا بڵاوکردەوە و تێیدا 20لاپەڕە بۆ باسکردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە سوریا تەرخانکراوە و سوریا بە پێشێلکردنی مافی کورد تاوانبار دەکات.

ڕاپۆرتەکە هەروەها ئاماژەبەوەدەدات کە لەساڵی2002 بەولاوە ڕژێمی بەشار ئەسەد لەسێدارەدانی مرۆڤەکان دەست پێکردووەتەوە و هەروەها لەو وڵاتەدا مرۆڤەکان بەرەوڕووی ئەشکەنجەو بزربوون دەبنەوە.

ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە پارتی بەعس ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی سوریای خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و هەروەها دەزگای دادوەری بەشێوەیەکی یەکلایەنە کار دەکات و بەرتیل و ڕەشوەت فراوان بووە، ڕاگەیاندن بەتەواوەتی کۆنترۆڵ دەکرێ و خەباتکارانی میدیاش ڕۆژانە خۆیان سانسۆر دەکەن، مافی ژنان پێشێل دەکرێت و لەسێبەری یاساکانی بەعسدا ناتوانن مافەکانیان پارێزراو بێت.

ڕوانگەی وەزارەتی دەرەوەی سوید لەسەر ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان وەهایە:

کورد ڕێژەی 10 % سوریا پێکدێنێت. کورد بەتەواوەتی لەژێر زۆردا نین، بەڵام دەوڵەتی سوریا بۆ پاراستنی مافەکانیان ڕێزوحورمەتێک نیشان نادات. هەروەها زمانی کوردی وەک زمانی پەروەردەکردن قبووڵ ناکرێت و دەرفەتەکانی ناساندنی چاندی کوردی بەرتەسک دەکرێنەوە.

لەو ڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە دەوڵەتی سوریا هەڵمەتی بەعەرەبکردنی لە ساڵانی شەستەکانەوە دەست پێکردووەو لەو پرۆسەیەدا 120000 کوردی لەمافی هاووڵاتیبوون بێبەش کردووە. هەرچەندە ژمارەی کورد لەسوریا بەشێوەیەکی ورد دیار نییە، بەڵام بەگوێرەی ئامارە حکومییەکان 200000-250000 هاووڵاتی کورد لەسوریا دەژین.

بەڵامبەپێیئامارەتەخمینکراوەکانی ڕێکخراوە کوردییەکان یەک ملیۆن و نیو کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا دەژین.

لەبەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا گوتراوە "زۆر ڕاپۆرتی پشتڕاستبوو لەسەر گرتن و ئەشکەنجەدانی کورد لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە بڵاودەبنەوە هەروەها ژمارەی ئەو کوردانەی کە لەلایەن دادگا سەربازی و ئاسایشییەکانی سوریاوە دادگاییکراون دیار نییە. بەشێکیان، لەبەر تاوانی "دابەشکردنی وڵات"و" لکاندنی هەرێمێکی وڵات بەوڵاتێکی بیانییەوە " و ئەندام بوون لە هێزی تیرۆریستی" سزا دراون و لەزینداندان. هەورەها ئاشکرا بووە کە بەشێک لەوانە پەیوەندییان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دیموکراتیکدا هەبووە".

لەراپۆرتەکەدا هەروەها گوتراوە کە دادگای سەربازی سوریا دەیەوێت49 کەسی کورد بەهۆی بەشداریکردن لەخوپیشاندانێکداکە بەبۆنەیوەفاتی شێخ مەعشوق غەزنەوی لەساڵی 2005دا لەقامیشلۆ ئەنجامدراوە دادگایی بکات. دادگاییکردنی ئەو 49 کەسە لە2006وە دەستی پێکردووەو هێشتا کۆتایی نەهاتووە.

بەشی کۆتایی ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات: کوردانی بێ وڵات لەگەڵێک مافی هاووڵاتیبوون لەسوریا بێبەشن. بەپێی یاسای سوریا بێ وڵاتبوون لەباوکەوە بۆ منداڵ دەمێنێتەوە. کوردانی بێ وڵات لەسوریا وەک" ئەجانب" (بیانی)یانیش"مەکتوومین" (لەنفووسدا بێقەید) هەژمار دەکرێن. بەتایبەتی کەسانی بێقەید لە زۆرێک لەمافەکان بێبەشن.

کەسانی " ئەجانب " خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەتن و دەتوانن بۆ دەرکردنی پاسپۆرت پەیوەندی بە بەرپرسانی سوریادا بکەن تا بتوانن لەدەرەوەی وڵات بخوێنن یان کێشەکانی بژێوی ژیانیان چارەسەر بکەن. بۆ کەسانی" مەکتوومین" ئەو شتەش نییە و ئەوان ناتوانن بەئاشکرا بچنە دەرەوەی وڵات." ئەجانب" بەپێچەوانەی مەکتوومین دەتوانن موڵەتی کارکردن بەدەست بێنن. هەردوولاش مافی ئەوەیان نییە کە موڵک بکڕن، ئۆتۆمبیل بکەنە ناوی خۆیانەوە و بازرگانیی بکەن.

کەسی"ئەجانب"دەتوانێبەهەرزانی لەناوزەدیە نەخۆشخانەکان سوود وەربگرێت."مەکتوومین"بەپێچەوانەی "ئەجانب" ناتوانن زەواجەکەیان ڕەسمی بکەنەوە. لەبەر ئەوەیە منداڵەکانیان لەنفووسدا نانووسرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ لەخوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی بێبەش بن. بەڵام لەپراکتیکدا، دەزگا ڕەسمییەکان لەقۆناغی سەرەتاییدا لەخوێندنی ئەو منداڵانە چاوپۆشی دەکەن و لێدەگەڕێن تا بخوێنن.



## نووسەرانی کورد نامەیەک ئاراستەی یەکێتی ئەوروپا دەکەن

ڕێناس نەورۆزی

ڕووداو - برۆکسل

◆ هەشت نووسەری کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان ڕۆژی 2008/4/18 لە شاری (برۆکسل)ی پایتەختی بەلجیکاوە نامەیەکی کراوەیان ئاراستەی یەکێتی ئەوروپا کردو داوایان کرد کە گوشار بخاتە سەر ئێران، تورکیا و سوریا تا وەک عێراق دان بە ناسنامەو زمانی کوردیدا بنێن. نامەکە لەڕێی وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی ڤلاندەرەنی بەلجیکاوە ڕادەستی بەرپرسی کاروباری ڕۆشنبیری یەکێتی ئەوروپا (یان فیگەل) کرا.

## هێرۆخان چیرۆکەکانی شاخی بۆ شێرکۆ فەتاحی ئامۆزای دەگێڕێتەوە

### نووسەری نێوداری ئەڵمان ـ کورد شێرکۆ فەتاح:

# درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم کوردستان وڵاتی منە

**باوکی کوردە، دایکی ئەڵمانە و قەلەمی بە ئەڵمانی دەنووسێت: لە ماوەیەکی کورتدا نووسەری ئەڵمان- کورد شێرکۆ ڕەئوف فەتاح توانی بۆ خۆی لە ناو وێژەی ئەڵمانیدا جێگایەک پەیدا بکات. شێرکۆ فەتاح تا ئێستا چوار پەرتووکی بەچاپ گەیاندووە کە سێیان ڕۆمانن و کۆمەڵێک خەڵاتی وێژەیی گرنگیشی وەرگرتووە. دوایین ڕۆمانیشی "داس دونکلە شیف - تاریکە کەشتی"، ئەمساڵ کەوتە کورتە لیستی خەڵاتی پێشانگای پەرتووکی لایبزیگ 2008 کە یەکێکە لە گەورە خەڵاتەکانی وێژەیی ئەڵمانیا. (ڕووداو) چاوی بە شێرکۆ فەتاح کەوت لە ئەڵمانیا و لە سەر مەسەلەی ناسنامە، ئەدەب، فرەڕۆشنبیریی و هەروەها پەیوەندیی نووسەر لەگەڵ خانمی یەکەمی عێراق هێرۆخان ئاخاوت.**

**سیروان حەجی بەرکۆ**
**ڕووداو– ئەڵمانیا**

**ڕووداو: تۆ ڕۆڵەی دوو ناسنامەی لەیەکتر جودای، کوردی و ئەڵمانی. ئەرێ لە ماڵ، خۆت لە ناو کام ناسنامەدا دەبینیتەوە؟**

**ش.فەتاح:** ناسنامە بە شێوەیەکی مەزن بەو زمانەوە بەستراوە کە پێیدەنووسم. لەبەر ئەوەش من زیاتر وەک ئەڵمان هەست بەخۆم دەکەم، بەڵام دیسانەوە زۆر پەیوەندیی خێزانیم بە کوردستانەوە هەیە،چونکە باوکم خەڵکی ئەوێیە. لە ژیانمدا خۆم زۆر خەریکی ئەو شتە کردووە و تا ئەمڕۆش پەیوەندیم لەگەڵ کوردستان نەپچڕاوە.

**ڕووداو:زۆر ڕووداوی ڕۆمانەکانت لە کوردستان قەوماون و زۆربەی قارەمانەکانت کوردن. گەلۆ بیۆگرافیای تۆ هۆی ئەم کارکردنەی تۆیە لە سەر کوردستان؟**

**ش.فەتاح:** لە تەمەنی منداڵیدا زۆر لە کوردستان بووم. لەوێ زۆر چیرۆکم بیستووە و تا ئەمڕۆش دەبیستم. من ناتوانم بڵێم ئەم شتە بیرکردنەوەیە لە وڵات، بەڵکو زیاتر هەستی گرێدانەوەیە. ئەمەیە من لە نووسەرانی دیکەی ئەڵمان جیادەکاتەوە، کە باکگراوەندێکی دیکەی ڕۆشنبیرییان نییە. هەڵبەت کاریگەری ئەم ڕەوشە لە سەر ئەدەبی من هەیە، چونکە کوردستان وڵاتێکە سنووری تایبەتی خۆی نییە و بەمەش دەبێتە خاوەن شتێکی تایبەت کە دەتوانین بڵێین وێژەییە. ئەمەش وەک خەونی دڵە.

**ڕووداو:دانوستانی نێوان کولتوورەکان بابەتی سەرەکی پەرتووکەکانتە. ئایا ئەمە پەیوەستە بە بیۆگرافیای تۆوە؟**

**ش. فەتاح:** بەڵێ، ڕاستە. من نازانم کاریگەری بیۆگرافیای من لەسەر وێژەی من چۆنە. من لە هەموو ژیانی خۆمدا، خەریکی ئەم مەسەلەیە بووم: دوو کولتوری لەیەک جودا لە یەک کاتدا. زێدەباری خاڵێکیتر کە ئەم ڕەوشەی من دژوارتر دەکات: ئەویش ڕابردووی منە لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. مرۆڤ تەنیا لە وێژەدا دەتوانێت دانوستان لەگەڵ ڕابردوو بکات. مرۆڤ دەتوانێت ئەم هەردوو وڵاتە تەنها لە ئەدەبدا بکاتە بابەت: لەلایەکەوە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات.

چونکە تێکچوو و نەما، لەلایەکی دیکەوە کوردستان، کە هێشتا نەبوویتە ڕاستی.

**ڕووداو:ئایا تۆ ڕووبەڕووی پەروەردەیەکی کوردی یان ئەڵمانی بوویت؟**

**ش.فەتاح:** هەردووکیان. باوکم هەوڵیدەدا من و براکەم بە کوردی پەروەردە بکات. ئێمە فێری زۆر شت بووین، بێ ئەوەی پێداگیری و داکۆکی لەسەر ئەم مەسەلەیە بکات. بۆ نموونە باوکم زۆر دیندار نەبوو. بەڵام لە بنەماڵەکەماندا زۆر کەسی ئاینپەروەر هەبوون. ئەوجا دانوستان لەگەڵ ئیسلام و ئاینە جوداکانی کوردستان، کاریگەرییەکی گەلێک مەزنی لە من کرد. وەک گەلێک لەو کەسانەی کە لەسەردەمی باوکم دەهاتن بۆ ئەڵمانیا بۆ خوێندن، چەپگر و سوسیالیست بوون و زۆر گوێیان نەدەدایە پەروەردەی پاشکەوتوو.

**ڕووداو:لە هەڤپەیڤینێکتدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەڵمانی "زویددویچە تسایتونگ" وتت کە زۆر بەختەوەری چونکە باوکت لە کوردستان دەژی، بۆ ئەوەی تۆش بتوانیت هەردەم بچیتە ئەوێ و چیرۆکان پەیدابکەیت. تا چ ڕادە کوردستانی باوکت بۆ وێژەی تۆ گرنگە؟**

**ش.فەتاح:** زۆر گرنگە. چونکە لە کوردستان زۆر شت ڕوودەدەن و گەلێک چیرۆک هەن کە دەتوانم بیانگێڕمەوە. بەڵام دەبێ بزانم چۆن ئەم چیرۆکانە باس بکەم. من نامەوێ ئەو چیرۆکانە وەکو ڕۆمانی وڵات بگێڕمەوە. چونکە ئەوێ وڵاتی من نییە. من درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم کوردستان وڵاتی منە، چونکە من لە ئەڵمانیا دەژیم. ئەز دەخوازم ئەو چیرۆکانە بەو شێوەیەی کە من لێیان دەڕوانم بگێڕمەوە. لە هەمان کاتیشدا بە نزیکبوون و دووربوونەوە. من دڵخۆشم کە باوکم لەوێیە، چونکە ئەو شتە دەرفەتم دەداتێ کە بچمە ئەوێ و بە شێوەیەکی قووڵتر لە مەسەلەکە بڕوانم. هەبوونی ئەو لەوێ دەرگایان بۆ من دەکاتەوە.

**ڕووداو:واتە تۆ بە پەرسپەکتیڤێکی ئەڵمانی تەماشای ڕووداوەکانی ئەوێ دەکەیت؟**

**ش.فەتاح:** تا ڕادەیەک بەڵێ. بەڵام کاتێک جەنگی عێراق دەستپێکرد و ئەمریکا چووە ئەوێ. پێویست بوو من هەڵوێستی کورد کە پشتگیری ئەمریکا دەکەن لە ئەڵمانیا ڕوون بکەمەوە. ئەو کاتە من کەوتمە ناو دوو بەرەی لە یەک جیا.

**ڕووداو:لە ئەڵمانیا کەم کەسی ناوداری ئەڵمان- کورد وەکو کوردی باکووری کوردستان، ناسنامەی کوردیی خۆیان ئاشکرا دەکەن. ئایا زۆر زەحمەتە مرۆڤ بڵێت مرۆڤ ئەندامی کۆمەڵگایەکی کوردییە؟**

**ش.فەتاح:** من لەو باوەڕەدام کە زۆر زەحمەت نییە مرۆڤ ناسنامەی کوردیی خۆی ئاشکرا بکات. بەڕای من ئەمە کێشەیەکی تورکییە. لە هاوینی پارساڵ کوردێکی تورکیا بە منی وت"پێویستە کوردی تورکیا پێش ئەوەی داوای وڵاتێک بکەن، بەخۆیاندا بچنەوە و خۆیان بناسن". من خۆم کاتێک خەریکی ئەو شتە بووم و بڕوام وایە شاردنەوە و پشتگوێخستنی باکگراوندی کوردی لە ئەنجامی سیاسەتی تواندنەوەو ئاسیمیلاسیۆنی تورکییە.

**ڕووداو:وەکو نووسەرێک، ئایا ناسنامە ئەڵمانی- کوردییەکەت هیچ کاتێک بۆ تۆ بووەتە کێشە؟**

**ش.فەتاح:** زۆر کەس وا تێدەگەن،بەڵام پێویستە ئەوان باش ئاگادارین و بزانن کورد کێن و خەڵکی کوێن. من ناچارم هەمیشە ئەمە شرۆڤە بکەمەوە. بۆ ماوەیەکی درێژ پێویست بوو من ڕوون بکەمەوە کە عێراق لە کوێیە و بڵێم وڵاتێکە لە تەنیشت ئێران. کێشەیەکی دیکەش هەیە پێویستە مرۆڤ لە کاری وێژەییدا ئاگاداری بێت بۆ ئەوەی لە گۆشەیەکی تەسکی وێژەی بیانیی ئەڵمانیادا حەشارنەدرێت. چونکە ئەگەر وای لێهات ئیتر مرۆڤ دەکەوێتە ناو سندوقێک و ناتوانێت لێی دەربکەوێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤ هونەرمەند بێت و ئافرێنەری ئەدەب بێت، پێویستە لەو سندوقە دەربچێت. چونکە دەبێ مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانە گفتوگۆ بکات کە لە سەر ئەدەبی ئەڵمانی قسەدەکەن نەک لەسەر ئەدەبی یۆنانی یان ئیتالی لە ئەڵمانیا. بە ڕاستی لە سەرەتادا من گەلێک دەترسام کە لەبەر ناوی خۆم وەکو نووسەرێکی وەرگێڕ بناسرێم.

**ڕووداو:لە ماوەی ڕابردوودا، کۆمەڵێک خەڵاتی وێژەییت وەرگرت و دوایین ڕۆمانیشت "تاریکە کەشتی" بوو، سەرەڕای گەلێک نووسین و هەڤپەیڤین لە ڕۆژنامە مەزنەکانی ئەڵمانیدا. ئایا لایەنی تۆی کوردی ئەگەری ئەم چەندەیە، یان بەڕاستی پێنووسەکەت باشە؟**

**ش.فەتاح:** ئومێدەوارم کە وێژەی من بتوانێت سەربکەوێت بێی باکگراوندە کوردییەکەم. من لەو باوەڕەدام کە لە ڕاستیشدا وایە. بەڵام دەبێ مرۆڤ هەمیشە لە مەسەلەی ڕۆشنبیری سەرنجی خەڵک بۆخۆی ڕابکێشێت. من دەزانم لە باکگراوەندی کوردیی خۆم سوودمەندم. لە ئەڵمانیا کۆمەڵێک نووسەر هەن کە لەناو دوو کولتوردا گەورە بوونە، بەڵام بە ئەڵمانی دەنووسن. باوەڕناکەم ناسنامەی فرەکولتوری بەس بێت کە مرۆڤ پەرتووکێک بنووسێت و باش بفرۆشرێت. لە کۆتاییشدا هەر خوێنەر بڕیار دەدات ئایا ئەم چیرۆکە خۆشە یان نە.

**ڕووداو:لەگەڵ ئەوهەموو سەرکەوتنانەت لە ئەڵمانیا، بەڵام هێشتا شێرکۆ فەتاح وەک نووسەر بۆ زۆربەی کوردان ناوێکی نەناسراوە. گەلۆ کورد نزیکی تۆ نابێت، یان خۆت لەکورد دوور گرتووە؟**

**ش.فەتاح:** زیاتر منم کە دەخوازم دووربوونێک هەبێت. من کۆمەڵگای کوردی لە ڕێی بنەماڵەی خۆمەوە دەناسم. بەڵام من ئەوەندە باش نایناسم وەکو مرۆڤێک کە لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا گەورە بووبێت و لەوێ دەژیت. من لە ئەڵمانیا ژیانم دەستپێکردووە و هەر لێرەش زمانی نووسینی خۆمم دۆزیوەتەوە. ئەوجا بۆ ئەوەی بتوانم لەگەڵ ئەم ڕاستییە سەیرە دانوستان بکەم، کە من لێی نزیکم بێ ئەوەی من بەڕاستی نزیک بم، پێویستە زمانێک بئافرێنم. من لەو باوەڕەدام کە لە پاشەڕۆژدا ئەمە دەبێتە کێشە بۆ زۆر کەسی دیکە. چونکە کەسانی دیکەش وڵاتی خۆیان بەجێدەهێڵن و دەچن لە وڵاتێکی دیکە دەژین یان کاردەکەن. واتە نەک تەنها من لەو ڕەوشەدام، بەڵکو زۆر کەسی دیکەش هەیە.

**ڕووداو: تۆ بە ئەڵمانی دەنووسی، ئایا ڕات چییە ئەگەر پەرتووکەکانت بە کوردی ببینیت؟**

**ش.فەتاح:** ئەمە زۆر خۆشحاڵم دەکات. هەرچەندە دەزانم ڕەوشی بڵاوکردنەوە لە کوردستان ئاسان نییە، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە شتێکی هێژایە مرۆڤ هەندێک خۆی ماندوو بکات. بۆ منیش شتێکی سەرنج ڕاکێشە ببینم خەڵک چ دەڵێن کاتێک شتێک لە کەسانێک وەربگرن کە ئەوانی لە پشت خۆی هێشتووە.

**ڕووداو:هەستێکی چۆنە کە مرۆڤ نووسەرێکی ئەڵمان بێت و کچی مامیشی خانمی یەکەمی عێراق بێت، ئەمە ڕەوشێکی پارادۆکس نییە؟**

**ش. فەتاح:** "بە پێکەنینەوە" بەڕاستی پارادۆکسە. بەڕاستی من خۆم سەرم سوڕماوە کە مەسەلەکە وایە. من جار جار هێرۆخان دەبینم و بە درێژی لەگەڵی دەئاخڤم.

**ڕووداو: لەسەر چی دەئاخڤن؟**

**ش.فەتاح:** لەسەر هەموو شتێک. بە تایبەتی لە سەر یادەوەرییەکانی ئەو کاتێک لە سەر شاخەکانی کوردستان پێشمەرگە بوو و جانتای "چانێل"ی لەشان بوو.جارێکیش بە منی وت کە ڕووبەڕووی هێرشێکی دەبابەکانیش بووە. چیرۆکەکانی بێ سنوور و زۆر درێژن.

**ڕووداو:کاتێک تۆ گوێ لەم چیرۆکانە دەگریت، هەست بە چی دەکەی؟**

**ش.فەتاح:** ئەو کات من وەکو کورد هەست بە خۆم دەکەم. هەر کاتێک باوکم باسی کوردستانی بۆ کردبام یان ئەوکاتەی کە گوێبیستی ئەو کەسانە دەبووم کە لە شاخەکانی کوردستان بوون، بەشداری هەستەکانیان دەبووم و من خۆم لە لای ئەوان دەدیت. لە کاتی دادگاییکردنی سەدام حسێندا گوێبیستی ئەو چیرۆکە خەمگینانە دەبووم لە سەر کورد. ئا لەو ڕەوشانەدا من دەبمە لایەنگری کورد. من ئەمە لە هەستی خۆمدا دەبینم. ئەو کاتە من ناتوانم بڵێم من دوورم لەوان و پەیوەندیم بەوانەوە نییە.



د.شێرکۆ فەتاح (فۆتۆ:ڕووداو)

> شێرکۆ فەتاح، لە ساڵی 1964 لە بەرلینی ڕۆژهەڵات لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەدایک بووە. تەمەنی منداڵی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات تێپەڕاندووە،ماوەیەکی درێژی منداڵییەکەی لە کوردستان بووە. لە ساڵی 1975 بنەماڵەکەیان ڕوو دەکەنە ڤییەننا و لەوێش بەرەو بەرلینی ڕۆژئاوا. شێرکۆ فەتاح لە بەرلین فەلسەفە و مێژووی هونەری خوێندووە. باوکیشی (ڕەئوف فەتاح) برای ئیبراهیم ئەحمەدی باوکی هێرۆخانە.
>
> یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی "ئیم گرێنتسلاند"ە، واتە لە وڵاتی سەرسنوور، لەسەر ئەم ڕۆمانە خەڵاتی ئاسپێکتەی وەرگرت.
>
> پەرتووکەکانیشی ئەمانەن:
>
> 1 - "ئیم گرێنتسلاند-لە وڵاتی سەرسنوور"، 2001. 2002
>
> 2-Donnie
>
> 3- "ئۆنکلچن-مامی بچووک" 2004
>
> 4 - "داس دونکلە شیف-تاریکە کەشتی"، 2008.
>
> "ئیم گرێنتسلاند"و "ئۆنکلچن" وەرگێڕدراونەتە زمانی فەرەنسیش

### ئازادی دۆت ئێن ئێڵ وەک نموونە

# بێ پارەش کاری گەورە دەکرێت!

**ڕووداو – ئەمستەردام**

ئەگەرلە یەکێک لە وڵاتەکانی بەنەلوکسدا، بۆ دۆزینەوەی هەواڵ و نووسین سەبارەت بە کوردستان لە گوگڵدا بگەڕێیت، سەرت سووڕدەمێنێ لەو هەموو بابەتانەی کە لەوبارەیەوە دەستت دەکەون. بەڵام ئەگەر ورد سەیری سەرچاوەی هەواڵ و نووسینەکان بکەیت، ئەوا دەبینی کە زۆربەیان لە یەک ماڵپەڕدا بڵاوبوونەتەوە کە ناوی ئازادی دۆت ئێن ئێڵە.

ئازادی یەکەمین سەرچاوەی سەربەخۆی هەواڵگەێنی و ڕادەربڕینە بە زمانی هۆڵەندی کە سەبارەت بە کوردستان و کورد دەنووسێت. ئەو ماڵپەڕە بۆیە سەربەخۆیە، چونکە لە گواستنەوەی هەواڵدا جیاوازی ناکات لە نێوان پارتە کوردییەکان و تەوژمە هزرییە جیاجیاکانیان. ئەوەی کە بەلای ئەو ماڵپەڕەوە جێی بایەخە، ئازادیی کوردستان و ناساندنی دۆزەکەیەتی. لە ستافی بەڕێوەبردنیشدا خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستان کاردەکەن و وەک خۆشیان لە سەر ماڵپەڕەکەیان نووسیویانە: ئامانج لە هەبوونی ئازادی بەیەکترناساندنی کوردانە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و خوڵقاندنی هەلیشە بۆ هۆڵەندیزمانان بۆ ئەوەی زانیارییەکانیان سەبارەت بە کوردستان فراوانتر بکەن.

**ئاژانسێکی سەربەخۆ!**

ئازادی ماڵپەڕێکی سادە نییە. هەواڵەکانیشی لەولا و لەولا کۆناکرێنەوە. بەڵکو لە لایەن دەستەیەک هەواڵنووسی چاکی هۆڵەندیزانەوە، بە ستایلی تایبەتیی خۆیان دادەڕێژرێن و ڕۆژانە بڵاودەبنەوە.

کۆی ئەوانەی کە لەو ماڵپەڕەدا کاردەکەن، نۆزدە کەسن. واتە سوپایەک ڕۆژنامەنووس کە بە زمانێکی ئەوروپی هەواڵەکانی کوردستان دەگەیێنن و داکۆکی لە دۆزەکەی دەکەن. ماڵپەڕ بەرپرسیارێکی هەمیشەیی نییە. هەر سێ مانگ جارێک یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەبێتە بەرپرسی ڕاپەڕاندن و چاودێریکردنی چەلەنگییەکان. دەستەی بەڕێوەبەرایەتیش لە چوار ئەندام پێکدێ، کە لە نێوانیاندا کچە ڕۆژنامەنووسێک و گەنجێکی هۆڵەندیش هەن.

ستافەکەی دیکەیش کار لە بەشی جیاجیادا دەکەن، وەک: نووسیارانی هەواڵ، نووسیارانی بیروبۆچوون، نووسیارانی دیدار، گۆشەنووسەکان، ڕۆژنامەنووسە فریلانسەکان، وێبماستەر و بەشی پەیوەندییە گشتییەکان.

دیارترین نووسەرەکانی ئەو ماڵپەڕەش بریتین لە: ڤلادیمیر فان ڤیلێنبورخ، سیدار بەنگین ئەپۆزدەمیر، شاناز بەرزنجی، بێری شەڵماشی، ژیر ڕەشان، هەڵوێست ڕەشید، دەشنێ مەولود، دەشنێ عەبدوڵڵا، بەناز تەها و ژیلا کەیانی.

**ناوەڕۆک و سەردانەکان**

ناوەڕۆکی ماڵپەڕی ئازادی، بە لێپرسراوێتی و بێلایەنانە دەنووسرێت. زمانی نووسین لەو ماڵپەڕەدا زمانێکی بابەتییانەی هێمنە و هەوڵدەدرێت تا بکرێت بە بەڵگەوە نووسین بڵاوبکرێتەوە. ڕەنگە ئەوەش بێت وایکردبێت کە ئازادی ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هۆڵەندیزمانان تا سەبارەت بە کوردستان هەواڵ و زانیاری کۆبکەنەوە.

ڕێژەی سەردان لە ئازادیدا بەرزە. هەستیش دەکرێت کە خوێنەران بە نووسینی کۆمێنتار هەوڵدەدەن بەشداریی چالاکانەتریان لە ماڵپەڕەکەدا هەبێت، بەڵام هێشتاش ستافی ئازادی زوو زوو ناچارن هەندێک لەو بەشدارییانەی خوێنەرانیان ڕەشکەنەوە کە سنووری ئازادیی ڕادەربڕین تێدەپەڕێنن و بابەتییانە نانووسرێن.

**نهێنییەکی نەدرکێندراو**

ئازادی دۆت ئێن ئێڵ لە ساڵی 2005 دا دامەزراوە. لە کاتەوە تا ئێستا جارێک تورکەکان هاکیان کردووە و بۆ ماوەیەک لە چالاکیان ڕاگرتووە. بەڵام لەو سێ ساڵەدا ئەو ماڵپەڕە ڕۆژانە بە هەواڵی تازە، گۆشەی نوێ، دیداری سەرنجراکێش و ڕیپۆرتاژی گرنگ ڕازێندراوەتەوە.

بێگومان کارێکی وا، هەم کات و هەمیش وزەیەکی زۆری هەڵسوڕێنەرانی پێویست بووە، بەڵام تۆ بڵێی ئەو هەڵسوڕێنەرانە هەروا بە خۆڕایی ئەو کارە بکەن؟ بەڵێ، کردوویانە.

نهێنییەکە ئەوەیە کە ئازادی دۆت ئێن ئێڵ لە لایەن کۆمەڵێک قوتابیی تازەپێگەیشتووی زانکۆوە هەڵدەسووڕێت، کە ڕۆژانە چەند کاژێرێک لە کاتی خۆیان بۆ هەڵسوڕاندنی ئەو تاکە ئاژانسە هەواڵە کوردییە بە زمانی هۆڵەندی بۆ بەنەلوکس نشینان تەرخان دەکەن. لە بەرامبەریشدا نە چاوەڕێی پاداشتن و نە بارەکەڵڵای کەسیشیان دەوێت!

ئازادی نموونەیەکی سەرکەوتووی کاری بە کۆمەڵی پۆلە ڕۆژنامەنووسێکی گەنجی کوردە کە دەیانەوێ بڵێن: بە بێ پارەش کاری گەورە دەکرێت!




سایتی (Azady NL)

## لەهەنگاریا، تورکیا و کەنەدا تاقیکراوەتەوە

# بەشە خۆراکی بایعی بەکەڵکی خواردن نایێت

**عەلی حەمەسالح**
**رووداو –هەولێر**

لەو پشکنینانەی بۆ بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان لەتاقیگەکانی هەنگاریا، تورکیاو کەنەدا کران، دەرکەوت کە بەشە خۆراکی مانگانە (بایعی) بەکەڵکی خواردن نایێت.

تائێستا ئەوبڕە خۆراکەی لەکوردستاندا بەشێوەی مانگانە دابەشدەکرێت، بەهیچ شێوەیەک لەناو کوردستاندا پشکنینی بۆ ناکرێت تاوەکو بزانرێت بۆ خواردنی مرۆڤ دەستدەدات و بێ زیانە یان نا.

نەوزاد سابیر، بەڕێوەبەری گشتیی دابەشکردنی خۆراکی هەولێر ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکراکرد کە لەکوردستاندا هیچ جۆرە پشکنینێک بۆ خۆراک ناکرێت و، وتی" ئەو خۆراکەی بۆ ئێمە دێ لەکوردستان پشکنینی بۆ ناکرێت، بەڵکو لەتاقیگەکانی وەزارەتی بازرگانی بەغدا پشکنینیان بۆ دەکرێت و بەنووسراوی فەرمی ئێمەی لێ ئاگادار دەکرێتەوە کە بۆ خواردنی مرۆڤ گونجاوە ئەوجا دابەشی دەکەین".

بەشە خۆراکی مانگانەی کوردستانیش لەلایەن بەغداوە لەسەر بوودجەی کوردستان دابیندەکرێ، لەوێوە دەنێردرێ بۆ کوردستان، بەڵام هاووڵاتیان گلەییەکی زۆریان لەو بەشە خۆراکە هەیە،لە سەرەتای ئەو مانگەدا لە سلێمانی مشک لە ناو شیری بایعیدا دۆزرایەوە.

ئەگەرچی بەڕێوەبەری گشتی دابەشکردنی خۆراکی هەولێر جەخت لەوەدەکاتەوە لەبەغدا پشکنین بۆ خواردنەکان دەکرێت، بەڵام بێ ئاگایی خۆشی لەشێوازی پشکنینەکان دەخاتەڕوو و دەڵێت"نازانم بەچ جۆرێک پشکنین بۆ خواردنەکان دەکرێت و شێوازی هونەری پشکنینەکەشیان چۆنە نازانم".

ئەگەرچی چەند تاقیگەیەک بۆ پشکنینی خۆراک لە هەردوو کۆلێژی کشتوکاڵ و زانستی زانکۆی سەلاحەدیندا هەن، بەڵام بەهۆی کۆنی و ناوردبینی ئامێرەکانیان ناتوانرێت متمانە بەئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان بکرێت.

د. موئەید عەبدولڕەحمان، سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری، ئەوەی بە (رووداو) راگەیاند "چەند جارێک لەتاقیگەکانی کۆلێژی کشتوکاڵ و زانست پشکنینیان بۆ بەشە خۆراکی مانگانە کردووە، بەڵام ئەنجامەکانیان وەک یەک نەبووە، یەکیان دەیگوت باشە، یەکیان دەیگوت خراپە".

بۆ دڵنیابوون لەشیاوی بەکارهێنانی ئەو خواردنانەی کە لەبەشە خۆراکی مانگانەدا لە کوردستان دەدرێتە هاووڵاتیان، بڕە خۆراکی دوو مانگی هاووڵاتییان لەتاقیگەکانی دەرەوەی وڵات پشکنینیان بۆ کرا وەو ئەنجامی پشکنینەکان دەریانخست ئەوخواردنانەی لەکوردستان دەدرێتە هاووڵاتییان، نابێت بخورێن و گونجاونین بۆ خواردن.

سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری دەڵێت ئەو بەشە خۆراکەی دەدرێت گونجاو و تەندروست نییە"بەشە خۆراکی مانگانە بۆ بەکار هێنان نابێت". د. موئەید، ئەم گوتەیە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکدا دەڵێت کە لەتاقیگەکانی ئەمریکاو ئەوروپا کراون، ئەو دەڵێت"دوای ئەوەی بێ ئومێد بووین لەتاقیگەی زانکۆکانی کوردستان، بەشە خۆراکی هەردوو مانگی شوبات و مایسی 2007 مان ناردە دەرەوە بۆ پشکنین، ئەوتاقیگانەش کە پشکنینەکانیان لێکرا، لە هەنگاریاو تورکیاو کەنەدا بوون، هەرسێ ئەنجامەکە وەک یەک بوون و وتیان بەکەڵکی بەکارهێنان نایێت".

لەبارەی ئەو جۆرە کەرەستانەی



بەشە ئاردی بایعی لە دوکانێکدا (فۆتۆ:رووداو)

کەناردوویانە بۆ لێکۆڵینەوە، د. موئەید ئەوەی بە (رووداو)ی راگەیاند کە " حەوت نموونەمان ناردە پشکنین بەسابونیشەوە، ئەنجامەکان دەریانخست هیچیان بۆ بەکارهێنان نابن ".

هەرچەندە دوای دەرکەوتنی ئەنجامی پشکنینەکان، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی کوردستان لەخراپی ئەو خواردن و کەرەستانە ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو خواردنانە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشدەکرێن.

سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری ئەو راستییە بۆ (رووداو) دەخاتەڕوو "ئەنجامی ئەو پشکنینانەمان وەک راپۆرت دا بە وەزارەتی پلاندانان، بەڵام هەموو ئەو خواردنانەش کە نەدەبوایە بدرێنە هاووڵاتییان دابەشکران"، د. موئەید کە 20 ساڵ لە بواری کۆنترۆلی جۆری لە کەنەدا و ئەمریکا کاریکردووە،دەڵێ ئەو خواردنانەی لە هەموو جیهان قەدەخەن لە کوردستان بەکاردێن لە دوارۆژیشدا دەردەکەوێت ئەوە جینۆسایدێکی لەسەرە خۆیە . زیاتر درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت "تەنها بەشەخۆراکی ئەو دوو مانگەمان ناردە دەرەوەو بۆ پشکنین، دەرکەوت کە ئەو خواردنەی مانگانە دەدرێتە هاووڵاتییان، بەکەڵکی بەکار هێنان نایێت".

لەبارەی ئەنجامەکانی ئەو پشکنینانەو ئاگاداری وەزارەتی بازرگانی کوردستان لێیان، سەلاح خورشید، بەڕێوەبەری بازرگانی ناوخۆ لەو وەزارەتە، وتی"ئاگاداری ئەنجامی ئەو پشکنینانە نیم و ئەو بڕە خۆراکەشی کە دێت بۆ کوردستان لەبەغداوە پشکنینی بۆ دەکرێت و لەوێ بڕیار لەسەر دابەشکردنی دەدرێت".

## کۆمپانیایەکی ئەهلی هۆڵی خوێندنی قوتابیانی زانکۆ بۆ کاری خۆی بەکاردەهێنێت

# لاپتۆپە (DELL)ەکانی زانکۆی سەلاحەددین ئیرلەندین یان چینی



سالح قادر
rodan@rudaw.net

**رووداو– هەولێر**

کۆمپانیایەکی ئەهلی، کە کۆمپیوتەری لاپتۆپ بەشێوەی قیستی مانگانە دەداتە قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین، هۆڵی خوێندنی قوتابیانی بەشی بەنداوەکان لەکۆلێژی ئەندازەی زانکۆی سەلاحەددین بەکاردەهێنێت و دەریشکەوتووە ئەو لاپتۆپانەی بەقوتابیان و مامۆستایانی زانکۆ دەفرۆشرێت زۆربەی پێکهاتەکانی ناوی دروستکراوی وڵاتی (چین)ن.

دوای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی کوردستان بڕیاریدا کۆمپیوتەری لاپتۆپ بەشێوەی قستی مانگانە بۆ مامۆستایان و قوتابیان و فەرمانبەرانی زانکۆ دابین بکات، چەند کۆمپانیایەک تەندەریان پێشکێش کرد، دواجار تەندەرەکە بۆ کۆمپانیایەک دەرچوو کە بریکاری کۆمپانیای (ics-technologies)یە.

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رەتی دەکاتەوە، ئەو کۆمپانیایە هۆڵی خوێندنی بۆ ئەو کارە بەکارهێنابێت و دەڵێت"ئێمە ژوورمان داونەتێ نەک هۆڵی خوێندن".

بەڵام بەپێی بەدواداچوونی (رووداو) دەرکەوتووە ئەو شوێنەی لەبەشی بەنداوەکانی کۆلێژی ئەندازە کۆمپانیاکە بەکاریدەهێنێت هۆڵی خوێندنی قوتابیانی بەشی ناوبراوەو سەرچاوەیەکیش لەکۆلێژی ئەندازە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "ئەوان لەجیاتی هۆڵێک دوو هۆڵی خوێندنیان وەرگرتبوو، بەڵام بەشەکە هۆڵێکی لێوەرگرتنەوە".

ئەو سەرچاوەیە لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی"بوونی ئۆفیسی ئەو کۆمپانیایە، ئێستا کێشەی بۆ بەشەکە دروست نەکردووە، چونکە بەشەکە ئێستا تەنیا دوو قۆناخی هەیە، بەڵام ساڵانی داهاتوو دەبێتە گرفت بۆ ئەو بەشە چونکە تەنیا 4 هۆڵی خوێندنیان هەیە، بۆیە دەبێت ساڵی ئایندە ئەو هۆڵەش چۆڵبکەن".

هەرچەندە ئەو کۆمپانیایەی ئەو کۆمپیوتەرانە بۆ زانکۆ دابین دەکات، خۆی وەک بریکاری کۆمپانیای (ics-technologies)ی ئەمریکی ناساندووە، بەڵام سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی راگەیاند ناوی ئەو کۆمپانیایە بەکارهێنراوەو ئەو کۆمپانیا ئەمریکییە بریکاری لەعێراق نییە.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو بەدواداچوونەی رۆژنامەی (رووداو) ئەنجامیداوەو سەردانی سایتی کۆمپانیای ناوبراوی کردووە (http://www.ics-technologies.com/contact.htm) دەرکەوتووە کۆمپانیای (ics-technologies)ی ئەمریکی ئۆفیسی لەمیسر، ئۆردون، سعودیە، رووسیا، مالی و پاکستان هەیە.

محەمەد عەبدولجەبار تاهیر، کە وەک بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای ics-technologies لەعێراق، خۆی بە (رووداو) ناساند، هۆکاری نەبوونی ناوی ئۆفیسی عێراقی لەوێبسایتی کۆمپانیاکە گەڕاندەوە بۆ نائارامی شاری بەغدا و گوتی "ئێمە دەتوانین لەکوردستان بەئازادی نووسینگە بکەینەوە، بەڵام لەبەغدا لەترسی تیرۆرستان ناتوانین ناونیشانی خۆمان لەسەر وێباسیتی کۆمپانیاکە رابگەیێنین".

کۆمپانیای ics-technologies سنووردار، کۆمپانیایەکی ئەمریکییە لەبواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان IT، کار دەکات. نووسینگەی سەرەکی لەئەمریکایە و هەروەها لەمیسر، ئوردون، سعودیە، رووسیا، مالی و پاکستان ئۆفیسی هەیە، جگە لەوەش پرۆژەی لەچەند وڵاتێکی وەکو سودان و عوممان هەیە.

بەپێی قسەی محەممەد عەبدولجەبار لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، کۆمپانیاکە هاتووەتە عێراق و بەشێوەیەکی فەرمیش لەساڵی 2007 لقی کۆمپانیاکە لەبەغدا و هەولێر کراوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەوزانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون ئەو کۆمپانیایە لەکوردستان بەناوی (icst) بۆ تەکنەلۆژیا و کاروباری کارەبا و میکانیک لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ناوی تۆمار کراوە.

هەروەها بەڕێوەبەری بنکەی زانیاری و گەیاندن لەوەزارەتی خوێندنی باڵا بە (رووداو)ی راگەیاند کە"کۆمپانیای ics-technologies لەئەمریکاش مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووەوبریکاریشیان لەعێراق هەیە"، بەڵام بەپێی ئەو نووسراوەی وەک بەڵگەیەک دراوەتە (رووداو) کە کۆمپانیاکە بریکاری لەکوردستاندا هەیە، نووسراوەکە لۆگۆی کۆمپانیای icsی بەسەرەوەیە نەک کۆمپانیای ics-technologies.

د.ئیدریس هادی سالح، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی کوردستان، ئەوەی بەگرفت نەزانی کە ئەو کۆمپانیایە بریکاری لەکوردستان هەیە یان نا، بەڵکو گوتی "تۆش وەرە وەکالەتی کۆمپانیا مەهێنە، بلێ عەرزێکی وەهام هەیە کۆمپیوتەر بۆ قوتابیان و مامۆستایان دابین دەکەم، گرێبەستت لەگەڵ دەکەم". هەروەها گوتیشی "کاتێک گرێبەستمان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە کردووە، نەمانویستووە بریکاری لەکوردستان هەبێت یان نا".

بەگوێرەی گرێبەستی نێوان کۆمپانیاکەو وەزارەتی خوێندنی باڵا، سەرەتا 20%ی پارەی کۆمپیوتەرەکان دەدرێت، دواتر پارەکە بەشێوەی قیستی مانگانە دەدرێت، قیستەکەش بەگوێرەی تایبەتمەندی و نرخی کۆمپیوتەرەکان لەنێوان 18-6 مانگدایە. بەپێی قسەی وەزیری خوێندنی باڵا تا ئێستا نزیکەی 1400 کۆمپیوتەر لەلایەن مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە کڕدراون.

هەروەها بەپێی ئەو گرێبەستەی لەنێوان بریکاری کۆمپانیای ics-technologies و وەزارەتی خوێندنی باڵادا هەیە، دەبێت ئەو کۆمپیوتەرانەی بۆ قوتابیان و مامۆستایان لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوە دابین دەکرێت، ئەمریکی یان ئیرلەندی بن، بەڵام بەگوێرەی ئەو پشکنینانەی بۆ یەکێک لەکۆمپیوتەرەکانی ئەو کۆمپانیایە لەلایەن وەرشەی کۆمپیوتەری زانکۆی سەلاحەددین کراوە، دەرکەوتووە زۆربەی پێکهاتەکانی ئەو کۆمپیوتەرانە دروستکراوی وڵاتی (چین)ن.

وەک لەپشکنینی یەکێک لەو کۆمپیوتەرانە دەرکەوتووە پێکهاتەکانی بەو جۆرەیە: مارکەکە ئیرلەندنییە، mother board چینی، ram مالیزی، moden چینی، wlan چینی، (LCD screen) کۆمپلیت چینی، MOUSE PAD هۆنگ کۆنگ، (PROCESOR CHIPSET) چینی (H.D.D، ADM) کۆریا سامسۆنگ، OPTICAL DRIVE (DVD COMBO)) ئەندەنوسیی، BATTERY ژاپۆنی.

د.محەممەد سدیق خۆشناو، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین، بێ ئاگایی خۆی لەو کارەی وەرشەی زانکۆی سەلاحەددین نیشانداو، گوتی" ئێمە دامەزراوەیەکین سەر بەوەزارەتی خوێندنی باڵا، هەر زانیارییەکمان بەدەستەوە بێت دەبێت بیگەیێنینە سەرووی خۆمان، بەهەموو شێوازێکیش پێمان ناخۆشە فێڵمان لێبکرێت، قەتیش لەگەڵ ئەوەدا نین شتێک نرخی 400 دۆلار بێت بە 1000 دۆلار بەقوتابیان و مامۆستایانمان بفرۆشرێت".

ئەگەر بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا روون بووەوە پێکهاتەکانی کۆمپیوتەرەکە تەزویر کراون و زۆربەیان (چین)ین، ئاخۆ چ ئیجرائاتێک دەکەن، وەزیری خوێندنی باڵا، گوتی "بەپێی گرێبەستی نێوان ئێمەو کۆمپانیاکە دەبێت ئەو کۆمپیوتەرانە ئیرلەندی بن، ئەگەر وا نەبێت ئێمە قبوڵی ناکەین و کۆمپانیاکەش غەرامە دەکەین، ئەو پارەیەشی کە لەلای ئێمەیە نایدەینێ"، گوتیشی " ئەگەر تەزویر کراوە با کەس نەیکڕێت، چونکە کەس ناچار نەکراوە ئەو کۆمپیوتەرانە بکڕێت، ئەگەریش کۆمپیوتەرەکان ئیرلەندی نەبن، کۆمپانیا ناتوانێت گرەنتی 3 ساڵت بداتێ".

هەروەها مامۆستا سالار خدر، بەرپرسی بنکەی زانیاری و گەیاندن لەوەزارەتی خوێندنی باڵا، رەتیکردەوە کە لەگرێبەستەکەدا باس لەپێکهاتەکانی ناوەوەی کۆمپیوتەرەکە کرا بێ و، گوتی " لەگرێبەستەکە تەنیا باسی ئەوەمان کردووە کە سەرچاوەی ئەو کۆمپیوتەرانە ئێرلەندا یان ئەمریکا بێت، بەڵام مەرج نییە پێکهاتەکانی ناوەوەی کۆمپیوتەرەکە ئێرلەندی یان ئەمریکی بێت".

مامۆستا سالار، گوتیشی"داوای بەڵگەنامەی شوێنی هاوردنم لەکۆمپانیاکە کرد، کە ئەو کۆمپیوتەرانە لەکوێوە شەحن کراون، دەرکەوت لەئیرلەندا بۆ دوبەی شەحن کراون و لەوێشەوە بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر".

بریکاری کۆمپانیای ics-technologies، پێکهاتەکانی ناوەوەی لاپتۆپەکانی بەگرفت نەزانی کە چینین یان ئێرلەندین و گوتی"هەر کۆمپیوتەرێک لەوکۆمپیوتەرانە نووسراوی شوێنی هاورد کردنی لەگەڵدا بێت کەواتە لەکۆمپانیای DELL دروستکراون، بۆ دڵنیا بوونیش دەتوانن (service tag)ی لاپتۆپەکان لەرێگەی ئێمەیلەوە بۆ کۆمپانیای DELL بنرێن، ئەوان پێتاندەڵێن کۆمپیوتەرەکە لەو کۆمپانیایە دروستکراوە یان نا".

بەپێی ئەوزانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لەسەرەتای دەست بەکاربوونی کۆمپانیاکە، لیژنەیەک لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێکهاتبوو بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو پرۆژەیە، بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت یەکێک لەئەندامانی لیژنەکە بەناوی (د.رەئوف) خاوەنی کۆمپانیاکەیە، لیژنەکە گۆڕدرا.

وەزیری خوێندنی باڵا بێ ئاگایی خۆی لەوە نیشاندا کە د.رەئوف خاوەنی کۆمپانیاکە بووبێت و گوتی "نازانم د.رەئوف کێیە، بەڵام گۆڕینی لیژنەکە پەیوەندی بەسەرۆکی لیژنەکەوە هەبوو، چونکە سەرۆکی لیژنەکە وازی لەکارەکە هێنا، کە ئەو کات بەڕێوەبەری پرۆژەکان بوو لەوەزارەت".

مامۆستا سالار، کە ئێستا سەرۆکی لیژنەکەی وەزارەتە بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو پرۆژەیە، لەبارەی خاوەنی کۆمپانیاکە گوتی "نازانم د.رەئوف خاوەنی کۆمپانیاکەیە یان نا، ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ کابرایەکی عەرەبە بەناوی محەممەد"، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون عەرەبەکان خاوەنی کۆمپانیاکە نین.

سەبارەت بەئیجرائات کردنیش لەگەڵ د.رەئوف، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەرکەوت کە خاوەنی کۆمپانیاکەیە، واتە لەیەککاتدا کڕیار و فرۆشیارەو ئەوەش نایاساییە، مامۆستا سالار گوتی "هیچ ئیجرائاتێکی لەگەڵ نەکرا".

دەگوترێ، بوونی ئۆفیسی ئەو کۆمپانیایە لەناو زانکۆدا جۆرێک لەناڕەزایی لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆ لێکەوتووەتەوە، تەنانەت زانکۆ ئامادە بووە شوێن بۆ ئۆفیسی کۆمپانیاکە لەدەرەوەی زانکۆ دابین بکات، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا رازی نەبووە.

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، وێڕای ئەوەی رەتیکردەوە کە کۆمپانیاکە هۆڵی خوێندنی قوتابیانی بەشی بەنداوی کۆلیژی ئەندازەی داگیر کردبێت "ئێمە ژوورمان داونەتێ نەک هۆڵی خوێندن". هەروەها هۆکاری بوونی ئۆفیسی کۆمپانیاکەی لەناو کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە کارەکە نەبێتە کارێکی بازرگانی و تەنیا مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ سوود لەو پرۆژەیە وەربگرن.

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین، ئەوەی بۆ (رووداو) پشتڕاستکردەوە کە لەدەرەوەی زانکۆ شوێنیان بۆ ئۆفیسی کۆمپانیاکە دابینکردووە، بەڵام وەزارەت داوایکردووە لەناو زانکۆدا بێت، سەرۆکی زانکۆ گوتی "قسەمان لەگەڵ کردن شوێنیان بۆ دابین بکەین، بەڵام کە وەزارەت فەرمانێک دەربکات، جێبەجێی دەکەین".



دوو کەس لە بنکەی فرۆشتنی لاپ تۆپ لە کۆلیژی ئەندازیاری (فۆتۆ:رووداو)

لە کەرکووک خەڵک و بەرپرسەکان جیاواز لە یەکتر قسە دەکەن

# "ئێمە دژی ئەنجامدانی ریفراندۆمین لە کەرکوک"

## جێگری پارێزگاری کەرکووک

**سەماح سەمەد**
**ڕووداو – کەرکووک**

کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی کەرکووک لە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ئەو شارە،ڕەنگدانەوەی ئەرێنی بەرچاوی دروستکردووە لە رووی سیاسی و ئەمنییەوە.

بە گوێرەی ئاماری ساڵی 2008ی وەزارەتی پلاندانان، کەرکووکی دەوڵەمەند بە پترۆڵ، 15 قەزا و ناحیەی هەیە و 1368860 کەسیش دانیشتوانێتی، ئەم شارە زنجیرەیەک وێرانکاری و تەعریب و گۆڕینی دیموگرافی لە سەر دەستی رژێمی پێشووی عێراق دیوە.

بەم دوواییانە کەشی ئاسایشی شارەکە رووی لە خراپی و توندوتیژی زیاتر کرد، ئەمەش بێزاری و توندوتیژی و رق لەیەکتربوونەوەی لەنیوان خەڵکەکەی دروستکرد و ڕەنگدانەوەی فرە خراپی لەسەر باری خزمەتگوزاری دروستکرد،بەڵام هەندێ لە لیستە حیزبییە بەشدارەکانی بەڕێوەبردن و حکومەتی نێوخۆیی شارەکە، توانییان بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ گێڕانەوەی هەندێ لەو لایەنانەی لێی دەرچووبوون.

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک 41 ئەندامی هەیە و لە 3 لیست پێکهاتووە: لیستی برایەتی کەرکووک (لیستی کوردستانی)کە لە 26 ئەندام پێکهاتووە و کورد و عەرەب و تورکمان و سریان تێیدا بەشدارن. لیستی گردبوونەوەی کۆماری عێراقی کە لە 6 ئەندام پێکدێت و، لیستی تورکمانی کە 9 ئەندامی لە ئەنجوومەنی پارێزگادا هەیە.

راکان سەعید عەرەبێکی سوننە مەزهەبە و ئەندامی لیستی گردبوونەوەی کۆماری عێراقییە لە ئەنجومەنی کەرکووک، لە 2008/1/15 دا کراوەتە جێگری پارێزگاری کەرکووک دوای ئەوەی لیستەکەیان زیاتر لە ساڵێک بوو بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا بایکۆت کردبوو. راکان دەڵێ گرووپەکەیان لە بەر کۆمەڵێک هۆکار بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەدەکرد، گرینگترینیان ئەوەبوو پایەی جێگری پارێزگاریان پێبدرێ،ئازادکردنی هەموو ئەو عەرەبانەی لە زیندانەکانی سلێمانی و هەولێردا دەستبەسەرن، لەگەڵ کۆمەڵێک داواکاری دیکە کە لە ڕێککەوتنەکەیاندا هەن گەڵ لیستی برایەتی کەرکووکدا. ئەوەش بووە هۆی گەڕانەوەی ئەندامانی عەرەب بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا.

راکان ئاماژە بەوەدەدات کە نزیکەی 1500 گیراوی عەرەب لە زیندانەکانی سلێمانی و هەولێردا هەن، کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی کوردەوە لە کەرکووک گیراون. راکان تۆمەتی ئەوە دەداتە پاڵ هێزەکانی ئاسایشی کوردستان کە " هاووڵاتی عەرەب لە کەرکووک دەفرێنن و بە تۆمەتی ئەندامبوون لە گرووپی تیرۆریستییەکان رەوانەی زیندانەکانی کوردستانیان دەکەن". هەرچەندە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو گیراوانە دانیان بە تێوەگلانیان لەو کردەوانەدا ناوە، بەڵام راکان سەعید هێشتا سوورە لە سەر ناونانی ئەو دەسگیرکردنانە بە فڕاندن (خطف)،لەبەر ئەوەی بەبێ فەرمانی دادوەری دەگیرێن.

لەو بارەیەوە لیستی گردبوونەوەی کۆماری لە نێو مەرجەکانیاندا بۆ گەڕانەوە بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا داوایان کردبوو ئەوانەی لەو گیراوانە بێتاوانن دەستبەجێ ئازاد بکرێن و هێزەکانی ئاسایش لە کەرکووک بکرێنە دەرەوە و لە جێی ئەوان هێزی ئاسایشی نیشتمانی بۆ پاراستنی کەرکووک دروستبکرێ،نەک هێزی تایبەت پێکبهێندرێت.

لە بارەی رەوشی ئەمنی شارەکەشە راکان گوتی:"ئێستا رەوشی ئەمنی کەرکووک بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە باشییە و یەک لە هۆکارەکانیش گەڕانەوەی فراکسیۆنی عەرەبییە بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا". بەڵام رەوشی سیاسی بەشێوەیەکی دیکە دەبینێ و دەڵێ " دۆخی سیاسیی نێوان باڵە سیاسییەکان هێشتا پەشێوی پێوە دیارە بە هۆی باڵادەستی پارتە کوردییەکان بەسەر کاروباری کەرکووکدا و ئێمەش کار بۆ پێکهێنانی ئیدارە و حکوومەتێکی هاوبەش دەکەین، ئەگەر هەموو خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە وەک خۆی دەقاو دەق جێبەجێ بکرێن، دۆخی سیاسی کەرکووک بە یەکجاری سەقامگیر دەبێ، ئەگەر نا تەواو بە پێچەوانەوە دەبێ".ئەوەش وەک هوشدارییەک لێکدەدرێتەوە کە سەقامگیری باری کەرکوک بەدەست ئەوانەوەیە.

عەلی مەهدی سادق تورکمانێکی شیعە مەزهەبە، جێگری سەرۆکی حیزبی تورکمان ئیللییە و یەکێکە لە ئەندامانی گرووپی تورکمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، دەڵێ:"ئێمە پێمان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنەکە بڕی، چونکە رۆڵی تورکمان لە دەسەڵاتی نێوخۆیی کەرکووکدا تەواو پشتگوێ خرابوو و پارتی و یەکێتی دەستیان گرتووە بەسەر هەموو پلە و پایە ئیدارییەکانی شارەکەدا".ئەو دەڵێ ئیدارەی کەرکووک بەپێی سیاسەتی تەوافوق دروستنەکرا"بەڵکو بەپێی رێژەی دەنگەکانی هەڵبژاردن پێکهێندرا ئەوەش زۆر لە بەرژەوەندی کورد بوو".عەلی مەهدی کە بەکەسێکی هەمیشە دژی سیاسەتی حیزبە کوردستانییەکان ناسراوە،گوتی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە 41 کورسی ئەنجوومەنەکە 26 کورسی وەرگرت، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکانی کەرکووک خاوێن نەبوو،بەڵکو 100 هەزار دەنگدەری کورد بێ ئەوەی بەڵگەنامەی بەشداریکردنی هەڵبژاردنیان هەبێت، دەنگیان دا. "بۆیە هەموو ئەو پۆستە ئیدارییانەی وەریانگرتووە نایاسایی و ساختەکارییە".

عەلی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دوای ئەوەی هیچ لایەنێک وەڵامی گلەییەکانیان لە بارەی زوڵم و پشتگوێخستنی تورکمان نەدایەوە، لە 2006/10/30 بڕیاریاندا ئەندامێتییان هەڵپەسێرن و بەردەوام دەبن لەسەر ئەوە تاداواکارییەکانیان جێبەجێدەکرێن،بەشێوەیەکی راست و رەوا بەشداری پرۆسەی سیاسی و ئیداری شارەکەیان پێدەکرێ.

تورکمانەکانی کەرکووک داوایان کردووە رێژەی دابەشکردنی پۆستە باڵاکان 32% بێت لە نێوان هەرسێ نەتەوەی سەرەکی کەرکووک،جێگری پارێزگاریان پێبدرێ،زمانی تورکمانی بکرێ بە زمانی رەسمی، لە دۆسێی ئەمنیدا بەشدار بن، پۆستی بەڕێوەبەری دەزگە میرییەکان بە یەکسانی دابەش بکرێت، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە هەموو ناوچەکاندا بێت، هەلی کار لە دەزگە میرییەکاندا بۆ تورکمان دابین بکرێت، لابردنی ئەو زێدەڕۆییانەی هەندێ کەس کردوویانەتە سەر موڵکی دەوڵەت و هاووڵاتیان لابېردرێن.

جەلال تاڵەبانی سەرۆکی عێراق لە دوایین سەردانیدا بۆ کەرکووک و کۆبوونەوەی لە گەڵ گرووپە تورکمانییەکاندا، لە سەر هەموو ئەو مەرجانە رازیبووە بۆ ئەوەی رێگەیەک بدۆزرێتەوە بۆ گەڕانەوەیان بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا.

چارەنووسی کەرکووک و بەستنەوەی بەو ریفراندۆمەی لە چوارچێوەی ماددەی 140دا هاتووە، چەند بۆچوونێکی جیاوازی لەبارەوە هەیە.هەندێک دەڵێن با کەرکوک بکرێتە هەرێمێکی جیا،بەشێکیش داوا دەکەن بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، زۆر کەسی دیکەش ئەو بڕیارە بۆ سیاسەتکاران بەجێدەهێڵن و لە خەمی ئەولەکاری و خزمەتگوزاریدان.

"ناسنامەی کەرکووک و ریفراندۆم بۆ من هێندەی دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ خێزان و منداڵەکانم گرنگ نییە". ئەمە قسەی ئەحمەد محیەدینە کە کوردێکی چل ساڵە و پێنج منداڵی هەیە، کرێچییە و کرێکارێکی خزمەتگوزارە لە یەک لە دەزگاکانی حکومەت. ئەحمەد دەڵێ"مووچەکەم بەشی کرێ خانووەکەم و چارەسەرکردنی نەخۆشی منداڵەکانم و پاراستنیان لە سەرمای زستان و گەرمای هاوین و کڕینی نەوت و گاز و کارەبا و ئاو ناکات، ئیدی چ چارەنووسێکی کەرکووک لەم ژیانەمان خراپتر دەبێت".

ئەحمەد محیەدین 150 هەزار دینار وەردەگرێت، لە گەڕەکێکدا دەژی کە هیچ خزمەتگوزارییەکی تێدا نییە، نە ئاوەڕۆ و نە شەقامی قیرتاوکراو، دەڵێ"حکوومەت خزمەتی هاووڵاتی ئاسایی ناکات و تەنیا لە خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان، هەر ئەو گەڕەکانە خاوێن دەکرێنەوە کە بەرپرسانی لێ نیشتەجێن و تەنیا شەقامەکانی ئەوان قیرتاو دەکرێن".

ئەتیلا یوونس هاووڵاتییەکی تورکمانە، 43 ساڵ تەمەنیەتی، ژنی هێناوە و سێ منداڵی هەیە،دەڵێ"دۆخی ئەمنی بە رادەیەکی بەرچاو باش بووە، بەڵام هێشتا ئاستی خزمەتگوزاری لە گەڕەکەکاندا زۆر خراپە، نە ئاو هەیە نە کارەبا". لە بارەی فرەڕەنگی کەرکووکیشەوە یوونس گوتی"دەمێکە نەتەوەی جیاواز لە کەرکووکدا پێکەوە دەژین و پەیوەندی مێژوویان لە نێواندا هەیە و،زۆربەیان گرنگی بە سیاسەت و ئەو ململانێیە حیزبییە نادەن کە لەناو شارەکەدا هەیە". یوونس باسی لاوازی توانا و کارەکانی حکوومەت کرد کە بووەتە هۆی نەمانی متمانە لە لای هاووڵاتی ئاسایی، ئیدی ئەو هاووڵاتییە کورد بێت یان عەرەب یان تورکمان هەر متمانەی بە حکوومەت نەماوە، خەڵک بەگشتی بەگومانن لە دەنگدان بۆ هەر پرۆسەیەکی سیاسی وەک لکاندنی کەرکووک بە هەرێمی کوردستانەوە.

"سییەکانی کوڕە دە ساڵانەکەم بە هۆی سەرما و دووکەڵی سۆپای نەوتییەوە نەخۆش کەوتوون و پارەم نەبووە چارەسەری بکەم، هەرچی لە کەرکووک دەبێ با ببێت، کێ دەیەوێ با حوکمی بکات، ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کوڕەکەم چاکببێتەوە و خێزانەکەم خۆش بژی"،ئەتیلا یوونس ئاوا کۆتایی بە قسەکانی هێنا.

جاسم عوبەیدی عەرەبێکی سوننە مەزهەبە، بۆیاخچی پێڵاوە، پێنج کچ و دوو کوڕی بێکاری هەیە، ئەوەی لە رۆژەکەیدا پەیدا دەکات بە مەمرە و مەژی بەشی خواردنی رۆژێکیان دەکات، ئەگەر رۆژێکیش باران یان زۆر گەرم بێت، بێکار لە ماڵەوە دەمێنێتەوە. جاسم دەڵێ"ئەوانەی شەڕی پلە و پایە دەکەن خەڵکێکی تێرن و هەر بەرژەوەندی خۆیان دەبینن و ئاگایان لە خەڵکی رەش و رووت نییە". بۆیە ئەوەی بە خەیاڵیدا نەیێت ئەوەیە کێ حوکمی کەرکووک دەکات یان چارەنووسی چی دەبێت،بەڵکو ئەو لەخەمی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و شوێنی نیشتەجێبوون و هەلی کارکردنە. بۆ عوبێدی نانی ئەو رۆژەی چارەنووسیەتی.

عەلی مەهدی جێگری سەرۆکی حیزبی تورکمن ئیللی گوتی"ریفراندۆم تاکە چارەسەری کێشەی کەرکووک نییە و ئێمە بە ریفراندۆمێک رازی نابین لە بەرژەوەندی کوردا بێت دوای ئەوەی جێپێ و قەوارەی خۆیان لە ناوچەکەدا جێگیر کرد و ئێستاش دڵنیان لەوەی ئەنجامی راپرسییەکە لە قازانجی ئەوان دەبێت". هەروەها دەڵێ"ئێمە داواکارین بارودۆخی کەرکووک بەمیکانیزمی روون و دوور لە ماددەی 140 ئاسایی بکرێتەوە،چونکە مادەی 140 لەرووی دەستوورییەوە لە کارکەوتووە، زۆر موڵکی تورکمان هەیە کێشەی لەسەرە و پێویستە مافی خاوەنەکانیان بدرێتەوە". بێ ئەوەی شێوازێکی یاسایی و کردەیی بۆ ئەو چارەسەرییە دیاریبکات، کە ئەوەش یەکێکە لە رەخنەکانی تورکمانەکانی بەرە لە بەرەی تورکمانی.بەڵام بەرەی تورکمانی و تورکیا هاوهەڵوێستن کە نابێ رێ بە جێبەجێکردنی مادەی 140 بدرێ.

راکان سەعیدیش رازییە لە بۆچوونەکانی عەلی مەهدی و دەڵێ: "ئێمە دژی ئەو ریفراندۆمەین کە لە ماددەی 140دا هاتووە چونکە ماددەیەکە لە رووی دەستوورییەوە لەکار کەوتووە و رەوانەی دادگەی دەستووری کراوە و،مادەکەش نەک هەر بارودۆخی شارەکە چاک ناکات، بەڵکوو خراپتری دەکات"راکان سەعید هەرچەندە بە ڕێککەوتن لەگەڵ کورد توانیویەتی ببێتە جێگری پارێزگار،بەڵام لەبارەی یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک دەڵێ" کەرکووک لە دۆخێکدا نییە بتوانرێت ریفراندۆمی تێدا بکرێت، چونکە شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی تەنیا یەک لایەندایە و دەبێ هەموو گرووپ و لایەنەکان لە بەڕێوەبردنیدا بەشدار بکرێن".



گالیسکەی کەرکووک بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕوات (فۆتۆ: ڕووداو)

بەرپرسی پەیوەندییەکانی PKK:

# یەکێتی ئەوروپا تا ئێستا غەدری گەورەی لە گەلی کورد کردووە



موراد قەرەیلان و جەمیل بایک و دوران کالکان لە بارەگایەکی PKK دا (فۆتۆ:ڕووداو)

**هەرێم جەمال**
**ڕووداو – قەڵادزێ**

بڕیاری دادگای باڵای یەکێتی ئەوروپا کە پەکەکە، بە پاساوی سیاسی نەک یاسایی خراوەتە لیستی تیرۆرەوە، ناڕەزاییەکی زۆری لە ناوەندە سیاسی و سەربازییەکانی تورکیا دروستکرد.لەلایەکی دیکە پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان تا ئێستا ناسەقامگیرە و ئامادەنییە دان بە حکومەتی کوردستان دابنێ و رێ بە جێبەجێبوونی مادەی 140 بدات.لەلای دیکەوە لە نێو ئەو ئاریشانەدا،پارتی کرێکارانی کوردستان،بوونێکی هەمیشە قسە لەسەرکراوی هەیە.ئەحمەد دەنیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی پ ک ک وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو)ی دایەوە:

**ڕووداو: ئایا ئەم بڕیارەی دادگای ئەوروپا چەند کاریگەری دەبێت لەسەر چالاکییەکانی ئێوە لێرەو لە ئەوروپا؟**

**ئەحمەد دەنیز:** لەراستیدا یەکێتی ئەوروپا غەدرێکی گەورەیان لە کورد کردووە بەوەی پەکەکەیان بە رێکخراوێکی تیرۆرستی ناساندبوو، بەڵام بۆیان دەرکەوت کە پەکەکە دوورە لەو کردەوانە و بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە و ئامانجی ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەی کوردە بەرێگەی دیموکراسی و دیالۆگ.

**ڕووداو: بەپێی چەند هەواڵێک رۆژنامەکانی تورکیا و دەرەوە و ناوخۆ، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لەیەکتر نزیکبوونەوە هەیە لەنێوان حکومەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان و مەرجی سەرەکی ئەوانیش بۆ دانووستان دژایەتی کردنی پەکەکەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئایا ئێوە هیچ زانیاریتان هەیە؟**

**ئەحمەد دەنیز:** لە راستیدا ئێمە بە شێوەیەکی فەرمی هیچ شتێکمان بەدەست نەگەیشتووە. ئەگەر شتێک هەبێت ئەوکاتە ئێمە گەلی خۆمان لە هەڵوێستی خۆمان ئاگادارده‌کەینەوە.

**ڕووداو: دوای سەردانەکەی سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی بۆ تورکیا، هەست بە هیچ گۆڕانکارییەک لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

**ئەحمەد دەنیز:** تا ئێستا هیچ نەبووە.

**ڕووداو: ئەگەر پارتی و یەکێتی بە مەرجی تورکیا رازیبوون لەسەر دژایەتی کردنی پەکەکە، ئەو کاتە هەڵوێستان چی دەبێت؟**

**ئەحمەد دەنیز:** ئێمە وەک بزووتنەوە و جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی هەموو کاتێک بە سیاسیانە کار بۆ هەر پێشهاتێک دەکەین.

**ڕووداو: چەند هەواڵێک باس لەوە دەکەن کە نوێنەری پەکەکە لەگەڵ نوێنەری تورکیا سەر بە پارتی داد وگەشە پێدان لە ئەوروپا کۆبووەتەوە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، تا چەند ئەم هەواڵانەراستن؟**

**ئەحمەد دەنیز:** تا ئێستا بەفەرمی هیچ کۆبوونەوەیەک نەکراوە.

**ڕووداو: ئەگەر تورکیا داوابکات کێشەی کورد چارەسەر بکات بە رێگەی ئاشتی و دیالۆگ، ئایا پەکەکە هەڵوێستی چی دەبێت؟**

**ئەحمەد دەنیز:** پەکەکە هەمیشە هەڵوێستی باشی نواندووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و ئێستاش هەر شتێکی لەدەست بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە رێگەی دیموکراسی و دیالۆگ ئامادەیە بیکات.

**ڕووداو: ئەگەر هاتوو کێشەی کورد چارەسەر بکرێ بەمەرجێ پەکەکە چەکی خۆی دابنێت و لەناو تورکیا کاری سیاسی و چالاکی بکات، ئایا ئێوە ئامادەن؟**

**دەنیز:** مەسەلە چەک نییە، دەوڵەتی تورکیا ئێستا سیاسەتێک دژی کورد پەیڕەودەکات بۆ لەناوبردنی ئیرادەی گەلی کورد. چەک شتێکی وانییە،کە کێشەکە چارەسەر بکات. چونکە تورکیا ئەگەر مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بێت ئەوا مەسەلەی چەک نابێتە کێشە.

# بەرەی تورکمانی سەحوە دادەمەزرێنێ و ئاڵای تازە هەڵنادات

**ئامانج کەرکوکی**
**ڕووداو – کەرکووک**

بەرەی تورکمانی لە 2008/5/24دا کۆنگرە خۆی دەبەستێت و سەرۆکێکی نوێ بۆ بەرە دەستنیشاندەکرێ، بەر لەبەستنی کۆنگرەش لە ناوچەکانی کەرکووک و دەوروبەریدا هێزێکی سەحووەی تورکمانی دادەمەزرێنن و پاسەوانی کۆنگرەشی پێدەکەن.

هەرچەندە دوای ئەوەی لەمانگی شوباتی ئەمساڵدا چەند بەرپرسێکی بەرەی تورکمانی لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراقدا لە کەرکووک کۆبوونەوەو، بڕیاربوو دوای جێبەجێبوونی داواکانیان کە مام جەلال بەڵێنی پشتیوانیکردنیانی دا، بگەڕێنەوە بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا،بەڵام تا ئێستا نەگەڕاونەوتەوە.

عەلی مەهدی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی، بە (ڕووداو)ی راگەیاند" تاوەکو ئێستا داواکارییەکانمان کە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بەڵێنی جێبەجێکردنی دابوون، جێبەجێنەکراون هیچ ئەنجامێکی نییە،ئێمەش ئەندامێتی خۆمان بەهەڵپەسێردراوی هێشتووەتەوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگاداری نێو بەرەی تورکمانییەوە دەست (ڕووداو) کەتوون، بەرەی تورکمانی لەهەوڵی دامەزراندنی هێزی رابوون (سەحوە)یەکی تایبەت بە تورکمانن لە کەرکوک.

عەلی مەهدی، وێڕای پشت راستکردنەوەی ئەم زانیاریانە، دەڵێت" گەلی تورکمان لەکەرکووک وناوچە تورکمانییەکان، لەسەر خاکی خۆیان بەبەردەوامی هەڕەشەیان لێدەکرێت و کەسیش ئەم کارانە ئیدانە ناکات، بۆیە ئێمە وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی ئەم شارە داوامانکردووە لەناوچەکانی:دووزخورماتوو، داقووق، بەشیرو تازە، هێزی سەحووە دابمەزرێت و سەربە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت و، سەرجەمیشیان لە نەتەوەی تورکمان دەبن". سەرەڕای ئەوەی رێژەی تورکمان و عەرەب و کورد لە پۆلیسی کەرکووک دا وەک یەکە،بەڵام تورکمان گلەیی لە بوونی هێزی ئاسایش دەکەن لە کەرکووک. عەلی مەهدی وەک هەڵوێستی بەرەی تورکمانی و تورکیا زۆر دژی جێبەجێکردنی مادەی 140ە،بەتووڕەییەکی زۆرەوە بەرامبەر ئاسایش گوتی" ئاسایش میلیشیایەو تەنها ئامانجشیان تێکدانی ئارامی و پێکەوەژیانە، بۆیە دەبێت حکومەتی فیدراڵ کۆتایی بەبوونی ئەم میلیشیایانە بێنێت و، ئێمەش هەرگیز رازینین ئەرکی پاراستنی ماڵ وگیانی هاووڵاتیان رادەستی میلیشیای کوردستانی بکرێت وبوونی ئەوان درز دەخاتە نێو پێکهاتەکانی شارەکەوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، بەرەی تورکمانی بەرێنمای تورکیا دەیەوێت لەمانگی پێنجی ئەمساڵدا سەرۆکێکی نوێ بۆ بەرەکەیان دەستنیشان بکەن، تاوەکو ئەو لایەن و کەسایەتییە تورکمانیانەی لەبەرەکەوە دوورن بەگەڕێنەوە ناوی و بە هێزێکی زۆرترەوە بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا بکەن.

عەلی مەهدیش زانیاری زیاتر دەدرکێنێ و دەڵێت" پێش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان تورکمان لە 2008/5/24 گۆنگرەی گشتی خۆی دەبەستێت و هەر لەو کۆنگرەشدا، سەرۆکێکی نوێ بۆ بەرەکەمان هەڵدەبژێرین، لەم هەڵبژاردنەشدا تورکمان بۆ ئەوەی زۆرینەی کورسیەکانی ئەنجوومەنی کەرکووک بەدەست بێنن بەیەک لیستی تورکمانی دادەبەزین و ئەوکاتیش دەتوانین مافە زەوتکراوەکانمان وەربگرینەوە".

بەرەی تورکمانی تائێستا ئەو ئاڵا نوێیەی عێراقیان هەڵنەداوە، کە لە پەرلەمانی عێراقەوە بڕیاری لەسەردراوەو پەیوەستن بە ئاڵاکەی رژێمی پێشوو .

حەسەن تۆرهان ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی، بیانووی ئەوە دێنێتەوە کە"بوونی سێ ئەستێرە لە ناو ئاڵای عێراقی گوزارشت لە هەرسێ نەتەوە سەرەکیەکە دەکات و لادانی دەبێتە مایەی سڕینەوەی خەباتی چەندین ساڵەی حکومەتی عێراق کە لەزۆربەی شەرەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بۆیە ئێمە ئامادەنین بەهیچ شێوەیەک ئەو ئاڵا نوێیە هەڵبکەین".

### د.شوان عه‌زیز، وه‌زیری مافی مرۆڤ:

# له‌مانگێکدا 4 ژن له‌سه‌ر شه‌ره‌ف له‌کوردستان ده‌کوژرێن

**له‌و ماوه‌یه‌دا چه‌ند راپۆرتێکی جیهانی له باره‌ی پێشێلکارییه‌کانی مافی مرۆڤ،باسی باری مافی مرۆڤیان له کوردستانیش کرد،بۆ زانینی رای وه‌زاره‌تی مافی مرۆڤ له‌وباره‌وه‌و ئه‌و زیندانیانه‌ی له کوردستاندا بێ دادگایی کردن چه‌ند ساڵه له زیندان دان، ئه‌و هه‌ڤپه‌یڤینه‌مان له‌گه‌ڵ شوان عه‌زیزی وه‌زیری مافی مرۆڤ سازکرد:**

**هه‌ڤپه‌یڤین:عه‌لی حه‌مه ساڵح**



شوان عه‌زیز، وه‌زیری مافی مرۆڤ (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو: به‌پێی راپۆرتی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا که له‌کۆتایی مانگی سێی ئه‌مساڵدا بڵاوکراوه‌ته‌وه، ده‌ڵێت پێشمه‌رگه‌و ده‌زگای پاراستن و زانیاری هاووڵاتیان له‌ناوچه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی خۆیان به‌تایبه‌ت له که‌رکوک و موسڵ ده‌فرێنن، ئایا ئه‌مه پێشێلکاری مافی مرۆڤ نییه؟**

**شوان عه‌زیز:** زۆر ناوچه‌ی دیکه که په‌یوه‌ندییان به‌کوردستانه‌وه هه‌یه‌و هێشتا نه‌گه‌ڕاونه‌ته‌وه سه‌ر کوردستان، په‌یوه‌ندییه‌کمان هه‌یه.به‌ڵام ئه‌و که‌سانه‌ی له شاره‌کانی دیکه‌ی عێراق گیراون په‌یوه‌ندییان به‌و کاره تیرۆرییانه‌وه هه‌یه که له‌کوردستان ئه‌نجامدراون.

**ڕووداو: به‌پێی راپۆرتی یونامی و وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا، ئه‌وانه‌ی گیراون له‌شوێنی نادیاردا دانراون،ئه‌وه راسته؟**

**شوان عه‌زیز:** شتی وانییه،دوای کابینه‌ی پێنجه‌م ئه‌و که‌سانه‌ی ده‌گیرێن هه‌موویان له ژێر کۆنترۆڵی حکومه‌تی کوردستاندان. ئێمه ڕێککه‌وتنمان له‌گه‌ڵ یه‌کێتی و پارتیدا کردووه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که ئه‌و که‌سانه‌ی له‌کوردستاندا ده‌گیرێن ده‌بێت له‌ژێر کۆنترۆڵی حکومه‌تی کوردستاندا بن و ئاشکرا بن. پێشتر وا نه‌بوو، به‌ڵام ئێستا وایه. هه‌ر که‌سێک له‌کوردستان بگیرێت ئه‌گه‌ر پاراستن و زانیاریش بیانگرێت ده‌بێت له‌ژێر کۆنترۆڵی حکومه‌تی کوردستاندا بێ، به‌وانه‌شه‌وه که له که‌رکووک و موسڵیش ده‌ستگیر ده‌کرێن.

**ڕووداو: به‌پێی ئه‌و راپۆرتانه تائێستا ئه‌شکه‌نجه‌دان له‌زیندانه‌کانی کوردستاندا به‌رده‌وامه‌و ئه‌شکه‌نجه‌دانه‌که له کاره‌بادانیشی له‌گه‌ڵدایه، ئه‌مه پێشێلکاری مافی مرۆڤ نییه؟**

**شوان عه‌زیز:** یه‌کێک له‌خه‌سڵه‌ته باشه‌کانی کوردستان ئه‌وه‌یه ئه‌م راپۆرتانه ده‌رده‌چن،ئه‌وه‌ش نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه ئازادی له‌کوردستان هه‌یه و نیازی چاککردن هه‌یه. پێش کابینه‌ی پێنجه‌م ئه‌شکه‌نجه‌دان هه‌بوو، به‌ڵام ئێستا ئه‌شکه‌نجه‌دان نییه. خه‌ڵک له‌وماوه‌یه‌دا هه‌بووه له‌سه‌ر به‌کارهێنانی ئه‌شکه‌نجه‌دان له‌سلێمانی لیپێچینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵدا کراوه.

ئێمه زۆر پێمانخۆشه که‌سێک پێمان بڵێت ئه‌شکه‌نجه‌دان هه‌یه،به‌ڵام به‌ڵگه‌ی هه‌بێت. ئێمه ره‌خنه‌کانمان له‌و راپۆرتانه ئه‌وه‌یه که ئه‌وان به‌شێوه‌یه‌کی گشتی قسه ده‌که‌ن و هیچ شتێک ورد ناکه‌نه‌وه، بۆئه‌وه‌ی بتوانین وه‌ک وه‌زاره‌ت به‌دواداچوون بکه‌ین. ئه‌وان ده‌ڵێن ئه‌شکه‌نجه‌دان هه‌یه، به‌ڵام ده‌بێت به‌ڵگه‌و راپۆرتی پزیشکیت هه‌بێت تاوه‌کو بتوانین به‌دواداچوونی بۆ بکه‌ین، ئه‌وان که ره‌خنه ده‌گرن ده‌بێ ورده‌کارییه‌کان دیاری بکه‌ن.

**ڕووداو: به‌پێی راپۆرتێکی وه‌زاره‌ته‌کان له‌به‌ڕێوبه‌رایه‌تی نه‌هێشتنی تاوانی هه‌ولێر ئه‌شکه‌نجه‌دان هه‌یه؟**

**شوان عه‌زیز:** به‌ڵی له‌راپۆرته‌که‌ماندا ئاماژه‌مان به‌وه داوه که ئه‌م ئه‌شکه‌نجه‌دانه هه‌یه‌و به‌دواداچوونی بۆ ده‌که‌ین.

**ڕووداو: ده‌توانی بڵێی ئه‌شکه‌نجه‌دان له‌گرتووخانه‌کانی کوردستاندا نییه؟**

**شوان عه‌زیز:** به‌ئاگاداری ئێمه هیچ راپۆرتێک نییه ئاماژه به‌ئه‌شکه‌نجه‌دان بکات.ئێمه مانگی دووجار سه‌ردانی هه‌موو گرتووخانه‌کان ده‌که‌ین، تائێستا هیچ راپۆرتێکی وامان به‌ده‌سته‌وه نییه، جگه له‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی نه‌هێشتنی تاوان. حه‌ز ده‌که‌ین پێمان بڵێن ئه‌شکه‌نجه‌دان له‌فلان شوێن هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی به‌دواداچوونی بۆ بکه‌ین.

**ڕووداو: له‌و راپۆرتانه‌دا هاتووه زانیاری و پاراستن زیندانی نهێنیان هه‌یه، ئێوه‌ش نازانن ئه‌م زیندانانه له‌کوێن؟**

**شوان عه‌زیز:** لیژنه‌یه‌کی تایبه‌ت له ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران دانراوه بۆ ئه‌و مه‌به‌سته و ئێمه‌ش ئه‌ندامین تێیدا. ئێمه وه‌ک حیزبایه‌تیش چووینه لایان، له‌هه‌موو جێگه‌یه‌ک گه‌ڕاوین زیندانی نهێنی نه‌بووه،پێشمانخۆشه ئه‌گه‌ر یه‌کێک زانیاریمان بداتێ بڵێت زیندانی نهێنی له‌فلان شوێن هه‌یه. ئێستا ناتوانرێت هیچ شتێک بشاردرێته‌وه، هه‌ر زیندانێک هه‌بێت ئێستا سه‌ر به‌حکومه‌ته.

**ڕووداو: له راپۆرتی یونامیدا هاتووه خه‌ڵک هه‌یه 7 ساڵه به‌بێ دادگاییکردن زیندانییه، به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی به‌تۆمه‌تی تیرۆر ده‌ستگیر کراون، ئه‌ی ئه‌وه پێشێلکردنی مافی مرۆڤ نییه؟**

**شوان عه‌زیز:** تیرۆر کارێکی زۆر ترسناکه، به‌پێی یاساکانی مافی مرۆڤ نابێت تیرۆر به‌تیرۆر سزا بدرێت.ئه‌و که‌سانه‌ی به‌تۆمه‌تی تیرۆر گیراون پێش ده‌رچوونی یاسای تیرۆر نزیکه‌ی 700 که‌س بوون. چاره‌سه‌رکردنی گرفتی ئه‌م 700 که‌سه به‌ئاسان نازانین، به‌تایبه‌تی که په‌یوه‌ندییان به تیرۆره‌وه هه‌بێ. خۆم چووم سه‌ردانی هه‌موو زیندانه‌کانم کرد و گازنده‌مان هه‌بوو که هه‌موو ئه‌و کێشانه ده‌بێ چاره‌سه‌ر بکرێن، نابێت خه‌ڵک به‌بێ دادگایی کردن بمێنێته‌وه.



**ئه‌و عه‌ره‌بانه‌ی له‌کوردستان به تیرۆرکاری حوکمدرابوون له لایه‌ن عێراقه‌وه ئازادکران**

**ڕووداو: به‌ڵام، به‌پێی هه‌ندێ زانیاری له‌و 700 که‌سه نزیکه‌ی 300 که‌س تائێستا له‌گرتووخانه‌کاندا ماون،ئه‌وه راسته؟**

**شوان عه‌زیز:** ئێستا به‌هه‌ولێرو سلێمانی و دهۆکه‌وه نزیکه‌ی 300که‌س ماوه. پێش دووهه‌فته کۆبوونه‌وه‌یه‌کمان له‌گه‌ڵ سه‌رۆکی حکومه‌تدا کرد،ئه‌ویش و ئێمه‌ش گله‌یمان کرد که ده‌بێت ئه‌و ژمارانه ته‌واو بکرێن و هه‌ر که‌سێک له‌کوردستان له‌زینداندابێ ده‌بێ دادگایی بکرێ.ئه‌و 300 که‌سه که له‌سه‌ر تۆمه‌تی تیرۆر له زینداندان به‌بێ دادگایی کردن،سه‌رۆکی حکومه‌ت گوتی ده‌بێ دادگایی بکرێن.

**ڕووداو: به‌پێی زانیارییه‌کانی ئێمه گیراو هه‌یه 7 ساڵه له‌گرتووخانه‌کانی کوردستاندایه و دادگایی نه‌کراوه،راسته؟**

**شوان عه‌زیز:** به‌ڵێ راسته.

**ڕووداو: ده‌گوترێ ناکۆکی له‌نێوان ئێوه‌و په‌رله‌ماندا هه‌یه له‌سه‌ر جێبه‌جێکردنی سزای له سێداره‌دان له کوردستان،ئه‌وه چۆنه؟**

**داوامان له‌په‌رله‌مان کردووه، دوای مانگی هه‌شت جێبه‌جێکردنی سزای له‌سێداره‌دان له‌کوردستان رابگیرێت**

**شوان عه‌زیز:** جێبه‌جێکردنی سزای له‌سێداره‌دان مانای پێشێلکردنی دیموکراسی نییه. زیاتر له‌نیوه‌ی ده‌وڵه‌تانی دونیا سزای له‌سێداره‌دان جێبه‌جێده‌که‌ن. پێش ساڵ و نیوێک په‌رله‌مانی کوردستان سزای له‌سێداره‌دانی په‌سه‌ند کرد، ئێمه سه‌رۆکی په‌رله‌مانمان بینی و بۆچوونی خۆمان پێ راگه‌یاند و به‌یاننامه‌شمان له‌دژی ئه‌وه ده‌رکرد جێبه‌جێکردنی سزای له‌سێداره‌دان هاوکاری چه‌سپاندنی بنه‌ماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی ناکات. ئه‌وانیش پاساویان به‌وه هێناوه کوردستان له‌قۆناخێکی تایبه‌تیدایه‌و تیرۆر هه‌ڕه‌شه‌مان لێده‌کات و به‌شێوه‌یه‌کی کاتی جێبه‌جێیده‌که‌ین، به‌ڵام ئێمه وه‌ک وه‌زاره‌تی مافی مرۆڤ هه‌رگیز له‌گه‌ڵ سزای له‌سێداره‌دان دا نین. پێش دوو هه‌فته جاریکیتر سه‌ردانمان کردن و وتمان نابێت دوای مانگی هه‌شتی ئه‌مساڵ له‌سێداره‌دان جێبه‌جێبکرێت، چونکه یاساکه ته‌واو ده‌بێت، به‌ڵام ئه‌وان هه‌ر سووربوون له‌سه‌ر جێبه‌جێکردنی سزای له‌سێداره‌دان و سه‌رۆکی لیژنه‌ی مافی مرۆڤ و سه‌رۆکی په‌رله‌مان وتیان پشتیوانی له هیچ پڕۆژه‌یه‌ک ناکه‌ین که سزای له‌سێداره‌دان له‌کوردستاندا نه‌هێڵێت، به‌ڵام ئێمه وتمان با بواری سزای له‌سێداره‌دان ته‌سک بکه‌ینه‌وه و به‌وه رازیبوون و ئێمه‌ش پڕۆژه‌مان پێشکه‌شکردووه، ئه‌وانیش زانیاریمان ده‌ده‌نێ. هه‌وڵده‌ده‌ین سزای له‌سێداره‌دان که‌متر بکرێته‌وه.

**ڕووداو: یۆنامی ده‌ڵێت ئاسایشی کوردستان خاوه‌نی 8 گرتووخانه‌یه، که گیراوه‌کانی دادگایینه‌کراون،زانیاری ئێوه له‌وباره‌وه چییه؟**

**شوان عه‌زیز:** زیاتر له 8 گرتووخانه‌مان هه‌یه، که بریتین له‌گرتووخانه‌ی ئاسایشی گه‌رمیان، ئاسایشی گشتیی سلێمانی، ئاسایشی سلێمانی، ئاسایشی هه‌ولێر له‌کۆیه، ئاسایشی شه‌قلاوه، ئاسایشی هه‌ولێر، ئاسایشی گشتیی هه‌ولێر، ئاسایشی دهۆک و ئاسایشی ئاکرێ، به‌ڵام ئه‌وه راست نییه که گیراوه‌کانی دادگایی نه‌کراون.

**ڕووداو: یۆنامی ده‌ڵێت،رۆژانه دوو ئافره‌ت له‌هه‌ولێر دوو ئافره‌ت له‌سه‌ر شه‌ره‌ف ده‌کوژرێن، ئه‌م ئاماره تا چه‌ند دروسته؟**

**شوان عه‌زیز:** واته مانگانه 60 ژن له‌هه‌ولێر ده‌کوژرێن، ئه‌گه‌ر 60 یش له‌سلێمانی و دهۆک بکوژرێن، واته تاچه‌ند مانگی دیکه ژن له‌کوردستاندا نامێنێ. یونامی هاته ئێره‌و پێمانگوتن ئه‌مه هه‌ڵه‌یه، ئێمه ئامارمان هه‌یه مانگانه یه‌ک تا چوار ئافره‌ت له‌کوردستاندا ده‌کوژرێن. له‌وه‌ش ناخۆشتر وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکاش پشتی به‌هه‌مان ئاماری یونامی به‌ستبوو، پێمانگوتن: هه‌ڵه‌ن و هه‌ردوو لایان داوای لێبووردنیان لێکردین.

**ڕووداو: کوشتنی ئافره‌ت ئێستا به‌به‌راورد له‌گه‌ڵ پێشوودا چۆنه؟**

**شوان عه‌زیز:** زۆر که‌می کردووه، ئامارمان هه‌یه له‌ناو هه‌ولێردا ساڵی رابردوو ته‌نیا 19 ئافره‌ت کوژراون.

**ڕووداو: ئه‌و لێبووردنه گشتییه‌ی که په‌رله‌مانی عێراق بڕیاری له‌سه‌ردا بۆ له‌کوردستاندا جێبه‌جێنه‌کرا؟**

**شوان عه‌زیز:** ئێمه پێش ئه‌وان جێبه‌جێمان کردووه‌و ئه‌وان لاسایی ئێمه ده‌که‌نه‌وه. ئێمه لێبووردنی گشتیمان جێبه‌جێکردووه، بۆیه‌ش پێویست ناکات ئه‌و یاسایه‌ی له به‌غدا ده‌رچووه، په‌رله‌مانی کوردستان په‌سه‌ندی بکات.

**ڕووداو: راپۆرتی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا ده‌ڵێت،ئه‌وانه‌ی به‌لێبووردنی گشتی ئازاد کراون ژماره‌یان دیار نییه. ئایا ئێوه هیچ ئامارێکی وردتان هه‌یه؟**

**شوان عه‌زیز:** ده‌یان جار له‌کۆنگره رۆژنامه‌وانییه‌کانیش باسمکردووه که زیاتر له 660 که‌س به‌لێبووردنی گشتی ئازاد کراون.

**ڕووداو: سه‌رچاوه‌ی زانیاری نێو راپۆرته‌کانی ڕێکخراوه‌کانی ده‌ره‌وه، چین؟**

**شوان عه‌زیز:** ئه‌وان ده‌ڵێن:سه‌رچاوه‌ی زانیارییه‌کانمان رۆژنامه‌کان بوون، به‌ڵام رۆژنامه‌کان سه‌رچاوه‌کانیان دروست نه‌بوو. گله‌یی ئێمه‌ش له‌وان ئه‌وه‌یه ئه‌وان ده‌بێ دڵنیا بن له‌شتێک ئینجا بڵاوی بکه‌نه‌وه.

**ڕووداو: ده‌گوترێت ڕێکخراوی دژه تیرۆر له‌ده‌ره‌نگانێکی شه‌وداو به‌بێ بڕیاری دادگا هاووڵاتییان ده‌ستگیر ده‌کات، راسته؟**

**شوان عه‌زیز:** ئێمه هیچ زانیارییه‌کمان بۆ نه‌هاتووه که ئه‌م ڕێکخراوه کارێکی وابکات، له‌مه‌ودوا نابێت هیچ که‌س به‌بێ بڕیاری دادوه‌ر ده‌ستگیر بکرێت، که گیراش ده‌بێت تۆمه‌ته‌که‌ی ئاراسته بکرێت.

**ڕووداو: له‌ڕووی یاساییه‌وه ڕێکخراوی دژه‌تیرۆر لای ئێوه چۆن هه‌ڵسه‌نگێنراوه؟**

**شوان عه‌زیز:** زانیاریم له‌سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیرانه‌وه له‌باره‌ی ڕێکخراوی دژه تیرۆره‌وه بۆ نه‌هاتووه، تابڵێم ئه‌م ڕێکخراوه یاساییه یاخود یاسایی نییه.

**ڕووداو: به‌بڕیاری سه‌رۆکی حکومه‌ت به‌شێک له‌و عه‌ره‌بانه‌ی له‌کوردستاندا له‌سه‌ر تیرۆر حوکم درابوون نێردرانه‌ته‌وه بۆ ناوچه‌کانی خۆیان، به‌ڵام به‌پێی زانیاری ئێمه به‌شێکیان پێش ئه‌وه‌ی حوکمه‌کانیان ته‌واو بکه‌ن ئازاد کراون، راسته؟**

**شوان عه‌زیز:** راسته، ئه‌مه یه‌کێکه له‌گرفته‌کانی ئێمه. سه‌رۆکی حکومه‌ت و لیژنه‌ی تایبه‌ت، که‌ئێمه‌ش ئه‌ندامین تێیدا وتمان نابێت هیچ که‌س که‌خه‌ڵکی ده‌ره‌وه‌ی کوردستانه لێره زیندانی بێت، ئه‌وانه‌ی هه‌ولێر زۆربه‌یان ره‌وانه‌ی که‌رکووک کرانه‌وه، خه‌ڵکانێک که‌تاوانبار بوون و هێشتا ماوه‌ی زیندانییه‌که‌یان ته‌واو نه‌بووه له‌وێ ئازاد کران. بۆیه ئه‌وانه‌ی له‌سلێمانی ژماره‌یه‌کی زیاتریان ماوه‌و ره‌وانه‌ی ناوچه‌کانی خۆیان نه‌کراونه‌ته‌وه.

**ڕووداو: واته ئه‌مانه له‌کوردستاندا به‌تاوانی تیرۆر حوکمدرابوون؟**

**شوان عه‌زیز:** به‌ڵێ، ئه‌مانه به‌تۆمه‌تی تیرۆر ده‌ستگیرکران و تاوانه‌کانیشیان له‌کوردستان ئه‌نجامداوه، پاشان دادگاییکران و سه‌لمێنراوه که‌کاری تیرۆرستییان کردووه.

**خه‌ڵک هه‌یه 7 ساڵه به‌بێ دادگاییکردن له‌زیندان دایه**

**ڕووداو: چه‌ند که‌س له‌وانه ئازاد کراون؟**

**شوان عه‌زیز:** من ناتوانم ژماره‌ت پێ بڵێم، له‌هه‌ولێر به‌شێکی زۆرمان ناردووه، به‌ڵام له‌سلێمانی به‌و هۆیه‌وه دوامان خست. ئێستاش سه‌رۆکی حکومه‌ت دیسانه‌وه جه‌خت له‌سه‌ر ناردنه‌وه‌یان ده‌کات، واته که‌سێک خه‌ڵکی نه‌جه‌ف بێت له‌کوردستاندا به‌شداری له تاوانی تیرۆرستی کردبێت ئه‌گه‌ر دادگایی کراو حوکمدرا ده‌بێت بگه‌ڕێندرێته‌وه بۆ نه‌جه‌ف و له‌وێ حوکمه‌که‌ی ته‌واو بکات، خه‌ڵکی دیاله‌شی تێدایه به‌هه‌مان شێوه.

**ڕووداو: گله‌ییه‌کی زۆر له‌سه‌ر نا سه‌ربه‌خۆیی ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ری هه‌یه له کوردستان،ئه‌وه‌ش دژی بنه‌ماکانی مافی مرۆڤه رای ئێوه له‌و باره‌وه چییه؟**

**شوان عه‌زیز:** ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ری ده‌بێت ده‌سه‌ڵاتێکی سه‌ربه‌خۆ بێت و نابێت که‌س ده‌ستێوه‌ردانی تێدا بکات، به‌ڵام هیچ زانیارییه‌کمان له‌باره‌ی ده‌ستێوه‌ردانییه‌وه له‌به‌رده‌ستدا نییه. ئه‌گه‌ر بڵێی ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ری 100% کار ناکات له‌گه‌ڵتم، به‌ڵام ئه‌مه‌ش له‌به‌ر ده‌ستێوه‌ردان نییه، به‌ڵکو زیاتر به‌هۆی نه‌بوونی توانایی و که‌می ژماره‌ی دادوه‌ره‌کانه.

**ڕووداو: کۆمه‌ڵی ئیسلامی گازنده‌ی ئه‌وه ده‌کات چه‌ندین که‌سیان به‌بێ تاوان ده‌ستگیر کراوه‌و چوارساڵه دادگایی نه‌کراون، ئێوه هیچ به‌دواداچونێکتان بۆ ئه‌مانه نه‌کردووه؟**

**شوان عه‌زیز:** کۆمه‌ڵی ئیسلامی دوایه‌مین جار هاتنه لای ئێمه 12 ناویان بۆ هێنایین بۆ ئه‌وه‌ی به‌دواداچوونیان بۆ بکه‌ین.ئێمه‌ش به‌دواداچوونمان کرد. هه‌ر 10که‌سه‌که‌ی کۆمه‌ڵ که له هه‌ولێر گیرابوون پاش ماندووبونێکی زۆرزانیاریمان له‌سه‌روه‌رگرتن و رۆژی 2008/4/16 راپۆرته‌که ته‌واو بووه. ئه‌وجا نه‌گه‌یشتووه‌ته ده‌ستیان شتێکی دیکه‌یه. ئێمه دیارمان کردووه ئه‌وانه له‌سه‌ر چ گیراون و تۆمه‌ته‌که‌یان چییه و بۆچی گیراون.

**ڕووداو: گیراوه‌کانی کۆمه‌ڵی ئیسلامی به‌بێ تاوان گیراون؟**

**شوان عه‌زیز:** نا، تاوانیان کردووه، زۆربه‌شیان په‌یوه‌ندییان به تیرۆره‌وه هه‌یه.

---

### دوو کورد هاوکارییان ده‌که‌ن

# سوێد به‌نیازه له‌رێی به‌غداوه 1500 په‌ناخوازی کورد به‌زۆر بگه‌ڕێنێته‌وه

ویلی ئه‌فالارینکۆی به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیسی سنوور له یێڤله‌ی سوێد ده‌ڵێ فڕگه‌ی به‌غدا شوێنێکی زۆر ئارامه‌و ده‌کرێ له رێی ئه‌و فڕگه‌یه‌وه ئه‌و په‌ناخوازه عیراقییانه بگه‌ڕێندرێنه‌وه که له سوێد مافی په‌نابه‌رییان نییه.

ئه‌فالارینکۆ که سه‌رپه‌رشتی یه‌که‌م پرۆسه‌ی به‌زۆر ناردنه‌وه‌ی په‌ناخوازێکی کوردی کردووه بۆ هه‌رێمی کوردستان،داوا له پۆلیسی سوێد ده‌کات بۆ به زۆر ناردنه‌وه‌ی په‌ناخوازه عیراقییه‌کان فڕگه‌ی به‌غدا به‌کاربێنێ، چونکه به‌رپرسانی هه‌رێمی کوردستان ئاماده‌نین هیچ په‌ناخوازێکی کورد وه‌ربگرنه‌وه که به زۆر بگه‌ڕێندرێته‌وه، بۆیه‌ش هیچ ئاسانکارییه‌ک پێشکێشی حکومه‌تی سوێد ناکه‌ن. به‌پێی ئاماره‌کانی پۆلیسی سوێد پتر له 1500 په‌ناخوازی کورد هه‌ن که هه‌ڕه‌شه‌ی به زۆر ناردنه‌وه‌یان لێده‌کرێت.

هه‌ڵوێست به‌کر په‌یڤدار به ناوی کۆمه‌ڵه‌ی کوردی له مالمۆ له‌وباوه‌ڕه‌دایه که په‌نابردنی سوێد بۆ به زۆر ناردنه‌وه‌ی په‌ناخوازه‌کانی کورد له‌ڕێگه‌ی فڕگه‌ی به‌غداوه شکست دێنێت"پۆلیسی سوێد تا ئێستا زۆر هه‌وڵیداوه‌و شکستی خواردووه،په‌یوه‌ندیم له‌گه‌ڵ فڕگه‌ی هه‌ولێر هه‌یه و ئه‌وان ئاماده‌نین هیچ په‌ناخوازێکی عیراقی وه‌ربگرن که به زۆر بگه‌ڕێندرێته‌وه".

به‌ڵام ئه‌فلارینکۆ سووره له‌سه‌رئه‌وه‌ی سوێد له‌رێگه‌ی به‌غداوه په‌ناخوازه عیراقییه‌کان بگه‌ڕێنێته‌وه، له‌مباره‌یه‌وه ده‌ڵێ " ئێمه په‌یوه‌ندییه‌کی زۆرباشمان له‌گه‌ڵ عه‌قید هه‌ژاری به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیسی سنووری به‌غداو یاریده‌ره‌که‌ی رائید بافێل هه‌یه که‌ئینگلیزیه‌کی باش ده‌زانێت و به ئێمه‌یان راگه‌یاند که ئه‌وان به‌خۆشحاڵیه‌وه ئاماده‌ن پێشوازی له‌هه‌موو عیراقییه‌ک بکه‌ن که‌له رێگه‌ی به‌غداوه بگه‌ڕێندرێته‌وه".



فڕگه‌ی به‌غدا

ویلی ئه‌فلارینکۆ ماوه‌یه‌ک له‌مه‌وبه‌ر هاوڕێ له‌گه‌ڵ ماگنۆس سوکسترومی هاوپیشه‌ی له‌رێگه‌ی هێڵی ستۆکهۆڵم-فرانکفۆرت-عه‌ممان-به‌غدا په‌ناخوازێکی عیراقیان گه‌ڕانده‌وه، ئه‌فلارینکۆ ده‌ڵێ گه‌شته‌که‌مان زۆری خایاند، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئه‌و هێڵه تازه‌یه‌ی که بڕیاره به‌م نزیکانه له‌نێوان ستۆکهۆڵم-به‌غدا بکرێته‌وه بکه‌وێته کار،ئه‌وه ئیشوکاری ناردنه‌وه‌ی په‌ناخوازه عیراقییه‌کان زۆر خێراتروئاسانتر ده‌بێت.

بیر ئۆنو یۆهانسۆن له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی سنووری ستۆکهۆڵم ده‌ڵێت چه‌ندین جار گه‌شتی به‌غدامان کردووه‌و ئه‌و خه‌ڵکانه‌مان گه‌ڕاندووه‌ته‌وه که بڕیاری دوورخستنه‌وه‌یان له سوێد بۆده‌رچووه، گه‌شته‌کان زۆر به‌سه‌رکه‌وتوویی کۆتاییان هاتووه.

ئه‌نیکا فارنگورد پشکێنه‌ر له پۆلیسی سنووری "سکونه" ده‌ڵێت ئێمه شاره‌زاییه‌کی باشمان له‌ناردنه‌وه‌ی تاوانباران هه‌یه بۆ عێراق، جارێک گه‌شتی به‌سراو هه‌ولێرمان کردووه‌و کاره‌کانیشمان زۆر سه‌رکه‌وتوو بوون.

به‌پێی قسه‌ی هانس روسنکفیست له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی پۆلیسی ستۆکهۆڵم،سوێد هێشتا ده‌ستی به‌ناردنه‌وه‌ی په‌ناخوازه عێراقییه‌کان نه‌کردووه، به‌ڵام خه‌ریکی ئاماده‌سازیین بۆ ئه‌م کاره وچاوه‌ڕێی ئه‌نجامی گفتوگۆکانیان له‌گه‌ڵ حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان بۆ رازیکردنیان به به‌زۆر ناردنه‌وه‌ی په‌ناخوازه کورده‌کان.

**له رۆژنامه‌ی سیدسڤێنسکای سوێدیه‌وه**



## تەقە لەسامان عومەر دەکرێت

دڵپاک زرار
رووداو- هەولێر

◆ هونەرمەند سامان عومەر لەدوایین کلیپیدا بەناوی (لێتخۆش نابم)،بەپێی سیناریۆکە لەلایەن باوکی ئەو کچەی کە لەکلیپەکەدا رۆڵ دەبینێت، تەقەی لێدەکرێ و بریندار دەبێ . سامان عومەر خۆی ئاوازدانەری ئەو گۆرانییەیەو، سیناریۆو دەرهێنانو وێنەگرتنیشی لەلایەن سامان عەدنان لە هەولێرو سلێمانی بە ئەنجام گەیێندراوە.

### وەرگری خەڵاتی ئێخۆ ئەوارد، بێری شەڵماشی:

# ئەگەر گەلەکەم نەبێت من خۆم بە تەنیا چیم؟

**له پاریس لەدایکبووە،بەڵام بە کوردییەکی هێندە پاراو قسەیدەکرد واتدەزانی تازە لە مهابادەوە هاتووە بۆ ئەوروپا. شوێنی دیدارەکەمان کافێیەک بوو لە سەر شەقامی جولەکان لە ئەمستەردام. بێری سینەماکار تازە خەڵاتی ( ئێخۆ ئەوارد)ی بۆ کۆشاترین قوتابیی خوێندنی باڵا لە هۆڵەندا وەرگرتووە و هاتووە لەو بارەیەوە بۆ (رووداو) بدوێت:**

**رووداو – ئەمستردام**

**رووداو: بۆ تۆیان هەڵبژارد بۆ ئەو خەڵاتە؟**

**بێری:** من یەکێکبووم لەو حەڤدە قوتابییەی کە لە سەرتاسەری هۆڵەنداوە کاندیدکرابووین بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە. رۆژێکیان دەستەی دادوەری بە ئینگلیزی قسەیان لەگەڵ کردم و ویستیان هەڵمسەنگێنن کە ئایا شیاوم یان نا؟ پێشتریش (رێفێرێنسی)ی ئەو سینەماکارانەی کارم لەگەڵیان کردبوو، دیتبوویان. ئەو رۆژە پێمابوو کە چاکم قسە نەکردووە و زەحمەتە هەڵببژێردرێم. بەڵام لە رێورەسمی خەڵات بەشینەوەدا، کە وەزیری رۆشنبیری و کولتور و زۆر میوانی بیانی ئامادەبوون، ناوی خۆم وەک براوە بیست!

**رووداو: بەو خەڵاتە چیت بردووەتەوە؟**

**بێری:** کۆرسێکی خوێندنی سینەما لە زانکۆیەکی ویلایەتی لۆس ئەنجلێسی ئەمریکی. ئەوە بە دڵنیاییەوە ئاسۆی بیرکردنەوەم فراوانتر دەکات و ئەزموونێکی چاکیش دەبێت بۆم.

**رووداو: کە دەڵێن سینەما، یەکسەر بیرمان بۆ هۆلیود دەچێت. ئێستا کە دەچیت بۆ ئەمریکا و دەخوێنیت، هەوڵنادەیت برۆیت لە هۆلیود کار بکەی؟**

**بێری:** بۆ من گرنگ ئەوەیە پەیامەکەم بگات، جا لە رێی هۆلیودەوە بێت یان هەر رێگایەکی دیکەوە بێت، گرنگ نییە.

**رووداو: پەیامەکەت چییە؟**

**بێری:** مەسەلەی کورد، زۆرم مەبەستە کە دنیا لە ئێش و ژانی ئێمە بە ئاگابن و باشتربماننناسن.

**رووداو: ئەو پەیامە چۆن لە فیلمەکانی پێشترتدا رەنگیداوەتەوە؟**

**بێری:** هەوڵمداوە بە وردی کاری لەسەر بکەم. بۆ نموونە لەو فیلمە تازەیەمدا کە ئێستا کاری تێدا دەکەین وناوی سوورەگوڵە، باسی ژیانی باوک و کچێکی کورد دەکەم کە ساڵەهایە یەکتریان نەدیتووە، چونکە کچەکە هەڵاتووە لە ماڵەکەی، بەڵام لە رۆتەردام یەکتر دەبیننەوە.

**رووداو: ئەو جۆرە چیرۆکانە کار لە رۆژئاواییان دەکەن کە کورد تەنیا وەک ژن چەوسێنەوە و دواکەوتوو ببینن، وانییە؟**

**بێری:** کێشەی ئێمە ئەوەیە کە پێمانوایە دەبێ سینەماکار لە فیلمێکی چەند دەقیقەییدا هەموو لایەنەکانی ژیانی میللەتێک پیشانبدات، ئەوە ناکرێت. زۆر کەس بەهەمەن قوبادی بەوە تاوانبار دەکەن کە وێنەیەکی نەرێنیی سەبارەت بە گەلەکەی سازکردووە. ئەوە وانییە، بەهمەن بە شێوازی خۆی ئازارەکانی گەلەکەی



وەزیری کولتور و پەروەردەی هۆڵەندا خەڵاتەکە دەدات بە بێری

هێناوەتە سەر گرنگترین شاشەکانی سینەمای جیهانی. منیش دەمەوێت بە شێوازی خۆم کارێکی جوان بکەم.

**رووداو: کورد چۆن دەتوانن سوود لە سینەما ببینن بۆ ئەوەی وێنەی ساڵەهای شاراوەی خۆیان بە دنیا پیشان بدەن؟**

**بێری:** نووسەرێکی ئەفغانی هەیە ناوی (خالید حوسێنی)یە، ئەو رۆمانێکی نووسیوە سەبارەت بە وڵاتەکەی و دواتر رۆمانەکەش کرا بە فیلم. ئێستا پلەی یەکێک لە زۆر خوێندراوەترین رۆمانەکانی ئەوروپا و ئەمریکای هەیە .لەو رۆمان و فیلمەدا حوسێنی باسی کێشەی کەسێک دەکات کە پرسێکی مرۆیی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەفغانستانە، دەبێت چیرۆکەکەیشی مۆرکێکی مێژوویی و کولتوریی ئەفغانیی هەبێت. ئەوە تەکنیکێکی سەرکەوتووە. ئەگەر دەتەوێت گەلەکەت بناسێنیت، واز لە باسی ئەوە بێنە کە کوردستان وڵاتێکە و تا ئێستا ئازاد نەکراوە و کچێکیش هەیە کە لەو وڵاتەدا کێشەی هەیە. تۆ بڵێ: کچێک هەیە، کێشەیەکی هەیە، هۆکاری کێشەکەشی ئەوەیە کە ئەو لە وڵاتێکی نائازاددا دەژیت. لە سینەمادا مەسەلە مرۆییەکان کاریگەرییان لە مەسەلە سیاسییەکان زۆر زیاترە.

**رووداو: بۆ کورد کەمتر لێرە بە دوای کاری سینەما و نووسیندا دەچن؟**

**بێری:** کورد هێندە ئازار و شەڕی دیتووە کاتێک دێتە ئێرە یەکەم شت بیر لە هونەر و کاری ئەدەبی ناکاتەوە. بۆیە نموونەی بەرز لە لای ئەو بوون بە پزیشک و پارێزەرییە. منیش سەرەتا دەمویست ببم بە پزیشک، بەڵام دوایێ رام گۆڕی. زۆر کەس وایدەبینن کە سینەما پارەی پێ پەیدا نابێت و سینەماکارەکان لە برسان دەمرن، بەڵام ئەگەر من بتوانم بە هۆی سینەماوە خزمەتێکی گەورە بە گەلەکەم بکەم، با بمرم. من خۆم بە تەنیا چیم ئەگەر گەلەکەم نەبێت؟!

**رووداو: ویستوویە داستانی نووسەرێکی کورد بکەیتە فیلم؟**

**بێری:** بەڵێ، باوکم (مستەفا شەڵماشی) رۆمانێکی چاپکراوی هەیە. زۆر حەزدەکەم کاری لەسەر بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی بە کوردییە، دەبێ وردە وردە بیکەین بە هۆڵەندی و دوایێ بتوانم سیناریۆیەکی بۆ بنووسم.

**رووداو: تۆ لێرە لە دایکبوویت، بەڵام جارێک رۆژهەڵاتی کوردستانت دیتووە و پاریش لە سلێمانی (کوردستانی ئازاد) وانەت بە بیست سینەماکار داوە. دیتنی وڵاتی خۆت چ هەستێکی پێدای؟**

**بێری:** کە چوومەوە بۆ مهاباد دڵم خۆش بوو، چونکە دەمدیت خەڵک لەسەر جادەدە و هەموو شوێنەکان بە کوردی قسان دەکەن، بەڵام ئەوە ئازاری دەدام کە ئەو خەڵکە لە یەککاتدا لە دوو وڵاتدا دەژین، هەم لە کوردستاندا و هەمیش لە ئێرانێکی بە زۆر بەسەردا سەپێنراودا. لە کوردستانی ئازادیشدا، سەرەتا کە دیتم هەموو شتێکم پێ جوان و رێک بوو، بەڵام کە لەگەڵ خەڵکدا کەوتمە قسە و چوومە کوچە و کۆڵانەکانییەوە، هەستم کرد کە ئەو جوانییە تەنیا سەرتوێکڵەکەیە و لە ناوەڕۆکدا وڵاتێکی هەڵگری دەرهاویشتە ئازاراوییەکانی شەڕ و داگیرکردنمان هەیە. بۆیە لەوێ هەم دڵخۆش بووم و هەمیش دڵتەنگ!



بێری شەڵماشی لە ساڵی 1983 دا لە پاریس لە دایکبووە. ئەمساڵ لە ئەکادیمیای فیلم و تەلەفزیۆنی هۆڵەندیدا بەشی سیناریۆ و دەرهێنان تەواو کردووە و هاوکاتیش لە خوێندنگای باڵای هونەریی ئوترێخت، قوتابی بەشی مێدیای دەنگ و ڕەنگە. ئێستا خەریکی دوو پرۆژەی سینەماییە:

سوورە گوڵ، ئەوەی نەڕوات بیندراوە، کە هەردووکیان ئەمساڵ هاوین پیشاندەدرێن.

بێری چوار زمانی زیندوو ( ئینگلیزی و هۆڵەندی و فەرەنسی و ئەڵمانی) دەزانێت و زمانی دایکیشی بە رەوانی دەدوێت.

### جەلیل زەنگەنە و جوتیار ناشاد شکات لە یەکتر دەکەن

# گەردەلوول بەکێشەکانیەوە گەیشتە دادگا



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**رووداو –سلێمانی**

بەپێشکەشکردنی دوا ئەڵقەی بەشی دووەمی زنجیرە درامای گەردەلوول، کوردسات لەشەوی 16لەسەر17/4/2008 هێزە موگناتیزییەکەی کاتژمێر هەشت و بیست دەقیقەی لەدەستدا. بەپێچەوانەی بەشی یەکەمییەوە، هێشتا چەند ئەڵقەیەک لەبەشی دووەم دەرکەوتبوون، کە ناکۆکییەکانی نێوان هەندێک لەئەکتەرەکان و دەرهێنەر لەنێو خەڵکیدا بوونە باس، لەهەمووانیش دیارتر، کێشەی نێوان دەرهێنەر و ناشادی ئەکتەر بوو کە دواجار گەردەلوولی گەیاندە دادگا. زەنگەنە گلەیی لەرۆژنامەو گۆڤارەکان کرد کە رۆڵێکی خراپیان گێڕاوە لەتێکدانی نێوانی ئەکتەرەکان. گزاری یەکێکە لەو ئەکتەرانەی ناکۆکی کۆتایی بەدەورەکەی دێنێت.

لەماوەی پێنج دەقیقە دانیشتن لەگەڵ زەنگەنە، شەش جار پەیوەندی تەلەفۆنی پێوەکراوهەمووپەیوەندییەکان لەچوارچێوەی گەردەلوولدا بوون، لەبارەی ئەو رەخنانەی لەسەر گەردەلوولدا لێی گیراون و دەگیرێن گوتی "ئەوانەی رەخنەی بابەتی و ئەکادیمی لەمن دەگرن، بەو جۆرە رەخنانە خۆشحاڵ دەبم و سودیشیان لێوەردەگرم، بەڵام بەهیچ شێوەیەک گوێ لەقسەی سەرپێی و لابەلا ناگرم، ئەو چەند ساڵەی کە لەژیان ماوم، دامناوە خزمەتی میللەت بکەم و رەزامەندی جەماوەریش باشترین مەدالیای شەرەفە بۆ من".

جەلیل سەعید ئەمین، ناسراو بەجەلیل زەنگەنە، لەدایکبووی 1947ی (شاترلو)ی کەرکووکە، لەکۆتایی حەفتاکان واز لەحیزبی شیوعی دێنێت، بەنووسینی چیرۆکێک، یەکەمین دەرگای کاری هونەری زنجیرە دراما لەسەر خۆی دەکاتەوە کە ئەویش زنجیرە درامای (مەرەزە)یە.

جوتیار ناشاد، 44 ساڵ کە لەدراماکەدا رۆڵی زیندانییەک دەبینێت و لەبەشی یەکەمدا بەدەستی جەللادەکانی زیندان کۆتایی بەژیانی دێت، زەنگەنە بەوە تۆمەتباردەکات کە دەقێکی ئامادەکراوی ئەوی بردووەو گەردەلوولی لێ بەرهەمهێناوە، ئەو وتی "لەساڵی 2005ەوە لەسەر زەنگەنە دەنووسم کەسیناریۆیەکی منی بردووەو ئەگەر ئەوەی من نەبوایە گەردەلوول لەدایک نەدەبوو، بەڵام زەنگەنە زۆر وریایانەو لێهاتوانە توانیویەتی کار بۆ مەرامەکانی خۆی بکات و ئێستا لەدادگا دەبێت کێشەی خۆمان یەکلایی بکەینەوە"، ناشاد ئەوەش دەڵێ "من و زەنگەنە لەیەک رۆژدا لەدادگا شکاتمان لەیەکتری کردووەو ئەو شکاتی ئەوەی لەمن کردووە، کە گوایە تەشهیرم بەسومعەی ئەو کردووە، بەڵام من دڵنیام 100% لەوەی دیمەنی کۆتایی چییە، نەیزانی".

هەرچی جوتیار ناشادە دەڵێ" زەنگەنە بەمنی وت ئەگەر راست دەکات بادەقەکەی بێنێت بۆ کوردسات، من چەند جار بەکوردساتەوە کردووە، بەڵام کەس وەڵام ناداتەوە، زەنگەنە راست ناکات و کێشەی من پەیوەندی بەکۆتایی هاتنی دەورەکەمەوە نییە". زەنگەنەش پێیوایە کە ناشاد تەنها مەبەستی ئەوەیە بکەوێتە ناوناوانەوەو هیچیتر " کاکە ئەو هەر نازانێ دەق چییەو سیناریۆ چییەو بیرۆکە چییە، رۆژێک دەڵێ دەقی منی بردووە، رۆژێک دەڵێ سودی لەمن بینیوە، رۆژێک دەڵێ لەئەڵقەی دووەمی بەشی یەکەم سودی لەمن بینیوە، جوتیار تەنیا لەپێناوی ئەوەی ناوی بێت وادەکات".

جوتیار، ئاماژە بەوە دەکات کە هاوسەرەکەی و جیهاد دڵپاک، شاهیدی ئەو مەسەلەیەن، بەڵام جیهاد دڵپاک لەبارەی هیچ کام لەوانە شاهیدی نەداو قسەی نەکرد، جەلیل زەنگەنە دەڵێ "جوتیار کەس نازانێ چی دەڵێ، مامۆستا جیهادیش دەڵێ راست ناکات".

"ئەو سیناریۆیەی من نوسیومە، تەنیا لەکەسایەتی ئازاد دا جیاوازە لەسیناریۆکەی گەردەلوول، ئەگەر کەسایەتی ئازادیش نەبوایە، هەرگیز گەردەلوول نەیدەتوانی درێژ ببێتەوەو بەزوویی کۆتایی پێدەهات" جوتیار ناشاد، جیاواز لەوە رەخنەی ئەوەیشی ئاراستەی زەنگەنە کرد کە جگە لەدەقەکەی ئەو، فلیمێکی ئیتالیشی فۆتۆکۆپی کردووەو لەگەردەلوولدا بەکاری هێناوە"فلیمی سەخیر زەخیری ئیتالی فلیمێکە کە پاڵەوانی فلیمەکە هەموو ئاواتی ئەوەیە کوڕەکەی لەدائیرە دابمەزرێنێ، بەڵام بەڕێوەبەری دائیرەکەی "بەداخەوە رۆژنامە و گۆڤارەکان هەر بەدوای سلبیاتەکانی هونەردا دەگەڕێن و دەیانەوێت وەک سیاسییەکانمان لێ بکەن و کێشە دەخەنە نێو ئەکتەرەکانەوە".

حسێن گزاری، کە رۆڵی (ئازاد) لەگەردەلوولدا دەگێڕێ، کێشەو ناکۆکی نێوان ئەکتەرەکانی گێڕایەوە بۆخودی دەرهێنەرنەک راگەیاندن "زەنگەنە بەگەردەلوول 90%ی ئەکتەرەکانی لەخۆی تورە کردووەو زۆربەی کارە هونەرییەکانی ئێمەی کوشتووە".

گزاری درێژەی بەرەخنەکانیدا و گوتی" کێشەکان هەر لەدوای بەشی یەکەمیشەوە پەیدابوو و زۆرینەی ئەکتەرەکان وتیان لەبەشی دووەمدا کاری لەگەڵ ناکەن، بەڵام وەک بینیمان دەستیان بەئیش کردن کردەوە لەگەڵی".

جیهاد دڵپاک، ئەورەخنانەی بە"نازانستانە" ناو بردن کە لەلایەن هەندێک کەسەوە ئاراستەی درامای گەردەلوول دەکرێن و دەڵێن دەرهێنەر لەگێڕانەوەی رووداوەکانی مێژووی شاری سلێمانیدا هەڵەی زۆری کردووە و وەک خۆی شتەکانی نەگێڕاوەتەوە "دەرهێنەر نابێت یەک یەک شتەکان وەک خۆی تەمسیل بکاتەوە، بەڵکو ئازادە لەوەی کەخەیاڵ و ئەندێشەی خۆی تێکەڵ بەشتەکان بکات".

دڵپاک رەتیشیکردەوە کە گەردەلوول بانگەشەبێ بۆ لایەنێکی سیاسی دیاریکراو "گەردەلوول بە نەوەی ئێستا دەڵێت دەسکەوتەکانت بەهەموو کەموکورتییەکانییەوە، ئاوا بەدەستهاتوون"، کەچی حسێن گزاری، دەڵێ زۆر لەئەکتەرەکان یەکێک لەگلەییەکانیان لەزەنگەنە ئەوە بووە کە رێگەی بەدەستتێوەردانی دەرەوە داوە "چۆن دەبێت لەدەرەوەی دەق و کاری دراماکە، کەسانێک بەدەرهێنەر بڵێن با ئەوە وابێت و ئەوە وانەبێت".

زەنگەنەش جەخت لەوەدەکاتەوە کە کارەکە مێژووی میللەتێکەو پەیوەندیشی خۆشە لەگەڵ هەموو لایەنەکان" من باسی دەوری هەموو حیزبەکانم کردووەو ناوەکانیش ناوی خەیاڵین و تەنانەت ئاماژەم بەرۆڵی شیوعیش داوە". ئەوەی زەنگەنە بەشایانی ئاماژە پێکردنی دەزانێت، شاری کەرکووکە لەدراماکەدا، ئەو وتی"کەرکووک لەهەموو لایەکەوە لێی دەخۆن و بەبەرچاوی هەمووماناوە غەدری لێدەکرێ، پێویستە کاری بۆبکەین، بۆیە لەگەردەلوولدا ئەو شارە پانتاییەکی باشی داگیرکردووە".

خێزانی شەهید فاتح، ئەوپەڕی نیگەرانی خۆیان لەزەنگەنە دەربڕی، کاتێک لەئەڵقەی بەر لەکۆتاییدا دیمەنەکانی چۆنێتی شەهید بوونی فاتیحی کوڕەکەیان بینی، خالید قادری برای شەهید فاتح وتی "خۆم هەموو وێنەو زانیارییەکی پێویستم لەبارەی فاتحی برامەوە بۆ زەنگەنە برد و شتەکانم بۆ گێڕایەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو لەو درامایەدا مەسەلە عاتفییەکەی زاڵکردووە بەسەر مەسەلە سیاسییەکەیدا و لەبایەخی شەهید بوونەکەی فاتیحی کەم کردووەتەوە، ئەسڵەن بەیان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هیچ کوڕێک نەبووە لەبەغداو، هەر بەیان بۆ خۆی دەمانچەکەی بردووەتە ناو زانکۆ بۆ شەهید فاتح، کەئێتیجادییەک دەکوژێت و یەکێکی دیکەش بریندار دەکات، پاشان خۆی دەکوژێت و ئەو کارەشی بەبەرنامە بووە نەک بەو شێوە عەفەوییەی کە زەنگەنە باسی دەکات". خالید راشیگەیاند " ئێستا بەیان لەژیاندا ماوەو دایکی چەند منداڵێکە، با جەلیل زەنگەنە سوودی لەو خەڵکانە وەربگرتایە کە لەژیاندا ماون و لەناو رووداوەکاندا بوون".

گەردەلوول یەکەمین دەرگای کاری هونەری بواری درامایە، کە عەریف حەمە تاڵ، لێیەوە دێتە ناو جەماوەرە فراوانەکەیەوە بەهۆی ئەو رۆڵە کۆمیدیەی لەدراماکەدا هەیبوو. ئەو کە لەدەرەوە زۆرجاران بەعەریف حەمەتاڵ بانگ دەکرێت، تەنیا منداڵەکانی پێچەوانەی ژیانی راستەقینەی خۆیەتی، کە لەدوای 13ساڵ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییەوە تائێستا منداڵیان نییە، لەکاتێکدا لەدرامای گەردەلوولدا، ماڵی حەمەتاڵ وەک پۆلێکی قوتابخانە دێتە بەرچاوان "عەرەبییەکەم زۆر لەو عەرەبییە باشترە کە لە دراماکەدا قسەی پێدەکەم و هەر لەژیانی خۆشمدا حەزم بەتەکلیف کردن هەیە بۆ خەڵکانی بێدەسەڵات و بێ پشت و پەنا".

لەبارەی بەشی سێیەمی زنجیرە دراماکەوە زەنگەنە وتی"ئەگەر توانیم و کاری داهاتووم لەبەشی دووەمی گەردەلوول بەهێزتر بوو ئەوا دەستی دەدەمێ، بەڵام ئەگەر وا دەرنەچێت وازی لێدێنم". کەچی بەشی سێیەمی گەردەلوول بەلای گزارییەوە ئاستەمە بەو پێیەی کە زەنگەنە زۆربەی ئەکتەرەکانی زیز کردووە .خەڵکیش لەو لاوە بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بەشی سێیەمە.



دیمەنێک لە درامای گەردەلوول لە کاتی دەرهێنان دا



## لەوانەیە 3 خاڵی باختاکۆر بدرێتە هەولێر

تایبەت بە ڕووداو

◆ د.عەبدوڵلا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر لەلێدوانێکدا بۆ(ڕووداو) ڕایگەیاند ئێستا یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەگومانێک، کە کەوتووەتە سەر یاریزانێکی یانەی باختاکۆری ئۆزبەگستانی،" گوایە لە یارییەکەی پێشووتردا لەگەڵ یانەی هەولێردا ئەو یاریزانە بێ ئەوەی (واز) لەو یانەیە بێنێت، کە لێیەوە هاتووەتە ڕیزی باختاکۆر یاری کردووە".سەرۆکی یانەی هەولێر گوتی " ئەگەر ئەمە ڕاست بوو، 3 خاڵی ئەنجامی یاریەکە بۆ هەولێر دەژمێردرێ،کە هەولێر یاریەکەی بە دوو گۆڵ دۆڕاند".

دووسبەی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا

# یانەی هەولێر چوارەم یاری خۆی لە ئوردن ئەنجامدەدات



یانەی هەولێر

**ڕووداو – هەولێر**

دووسبەی یانەی هەولێر لەچوارەم یاری خۆیدا لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا، لەئـوردن میوانداری یانـەی باختاکۆری ئۆزبەگستانی دەکات.

یانەی هەولێر کە لەسێ یاریدا دوو خاڵی کۆکردووەتەوە، پلەی چوارەمی ڕیزبەندی گرووپی چوارەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسـیای گرتووە. چوارشـەممە، چوارەم تاقیکردنەوەی خـۆی ئەنجامدەدات، لەو یاریەدا کە لەسەر یاریگای شاری زەرقای ئـوردن ڕووبـەڕووی یانـەی باختاکۆری ئۆزبەگی دەبێتەوە، کە لەقۆناخی ڕابردوودا لەسەر یاریگای خۆیدا توانیی بەدوو گۆڵی خاوێن لە هەولێر بباتەوەو ئێستا بە4 خاڵ دووەمی گرووپەکەیە.

بەپێی شرۆڤەیەکی د.عەبدوڵلا سەرۆکی یانـەی هەولێر بۆ (ڕووداو) ئەم یارییە بۆ یانەی هەولێر "زۆر گرنگە"، ئەگەر سـێ خاڵەکەی بباتەوە، جارێکیتر ئومێدەکانی بۆ سـەرکەوتن دەبووژێنـەوە. ئەو گوتی "بەبردنەوەی ئەو یارییـە دەبینە خاوەن 5 خـاڵ و پـێش باختاکـۆر دەکەوین، ئـەو کات یارییەکـەی دواترمان بەرامبەر یانـەی غەرافەی قەتـەری دەبێتە یاری یەکلاکەرەوەی چارەنووسمان".

# ڕاهێنەران و یاریزانانی یانەی هەولێر بە 10هەزار دۆلار خەڵاتکران



ئەحمەد سەلاح جیاواز لەوانیتر 100 هەزار دۆلاری وەرگرت

**کارزان کانەبی**
**ڕووداو – هەولێر**

سەرۆکی یانەی هەولێر ڕایگەیاند کە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یانەی هەولێری پاڵەوانـی خولی تۆپی پێـی یانـە بژاردەکانی عێراقی خەڵاتکرد.

د.عەبدوڵـلا مەجیـد سـەرۆکی یانـەی هەولێـر لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "وەک دیارییەک بۆ بەدەسـتتهێنانی نازنـاوی پاڵەوانی خولی یانە بژاردەکانی عێراق، سـەرۆکی حکومەتی کوردستان دەسـتەی ڕاهێنەران و یاریزانانی یانەکەمانی خەڵاتکرد، کە 21 کەسی گرتەوەو هەریەکێکیان بڕی 10هەزار دۆلاری وەرگرت، جگە لە ئەحمەد سـەلاحی هێرشبەر کە ئەو خەڵاتی تایبەتی خۆی هەبوو بە بڕی 100 هەزار دۆلار، بەو پێیـەی گۆڵکاری خولەکە بووەو لەیـاری کۆتاییدا گۆلی بەرامبەری بۆ هەولێر تۆمار کرد".

## ڕووداوی هەفتە

# بەرەو موسکۆ

**ئیحسان تاهیر***

کاتی ئەوە هات، چوار یانەکەی چوار گۆشـەی زێڕینـی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، بکەونە ڕکابەری لەسەر گەیشتن بەیاری کۆتایی پاڵەواتییەکە.

سـبەی شەو یارییەک و شەوی دواتریش یارییەکەی دیکەی چوونی قۆناخی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەڕێوە دەچن. وەک یەکەم هەنگاو بەرەو یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکە، کە لە 21ی ئایاری داهاتوودا، موسـکۆی پایتەختی ڕووسیا میوانداری دەکات.

سـبەی شـەو یاریگای ئانفێلد دەبێتە شـوێنی میوانداریکردنی یانەی لیڤەرپۆلی ئینگلیزی بۆ یانە هاونیشتیمانەکەی، چێلسی. ئەو ڕووبەڕووبوونەوە ئینگلیزییە هەموو جارێ ناسنامەکەی لەخۆبووردەیی و خۆبەدەستەوەنەدانی هەردوو لایە، لەگەڵ جۆرێک لەهەستیاری و توونودتیژی،کە بەرامبەر یەکتری دەینوێنن.

چێلسی ئەمساڵ توانی وەک ڕکابەرێکی بەهێزی خولی ناوخۆی وڵاتەکەی و ئەورووپا خۆی نیشانبدات، بەنیازە لەناو ماڵی لیڤەرپۆلییەکاندا، بەئەنجامێکی باش نیوەی ڕێگا بەرەو موسـکۆ ببڕێت. ئەگەرچی ئەو ڕاستییەش باش دەزانێت کە لیڤەرپۆل بەیانەی چامپیۆنسلیگ ناسراوەو ئەوەندە بەئاسانی ڕێگا بەچێلسی نادات کۆتایی بەخەونەکانی بێنێت.

دووسـبەی شەویش ئەو یارییەی نیوەی جیهان زیاتر چاوەڕێیەتی لەسەر یاریگای نیوکامپ ئەنجامدەدرێت، لەنێوان بەرشلۆنەی ئیسپانی خانەخوێ و مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی.

بە لێکدانەوەیەکی زانسـتانە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیـەدا ڕێگای ئینگلیزەکان بەرەو موسکۆ نزیکترە، بەوپێیەی کەتەلۆنیەکانی ئیسپانیا ئەمساڵ بەقەیرانی ئاست نزمیدا تێدەپەڕن، لەبەرامبەریشدا شەیتانە سوورەکانی ئینگلیز لەلوتکەی بەهێزی خۆیاندان.

هەموو ئەمانە هاوکاتن لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە تۆپی پێ جیهانێکی پڕ لەنادیاری و ئەنجامی چاوەڕوان نەکراوە، نەخاسـمە کە بەرشـلۆنە یانەیەکی گەورەی جیهانە. لەهەمووشـی گرنگتر بۆی هەیە گەڕانەوەی لیونێل میسی ئەڕژەنتینی ببێتە هەوێنی سەرکەوتنی بەرشلۆنە بۆ یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکە.

*بەرپرسی وەرزشی (ڕووداو)

د. ئالان:

# ڕۆژنامەنووسی وەرزشی کورد لاوازە



**ڕووداو – هەولێر**

دکتـۆر ئـالان قـادر ڕەسـوڵ، ماموسـتای زانکـۆو ئەندامی لێژنەی ئۆلۆمپـی کوردسـتان لەلێدوانێکی تایبەتدا بـۆ (ڕووداو)، سـەبارەت بەڕۆژنامەنووسـی وەرزشـی کورد گوتـی "بەداخەوە دەڵێـم زۆربەی ڕۆژنامەنووسـانی وەرزشـی ئێمە کاتێک لەگەڵ بەرپرسـانی وەرزش دیـداری ڕۆژنامەوانـی ئەنجام دەدەن، پشـت نابەستن بە هەندێک خاڵ و بڕگەی یاسـایی. بۆیە زۆربەی کاتەکان بەرپرسـەکان باڵا دەستی خۆیان بەسەر ڕۆژنامەنووساندا نیشان دەدەن. لەبەر ئەوە ئومێد دەکەم هەر کاتێ ڕۆژنامەنووسـان دیداری وەرزشیان ئەنجامدا، لەگەڵ خۆیاندا هەندێک لەیاسای دەزگا وەرزشیەکان، یان بەلای کەمەوە پێشـتر هەندێک زانیاری و شارەزایی لەسەریان وەربگرن، بۆ ئەوەی بتوانێـت زۆرترین ڕاسـتی بەخوێنەرانی بگەینێت و بەرپرسـەکان نەتوانن چیتر ڕاسـتیەکان بشـارنەوە. ئەم ڕاستیەشم لەوهەموو دیمانەو چاوپێکەوتنانەدا تێبینی کـردووە کە لەگـەڵ منیاندا سـازداوە، کەهەموو کات خۆم بەباڵا دەسـت زانیوە بەسەریاندا".

# سەروکێ تەپا پێ یا دهوکێ دەست ژ کاری بەردا



ئازاد گەرماقی

**هۆگر محەمەد تاهر**
**ڕووداو . دهۆک**

بێ دیارکرنا ئەگەران سەروکێ ئێکەتیا تەپاپـێ ل پارێزگەهـا دهوکـێ ئازاد سەعدی گەرماقی بو جارا دووێ دەست ژکار کێشانا خو ل ڕوژا 2008/4/16 ڕاگەهاند.

ناڤبـری د لێدوانـەکا تایبەتـدا بۆ (ڕووداو) ئەگەرێن دەست ژ کار کێشانا خۆ دیـار نەکرن و تنێ گـۆت بو جارا ئێکێ،بـەری هەیڤەکـێ من دەسـت ژ کارکێشانا خۆ پێشکێشی نونەریا دهۆک یا لیژنا ئولۆمپی و ئێکەتیا ناوەندی کر و ڕازەمەندی ل سەر نەهاتە کرن و "ڤێ جارێ من خوەست ڕازمەندی بهێتە کرن وسوپاس هاتە قەبیل کرن". هاتە زانین ل جهێ ناڤبری سـکرتێرێ بەرێ نووکە محەممەد سەعید ب فەرمی هاتە دانان.

## پێشبڕکێ

- بەکورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudaw@rudaw.net یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



سەمیر بابۆ لە هەولێر بە لێدوانی: (**بمخنکێنی کارتی سوور وەردەگری**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو بوو.

# یاری دهۆک و پێشمەرگەی سلێمانی شەڕی لێکەوتەوە



یاری دهۆک و پێشمەرگەی سلێمانی (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو – دهۆک**

لەیاری نێوان هـەردوو یانەی دهۆک و پێشمەرگەی سلێمانیدا شەڕو ئاژاوە ڕوویدا و چەند کەسێک بریندار بوون.

ڕۆژی 2008/4/18 لەشاری دهۆک، لەیاری نێـوان هەردوو یانـەی دهۆک و پێشـمەرگەی سـلێمانی لەچوارچێوەی یارییەکانـی خولـی یانـە نایابەکانـی کوردسـتاندا، شـەڕو ئاژاوەیەکی توند لەنێـوان جەمـاوەری یانـەی دهۆک و یاریزانانی یانەی پێشـمەرگەی سلێمانی ڕوویـداو، دوای ئـەوەی ناوبژیوانانـی یاریەکە فیکەی کۆتایـی لێدا، یاریزانانی پێشـمەرگەی سلێمانی هێرشـیان کردە سـەرو لەبەرامبەردا جەماوەری دهۆکیش بەبەردو بۆتلە شووشە هێرشیان کردە سەر ئەو یاریزانانە، پۆلیسی ناو یاریگاش ناچار بوون بەتەقەکردن لەیەکتریان جیابکەنەوە، کە لەئاکامدا چەند کەسێک بریندار بوون و بۆ چارەسەری گوێزرانەوە نەخۆشخانە.

پەیامنێـری (ڕووداو) یـش لەلایـەن یاریزانانی پێشـمەرگەی سـلێمانییەوە دەسـتدرێژی کرایە سـەر، ئـەو کاتەی خەریکی وێنە گرتنی شەڕەکە بوو.

# ڕۆناڵدینیۆ بێرلسکۆنی کردەوە سەرەک وەزیرانی ئیتاڵیا

**ڕووداو – ماڵپەڕی بەرشلۆنە**

سـیلڤیۆ بێرلسکۆنی سـەرۆکی یانەی ئەی سـی میلانی ئیتالّی، بۆ سـەرکەوتن لەهەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکانی ئەمجارەی وڵاتەکەی، ناوی ڕۆناڵدینۆی بەرازیلی بەکار هێناوە.

بەر لـەوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ئەمجارەی ئیتاڵیا ئەنجامبدرێن، ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە سیلڤیۆ بێرلسکۆنی سـەرەک وەزیرانی پێشووتری ئیتاڵیاو سـەرۆکی یانەی ئەی سی میلان نـاوی ڕۆنالدینیۆی ئەسـتێرەی بەرازیلی وەک چەکێکی سـەرەکی بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی سـەرکەوتن بەسەر ڕکابەرە چەپەکەی،ڤاڵتەرڤیلترۆنی لەهەڵبژاردنەکانی ئیتاڵیادا.

دواتر کە بێرلسـکۆنی ئەو سەرکەوتنەی بەدەسـتهێنا، چەنـد ڕۆژنامەیەکی دیکە ئاماژەیان بـۆ ئەوە کرد کە بێرلسـکۆنی لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا زۆر سوودی لەو دروشمە وەرگرتووە، کە پێش هەڵبژاردنەکان بەرزیکردبووە، گوایە سوورە لەسەر هێنانی ڕۆنالدینـۆ بۆ ڕیزەکانی ئەی سـی میلان، بەو پێیەی لەم وڵاتـەدا ئەو یانەیە خاوەن جەماوەرێکی بێشومارە.



# نرخی نستلرۆی 150 ملیۆن یۆرۆیە

**ڕووداو – ماڵپەڕی ڕیال مەدرید:**

بەرپرسـێکی پلە بەرزی ڕیال مەدرید ڕایگەیاند کە نرخی فرۆشـتنی نسـتلرۆی 150 ملیۆن یۆرۆیە. ڕۆژنامەکانی هەرێمی کەتەلۆنیای ئیسپانی ڕایانگەیاند، کە ڕۆد ڤان نسـتلرۆی یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسـپانی، بەرامبـەر 7 ملیۆن یـۆرۆ دەچێتە ڕیـزی یانەی ئەی سـی میلانـی ئیتاڵی، بەڵام بەرپرسـێکی پلە بەرزی یانەی شـاهانەی ئیسپانی، ئەو هەواڵەی بەهەڵبەسـتراو لەقەڵـەم داو ڕایگەیاند "نسـتلرۆی بەهیچ شـێوەیەک بۆ فرۆشتن نییەو هەر کەسێ بیەوێت ئەو بکڕێت پێویستە بڕی 150 ملیۆن یۆرۆ بدات".

ئەو بەرپرسـە گوتـی "نازانم ڕۆژنامـەکان ئەو هەواڵانە لە کوێ دەهێنن".



## لێدوان



زینەدین زیدان
یاریزانی پێشووی فەرەنسا

توانـاکانی میسی پێش تەمەنەکەی کەوتوون، ئەو هونەرانەی لەناو یاریگادا پێشکێشیان دەکات بە یاریزانە گەورەکان دەکرێ، نەک یاریزانێکی تەمەن بچووکی وەک ئەو.



کیمی رایکۆنن
شۆفێری فینلەندی لەتیپی فیراری

هەردەم گوتومە ڕقم لەفورمۆلا وەنەو هەموو ئاواتم ئەوەیە جارێک نازناوی جیهانی ببەمەوە، کەخۆشبەختانە توانیم ئەو خەونەم بێنمە دی.



ئیکەر کاسیاس
گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا

پەیوەندی من لەگەڵ ڕائۆل زۆر بەهێزە، هەر کاتێکیش گەڕایەوە ناو هەڵبژاردەی ئیسپانیا نیشانەی کاپتنی بۆ دەگەڕێنمەوە.

# تەندروستی و ژینگە



**ساختەکاری دەرمان لەعێراقدا لە پەرەسەندنێکی مەترسیداردایە**

ڕووداو/ئاژانسەکان

◆ بەپێی شارەزایانی بواری دەرمانسازی، دیاردەی ساختەکاری لە داوودەرماندا لە عێراق لە پەرەسەندندایە. د.جەمیل بلاسم سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی بازاڕ لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە پرسی ساختەکاری کردن لە دەرماندا دیاردەیەکی جیهانییە و ئاستی بازرگانی دەرمانی ساختە لە بەریتانیا ساڵانە دەگاتە 48 ملیۆن دۆلار، بەڵام لە عێراقدا دیاردەکە زۆر لە پەرەسەندندایەو مەترسیدارە.

# ئەو دەرمانانەی لە کوردستان دەفرۆشرێن لە پشکنینی کەنەدا دەرنەچوون

**ڕووداو-هەولێر**

"دە جۆر نموونەی دەرمانی کوردستانم بردە کەنەداو لەوێ پشکنینم بۆ کرد، هیچ کام لەو دەرمانانە مەرجی تەندروستی تێدا نەبووبۆ بەکارهێنان، ڕاپۆرتی ئەنجامەکانیشم دایە وەزیری تەندروستی، ئەو دەرمانانەش کە پشکنینمان بۆ کردن، بەتایبەتی هەڵمان نەبژاردبوون"ئەمە بەڵگەیەکی د.موئەید عەبدولڕەحمانی سەرۆکی دەستەی کۆنترۆڵی جۆری کوردستان بوو، کە بەهۆیەوە گوتی "دەرمانی کوردستان بەکەڵکی بەکار هێنان نایێت".

پرۆفیسور د.بارام ڕەسوڵ، کە پسپۆرە لەبواری دەرمانداو ماوەی 17 ساڵ لەکارگەکانی دروستکردنی دەرمان لەسوید کاریکردووە، ئەوە بۆ (ڕووداو) دەخاتەڕوو کە "تائێستا نازانرێت زۆربەی ئەو دەرمانانەی دێنە کوردستان لەکوێوە دێن و چۆن دروستکراون و کێ دروستیان دەکات، ئەو سێ پرسیارە زۆر گرنگە وەڵام بدرێنەوە، تائێستا ئێمە نازانین لە چ وڵاتێکەوە دەرمان دێتە کوردستان و ئەوەی لەسەر قوتوی دەرمانەکە نووسراوە لەوانەیە ڕاست نەبێ، جاری واهەیە نووسراوە لە هۆڵەندا دروستدەکرێت، بەڵام لەوانەیە لەچین یان هیندستان دروستکرابێت".

ئەگەرچی بەشێک لەهاووڵاتیانی کوردستان پێیانوایە ئەو دەرمانانەی لە وڵاتی چین و هیندستان دروستدەکرێن، باش نین و نرخیان هەرزانە بۆیە دەهێنرێنە کوردستان، بەڵام پسپۆڕانی بواری دەرمان پێیانوایە ئەم جۆرە گوتانە هەڵەن و تائێستاش نازانرێت دەرمانی کوردستان لەکوێوە دێت.

پرۆفیسۆر د. بارام ڕەسوڵ، ئەمە ڕووندەکاتەوەو دەڵێت" گرفت نییە کە دەرمانەکە لەچ وڵاتێک دروستدەکرێت، چین بێت یان هیندستان، ئەوەی کە گرنگە بزانرێت کە ئایا بەگوێرەی ڕێنمایی ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی WHO دروست دەکرێت یان نا، چونکە چین و هیندستانیش دەرمانی باش دروستدەکەن و بۆ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاشی دەنێرن".

ئەگەر ناوی ئەو وڵاتەش بزانرێت کە دەرمانی کوردستانی لێ دروستدەکرێت ناتوانین دڵنیابین لەوەی کە ئەم دەرمانە باشە یان خراپ.ئەو شارەزایەی دەرمان دروستکردن ئاماژە بەوە دەدات کە" لەکوردستان یاسا و بنەمایەک نییە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرماندا، ئەگەر بشزانین لەچ وڵاتێکەوە دێت، نازانین چ کارگەیەک دروستیدەکات، ئەگەر کارگەکەش دیاربێت، نازانین چۆنی دروست دەکەن، ئایا بەپێی ئەو تایبەتمەندییە نێودەوڵەتییەیە دروستدەکرێت کە لە WHO هەیە؟ ئێمە تائێستا ئەو زانیاریانەمان هیچی نییە، کە ئەو مادە ئەکتیڤانەی چارەسەری نەخۆشییەکە دەکات چەندی لەنێو دەرمانەکاندا هەیە، ئەو دەرمانانەی کە دێنە کوردستان نازانین ڕاستییەکەی چییە".

دەرمان لەسنوورەکانی کوردستاندا پشکنینی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەم پشکنینانە هیچ مەرجێکی زانستییان تێدانییە و ناتوانرێت پێکهاتەی دەرمانەکەی بەهۆیەوە دیاری بکرێت.

د.موئەید عەبدولڕەحمان، ئەوە بۆ (ڕووداو) دەدرکێنێ کە "دەرمان تەنیا بەیەک ڕێگا لەسنوورەکانی کوردستان پشکنینی بۆ دەکرێت، خۆشم بەدەیان جار بینیومەو لایان وەستاوم، ئەویش تەنیا سەیرکردنی مێژووی بەسەرچوونەکەیەتی، هەرگیز ئەم جۆرە پشکنینە دروست نییە".

بەشێکی ئەو کۆمپانیایانەی کە لەبواری هێنانی دەرماندا کاردەکەن پسپۆڕییان لەبوارەکەدا کەمە، هەر کۆمپانیایەکیش کە بیەوێت دەرمان بێنێتە کوردستان بەئاسانی دەتوانێت ئەم کارە بکات و هیچ فلتەرێک نییە بۆ ئەوەی پێیدا تێپەڕێت.

د.بارام ڕەسوڵ دەڵێت" ئەگەر پسپۆڕیش هەبێت لەنێو ئەو کۆمپانیانەدا کەدەرمان دەهێنن چۆن بزانن ئەو دەرمانانە باشن یان خراپ؟ پسپوڕەکان دەتوانن چارەی ئەم کێشەیە بکەن ئەویش بە هێنانی دەرمان لەشوێنی باوەڕپێکراو".

بەپێی وتەی د.بارام، ئەوەی چارەسەرە بۆ ئەم گرفتە، بوونی دەزگایەکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی دەرمان دەهێنن، دەبێت پێش ئەوەی دەرمانەکە بهێنن پێکهاتەی تەواوی دەرمانەکەو شوێنی هێنانی و چۆنییەتی دروستکردنی بدەنە دەزگاکە، دەبێت دەستنیشانی ئەوەش بکەن کە کێ دروستی دەکات و لەچ کارگەیەک دروستدەکرێت، ژمارەی ئەو کارگانەش کەم بکەینەوە کە دەرمانی لێوە دەهێنرێ بۆ ئەوەی بتوانین کۆنترۆڵی بکەین، چونکە ئێستا دەرمانخانە هەیە پاراسیتامۆڵی پەنجا کارگەی تێدایە ئەمە چۆن کۆنترۆڵ دەکرێت.

وێڕای ئەوەی لەساڵی 2006ەوە دەزگایەک بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو دەرمانانە دامەزرێنرا کە پێیدەگوترێت KMCA، بەڵام تائێستا ئەم دەزگایە نەکەوتووەتەکار د. بارام، دەربارەی ئەم دەزگایە دەڵێ" ئێستا هەرکەسێک بیەوێ هەر دەرمانێک لەدەرەوە بەهەر پێکهاتەیەک بێت دەتوانێت بهێنێتە کوردستان".

د. بارام ڕەسوڵ، بەرنامەی کاری ئەم دەزگایە بەو شێوەیە ڕووندەکاتەوە "ئەو کەسانەی کەدەرمان دەهێنن دەبێت ناونووسبکرێن، ئەو دەرمانانەش دیاری بکرێن کە دەیهێنن و لەکوێش دەیهێنن، خەڵکانێکی پسپۆڕیش هەبێت کە پشکنینی سەرچاوەی دەرمانەکان بکەن تا بزانن ئەم دەرمانانە لەکوێ دێن و چۆن دروستدەکرێن".

بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵی جۆرییەوە ئەو دەرمانانەی کەدێنە کوردستان نازانرێت سوودو زیانیان چییە، بەڵام لەئەگەری نەبوونی کۆنترۆڵی جۆریشدا ڕێگای تر هەیە کە پشکنینی دەرمانی پێبکرێت.

پرۆفیسور د.بارام، ئەم ڕێگایە وەک پێشنیازێک دەخاتەڕوو دەڵێت" ئێمە خۆمان ئێستا کۆنترۆڵمان نییە، بەڵام دەتوانین چارەسەری تر بدۆزینەوە، تاقیگەی گەورە هەیە لەدەرەوەی وڵات، ئەو تاقیگانە دەتوانن وەکو کۆنترۆڵی جۆری کاربکەن ئێمەش سودیان لێوەربگرین بۆ ئەم مەبەستە".

تائێستا نەتوانراوە بزانرێت ئەو دەرمانانەی دێنە کوردستانە شیاون بۆ بەکارهێنان یان نا، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم لایەنەش کۆنترۆڵکرا، بەهۆی خراپی ئەو شوێنانەی لە کوردستاندا دەرمانەکەیان تێدا هەڵدەگیرێت نەخۆش ناتوانێت سوود لەم دەرمانە ببینێت، چونکە دەرمان دەبێ لەپلەیەکی گەرمی دیاریکراو و دوور لەتیشکی خۆر وەک لەسەری نووسراوە هەڵبگیرێت.

سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری دەڵێت "پلەی گەرمی ئەو ژوورەی دەرمانی تێدا هەڵدەگیرێت دەبێت نزیکی 23 پلە بێت، بەڵام بەگەرمی پێوەوە چوینەتە ناو دەرمانخانەکان، لەمانگەکانی هاویندا پلەی گەرمی 36 پلە بووە، کەواتە ئەگەر سەرچاوەی هێنانی دەرمانەکەش باش بێت و لەسنوورەکانیشدا پشکنینی بۆ کرابێت بەدانانی لەپلەیەکی گەرمی بەرزدا بە کەڵکی بەکار هێنان نامێنن و لەجیاتی چارەسەری زیاندەگەیێنن".

د.بارام ڕەسوڵ، ئەم زیانانە ڕووندەکاتەوەو دەڵێت "دەرمانێک کە ئێکسپایەر بێت یان لەپلەیەکی گەرمی نەگونجاودا دابنرێت، ئەوە بڕی ئەو ماددە چالاکەی کەبەهۆیەوە نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە تێیدا کەمدەبێتەوە، بۆ نموونە زۆرجار نەخۆشێک بە تابلیتێک پێویستە چاک بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ماددەی چالاک (ئەکتیڤ) لە تابلێتەکە کەمە بۆیە بەچەند تابلیتێکیش چاک نابێت، بۆ نموونە هەندێک کەس کە نەخۆشی فشاری خوێنیان هەیەو چارەسەر وەردەگرن، بەڵام دەبینین ئەم دەرمانانە کارناکەنە سەر فشارەکەو فشارەکە بەردەوام بەرز دەبێتەوەو ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی ژیانی مرۆڤەکە".

گرفتێکی دیکەی دەرمان لە کوردستان ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەوانەی کەئێستا لەدەرمانخانەکانی کوردستاندا کاردەکەن کۆلیژی دەرمانسازیان نەخوێندووە. د.موئەید عەبدولڕەحمان، ئەمە بەگرفتێکی دیکە ناو دەبات و دەڵێت"لەکوردستاندا ئەوانەی لەدەرمانخانەکاندا دەرمان دابەشدەکەن دەرمانسازییان تەواو نەکردووە، ئەمەش نابێت".

د. موئەید، داوا لەحکومەت دەکات کەزۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ گرفتی دەرمان بکات، ئەو دەڵێت "جگە لەوەی حکومەت دەبێت مامەڵەیەکی گرنگی لەگەڵ بکات، بازرگانەکانیش دەبێت باش تێبگەن کە ئەو خواردن و دەرمانە خراپەی ئەوان دەیهێنن زیانی بۆ میللەت دەبێت و ڕەوشی بازاڕیش تێکدەچێت".

لەبەر ئەوەی چارەسەری ئەم کێشەیە بەکاری حکومەت دەزانێت، سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری هیچ ڕێنمایەکی پێ نییە بۆ هاووڵاتیان و دەڵێت" لەهیچ جێگەیەکی دونیادا ئەوە کاری هاووڵاتی نییە، کە ئەوەی دەیخوات پشکنینی بۆ بکات، هاووڵاتی خواردنی خراپ دەخوات و نەخۆش دەکەوێت، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەشی دەرمانی خراپ بخوات، دەبێت دوعا بکات و چاوەڕێی ڕەحمەتی خوابێت".

ئەگەرچی بەشێکی زۆری خەڵک پێیانوایە دەرمانی بەسەرچوو زیانی گەورە بۆ تەندروستی هاووڵاتیان دروستدەکات، بەڵام شارەزایانی بواری دەرمان ئەم بۆچوونە بەناڕاست دەزانن ئەگەر دەرمانەکە بەشێوەیەکی باش و لە مادەی باش دروستکرابێ.

د. بارام ڕەسوڵ، لەو بارەیەوە دەڵێت "دەرمانی باش کە بەشێوازێکی باش دروستبکرێت، ئەگەر مێژووی بەکارهێنانی بەسەرچوو بێت، کاریگەری مادە چالاکەکە کەم دەبێتەوە، بەبەسەرچونی مێژووی بەکارهێنانی دەرمان گۆڕانێکی تێدا ڕوودەدات، ئەو گۆڕانانەش لەسەر گیانداران تاقی کراونەتەوە تا بزانن هیچ زیانێکی هەیە بۆ نەخۆش یان نا، هەر لە بەر ئەوەش دەرمانی بەسەرچوو نە سوودی هەیە و نەمەترسی".

تائێستا هیچ کارگەیەک نییە لەکوردستاندا دەرمانی تێدا دروستبکرێت، ئەگەر کارگەیەکی دروستکردنی دەرمان هەبێت بەئاسانی دەتوانرێت چاودێری پێکهاتەو جۆری دەرمانەکە بکرێت، د. بارامیش دروستکردنی کارگەیەکی دەرمان لەسەر بنەمایەکی نێودەوڵەتی بەباشترین چارەسەر دەزانێت"چونکە ئەگەر لەناوخۆی کوردستاندا دەرمان دروستبکرێت دەزانین کێ دروستی دەکات و چۆنیش دروستدەکرێت و لەژێر چاودێری دەزگاکانی حکومەتی کوردستانیشدا دەبن".

ئێستا د. بارام ڕەسوڵ، سەرقاڵی دروستکردنی کارگەیەکی دەرمانە لە هەولێر بەناوی (ئاوامێدیکا) و نزیکەی 70%ی کارەکانی تەواو بووەو بڕیارە لەمانگی چواری ساڵی ئایندەدا دەرمان بۆ 6 ملیۆن کەس دروست بکات.

د. بارام، بیرۆکەی دروستکردنی کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی 1993 و دەڵێت" لەسوید لەگەڵ چەند برادەرێکدا کە پسپۆڕن لە دروستکردنی کارگەی دەرمان دۆسییەکمان بۆ کردەوە، بەڵام بەهۆی بوونی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر کوردستان نەدەکرا هیچ ئامێرو مادەیەک بهێنن، پاشان لە 2004 لەگەڵ کاک نێچیرڤانی سەرۆکی حکومەت چاوپێکەوتنمان کردو زۆر هانی دام بۆ دەستپێکردنی ئەم پرۆژەیە".

پرۆژەی کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا لە 2005 ەوە دەستکراوە بەکارکردن تێیدا و بەپێی گوتەی د.بارام "سەرەتا لەسوید دەستمان بەکارکرد بۆ ئەوەی دیزاینی بۆ بدۆزینەوە، لە 2006 دەستمان بەجێبەجێکردنی کرد، ئێستاش 70% تەواو بووە، بەڵام ماوەیەک کارگەکەمان وەستا و بەمزوانە دەستپێدەکەینەوە، دەمانویست لەمانگی 10ی ئەم ساڵدا کارەکان تەواو بکەین و دەرمان بخەینە بازار، بەڵام هەندێک دوادەکەوێت و دەکەوێتە مانگی سێ و چواری ساڵی ئایندە".

ئەو جۆرە دەرمانانەش کە لەکارگەی ئاوامێدیکا بەرهەمدێن بریتین لە (تابلێتە، کەپسول، شروب، مەڵهەم، کرێم، شروبی وشک)، د.بارام، دەڵێ" واپلانمان داناوە ئەگەر یەک شەفتیش کاربکەین بڕی دەرمان لەبەشی کوردستان بەزیادەوە بێت، ئێمە بۆ 6 ملیۆن کەس زیاتر دەرمان دروستدەکەین و ئەگەر دوو شەفتیش کاربکەین ئەوا دەتوانین دەرمان بنێرین بۆ زۆر شوێنی تر".

ئەگەرچی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی لەساڵی 2006ەوە دروستکراوە، بەڵام تائێستا نەکەوتووەتە کارو هیچ ئامارو ڕاپۆرتێکی زانیاریان لا نییە لەبارەی ئەو دەرمانەی لەبازاڕەکانی کوردستاندان و ئەو کۆمپانیایانەی دەرمان دەهێننە کوردستان.

د. ڕەمزی عوسمان بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی کۆنترۆڵکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی هۆکاری نەبوونی زانیاری بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "تائێستا تاقیگەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دەستی بەکار نەکردووە بۆیە هیچ ڕاپۆرتی زانیاریم لا نییە، بەڵام بەپێی زانیاری خۆم زۆر دەرمان هەیە لەبازاڕەکانی کوردستاندا دەستکاری کراوە، بۆنموونە پاکەت و نووسینەکانی سەرپاکەتەکە تەواو نییە، ئەمەش فێڵکردنە، واتە دەرمانەکە شتێکەو پاکەتەکەی شتێکی دیکەیە".

ڕێژەی دەرمانی بەسەرچوو لەبازاڕەکانی کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، تەنیا لەسنووری پارێزگای سلێمانی لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا تا 2008/3/19 نزیکەی 20 تەن دەرمان و کەرەستەی تەندروستی بەسەرچوو سووتێنراوە.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری تەندروستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی ڕۆژی 2008/3/19 کۆتایی هێنا بەسووتاندنی سەرجەم ئەو دەرمان و کەرەستە پزیشکییە بەسەرچووانەی لەماوەی 15 مانگی ڕابردوودا دەستیان بەسەردا گیرابوو لەکۆگاکانی دەرمان لەسلێمانی، تەواوی ئەو کەرەستانەش بەنزیکەی 20 تەن مەزەندە کران".



**تائێستا نازانرێت ئەو دەرمانانەی دێنە کوردستان لەکوێوە دێن و چۆن دروستکراون**

د.بارام ڕەسوڵ



دەرمانخانەکانی کوردستان گوێنادەنە مەرجەکانی هەڵگرتنی دەرمان (فۆتۆ:ڕووداو)

## د.عەتیە حەمە سەعید، پسپۆڕ لەبواری نەخۆشی ئافرەتان

# ئەو نەخۆشییانەی لەکوردستان هەن تەنیا لەنێو کتێبەکاندا ماون

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-هەولێر**

لەژێر دروشمی"ئافرەتی تەندروست، کۆرپەی تەندروستی دەبێت"، شاری هەولێر یەکەمین کۆنفرانسی جیهانی پزیشکانی ئافرەتان و لەدایکبوونی بەخۆیەوە بینی، کە هاوکاری زانکۆی شاهانەی بەریتانی بۆ پزیشکانی نەخۆشییەکانی ئافرەتان، بۆ ماوەی 4 ڕۆژ ئەنجامدرا.

ڕۆژی 2008/4/1 بۆ یەکەمین جار لەسەرئاستی عێراق، بەبەشداری ژمارەیەک لەپزیشکانی تایبەت بەنەخۆشیەکانی ئافرەت و نەزۆکی لەهەندێک لەوڵاتانی دەرەوە کۆنفرانسێکی زانستی بەسترا، کە تێیدا 16 پزیشک و پرۆفیسۆری تایبەت بەو بوارە لەزانکۆی ناوبراو بەشداریانکرد.

سەبارەت بە ئامانجەکانی ڕێکخستنی ئەم کۆنفرانسە، د.عەتیە حەمە سەعید ساڵح، سەرپەرشتیاری کۆنفرانسەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو ماوەیەکی زۆرە کار بۆ ڕێکخستنی ئەو کۆنفرانسە دەکات بۆ ئەوەی لەکوردستان پزیشکەکان ئاشنای تازەترین لێکۆڵینەوەو پێشکەوتنی زانستی بن لەبواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان و لەو بارەوە گوتی "ئێمە لە بواری نەخۆشییەکانی ئافرەت و منداڵبوون زۆر دواکەوتووین و ئەو نەخۆشیانەی کە تەنیا لەکتێبدا ناویان ماوە، لە کوردستاندا هەن".

بەپێی ئەو ئامارەی کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دەست (ڕووداو) کەوتوون تا ئێستا لەکوردستان لە کۆی 44 نەخۆشخانە 9 نەخۆشخانەی تایبەت بەنەخۆشیەکانی ئافرەتان و منداڵبوون هەیە، هەروەها لەکۆی 600 بنکەی تەندروستی تەنیا 17 بنکەی تەندروستی تایبەت بەو بوارە هەیە.

سەبارەت بەڕێژەی منداڵ بوون لەکوردستاندا، د.عەتیە کە ماوەی 40 ساڵە لەو بوارە کاردەکات ڕایگەیاند کە "ساڵانە لەکوردستاندا 18 هەزار منداڵ لەنەخۆشخانەکان لەدایک دەبن و 22 هەزار منداڵیش لەڕێگای مامان یان بنکەکانی دیکە لە دایکدەبن، واتە ئەو ڕێژەیە مانگانە دەگاتە 1500-1600 منداڵ".

د.عەتیە کە لێکۆڵینەوەکەی تایبەت بووە بە ڕێژەی مردنی ئەو ئافرەتانەی کە لەکاتی لەدایکبووندا گیانیان لەدەستدەدەن واتە MMR، لەو بارەوە ڕایگەیاند کە"لە ساڵی 2002 لە کوردستاندا لە کۆی 10 هەزار ئافرەت 84 یان گیانیان لەدەستدەدا، بەڵام لە ساڵی 2003-2007 ئەو ڕێژەیە بووە بە 63 لەکاتێکدا ڕێژەی ئاساییی کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO قبووڵکراوە لە کۆی 10 هەزار ئافرەت دەبێت 8 کەس بێت".

هەروەها ناوبراو باسی لەوەکرد کە تا ئێستا ئەو ڕێژەیە وەکو خۆیەتی، د.عەتیە کە خوێندنەوەی لەسەر 25 ساڵ کردبوو وەکو بەراوردێک لەگەڵ ساڵانی پێشوو، گوتی"ساڵانی هەشتاکان ئافرەت بەبەراورد لەگەڵ ئێستا زۆر کەمتر دەمردن، ئێستا ئەو ڕێژەیە زۆر زیاترە".

سەبارەت بەتەوەرەکانی کۆنفرانسەکە کە ماوەی چوار ڕۆژی خایاند، د.عەتیە ڕایگەیاند کە زۆربەی ئەو بابەتانەی پێشکەش کران بریتیبوون لەموحازەرەو چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، لەو بارەوە گوتی "لەو کۆنفرانسە پزیشکیە بیانیەکان 50 لێکۆڵینەوەیان پێشکەشکرد، هەروەها پزیشکە عێراقیەکانیش 25 لێکۆڵینەوە"، ئەمە جگە لەوەی ڕۆژی دووەم و سێیەمی کۆنفرانس چەندین وۆرک شۆپ و ڕاهێنان لەسەر ئامێرەکان ئەنجامدراون.

سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە بۆ کۆنفرانسەکە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دابینکرابوو د.عەتیە ڕایگەیاند کە بڕی 150 هەزار دۆلاریان بۆ دابینکرا، ئەمە جگە لەوەی گەرەنتی ژیانی هەریەکێک لەو پرۆفیسۆرانە 5 ملیۆن دۆلار بووە.



د.عەتیە حەمەسەعید (فۆتۆ:ڕووداو)




**تا نەکوژرێم ڕۆژنامەکان باسم ناکەن**

تایبەت بە ڕووداو:

◆ ژنە ڕۆژنامەنووس (بێگەرد حسێن) بەر لەکوژرانی لەلای هاوڕێیەکی گوتبووی " لەم وڵاتە تا نەکوژرێی ڕۆژنامەکان باست ناکەن". ئەوبوو لە شەوی 2008/4/18، لەلایەن مێردەکەی درایە بەر چەقۆو دواتر لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. بێگەرد،کە ماوەی 7 ساڵ پەیامنێری گۆڤاری گوڵان بوو، لەساڵی 1999 لەگەڵ محەممەد مستەفا ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو کچێکی تەمەن 6 ساڵانی هەیە بەناوی کەژاڵ. مێردەکەی پێشتر بەتۆمەتی کوشتنی دراوسێیەکیان 5 ساڵ حوکمدراوە.بێگەرد پێشتر پۆلیسی لە هەڕەشەی کوشتنی لەلایەن مێردەکەیەوە ئاگادارکردبوووەوە، سەرچاوەک لە پۆلیسی هەولێر دەڵێت "ئەو ژنە هەر ڕۆژەی لەشوێنێک بووەو ناونیشانێکی دیاریکراوی نەبووە تاوەکو چاودێری بکەین".

# ئەو کچەی ژنە پۆلیسەکان ڕزگاریان کرد



لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

(ش)، بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان لە ماڵەوە بە پرچ و برۆ تاشراوی، لەلایەن باوکی و زڕدایکیەوە لە ناو کەلوپەلە بێ کەڵکەکانی ماڵەوەیان زیندانیکرابوو. ئەوە جاری چەندەمی وای بەسەر بێنن، کە هەفتەی ڕابردوو دواجاربوو، بەڵام ئەمجارە بە ئاگاداربوونی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەو دۆخە ڕزگارکرا.

لەچکێکی ڕەنگ ماڕۆنی لەنێوچەوانی بەستبوو، یەکێکی قاوەیشی بەسەردا لەسەری خۆی پێچابوو. ئەگەرچی ئەو تەمەنی 17 ساڵ بوو، بەڵام دەتگوت منداڵێکی ساوایە تازە مووی برۆکانی سەر دەردەهێنن. ئەو کچە هیچ نەخۆشییەکی لەپێستیدا نییە، تاوەکو بەو هۆیەوە مووەکانی ئەبرۆی هەڵوەرێن، بەڵکو وەک خۆی گوتی وەک خراپترین سزادان "چونکە دایک و باوکم دەزانن پێمناخۆشە، هەموو جارێک پرچ و برۆم دەتاشن".

جوانی ئافرەت لە پرچیدایە، ئەوە وتەیەکە بە گوێرەی شیکردنەوەی هەموو جوانناس و ئافرەتە لێزانەکان.بۆیەش دەبێ شکانی هەستی کچێکی تازە پێگەیشتووی 17 ساڵ چۆن بێ، کە هەمیشە پرچی بە زۆری سفر بکرێ.

ئەگەرژنە پۆلیسەکانی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان نەبوونایە، ئەگەری ئەوە هەبوو، (ش)یش بەهەمان دەردی ئەیوبی 5 ساڵان بەدەستی باوک و زڕ دایکەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەکۆگا (مخزن)ی ماڵەوەیان کۆتایی بەژیانی بێ.

ئەیوب قادر، ئەو منداڵە تەمەن 5 ساڵانەیە بوو، کە لەناوەڕاستی مانگە شوباتی ئەمساڵدا، دوای ئەوەی چەندینجار بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە لەلایەن باوک و زڕ دایکەکەیەوە ئازار درا، بەڵام دواجار نەیتوانی بەرگەی ئازارەکان بگرێ و لەبارودۆخێکی هەست هەژێندا گیانی لەدەستدا، ڕەنگە (ش) دوای ئەیوب تاکە قوربانی ئەشکەنجەو ئازاری دەست باوک و زڕ دایک نەبێ، لەوانەیە دەیان منداڵی دیکەش هەبن ڕۆژانە بەدەست ئازاری زڕ دایکەوە بناڵێنن.

## ژنە پۆلیسەکان دەرگا دەشکێنن

ڕۆژی 14ی ئەم مانگە دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیس لەلایەن هاووڵاتییەکەوە ئاگادار دەکرێنەوە، کە کچێک لەلایەن دایک و باوکییەوە زیندانیکراوە، دەستبەجێ مەفرەزەیەک لە ژنە پۆلیسەکانی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دەگەنە ماڵەکەو کچەکە لە زیندانی دایک و باوکەکەی دەردەهێنن. هەروەک نەقیب ژیلەمۆ، بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی ئافرەتان بۆ (ڕووداو) گوتی "کچەکە 3 ڕۆژ بوو لەلایەن دایک و باوکەکەی زیندانیکرابوو، دایکەکەی کلیلی دەرگای شوێنە لێ زیندانیکردنی پێنەدایبن، بۆیە ناچار دەرگاکەمان شکاندو هێنامانە دەرەوەو یەکسەر باوکەکەشمان دەسگیر کرد".

(ش)، 17 ساڵ، دانیشتووی یەکێک لەگەڕەکەکانی شاری هەولێرە، ماوەی 4 ساڵە لەلایەن باوک و زڕدایکەکەی ئەشکەنجە دەدرێ و چەند جارێکیش سەرو ئەبرۆی لەلایەن باوکییەوە تاشراوە.ئەو ڕۆژەی بۆ (ڕووداو) قسەی دەکرد پرچ و برۆیەکانی سفر کرابوون. تا ئێستاش چەند جارێک هەوڵیداوە لەچنگی دایک و باوکی ڕابکات، بەڵام هەموو جارێک بەتێهەڵدان براوەتەوە ئەو ماڵەی بووەتە دۆزەخێک بۆ ئەو.

(ش) دەڵێت "باوکم و زڕ دایکەکەم چەند جارێک لەژوورەوە بەندیان کردووم و ئاو و خواردنیشیان لێ قەدەخە کردووم، 4 جاریش سەر و برۆیان سفر کردووم، هەموو جارێکیش لێیان دەپاڕامەوە دەمگوت چیم لێدەکەن بیکەن، تەنیا سەرم سفر مەکەن، بەڵام ئەوان لەبەرئەوەی دەیانزانی پێمناخۆشە یەکسەر بەمەکینە هەموویان دەتاشی، ئەوە 4 ساڵە پرچی درێژم بەسەرمەوە نەبینیوە".

## مردنی دایک..مردنی سۆز و خۆشەویستی

(ش)، کە لەشاری موسڵ لەدایکبووە، هەرتەنیا چەند مانگێک دوای لەدایکبوونی لەسۆز و خۆشەویستی بێبەش دەبێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی دایکی لەلایەن باوکییەوە دەکوژرێ. ئەو کە سێیەم منداڵی دایک و باوکییەتی، هیچ شتێک دەربارەی دایکی نازانێت"دایکی خۆمم نەبینیوە چونکە زۆر بچووک بووم کە دایکمیان کوشتوە، تا ئێستاش نازانم لەسەر چی کوژراوە".

ئیدی لەو ڕۆژەوەی دایکی دەکوژرێ (ش) دەربەردەری ماڵە خزمان دەبێ و سەرەتا دەبرێتە ماڵی پوورێکی لەئاکرێ و ماوەی 6 ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر نەنکی لەموسڵ داوای دەکاتەوە، بۆیە (ش) جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە موسڵ.

## گەڕانەوە بۆ دۆزەخی زڕ دایک

(ش)، کە دەگەڕێتەوە موسڵ، دەبینێ بووەتە خاوەنی دایکێک بەناوی (ر) واتە باوکی ژنی دووەمی هێناوە، وەک (ش) باسی دەکات "پێش ئەوەی منداڵی ببێت لەگەڵم باش بوو، بەڵام کە منداڵی بوو ئیتر مامەڵەی لەگەڵم گۆڕا".

(ش) تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەخوێنێت، بەڵام لەژێر فشاری زڕدایکەکەی، باوکی لەقوتابخانە دەردەهێنێ، بە بیانووی ئەوەی قوتابخانەکەیان تێکەڵاوە، (ش) دەڵێت " زڕدایکەکەم هەرچی بگوتبایە، باوکم جێبەجێی دەکرد، چونکە جوان بوو، لەباوکیشم بچووکتر بوو".

(ش) سەرەڕای ئەرکی ماڵەوەی، ئەرکی دەرەوەش وەکو چوون بۆ بازاڕ هەر لە ئەستۆی ئەودا بوو. سەرباری ئەو ئەرکە گرانەی (ش) جێبەجێی دەکرد، بەڵام هێشتا نابێتە جێگەی سۆز و خۆشەویستی زڕدایکەکەی بەڵکو دەڵێت "تەنانەت زڕدایکەکەم زۆرجار بوختانیشی بۆ هەڵدەبەستم بۆ ئەوەی باوکم سزام بدات".

(ش)، تاقە قوربانی ئەو خێزانە نییە، بەڵکو وەک خۆی باسیکرد خوشکیشی لەلایەن دایک و باوکی ئەشکەنجە دەدرا، ئەو دوای ئەوەی دایە پرمەی گریان وەها باسی (د)ی خوشکی کرد "خوشکەکەم بۆ ئەوەی لەدەست دایک و باوکم ڕزگاری ببێت شووی بەپیاوێکی تەمەن 40 ساڵان کرد، ئێستاش سێ منداڵی هەیە و لەیەکێک لەکۆمەڵگەکانی دەوروبەری هەولێر دادەنیشێت".

## ڕاکردن لەدۆزەخی زڕ دایک

(ش) چیتر ناتوانێ بەرگەی ئەو هەموو ئازار و لێدانە بگرێ، هەر بۆیە ڕۆژێک ماڵەکە جێدەهێڵێت بە سەری تاشراوەوە دەچێتە ماڵی کۆنە دراوسێیەکیان لەگەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر و دوو ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە، دواتر بڕیار دەدا بچێتە ماڵی (د)ی خوشکی، بەڵام پارەی پێنابێت و شەرمیش دەکات داوای پارە لەماڵەکە بکات "پارەم پێنەبوو ڕووشم نەدەهات داوای پارە لەماڵەکە بکەم، بەڵام دوای ئەوەی زانیان پارەم پێویستە 8 هەزار دیناریان دامێ، منیش یەکسەر سواری پاس بووم و چووم بۆ ماڵی خوشکم".

(ش) بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە باسی ئەو ساتانەی کرد کە خوشکەکەی بینیوەو نەیناسیوەتەوە چونکە قژ و برۆی تاشرابوو، مانەوەی (ش) لەماڵی خوشکە شووکردووەکەی درێژە ناکێشێت، دوای 7 ڕۆژ دووبارە دەگەڕێتەوە خاڵی سفر، (ش) دەڵێت " خەوتبووم کە خوشکەکەم تەلەفۆنی بۆ باوکم کردبوو، ئاگاداری کردبوو کە لەلای ئەوم بۆ ئەوەی باوکم چیتر بەدوامدا نەگەڕێ".

بەو شێوەیە باوکی پێیدەزانێ و، (ش) دووبارە دەبرێتەوە ئەو ژوورەی وەک کۆگایەک وایە و پڕە لەشتی کۆن و بێکەڵک و جارێکی دیکە قژی سفر دەکرێتەوە. (ش) دەڵێت "ئەو کاتەی سەریان تاشیم هێشتا مووی سەرم بەتەواوی نەهاتبووەوە، 3 ڕۆژ نان و ئاویان نەدامێ، دراوسێکان هاتن لەباوکم پاڕانەوە بۆ ئەوەی لەژوورەکە بمهێنێتە دەرەوە، باوکیشم بەو مەرجە هێنامیە دەرەوە کە دەست و قاچم بەزنجیر ببەستێتەوە". (ش) گوتیشی "باوکم منی هێنایە حەوشە و دەست و قاچم بەسترابوو نەمدەتوانی بڕۆم، منداڵانی زڕ دایکەکەم گاڵتەیان پێدەکردم".

## لەزنجیری باوکەوە بۆ کەلەپچەی پۆلیس

دوای ئەوەی (ش) چەند ڕۆژێک لەو ماڵەدا بەزنجیرکراوی دێ و دەچێ لەدەرفەتێکدا دەست وقاچی دەکاتەوەو بۆ جاری دووەم ڕادەکات و بۆ ماوەی دوو مانگ بێ هەواڵ دەبێت، دواتر بەکەلەپچەی پۆلیس دەهێندرێتەوە ماڵەوە.

(ش) لەبارەی ئەو دوو مانگەی ماڵی جێهێشت، دەڵێت "لەو ماوەیە نەچوومە هیچ جێگایەک تەنیا لەسەر شەقامەکان دەسوڕامەوە، شەوانیش لەپارکەکان دەنووستم، تا ڕۆژێک باوکم لەگەس شۆڕش منی بینی دەست و قاچی بەستمەوە و جارێکی دیکە سەری تاشیم، منیش دیسان هەڵاتم".

(ش) هەر چونێک بێ لەدەست باوکی ڕادەکات، بەڵام جارێکی دیکە پۆلیسێک بەبێ فەرمانێکی ڕەسمی لەجیاتی ڕزگاری بکات، دووبارە دەیگەڕێنێتەوە ئەو دۆزەخەی کە (ش) لەبەری ڕادەکات، (ش) دەڵێت "لەو کاتەی دەمویست سواری پاسی هێڵی 100 مەتری ببم، دراوسێیەکمان کە ناوی (ک)ە و پۆلیسە، بەتاکسی گەیشتە سەر سەرم، هەموو دەموچاومی بەبۆکس بریندار کرد، دواتریش بەکەلەبچە دەستەکانی بەستمەوەو بردمییەوە ماڵی باوکم، دواتر تەلەفۆنیان بۆ برای زڕ دایکەکەم کرد کە ئەویش پۆلیسە، ئەویش هات بە 4 مەتر زنجیر دەست و قاچی بەستمەوە، دواتر بەدارەکەی دەستی لێیدام و هەموو سەرو گوێلاکی بەخوێن داهێنام".

هەروەها (ش) باسی لەوەشکرد، دواجار کە لەماڵەوە زیندانیکراوە، بەتانییەکیان بەسەر دەموچاویدا داداوە بۆ ئەوەی هەناسە نەدات "لەژێر بەتانییەکە زۆر بەزەحمەت هەناسەم دەدا".



(ش) دوای ڕزگارکرانی لەلایەن پۆلیسەوە (فۆتۆ:ڕووداو)

لەبارەی دەستگیرکردنی ئەوکەسانەی بەشداریان لەئەشکەنجەدانی (ش) کردووە، نەقیب ژیلەمۆ گوتی "یەکێک لەپۆلیسەکانمان دەستگیر کردووە، باوکی (ش)ش بەپێی ماددەی 413 زیندانیکراوە، هەرچەندە (ش) تەنازولی بۆ کردووە، بەڵام دادوەر هێشتا بڕیاری ئازادکردنی نەداوە".

سەبارەت بەلێبووردنی باوکیشی، (ش) دەڵێت "بەزەییم بەباوکمدا هاتەوە چونکە منداڵەکانی زۆر بچووکن کەس نییە بەخێویان بکات".

# ئەو ژنەی چارەسەرەکەی لەئێرانە لە وەزیرە گەرمیانییەکەش بێ ئومێد بوو

## عەینەی دایکی 6 منداڵ: "ئێستا حەز دەکەم گوللەیەکم لێبدەن و لەو ئازارە ڕزگارم بێ"

**ڕووداو–گەرمیان**

پێش ئەوەی کۆتایی بەقسەکانی بێنێ، گوتی "حەز دەکەم گوللەیەکم لێبدەی و بمکوژی بەس لەو ئازارە ڕزگارم بێ". سێ ساڵ زیاترە عەینە ئەو دەرگاو ئەم دەرگا، ئەو حکومەت و ئەم حکومەت دەکات، بۆ ئەوەی بڕە پارەیەکی بۆ خەرج بکەن تاوەکو چارەسەری نەخۆشییەکەی پێ بکات، بەڵام دواجار هەموو هەوڵەکانی بێ ئاکام دەبن، ئێستاش خۆزگەی مەرگ دەخوازێ.

عەینە تاڵب حەمە ڕەزا، 44 ساڵ، ئەو ئافرەتە گەرمیانییەیە، کە بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەک لەلایەن دکتۆرەوە، ئەوە بۆ ماوەی 9 ساڵ دەچێ، دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بووە و بەهیچ شێوەیەکیش جارێکتر منداڵی نابێ، نەخۆشییەکەی عەینە بەجارێک کوشندەیە، چارەسەری لەدەست دکتۆرەکانی کوردستان نەماوە و پێیانڕاگەیاندووە کە چارەسەرییەکەی تەنیا لەئێران و ئوردنە.

عەینە لەبارەی ئەو نەشتەرگەرییەی کەکاتی خۆی بۆی کراوە گوتی"9 ساڵ بەر لەئێستا منداڵدانم دووچاری نەخۆشییەک بوو، دکتۆر نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدام، بۆری منداڵدانمی بڕی و گوتی تەواو چاک بوویتەوە".

هەرچەندە عەینە، 6 منداڵی هەیە، بەڵام دوای ئەو نەشتەرگەرییە هیچ منداڵێکی نابێ.کاتێک باسی منداڵبوون لەگەڵ ئەو ژنە دەکەی یەکسەر دەست بۆ سکی دەبات و دەڵێت "منداڵبوونی چی، ناو سکم ئاگری تێبەر بووە، دکتۆر منی عەیبدار کرد، نەشتەرگەرییەکی بۆ کردووم لەمێژوودا نەشتەرگەری وا نەکراوە، بەجارێک ژیانم نەماوە".

لەو کاتەدا مێرەکەی کە ناوی عاسییە قسەکانی بە عەینە بڕی و گوتی"پێش ئەوەی دکتۆرەکە نەشتەرگەری بۆ خێزانەکەم بکات، ریشم ماچکرد و پێمگووت: دکتۆر گیان منداڵمان نەگەرەکە، بەس ژنەکەم چاک بێتەوە، کە هاتە دەرەوە گوتی تەواو: ئەوەی هێلەکەیە لەناو سکیم نەهێشتووەو گشتیم فلیقاندەوە".

عەینە ئێستا ڕۆژانە بەدەست نەخۆشییەکەیەوە لە ژیانێکی مەمرە و مەژیدایە"پێش ئەو نەشتەرگەرییە لەژیانمدا حەبی ژانەسەریشم نەخواردبوو، وەکو تۆپە گوڵ وابووم، بەڵام ئێستا نەخۆشییەکەم بەجارێک تەشەنەی سەندووە گشت گیانمی گرتووەتەوە، سووڕی مانگانەم نەماوە، دکتۆرەکان پێیانڕاگەیاندووم مەمکێکت تووشی شێرپەنجە بووەو دەبێت ببڕدرێتەوە".

تا ئێستا چەندین کەس بەهۆی هەڵەی دکتۆرەکانەوە بەتایبەتیش بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەری هەڵە، دووچاری مەترسی بوونەتەوە و هەندێکشیان گیانیان لەدەستداوە، بەڵام زۆربەی جاران بەناوی ئەوەی مردن و ژیان بەدەست دکتۆر نییە، دکتۆرەکان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون، بەبێ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ.

ئێستا ژیانی عەینە بە 10 هەزار دۆلارەوە بەندە، چونکە چارەسەری نەخۆشییەکەی لەدەرەوەی وڵاتە، بەڵام تا ئێستا حکومەت و هیچ سەرمایەدارێک جورئەتی نەکردووە دەست بۆ گیرفانی بەرێت و بڵێت من پارەی چارەسەری نەخۆشییەکەی دەدەم.



عەینە تاڵب (فۆتۆ:ڕووداو)

وەک عەینە باسیکرد، ئەو یەکێکبووە لەو 25 نەخۆشەی کە ئیدارەی پێشووی سلێمانی بەڵێنی پێدابوون بۆ چارەسەری ڕەوانەی دەرەوەیان بکات، بەڵام لەگەڵ یەکگرتنەوەی حکومەت ئەو خەونەی عەینە زیندەبەچاڵ بوو. عەینە دەڵێت "ڕۆژێکیان پرسیارم کرد گوتم: ئەرێ سەفەرەکەی ئێمە چی بەسەر هات؟ گوتیان: سەفەری چی، کاخەزەکانمان گشتی فڕێدا، حکومەت لێرە نەماوە، تۆ شوێن کڵاوی بابردوو کەوتووی".

هەفتەی ڕابردوو عەینە لەهەولێر بوو عەلاگەیەک نانی لە هەولێر بەدەستەوە بوو، کاتێک پرسیاری ئەو عەلاگە نانەی لێکرا، گوتی " ئەوە سێ ڕۆژە لە هەولێرین، هاتووین بۆ عیادە، لەگەڵ مێردەکەم ئەو سێ ڕۆژە تەنیا دوو شیش کەبابمان خواردووە، ئەو نانەش هی کەبابەکەیە، گوتم با پێمان بێت، ئەگەر برسیمان بوو بیخۆین، چونکە دەترسم تا دەچینەوە کەلار پارەی کرێی چوونەوەمان پێ نەمێنێ، برسیمان بێ باشترە نەوەک پارەمان پێ نەمێنێ".

هەرچەندە عەینە تا ئێستا سێ جار داواکاری داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام هەر سێ جار بە"نا" وەڵامی دراوەتەوە، بۆیە دواجار ئەو ژنە گەرمیانییە پەنا دەباتە بەر وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی کوردستان، بەڵکو ئەو وەزیرە گەرمیانییە کارێکی بۆ بکات، بەڵام شانسی عەینە، ناوچەگەرێتیش هیچ کاریگەری نابێ.

عەینە دەڵێ "چوومە لای عەدنانی حەمەی مینە، گوتم خەڵکی وڵاتەکەمانە بەڵکو شتێکمان بۆ بکات، کاغەزی دکتۆر و هەموو شتێکم لەبەردەم دانا، پێمگوت خاوەن شەهید و ئەنفالین، مێردەکەم پێشمەرگەی کەمئەندامە، گوتی هیچ بەئێمە ناکرێ".

عەینە، درێژەی بەقسەکانیدا و گوتی" کوڕێکی گەنج لەوێ بوو گوتی کاک عەدنان، ئەوانە هاتوون بۆ عیادە، بەڵکو یارمەتییان بدەی، هەر هیچ نەبێ پارەی عیادەیان بدەیتێ، بەڵام یەک فلسی پێنەدان، گوتی پارەمان نییە".

عەینە، بەجارێک لەژیانی خۆی بێزارەو خۆزگەی مەرگ دەخوازێ و دەڵێت "ئەوەندە بێ ئومێد بووم، زۆر جار دەگەمە ئەو باوەڕەی دەبەیەک بەنزین بەخۆمدا بکەم، بەجۆرێک خۆم لەناو ببەم لەهەموو جیهان دەنگبداتەوە، ئێستا حەز دەکەم گوللەیەکم لێبدەن و بمکوژن، بەس لەو ئازارە ڕزگارم بێ".

# "ڕێگای نێوان قەڵادزێ و ڕانیە، خراپترین ڕێگای کوردستانە"

**ئەسکەندەر حەمەدەمین**
**ڕووداو-قەڵادزێ**

زیاتر لەچوارساڵە دەستکراوە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی جووتسایدی نێوان ڕانیە و قەڵادزێ، بەڵام تا ئێستا تەواو نەکراوە. بەڵام سەرۆکی شارەوانی ڕانیە دەڵێ "جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە تا ئێستا دەرنەچووە، بەڵکو تەنیا 4 ملیار دینار بۆ چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگا کۆنەکە تەرخانکراوە".

تەواو نەبوونی ئەو ڕێگایە نارەزاییەکی زۆری لەنێو شوفێرانی ئەو هێڵە و دانیشتووانی دەڤەرەکە دروستکردووە و، ئاماژە بەوە دەدەن، بەهۆی کۆنی ڕێگاکە گیانی زۆربەی شوفێرانی ئەو ڕێگایە لەمەترسیدایە و تا ئێستاش چەندین ڕووداوی هاتووچۆ لەو ڕێگایە ڕوویداوە.

سوارە هەمزە، کە شوفێرێکی هێڵی نێوان ڕانیە و قەڵادزێیە، ڕێگاکەی بە "خراپترین و وێرانترین ڕێگا لەکوردستان" ناو بردو گوتی "ئەگەر بەدوای وێرانی ڕێگاکانی کوردستاندا بگەڕێیت، هیچ ڕێگایەکی کوردستان نابینیەوە لەڕێگای قەڵادزێ و ڕانیە وێرانتر بێت".

ئەو شوفێرە ئەوەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە کە 4 ساڵ زیاترە دەست بەدروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکە کراوە بەڵام تا ئێستا تەواو نەبووە و گوتی "ئەوە بۆ پێنجەمین ساڵ دەچێ، هەر دەڵێن ئەمساڵ نا ساڵێکی دی ڕێگاکە تەواو دەبێ".

گرفتی ڕێگای ڕانیەو قەڵادزێ هەر شەقامەکان نییە، بەڵکو پردەکانیشیەتی کە زۆر کۆنن و مەترسی ڕووخانیان لێدەکرێ. ئەو شوفێرە لەوبارەوە دەڵێ "گرفتی ئێمە تەنیا شەقامەکان نییە، پردەکانیش ڕووخاون و ئاوڕیان لێنادرێتەوە، ڕێگاکان بەکەڵکی ئەوە نایێن ئۆتۆمبێلیان پێدا بڕوات، دیارە کە بەرپرسەکان پێیدا دەڕۆن چاو دەنوقێنن، لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێلیان پێیە، پەکیان ناکەوێ".

تۆ ئەگەر هەرچەند شوفێرێکی لێهاتوو بیت، بەڵام هەر کاتێک خەیاڵت بەلایەکدا بڕوات و بەو ڕێگایەدا بڕۆیت، ئەگەری ئەوە هەیە بکەویتە ناو یەکێک لەچاڵەکانی ڕێگاکە و ڕووبەڕووی مەترسی ببیەوە، بەپێی قسەی شوفێرانی هێڵەکە، بەهۆی کۆنی ڕێگاکە تا ئێستا چەندین ڕووداوی هاتوچۆی پڕ لەقوربانی لێکەوتووەتەوە.

ئیسماعیل تەها، شۆفێرێکی دیکەیە ئاماژە بەو کارەساتانە دەکات کە ناو بەناو لەڕێگاکەدا ڕوو دەدەن و، دەڵێت "ئەو ڕووداوانەی لەم ڕێگایەدا ڕوودەدەن، هۆی ئەوەنییە کە کابرا شوفێرێکی لێهاتوو نییە، بەڵکو ڕێگاکە مەرجی هاتووچۆی تێدا نییە، زۆر شۆفێر هەیە تاسەیەکی زۆر قوڵ هەبووە، بۆ دووەم جار کە لێیداوە بۆ خۆی چووە گڵی بۆ بردووە و پڕی کردووەتەوە".

سەرەڕای گلەیی شوفێران و هاووڵاتیان لەکۆنی ڕێگاکەو دواکەوتنی تەواو بوونی پڕۆژەکە، بەرپرسانی ناوچەکە بەپاساوی جۆراو جۆر گلەیی هاووڵاتییان لەخۆیان دوور دەخەنەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستە (ڕووداو) پەیوەندی کرد بە حەسەن عەبدوڵڵا، قایمقامی قەزای پشدەر، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک لەبارەی ئەو پڕۆژەیە بکات.

بەڵام دلاوەر قوباد ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی پشدەر ڕئەوەی بۆ (ڕووداو) خستە ڕوو کە تا ئێستا بڕیاری جێبەجێکردنی پڕۆژەی جووتسایدی ڕانیە و قەڵادزێ دەرنەچووە، بەڵکو بڕیاری نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکە دەرچووە "جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە تا ئێستا دەرنەچووە، بەڵکو تەنیا 4 ملیار دینار لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەت و پارێزگاری سلێمانی بۆ چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگا کۆنەکە تەرخانکراوە". هەروەها گوتیشی "چاککردنەوەکەش لەپشدەرەوە تاوەکو ژاراوەیە، لە ژاراوە تاوەکو دەگاتە دەربەندی ڕانیە لەبەرنامەدا نییە، چونکە لەسنووری شارەوانیدا نییە، دواتریش بوودجەمان نییە، ئەوەی دەمێنێتەوە لەئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دایە".

وێڕای لێدوانەکانی سەرۆکی شارەوانی پشدەر، کانەبی حەسەن، بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی ڕانیە، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو پڕۆژەیە پێشووتر لەسەر ئەرکی شارەوانی کراوە. ناوبراو گوتیشی "دوو سایدی قەڵادزێ و ڕانیە نەخراوەتە بەرنامەوە، کەچی سەرۆکی شارەوانی دەڵێ بوودجەمان نییە".

هەروەها حەسەن کانەبی ئاماژەی بەوەشدا کە "ئەم دوو سایدە دراوەتە بەڵێندەرێک، بەڵام نازانم کەی تەواوی دەکات، ئەم دوو سایدەش کە شارەوانی کردوویەتی، نازانم لەسەر چ بوودجەیەک بووە".

---

دوای 8 ساڵ پڕۆژەی مەلەوانگە و هۆڵی تاهیر تۆفیق تەواو نەبووە

# کێشە لە نێوان دوو وەبەرهێنەری عەرەب و شارەوانی کۆیەدایە



ئاری سابیر

ari@rudaw.net

**ڕووداو- کۆیە**

لەگەڵ ئەوەی ماوەی هەشت ساڵە دەستکراوە بە دروستکردنی پڕۆژەی مەلەوانگەو هۆڵی داخراوی تاهیر تۆفیق لە بناری هەیبەت سوڵتان کە ئێستا گەڕەکی زانکۆی پێدەڵێن لەکۆیە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو پڕۆژەیە تەواو نەکراوە.

پڕۆژەکە سەرەتا لەلایەن شارەوانی کۆیە لەساڵی 2000 دەستکرا بەکارکردن تێیدا کەچی نەتوانرا تەواو بکرێت. ئاراس حەوێزی سەرۆکی شارەوانی کۆیە هۆکاری تەواو نەکردنی پڕۆژەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ "کەمی بوودجە". بودجەکە لەلایەن بەڕێز مام جەلال سکرتێری یەکێتی تەرخانکرابوو بەڵام گوتی" بە بودجەی پڕۆژەکە تەنها توانرا 30 % کارەکانی پێی تەواو بکرێت و پێویستی بەیەک ملیۆن دۆلار بوو".

هەروەها گوتی "ئەو پڕۆژەیە پارەیەکی زۆری دەویست تاوەکو تەواو بکرێت و لەساڵانی ڕابردوو حکومەتی هەرێم ئەو بودجەیەی نەبوو پێی تەواو بکرێت، دەیان پڕۆژەی لەوە گرنگتر هەبوو ئەنجامبدرێن بۆ شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆیە ئێمە بیرمان لەوەکردەوە بەشێوەی گرێبەست بیدەینە کۆمپانیایەک تەواوی بکات".

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی شارەوانی ئیدارەی سلێمانی کە لە2006/6/8 دەرچووەو ئیمزای بریکاری وەزیری شارەوانی لەسەرە، بەپێی یاسای 32 ساڵی 1986 لەسەر داوای سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە پڕۆژەکە،وەک پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان دراوەتە کۆمپانیای (هۆم ئەنتەرناسۆنیال گرووپ)ی لوبنانی بەگرێبەستێک کە ماوەکەی 25 ساڵە.

ئاراس حەوێزی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کۆمپانیای (هۆم ئەنتەرناسۆنیال گرووپ) کۆمپانیایەکی بەنێوبانگەو چەندین پڕۆژەی دیکەی گەورەی لەکوردستان و عێراق بەدەستەوەیە "لەدروستکردنی شوێنی گەشتیاری توانایەکی باشیان هەیە، بۆیە ئێمە داوامانکرد بدرێتە ئەوان تاوەکو پڕۆژەکە تەواو بکەن". ئاماژەی بەوەشکرد کۆمپانیاکە چەند خاڵێکی دیکەیان زیادکردووە لەپڕۆژەکە ئەویش دروستکردنی سوپەرمارکێتێکی گەورەیە لەناو پڕۆژەکە لەگەڵ دیوارێکی گەورە بەچوار دەوری پڕۆژەکەدا بەڵام ئێستا پڕۆژەکە ڕاوەستاوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون کۆمپانیای هۆم ئەنتەرناسۆنیاڵ گرووپ لەسەرەتای گرێبەستەکەیانەوە لەگەڵ حکومەتی کوردستان پڕۆژەکەی داوەتەوە بە کۆمپانیایەکی دیکە بەناوی (ئەبوغەرب) کە خاوەنەکەی هەیسەم سالمە و دانیشتوی شاری موسڵە، خۆیان کاریان لەپڕۆژەکە نەکردووە، دواتر لەسەر پارە کێشە لەنێوان ئەو دوو کۆمپانیایە دروستبووە هەر بۆیە پڕۆژەکەش وەستاوە.

سەرۆکی شارەوانی کۆیە جەختی لەوەکردەوە و گوتی "کۆمپانیای هۆم ئەنتەرناسۆناڵ گرووپ بەخۆیان پارەی پڕۆژەکە دەدەن، کێشەمان نییە لەسەر ئەوەی کێ پڕۆژەکە ئەنجامدەدات، گرنگ ئەوەیە بەو مەرجانەی ئێمە هەمانەو لەگرێبەستەکەدا هاتووە لەکاتی خۆیدا تەواوی بکەن و بیدەنەوە ئێمە، تائێستاش کاتیان ماوە".

ئاراس حەوێزی گوتی "وەک شارەوانی نووسراومان کردووەو ئاگاداری کۆمپانیای ئەنتەرناسۆنیال گرووپمان کردووەتەوە لەدواکەوتن و وەستانی پڕۆژەکە، بۆئەوەی دەست بەکارکردن بکەنەوە و تەواوی بکەن، ئەگەر تەواوی نەکەن دەیدەین بەکۆمپانیایەکی دیکە". ئەوەشی ئاشکراکرد کە ئەو کۆمپانیایە ئێستا پڕۆژەی دروستکردنی 500 شوقەی نیشتەجێبوونی بۆ دەرچووە لەکۆیە "بەڵام نەمانهێشتووە دەست بەکارکردن بکەن تاوەکو پڕۆژەکەی دیکە تەواو نەکەن".



پڕۆژەی تەواو نەکراوی مەلەوانگە لە کۆیە (فۆتۆ:ڕووداو)

ئەگەرچی چەند جارێک سەردانی پڕۆژەکەمان کرد بۆ ئەوەی ڕای بەرپرسانی کۆمپانیای هۆم ئەنتەرناسۆنیال گرووپ وەربگرین، بەڵام هیچ بەرپرسێک و ئەندازیارێکی کۆمپانیاکە لەوێ ئامادەنەبوون.

---

# پڕۆژەکانی ناحیەی ڕزگاری بەتەواو نەکراوی جێدەهێڵدرێن



سۆران بەهائەدین

Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو-ناحیەی ڕزگاری**

زۆربەی ئەو پڕۆژانەی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە ناحیەی ڕزگاری کراون، بە تەواو نەکراوی جێهڵدراون و هەندێک لە پڕۆژەکانیش بەهۆی نەبوونی پاسەوانەوە لەلایەن هەندێ لە هاووڵاتییانی ناحییەکەوە تێکدراون، بۆیەش ناحیەکە نەیانتوانیوە بەپێی پێویست سوود لەو پڕۆژانە وەربگرن.

کۆمەڵگای تۆبزاوە 35 کیلۆمەتر لەشاری هەولێرەوە دوورە، دوای هێرشەکانی ئەنفال لەساڵی 1988 دروستکراوە، ئێستا ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 30 هەزار کەس دەبێت و لەساڵی2005یش بووەتە ناحیە و ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ڕزگاری.

یەکێک لە و پڕۆژە خزمەتگوزارییانەی بۆ ناحیەکە دەستپێکراوە دروستکردنی پارکێک بووە لەساڵی2005 بەگوژمەی92 ملیۆن دینار، بەڵام جگە لەپەرژینی پارکەکە هیچی دیکەی بۆ ئەنجامنەدراوە، دواتریش بەهۆی لادانی پاسەوانی پارکەکە، دەرگا و ئاسنەکانی پەرژینەکەشی لەلایەن هاووڵاتییانەوە تێکدران.

یوسف حەمەد، کەبەشێوەیەکی کاتی سەرۆکی شارەوانی ڕزگارییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پیاوێک بە 75 هەزار دینار پاسەوانی پارکەکە بوو، بەڵام سەرۆکی شارەوانی پارەی پاسەوانەکەی بڕی، بەبیانووی ئەوەی پارکەکە سەر بەشارەوانی نییە،ئینجا بەهۆی نەبوونی پاسەوانەوە پارکەکە وێرانکرا، ئەگەر 75هەزار دینارمان بدایە پاسەوان ئێستا بەم شێوەیە وێران نەدەکرا".

بەپێی قسەی سەرۆکی شارەوانی، چاککردنەوەی پارکەکە نزیکەی 5 ملیۆن دیناری دەوێت و گوتیشی وا بڕیارە پارکەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پارک و باخچەکانی شارەوانییەکانی هەولێرەوە چاکبکرێتەوە.

عەبدولسەتار ئاغا عومەر، بەڕێوەبەری ناحیەی ڕزگاری، لەگەڵ ئەوەی گلەیی لەخەڵک هەبوو لەو وێرانکاریەی لەناو پارکەکەدا کردوویانە، لەهەمانکاتدا سەرسوڕمانی خۆشی نیشاندا کە نازانێت ئەم پارکە سەر بەچ دەزگایەکی حکومەتە "نازانین ئەو پارکە سەر بە چ لایەنێکە،لەکاتی خۆشی سەرۆک شارەوانی تۆبزاوە ئامادە نەبوو مانگی75 هەزار دینار بداتە پاسەوان تا ئەو کاولکاریەی تێدا نەکرێت، ئێستاش پێشنیازمان کردووە کەبیدەینە بەڵێندەرێک بۆ ئەوەی بیکاتە یاریگای منداڵان، کەسێکیش ئەو داواکاریەی کردووە، بەڵام تائێستا نەگەیشتووینەتە ئەنجامی کۆتایی".

دانا عەبدولڕەحمان،تەمەن 21 ساڵ، کە قوتابی پەیمانگای تەکنیکی هەولێرە بەرپرسیارێتی تێکدانی ئەو پارکەی خستە ئەستۆی خەڵک و حکومەت "ئەگەر حکومەت ئامادە نەبێت خزمەتگوزاری بۆ پارکەکە دابین بکات و پاسەوانی بۆ بگرێت، زۆر کەس بەئەنقەست پارکەکە تێکدەدەن، بەتایبەتی خەڵکی تۆبزاوە بەشێکیان عەشایەرن و گرنگی ئەم پارکە نازانن".

گەورەترین پڕۆژەی خزمەتگوزاری ناحیەی ڕزگاری لەساڵی2007 بوو، ئەویش پڕۆژەی جوانکاری دووسایدی بازاڕی سەرەکی ناحیەکە بوو، ئەم پڕۆژەیە لە 2 کیلۆمەتر ڕێگاو بان، 8 هەزار مەتر شۆستە، 15 تۆن دانانی لم و بۆیاخکردنی شۆستە و 4 کیلۆمەتر ئاوەڕۆ، گوژمەی پڕۆژەکەش 2 ملیار دینار بووە، بەڵام ئەو پڕۆژەیەش تەواو نەکراوە.

بەڕێوەبەری ناحیەی ڕزگاری هۆکاری تەواو نەکردنی ئەو پڕۆژەیەی گەڕاندەوە بۆ ئەو بەڵێندەرەی پڕۆژەکەی ئەنجامداوەو گوتی "بەڵێندەرەکە 45 ڕۆژ پێش وادەی تەواو بوونی پڕۆژەکە، پڕۆژەکەی پێدابینەوە، ئێستاش تەنیا قیرتاو کردنی ماوە ئەویش پارێزگا بەهاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان کارەکەی لەئەستۆی خۆی گرتووە، قیرتاو کردنەکەش لەم چەند ڕۆژە تەواو دەبێت کەنزیکەی 24 هەزار مەترە".

سەبارەت بەکۆنکرێتکردنی شەقامەکانی ناحیەکە، یوسف حەمەد، سەرۆکی شارەوانی گوتی "لەساڵی2005دا، نزیکەی 20 هەزار مەتر دووجا کۆنکریتکردنی کۆڵانەکانمان بۆ دەرچوو، ئێمەش بەسەر کۆڵانەکانماندا دابەشکرد، بەڵام هێشتا زیاتر لە%75 کۆڵانەکان کۆنکرێت نەکراون". سەرۆکی شارەوانی دەڵێ بەڵێنیان پێدراوە ئەوانیش ئەمساڵ کۆنکرێت بکرێن.

لەکاتی ئەنجامدانی پڕۆژەی جووتسایدی ڕزگاری بەدەیان ماڵ و دووکان زیانیان بەرکەوت، بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) زیاتر لە 30 ماڵ و 150 دووکان بەهۆی ئەو پڕۆژەوە زیانیان بەرکەوتووە و پێویستیان بەچاککردنەوە هەیە.

شەریف تاهیر،38 ساڵ، کە لەسەر کورسییەک لەبەردەم دوکانەکەی دانیشتبوو، بەدەست ئاماژەی بۆ دووکانەکەی دەکرد کە چۆن لەم پڕۆژەیەدا نزیکەی نیو مەتری بووە چاڵ .ئەو دوکانداره گوتی "بەناچاری هەموو دوکانەکەم ڕووخاند، نزیکەی4 ملیۆن دینارم لێ خەرجکرد تاوەکو چاکم کردەوە".

بەڕێوەبەری ناحیەی ڕزگاری دەربارەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان گوتی "لەسەر داوای پارێزگاری هەولێر بەدواداچوونێکمان کرد، ناوی خاوەنی ئەم دووکان و ماڵانەمان نووسی کە زیانیان پێکەوتووە، ناوی زیاتر لە80 ماڵ و دوکانمان نووسیوە بۆ قەرەبوو کردنەوە، بەڵام لەو بڕوایە نیم قەرەبوو بکرێنەوە". بەڵام سەرۆکی شارەوانی تۆبزاوە جیاواز لەسەرۆکی شارەوانی گوتی "هیچ هەوڵ و بەدواداچوونێکمان بۆ زیان لێکەوتوان نەکردووە چونکە پێمان ڕانەگەیێندراوە بەدواداچوون بکەین".

هەرچەندە 4 کیلۆمەتر ئاوەڕۆ بۆ ناحیەکە دروستکراوە، بەڵام بەهۆی سەر ئاوەڵایی چەند شوێنێکی ئاوەڕۆکە زۆربەی ئاوی ناو ئاوەڕۆکە دەڕژێتە سەر شەقامەکان، تەنانەت لە زۆر شوێندا گۆماوی گەورە دروستبووە.

سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری لەبارەی گرفتی ئاوەڕۆکانەوە گوتی "ئەو گرفتەم بەبەڕێوەبەرایەتی ئاوو ئاوەڕۆکانی هەولێر ڕاگەیاندووە،بەڵێنیان داوە لەمساڵدا چارەسەری بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش داوای دروستکردنی حەوت کیلۆمەتر ئاوەڕۆمان کردووە".

ناحیەی ڕزگاری جگە لەگرفتی ڕێگاو بان و پارک و ئاوەڕۆ،گیرۆدەی کێشەی نەبوونی کارەبا و ئاویشە. زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانیش کاریگەری لەسەر خزمەتگوزارییە پێویستییەکانی وەک ئاو و کارەبا هەیە.

فاتیمە، 36ساڵ، کە ماڵی لەنزیک یەکێک لەبیرە تازە لێدراوەکانە، منداڵێکی لەباوەش گرتبوو بۆ (ڕووداو) گوتی "یەک ساڵە لێرەین، بەردەوام بێ ئاوین، ئەو بیرەی بەر ماڵیشمان 4 مانگ دەبێت تەواو بووە کەچی کارەبای بۆ دابین ناکەن، منداڵی گەڕەک هەموو پەنجەرەکانیان شکاندووە،چونکە تائێستا کاری نەکردووە".

بەڕێوەبەری ناحیەی ڕزگاری ئەوەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە کە کێشەی کەم ئاوی لەناحیەکەدا تەنیا نەبوونی کارەبایە "لەساڵی ڕابردوو 6 بیری ئاومان لێدا، کەدووانیان ئێستا کار دەکەن، 4 بیرەکەی دیکەش تەنیا محاویلەی کارەبایان دەوێت، کە نزیکەی100 ملیۆن دیناری تێدەچێت".

سەرەڕای کەمی ئاو لەناحیەکەدا بۆڕییەکانی ئاوی ناحیەی ڕزگاری زۆر کۆنن و لە ساڵی 1988وە تا ئێستا نەگۆڕدراون و بەشێکیش لەو بۆڕییانە شکاون و ئاویان لەبەر دەڕوات.

بەڕێوەبەری ناحیەی ڕزگاری سەبارەت بەشکان و کۆنی بۆڕییەکانی ئاو،گوتی "لەساڵی 2007 بڕی 500ملیۆن دینار تەرخانکرا بوو بۆ چاککردنەوەو دانانی بۆری تازە".

هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە بینایەی بگۆڕی ناحیەی ڕزگاری دروستکراوە، بەڵام تا ئێستا هێڵی تەلەفۆنی نۆرماڵ بۆ ناحیەکە ڕانەکێشراوە .بەڕێوەبەری ناحیەی ڕزگاری سەبارەت بەنەبوونی هێڵی تەلەفۆنی نۆرماڵ گوتی "نزیکەی 15-20 بینایەی لەو جۆرە بۆ قەزا و ناحیەکانی ئەو دەڤەرە دروستکراون، کە هەر بینایەیەک نزیکەی 230 ملیۆن دیناری تێچووە، بەڵام پێشکەوتنی تۆڕی مۆبایل قەیرانی دروستکردووە".



پارکی تازە دروستکراوی ڕزگاری بۆتە مەیدانی ئاژەڵان (فۆتۆ:ڕووداو)



ویداد ئاکرەیی، سەرۆکی ڕێکخراوی بەرگری نێونەتەوەیی

# ئەو ژنەی کێشەی کورد دەباتە UN

**ڕووداو –نەرویج**

### بە 8 ساڵی بەبەعسی گوت (نا)

ویداد ئاکرەیی لە دوای کۆڕەوی 1991 کوردستانی بەجێهێشت و لەساڵی 1992 لە وڵاتی دانیمارک گیرسایەوە .ئەوکە لە ماڵەکەی خۆی لە نەرویج قسەی بۆ (ڕووداو)دەکرد، هێشتا ڕۆژانی منداڵیی خۆی لە کوردستان باش لەبیربوو.

ویداد دەڵێ ئەوکاتەی تەمەنم 8 ساڵان بوو لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی قوتابخانەی سەرەتایی کچانی ئاکرێ، ڕۆژێک کەبەعسییەکان داوایان لێدەکەن هەموویان ببن بە بەعسی ئەو بەڕووی بەعسییەکاندا دەچێ و" گوتم نابمە بەعسی، ئەوە بووە هۆی ئەوەی توندوتیژی بەرامبەرم بەکاربێنن و کۆڵم نەدا" .دوای ئەوەی کە گەورە دەبێ لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبێکی کوردستانیدا کاردەکات،بەڵام حەزی نەکرد ناوی ئەو حیزبە بێنێ"حەزناکەم ناوی بێنم، زۆر کەس دەزانێ سەر بەکام پارت بووم،بەڵام لەوکاتەی هاتوومەتە دانیمارک پەیوەندیم بە هیچ پارتێکەوە نەماوە" .

کورد زۆرن لە ڕۆژئاوا، بەڵام ژمارەی ئەوانە یەکجار کەمە کە تێکەڵاوی ناوەند و ڕێکخراوە دیار و کاریگەرەکان بوون، بۆیەش زۆر باس لە بێ کاریگەری ڕەڤەندی کورد لە نێو کۆمەڵگە و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا دەکرێ.

بەڵام ویداد ئاکرەیی، یەکێکە لە نموونە ریز پەڕەکان. ئەو لەو بێ ئەزموونییەی کورد ڕێی گەیشتن بەو نێوەندانەی دۆزیەوە. یەکسەر درێژەی بە خوێندندا و بووە ئەندامی ڕێکخراوە مافپارێز و مەدەنییەکان.

ئەو خانمە ئاکرەییە لە گێڕانەوەی ئەزموونی خۆی لە گەیشتن بە ژیانێکی تازە دەڵێ" واهەستمکرد بۆ درێژەدان بە پەیوەندی خۆم بەکوردستانەوە دەبێ چالاک بم و بایەخ بە بواری ماف بدەم ئەگەر من بەردەوامیەک بەکاری مافی مرۆڤ بدەم، ئەمە دەبێتە هۆی دوورنەکەوتنەوەم لە وڵاتی خۆم،کە خۆم لە شاخ و بەبینینی شاخەکان گەورە بوومە جا لەبەر ئەوە زۆر بەدڵگەرمی دەستم بە خوێندن و چالاکی کرد،بێگومان کەسێکیش کاتێک بڕوای بە شتێک بێت ودەرفەتیشی بۆ برەخسێ،دەتوانێت زیاتر قسەی خۆی بەرای گشتی بگەیێنێت" .

ناچالاکی و نەخوێندەواری هەندێ کورد، حیزب حیزبێنەی تەسکی هەندێکی دیکە و رقداری هەندێکی دیکەیان سێ هۆکاری بێ کاریگەری کوردانی ئەوروپان. ویداد ئاکرەیی، کەهەموو پیاوێکی کورد بە براو باوک و هەموو ژنێکیش بە خوشک و دایکی خۆی دادەنێ ئەو ڕاستییە بە ناچاری دان پێدادەنێ و دەڵێ" رەخنەی من لە هەموو کورد ئەوەیە کەس یارمەتی کەس نادات و پشتی ناگرێت،بەڵکو زۆربەداخەوە ئێمە وەک کورد کە هەستدەکەین کوردێک تۆزێک بەرەو پێشدەچێت هەموو کەس هەوڵدەدات شکستی پێبێنی"، هەروەها دەڵێ "کە تازە هاتمە ئەوروپا و هەوڵمدا لە بواری مافی مرۆڤدا کەس پشتگیری منی نەکرد لەسەرەتای دەستکردنم بەکار لەم بوارەدا،هەرکەس نەیدەزانی ئەم ڕێکخراوانەش چین. دوای ئەوەی ناوی منیان تێکەوت ئەم ڕێکخراوانەش بوون بەشتێکی ئاسایی لەلای کورد .کە ناسرام ئینجا پشتگیریان کردم" .

### لێبووردنی نێودەوڵەتی مێش لەکورد دەکاتە گامێش

ویداد ئاکرەیی، لەساڵی 1994 بووە ئەندامی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (منظمة العفو الدولية)، لەکارنامە دانان و نوێنەرایەتی کردنی لە UN و بەڕێوەبردنیدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی گێڕاوە،بەڵام لەساڵی 2007 دەستی لەو ڕێکخراوە کێشایەوە" لەبەر ئەوەی هەستمکرد کەسانێک هەن لە پرەنسیپەکانی دووردەخەنەوەو بەرەو سیاسەتێکی تایبەتی دەبەن، بەجۆرێک جیاوازی لەنێوان کێشە مرۆڤایەتییەکاندا دەکرا، لای منیش مرۆڤ هەر مرۆڤە و کە تووشی کێشەیەک هات دەبێ یارمەتی بدرێ".

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە زاڵبوونی کەسانی عەرەبی شۆڤێنی لایەنگری سوریا و ڕژێمە عەرەبییەکانی دیکە تۆمەتبار دەکرێ. ویداد ئاکرەییش ئەوە پشت ڕاستدەکاتەوەو دەڵێ " دەتوانم بڵێم سیاسەتەکەیان گونجاوە لەگەڵ دوژمنانی میللەتی کورد، کە کێشەیەکی پەیوەست بە پێشێلکردنی مافی گەلی کوردیان دەهاتە بەردەست دەریانەدەخست و گەورەیان نەدەکرد،بەڵام ئەگەر کێشەیەک پەیوەندی بە کورد و دەسەڵاتەکەیەوە هەبوایە گەورەیان دەکرد،کە ئەوەش دژی پرەنسیپەکانی خودی ئەم ڕێکخراوەیە".

ئاکرەیی نموونەی ئەوە دێنێتەوە کە کاتێک زۆر بەڵگەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی کوردی پێداون هەڵوێستیان نیشاننەداوەو بە بەیاننامە بڵاویان نەکردووەتەوە" بەڵام کە شتێک جێی ڕەخنە بوایە لەسەر کورد و دەسەڵات و ڕێکخراوەکانی،ڕووداوەکە گەورە دەکرا".

### باسکردنی کورد لە UN

ڕێکخراوی بەرگری نێودەوڵەتی، لەمانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو لەلایەن چەندین کەسایەتی نێوداری خاوەن ئەزموون لە بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە و، ویداد ئاکرەیی سەرۆکایەتی دەکات.

ماڵپەڕی ئەو ڕێکخراوە کە پڕی چالاکی ڕێکخراوەکەیە لەسەرتاسەری جیهاندا، ئامانجی ڕێکخراوەکەش وەک ئەو گوتی" ئێمە ئامانجی گەورەمان هەن، ئامانجمان تەنیا پاراستنی مافەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکو دەمانەوێ یارمەتیدەری پرۆسەی دیوکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بین و دیالۆگ لەنێوان کولتوورەکان دروستبکەین و بۆچوونی خۆمان لەبارەی یاسا و بڕیار دانانەوە بگەیێنینە نەتەوە یەکگرتووەکان".

ویداد دەڵێ " لەو ماوەیەدا بۆمان دەرکەوت کە ڕێکخراوەکەمان جێگەی متمانەی UN و یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتانی دیموکراسییە"، ئەوان لەو دوو ساڵەدا لە زۆر کۆبوونەوەی UN دا لە نیویۆرک بەشداریان کردووە" لەکۆبوونەوەی کۆمسیۆنی ڕەوشی ژنان بەشداریمان کرد، لە مانگی شوبات و مایسی پار ساڵیش بەشداربووین، لە مانگی7دووبارە دەچینەوە ئەوێ .ئەمانە هەمووی ئەوەیە کە ڕێز لەبیرو بۆچونمان دەگیرێت و جێگای خۆمان کردووەتەوە و قسەی ڕێکخراوەکەشمان زۆر گرنگە لەلایان، دەوڵەتان وەڵامان دەدەنەوە". ئەوان هەرچەندە لەو ئاستەی ڕێکخراوەکەیان پێیگەیشتووە لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا زۆر ڕازین " بەڵام دەبێ باشتریش بێت".

ویداد ئاکرەیی، دەڵێ بەدرێژایی چەند ساڵ چەندان جار باسی پێشێلکارییەکانی مافی کوردی کردووە لە UN و کۆنگرە جیهانییەکاندا. بۆ نموونە لە کۆبوونەوەی 62 ی کۆمیتەی یەکی UN سەبارەت بە ئاسایشی نێونەتەوەیی بۆ قەدەخەکردنی چەکی بچووک و نەهێشتنی بەهەڵە بەکارهێنانی چەک بەرامبەر هاووڵاتیانی مەدەنی" بەشداری هەموو کۆبوونەوەکانمان کرد سەبارەت بەم پەیمانە نێونەتەوەییە کە ئێستا خەریکە ئامادەی دەکەن، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکان باسم لەوە کرد چۆن گەلی کورد تووشی شەڕی کیمیایی و ئەنفال بوو لەلایەن ڕژێمی سەدام. ئێمە باسی چەکە بچووکەکانمان دەکرد و من بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاییم بەستەوە کە دژی کورد بەکارهێندرا لەعێراق. ئێمە بڕیاری نێودەوڵەتیمان هەیە بۆ قەدەخەکردن و بەکار هێنانی ئەم جۆرە چەکانە،بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیارێکی نێودەوڵەتیمان نییە بەکارهێنانی چەکی بچووک قەدەخە بکات بەرامبەر کەسانی سڤیل".

### مالیکی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان هەڵەیە

ساڵی رابردوو نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان داوای لە حکومەتی فیدراڵی عێراق کرد داوای لێبووردنێکی فەرمی لەگەلی کورد بکات، بەهۆی کۆمەڵکوژییەکانی عێراق لەسەردەمی سەدامدا بەرامبەر کورد. بەڵام مالیکی وەڵامی دایەوە کە ئەوە ناکەن بەبیانووی ئەوەی ئەو حکومەتەی ئێستا ئەو تاوانانەی نەکردووەو سەدام هەرتەنیا تاوانی بەرامبەر کورد ئەنجامنەداوە، بەڵکو بەرامبەر هەموو گەلی عێراقی ئەنجامداوە.

ویداد ئاکرەیی، کە وەک حافیزولقورئانەکان یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئەزبەرە،دەڵێ" ئەو وەڵامەی مالیکی بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە" .گوتیشی "داوای لێبووردن کەمترین شتە بەرامبەر کورد ئەنجامیبدات ئەگەر بیانەوێ بسەلمێنن، ئەوان حکومەتێکی دیموکراسین ".گوتیشی کۆمەڵکوژی بە کیمیاباران و ئەنفال تەنیا بەرامبەر کورد کراوە بۆیەش ئەو پاساوەی دروست نییە.

لەباشووری ئەفریقا دوای لەنێوچوونی ڕژێمی ئاپارتاید، لە دیباجەی دەستوورە تازەکەیدا نووسراوە"دەوڵەتی باشووری ئەفریقا خاوەن مێژوویەکی شانازی پێنەکراوە".

ئەو چالاکڤانە جیهانیەی بواری مافەکانی مرۆڤ داوای لە هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرد، لەوانەش دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، کەچاو لە ئوستراليا بکەن و داوای لێبووردن لە گەلانی چەوساوەی وڵاتەکەیان بکەن.

سەرۆک وەزیری ئوستراليا، لەئەنجامی هەڵمەتێکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کە ڕێکخراوی بەرگری نێودەوڵەتی یەکێکیان بوو،لە 2008/2/13 لەبەردەم 100 نوێنەری دانیشتوانی ئەسڵی ئوستراليا کەپێش چوونی ئینگلیزەکان لە ئوستراليا بوون و ئێستا 2%ی دانیشتوانی پێکدێنن و،بەئامادەبوونی نوێنەری ئەو منداڵانەی لە چوارچێوەی سیاسەتی بەخۆەگرتن لە سەدەی 19 تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە دایک و باوکیان سەندرابوون، داوای لێبووردنی فەرمی ئوسترالیای پێشکێشی پەرلەمان کرد و بەو نوێنەرانەی گوت"داوای لێبووردن دەکەین".

### کوردستان فرەژنی قەدەخە بکە

ویداد ئاکرەیی وەک ئەندامی لیژنەی نێودەوڵەتی چاودێری مافی ژنان، بەشداری زۆر کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەکانی ژنان لە UN و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان کردووە. دوای بەشداریکردنی لە کۆنگرەی ساڵی رابردووی ژنی کورد لە ئەڵمانیا، بڕیاردرا ئەمساڵ کۆنگرەکە لە کۆتایی مانگی نیسان لە هەولێر ببەسترێ و کارنامەکەی لەلایەن ویدادەوە ئامادەبکرێ" پرۆژەی کۆنفراسەکەم داناوە، کەزیاتر باس لە چارەسەرییەکان دەکات، بەڵام نازانم تاچ ڕادەیەک دەستکاری تێدادەکرێت لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆنفراسەکە".

ویداد ئاکرەیی، ڕەخنە لەبەرپرسان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی ژنان لە کوردستان دەگرێ، سەرەڕای بوونی ئەوانە "دەبینم ژمارەی کوشتنی ژنان و توندتیژی بەرامبەر ژنان زیاد دەبێت وبەرەو کەمبوون نییە و ئەو پرۆژانەش هەر کار دەکەن و پێماندەڵێن ڕەوشی ژنان بەرەو پێشەوە دەڕوا. بەڕای من ئەوان یان ستراتیجیان نییە یاخود ئەو ستراتیجەی هەیانە هەڵەیە و یاخود ئەو کەسانە هەست بە گەورەیی ئەو کێشەیە ناکەن و مەبەستیان هەر مووچەی سەری مانگە، بۆیە پێویستە حکومەتی کوردستان بەوە ڕازی نەبێ و بیانگۆڕێت".

ویداد ئاکرەیی دەڵێ پێشێلکردنی مافی ئافرەت،جیاکاری و پێشێلکردنی مافی مرۆڤە و پرنسیپە مرۆییەکان و جیهانی هاوچەرخیش قبوڵی ناکات "دەبێ حکومەتی کوردستان چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەگەر هەروا بەردەوام بێت، کێشەیەکی زۆر بۆ کورد دروستدەکات" .ویداد گوتی بەپێی ئامارە جیهانییەکان لەسێ ئافرەت لە جیهان یەکێکیان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە،بەڵام ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دیاردەیە لە کوردستان مەترسیدارترە، چونکە ئەو منداڵانەی بێ دایک دەبن، وەک منداڵانی ولاتانی ئەوروپا شوێن و پەروەردەیەکی شیاویان بۆ دابین نەکراوە، بۆیەش ئەو منداڵانە بەئاسانی بۆ کاری تاوانکارانە بەکاردەهێندرێن. ویداد هەروەها دەڵێ "بەداخەوە هەستم کردووە هیچ گۆڕانکارییەکی وا لەو بوارەدا نەکراوە، ئەوەتا لە هەمواركردنی یاسای باری کەسیدا دەڵێن ئەگەر پیاوێک ژنی دووەمی هێنا ئەوە ژنی یەکەم بۆی هەیە لەماوەی سێ مانگ بچێتە دادگا ئاخۆ ڕازییە یان نا، بەڵام ئەوە چارەسەر نییە،چونکە پیاوەکە دەتوانێ هەڕەشە لە ژنەکە بکاو ناچاری بکا بچێ بڵێ ڕازیم، باشە بۆ ئێمە فرەژنی قەدەخە نەکەین".

ئەو پێیوایە قەدەخەکردنی فرەژنی، یەکێکە لە چارەسەرەکانی خۆسووتاندنی ژنان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان" قەدەخەکردنی فرەژنی زۆر یارمەتی کەمکردنەوەی دیاردەی خۆسووتاندنی ژنان دەدات و ئاسوودەیی کۆمەڵگەش لەوەدایە، زۆر ژن لەبەر ئەوەی پیاوەکانیان ژنی دووەم دێنن و ئەوان فەرامۆش دەکەن خۆیان دەسووتێنن".

ئەو نموونەی وڵاتێکی ئیسلامیش دێنێتەوە، کە فرەژنی قەدەخە کردووە کە تونسە و بووەتە چارەسەرێکی بەرچاوی ئەو دیاردە ترسناکە.

ساڵی رابردوو ژنێکی ڕۆژنامەنووس و خۆ بە فیمنیست زان لە کوردستان بەسەر ژنێکی خاوەن منداڵ چوو، پاساوەکەشی ئەوەبوو ژن زۆرن و پیاو کەمن بۆیەش سەر بەهەوێ چوون ئاساییە .ئەوە لەکاتێکدایە کە بەپێی ئامارەکان ڕێژەی ئافرەتان لە عێراق 5% لە ڕێژەی پیاوان زیاترە .ویداد ئاکرەیی لەبارەی ئەوانەی وابیردەکەنەوە گوتی" بەڕاستی من ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن بە دوژمنی مافی ژنان دەبینم نەک بە فیمینیست و،ئەو ژنانە ئەوانن وا لەپیاوان دەکەن مافی ژنان پێشێل بکەن".

**ویداد عوسمان (ویداد ئاکرەیی)**

- –ساڵی 1990 کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین-هەولێری تەواوکردووە.
- 1999- بڕوانامەی پسپۆڕی لە زانستی جینات و نەخۆشییە زگماکییەکان وەرگرتووە لە دانیمارک.
- –دوو ساڵ ئەدەبی ئەوروپی و دانیمارکی خوێندووە.
- – چەندین کۆرسی نێودەوڵەتی تەواو کردووە.
- –لە فێبریوەری و مارسی 2008 نوێنەری ڕێکخراوی بەرگری نێونەوەیی بووە لە UN لەبارەی قەدەخەکردنی چەکی بچووک.
- –لە ئوکتۆبەری 2006 و ئەپریلی 2007 نوێنەری ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بووە لە UN.
- –لە ساڵی 2006 و 2007 نوێنەری هەمان ڕێکخراوبووە لە UN لەبواری نەهێشتنی ئەشکەنجەدان.
- –لە 2006/4/30 تا 2007/6/18 ئەندامی لیژنەی سیاسی دانانی کارنامەی هەمان ڕێکخراو بووە.
- –لە زۆر دەزگای ڕاگەیاندن کاری کردووەو لە زۆر ڕۆژنامەی دانمارکیشدا وتاری بڵاوکردوونەتەوە.
- –لەنەخۆشخانەی شاهانە (مەلەکی ) وەک پسپۆڕی نەخۆشییە زگماکییەکان کاریکردووە.
- –ئەندامی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوی خەڵاتی ژنانی ئەوروپایە.
- –ئەندامی ڕێکخراوی جیهانی پشتیوانی منداڵانە.
- –ڕۆمانی (کتێبی تارا)ی بە زمانی دانیمارکی و نەرویجی بڵاوکردووەتەوە.


کابایێڤا

ژنە 50 ساڵییەکەی تەڵاق دەدات

# پوتین بەنیازە جومبازێکی 24 ساڵی بێنێ

**ڕووداو –ئیلاف**

پاش نیکۆلای سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا کە ژنەکەی پێشووی تەڵاقداو کارلا برۆنی نمایشکاری جلوبەرگی هێنا، میدیای بەریتانی و ڕووسی باس لەوە دەکەن کە ڤلادیمێر پوتینی سەرۆکی ڕووسیاش هەمان ڕێچکەی سارکۆزی گرتووەو لەمانگی حوزەیرانی داهاتوودا لەگەڵ ئەلینا کابایێڤای یاریزانی پێشووی جومباز ئاهەنگی گواستنەوە دەگێڕێ. میدیاکان ئەمە وەک نەخۆشییەک ناودەبەن کە لەنێو سەرۆک وڵاتاندا بڵاوبووەتەوەو چاوەڕێی ئەوەن بزانن کێ لە ژنهێنانی تازەدا دەبێتە سێیەم.

بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی "دەیلی مایل"ی بەریتانی، پوتین بەیەکجاری دەستی لە لۆدمیلای تەمەن 50 ساڵی هاوسەری بەرداوەو ئێستا خەریکی پلاندانانە بۆ گواستنەوەی کابایێڤا کە تەمەنی تەنیا 24 بەهارەو خاوەنی میدالیای زێڕینە لەیاریی جومناستیکدا.

هەرچەندە پوتین ئەو هەواڵە ڕەتدەکاتەوەو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لەگەڵ سیلڤیۆ برلسکۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا کاتێک پرسیاریان لێکرد گوتی"یەک وشەی ڕاست لەو قسانەدا نییە" . بەڵام ڕۆژنامە ڕووسییەکان ماوەیەکی زۆرە لەسەر پەیوەندی ناخۆش و ناکۆکی ئەو و ژنەکەی هەواڵی جۆراوجۆر بڵاودەکەنەوە تا دواجار ڕۆژنامەی "مۆسکۆفسکی کۆریسبۆندنت"ی ڕووسی هەواڵی جیابوونەوەی یەکجارەکیانی بڵاوکردەوە.

پوتین لەساڵی 1983 ژیانی هاوسەریی لەگەڵ لۆدمیلا پێکهێناوە کە زمانزانێکی خاوەن بەهرەیەو دوو خەڵاتی لە زمانی ئەڵمانی و ئیسپانیدا بەدەست هێناوەو بە فەرەنسییەکی زۆر باشیش قسەدەکات.

لۆدمیلا هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ پوتینی مێردی ڕۆیشتووەو ئەوکاتەی کاری بۆ دەزگای هەواڵگریی ڕووسی KGB دەکرد، لەگەڵی چووەتە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ئێستا دوو کچیان بەناوەکانی ماریاو کاتیا هەیە کە یەکەمیان تەمەنی 23 ساڵەو دووەمیان 21 ساڵە.


پوتین و لۆدمیلا

وەک ڕۆژنامەی دەیلی مایل دەڵێت، کابایێڤای تازە دەسگیرانی کە تەنیا ساڵێک لە کچە نۆبەرەکەی گەورەترە یەکێکە لەچەندین ئافرەتی زۆر جوانی وەرزشوان و سەماکارو نمایشکاری جلوبەرگ کە بەم دواییەو بەهەوڵی پوتین بوونەتە ئەندامی پەرلەمانی ڕووسیا. ڕۆژنامەکە دەڵێت ئەم ئەندامە شۆخ و شەنگانەی پەرلەمان کە بە "جوانەکانی پوتین" ناودەبرێن بەپێی پلانێکی خودی پوتین گەیشتوونەتە ئەو پلەیە و مەبەستیشی لەوکارە زیادکردنی هێزی کێشکردنی حیزبەکەی و جوان پێشاندانیەتی.

حیزبی ڕووسیای یەکگرتوو لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی مانگی کانوونی یەکەمی رابردوودا توانی 60%ی کورسیەکانی پەرلەمان بۆخۆی ببات.

کابایێڤا کە ئێستا جێگری سەرۆکی لیژنەی لاوانە لە ئەنجوومەنی دۆما (پەرلەمان) جارێک لەبەردەم کامێرای گۆڤاری (Play Boy) کە گۆڤارێکی پۆرنۆگرافیی بەناوبانگە بەرووتی ڕاوەستاوەو لەتەمەنی 15 ساڵیدا میدالیای زێڕینی لە پاڵەوانێتی جومناستیکی ئەوروپا بەدەستهێناوەو ساڵی دواتریش هەمان خەڵاتی لەسەر ئاستی جیهان بەدەست هێنا، هەروەها ساڵی 2004یش لە ئۆلۆمپیاتی ئەسینا توانی جارێکی دیکە خەڵاتی زێڕین بباتەوە، بەڵام بەهۆی پەیدابوونی ئازارێک لە ئەژنۆی بە یەکجاری دەستی لە وەرزش هەڵگرت و بڕیاری دا بۆ پشتیوانی لە پوتین ڕوو لەکاری سیاسی بکات.

## کامیان لەسەر حەقن

# گەنجان یان دەسەڵاتداران



دڵپاک زرار

dilpakasaad@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێر**

دوورکەوتنەوەی گەنج لەسیاسەت یەکێکە لە گرفتە گەورەکان کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری لەسەر دەکەن و دەیانەوێت گەنج چالاکانە لەناوەندەکانی بڕیار و لە داو و دەزگا حکومیەکان بوونی هەبێت.

ڕێکخراوی پاڵپشتی دیموکراسی و کۆمەڵایەتی DSS، ڕێکخراوێکی ناحکومییە و بەپاڵپشتی پەیمانگایی نیشتیمانی دیموکراسی ئەمریکی NDI بۆ ماوەی پێنج مانگ (مانگی 2 تا 7) پرۆژەی بەشداری سیاسی گەنجیان هەیە بۆ قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و ڕێکخراوەکانی گەنجان و خوێندکاران.

پارێزەر وەهبیە زرار کە سەرپەرشتیاری پرۆژەکەیە دەڵێت "کاری ئێمە لەم پرۆژەیەدا هۆشیارکردنەوەی گەنجە لەبارەی بەشداریی سیاسی و ماف و ئەو ئەرکانەی کەدەکەوێتە سەرشانی، ئێستا گەنجی کوردستان هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەم ئەرک و مافانەوە نییە".

ناوبراو هۆکاری نەبوونی ئەم هۆشیاریەی گەنجیشی گەڕاندەوە بۆ نا هوشیاری خێزانەکان، وێڕای باوکسالارێتی کۆمەڵگا.

ناوەندی ئایندە کە تایبەت بەپرسەکانی گەنج ماوەی ساڵێکە دامەزراوە، جیاواز لەو کارانەی کە لەسەر گەنج و سیاسەت دەیکات، ئێستا کار لەسەر گۆڕینی یاسای تەمەنی گەنج بۆ پەرلەمان دەکات لە تەمەنی 30ساڵەوە بۆ 25ساڵ، فازل عومەر بەرپرسی ناوەندی ئایندە دەڵێت "ئێمە کەدەستمان بەکارکرد هەوڵماندا کاری ئێمە جیاواز بێت لەکاری ڕێکخراوەکانی دی بۆیە پێمان باش بوو هەوڵی گۆڕینی یاسایی تەمەنی ئەندامی پەرلەمان بدەین، بۆ ئەوەی ئەم مافەی گەنج لەدەسەڵات وەربگرینەوە".

فازڵ عومەر ئاماژە بەوە دەدات کە هەڵمەتی کارکردن بۆ کەمکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانتار، تەنها لەکوردستان نییە، بەڵکو لەعێراقیش کاری بۆ دەکرێت "ئێمە بەتەنیا نین بەڵکو زۆربەی ڕێکخراوەکانی گەنجان و قوتابیان و ژنان لەگەڵمانن، لیژنەیەکمان پێکهێناوە کە لە 13ئەندام پێکهاتووەو بەردەوامیشین لەکارەکانمان و سەردانی سەرجەم حیزبە کوردستانییەکان دەکەین بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەوانیش بەدەست بێنین".

دەسەڵاتدارانی سیاسی لەکوردستاندا لەهەمبەر داواکارییەکانی گەنجدا، دەیانگوت گەنج خۆی چالاک نییەو تەنها سکاڵا دەکات و پرۆژەی نییە. بەڵام وادیارە ئەو وتەیە لەلایەن هەندێ بەرپرسیاری گەنجیش جێی قبوڵکردنە.

کاروان محەممەد، کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە هەمان شێوە گلەیی لە گەنجان دەکات و دەڵێ "گەنج تەنیا داوای شت دەکات بێ ئەوەی هەوڵبدات، بەڵام ئەگەر تۆ بەرنامەیەکی ڕەوات هەبێ بێگومان دەسەڵات گوێت لێدەگرێت".

بەڵام گەنجان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە بێ پرۆژەبن، بەڵکو پێیانوایە ڕێگرییەکانی دەسەڵات هۆکارێکن بۆ دوورکەوتنەوەی گەنجان لە بەشداری چالاکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگە.

سەردار ستار، کە قوتابی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددینە، ئاماژە بەو ڕێگریانە دەکات و دەڵێت "دەسەڵات هەرچەندە ڕێگەت پێ نادات، بەڵام ئەگەر ڕێگەشی پێدای دەبێ بە عەقلیەتە کۆنەکەی دەسەڵات و کۆمەڵگە کار بکەی".

ئەگەرچی ئەو ڕێکخراوانەی نزیکن لەحیزبی دەسەڵاتەوە ڕەخنە لەکەمتەرخەمی و بێ پرۆژەیی گەنج دەگرن، بەڵام فازل عومەری بەرپرسی ناوەندی ئایندە دەڵێت "گەنج هەمان ئەو گەنجەیە کەلەشاخ چاو نەترس بووەو خوێنی لەپێناو نیشتیماندا بەختدەکرد". فازڵ، پاڵپشتی لەگەنج دەکات و ڕووی گلەیی ئاراستەی دەسەڵات دەکات" دەسەڵات کەمتەرخەمە کاتێک ئەوان بۆ گەنج کاریان کرد و گەنج بەشدار نەبوو ئەوکات دەکرێ گلەیی لەگەنج بکرێت".

بەهەمان شێوە هێرۆ ساڵحیش لەیەکگرتوویی خوشکانی کوردستان دەڵێت "دەسەڵات واتێگەیشتووە کە بەشداریکردنی گەنج لەسیاسەت مانای دوژمنایەتی کردنی ئەوە، لەکاتێکدا دەبێت دەسەڵات خۆی هەوڵبدات گەنج بێنێتە ناو سیاسەت بۆ ئەوەی کە بۆشایەک دروستبوو، بتوانرێ بێ گرفت پڕ بکرێتەوە".

بۆ چارەسەر کردنی گرفتی نەبوونی گەنج لەدەسەڵاتدا، وەهبیە زرار پێیوایە باشترین چارەسەر بۆ کاتی ئێستا دانانی ڕێژەیەکە بۆ گەنج بۆ ئەوەی بتوانێت بەشدار بێت لەدەسەڵاتدا، فازڵ عومەریش پێیوایە باشترین چارەسەر گفتوگۆکردنی گەنجە لەگەڵ دەسەڵات بەشێوەیەکی لۆجیکیانە کە دەسەڵات ناچار بکات داوای بەشداریکردنی سیاسی لێ بکات.



گەنجانی کوردستان ڕەخنەو گلەییان زۆرە لە دەسەڵات

## بە 99 سەنت لەکرێچێتی ڕزگاری بوو

# خەڵکی کوردستان بەختی خۆیان تاقیدەکەنەوە

**ساڵح قادر**

**ڕووداو -هەولێر**

شەوی 15 لەسەر 2008/4/16 لەڕێگەی شاشەی کوردستان تیڤییەوە بەهەزاران خەڵک چاویان بڕیبووە دەستی 6 منداڵی خنجیلانە، بەو ئومێدەی یەکێک لەو خەڵاتانەی کۆمپانیای کۆڕەک تلیکۆمیان بۆ دەربچێ، کە ماوەی زیاتر لەمانگێک بوو ڕێکلامی بۆ دەکرد، خەڵاتەکانیش بریتیبوون لە 4 خانوو، 4 ئۆتۆمبێل و 57 خەڵاتی دیکەی جۆراو جۆر.

ڕەنگە ئەوەی زیاتر پاڵنەر بێ، بۆ ئەوەی خەڵک زۆرترین کورتە نامەsms بۆ ئەو پێشبڕکێیەی کۆڕەک تیلیکۆم ڕەوانە بکات، کە لەو ماوەیەدا زیاتر لە 600 هەزار کورتە نامە ڕەوانە کرابوو، بوونی 4 خانوو و 4 ئۆتۆمبێلە لەناو خەڵاتەکان، کە دەتوانیت بەتەنیا 99 سەنت ببیتە خاوەن ئۆتۆمبێلێک یان خانوویەک کەنرخەکەی 65 هەزار دۆلارە، بە مەرجێک چانسەکەت بیگرێ.

جەوهەر عوسمان عەلی، 31 ساڵ، خێزانداروە دوو منداڵی هەیە، نزیکەی 12 ساڵە کرێچییە، ناوبراو کە لەناحیەی کەسنەزان دادەنیشێ لەیەکەم شەوی ڕاکێشانی تیروپشکی خەڵاتەکانی کۆمپانیای کۆڕەک تلیکۆم، بووە خاوەنی یەکێک لەو چوار خانووانە و بەیەکجاری لەدەست کرێچێتی ڕزگاری بوو.

ناوبراو وەک خۆی باسیکرد ئەو شەوەی ژمارەی بەختی خۆی لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن بینی "لەخۆشیان خەوم لێنەکەوت". جەوهەر، کە پێشمەرگەیەو مانگانە 460 هەزار دینار وەردەگرێ، ئەو پارەیەی لەماڵەوە هەیبووە هەر هەمووی بەکارتی کۆڕەک داوەو خۆی و خێزانەکەی 253 کورتە نامەیان ناردووە.

جەوهەر وەک ئەوەی دڵنیا بووبێ کە بە 99 سەنت، لەکرێچێتی ڕزگاری دەبێ و دەڵێت "ئەگەر باوەڕم بەو کارە نەبووایە، ئەو هەموو نامەیەم ڕەوانە نەدەکرد، پێش ئەوەی تیرو پشکەکە ڕابگەیێندرێت، بەڵێنم بەخوا دابوو کە جوانەگایەکی قەڵەو بکڕم و بیکەمە خێر و گۆشتەکەی بەسەر موسڵماناندا دابەش بکەم".



جەوهەر عوسمان لە کاتی وەرگرتنی کلیلی خانووەکەی (فۆتۆ:ڕووداو)

لەکاتێکدا هەزاران کرێچی ئومێدی خۆیان بەو کورتە نامەیە هەڵواسیوە کە ڕەوانەی دەکەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەن یەکێک لەخەڵاتەکانی کۆمپانیاکە، مامۆستایانی ئاینیوئابووریناسان ئەو جۆرە پێشبڕکێیە بەجۆرێک لە"قومار" ناو دەبەن.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی، بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، باسی لەوە کرد، کە لەڕووی شەرعییەوە (یانەسیب) بەشێوەیەکی گشتی حەرامە و قەدەخە کراوە "چونکە بەجۆرێک لەجۆرەکانی قومار و کاری شەیتان هەژمار کراوە، هۆکاری حەرامبوونیشی بریتییە لەخواردنی ماڵی خەڵک بەخۆڕایی، دروستبوونی ڕق و کینە و لێک زوویر بوون، هاندانێکی تەواویشە بۆ دروستبوونی تەمبەڵی و چاو لەدەستی خەڵک بوون".

بەپێی قسەی ئەو مامۆستا ئاینییە، زانایانی ئاینی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو جۆرە کارانە حەرامن، بەڵام مامۆستایانی ئاینی ئەو سەردەمە خوێندنەوەی دیکەیان هەیە بۆ ئەو دیاردەیە، بەجۆرێک لەجۆرەکان حەڵاڵیان کردووە.

هەروەک مەلا عەبدوڵڵا گوتی "هەندێ لەزانایانی ئاینی سەردەم ئەو جۆرە حاڵەتانەیان لێک جیا کردووەتەوە، هەندێ کۆمپانیا بەمەبەستی ڕێکلامکردن بۆ زیاتر فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان دیارییەک دەخەنە ناو یەکێ لەبەرهەمەکانیان، جا ئەگەر هاووڵاتییەک دیارییەکەی بۆ دەرچوو، ئەوا بۆی حەڵاڵە، هەرچەندە یانەسیبە چونکە خۆ و بەخت بۆی دەرچووە، بەڵام بەدیاری هەژمار دەکرێت و بەحەڵاڵ زانراوە، هەروەها لایەنێکی دیکەش بەحەلال زانراوە ئەویش ئەوەیە کە دوکانێک، یا کۆمپانیایەک بڕیار دەدات کە هەر کەسێک بایی نرخێکی دیاریکراو کەلوپەلی لێ بکڕێت ناوەکەی دەخرێتە ناو تیرو پشک و دواتر دیاری پێدەدرێت ئەمەشیان هەر بەحەڵاڵ دانراوە".

زۆربەی بازرگانان و خاوەن کۆمپانیاکان بۆ برەو دان بەکاڵاکانیان و باشتر بوونی بازاڕیان پەنایان بردووەتە بەر دانانی دیاری و خەڵات لەنێو بەرهەمەکانیان، ئەمەش وایکردووە ڕۆژانە بەهەزاران تەن لەکەلوپەلەکانیان لەسەر بەختی خەڵک ساخ بکەنەوە.

جبسی لینا، کە لەنێو منداڵاندا ڕەواجێکی باشی هەیە، ئەویش بەهۆی بوونی چەند دیارییەکی گرانبەها، وەک بوونی ئۆتۆمبێل و مۆتورۆسکیل و کۆمپیوتەر و چەندین دیاری دیکە، کە هەر منداڵێک بە کۆکردنەوەی 50 وێنە لەو وێنەیەی کۆمپانیا ڕێکلامی بۆ دەکات، لەڕێگەی تیروپشکەوە دەتوانێ ببێتە خاوەن ئۆتۆمبێلێک کە نرخەکەی نزیکەی 20 هەزار دۆلار دەبێ.

ئەحمەد فەخری کە بریکاری جبسی لینایە لەبازاڕی شێخەڵڵا، ئاماژەی بەوەدا بەهۆی بوونی خەڵات لەنێو بەرهەمەکانی جبسی لینا ڕۆژانە بەهەزران کیسە لەجبسی لینا لە بازاڕەکانی کوردستان ساخ دەبێتەوە، هەروەک ئەحمەد گوتی" پێش ئەوەی خەڵات دابنێین هەفتانە تەنیا 1000 کیسە لەو جبسە دەفرۆشرا، بەڵام دوای دانانی ئەو خەڵاتە، ڕۆژانە 2-3 هەزار کیسە دەفرۆشرا".

بەڵام بەپێی قسەی ئەحمەد ماوەیەک بازاڕی ئەو جبسە ڕوو لەکزییە، ئەویش بەهۆی دواکەوتنی ڕاکێشانی تیرو پشکەکە، کە ماوەی دوو مانگی بەسەردا چووە"چونکە ژمارەی ئەو وێنانەی گەڕاونەتەوە نەگەیشتوونەتە بەهای خەڵاتەکان، لەهەر شارێک بەلانیکەم دەبێ 8 هەزار کەس بەشداری بکات، ئینجا کۆمپاینا دەتوانێ تیرو پشکەکە ئەنجامبدات"، هۆکارێکی دیکەی کزی بازاڕی جبسەکە بەلای ئەحمەد ئەوەیە"ئێستا زۆربەی کۆمپانیاکان پەنایان بردووەتە بەر دیاری و خەڵات، وای لێهاتووە ئەگەر بەرهەمەکەت دیاری و خەڵاتی تێدا نەبێ لەبازاڕ نەفرۆشرێ".

پسپۆڕانی بواری ئابووری پێیانوایە، ئەو جۆرە پێشبڕکێ و تیرو پشکانە تەنێ لەقازانجی خاوەن کۆمپانیا و دووکاندارەکان دایە، هاووڵاتییان بەڕێژەیەکی زۆر کەم لەو پێشبڕکیانە قازانج دەکەن.

مامۆستا موسا محەممەد، پسپۆڕی بواری ئابووری ئەو جۆرە کارانەی بە"قوماری ئابووری" ناوبرد و گوتی "هەندێک لەدامەزراوە ئابوورییەکان بەتایبەتی ئەوانەی بازاڕیان قۆرخ کردووە، لەڕێگەی ڕێکلامکردن ئەویش بەئەنجامدانی پێشبڕکێ دەیانەوێت سەرنجی خەڵک بۆخۆیان ڕابکێشن، ئیمتیازێکی زۆر کەم دەدەنە خەڵک، لەبەرامبەردا قازانێکی زۆر زۆر دەکەن".

مامۆستا موسا هۆکاری ئەو جۆرە پێشبڕکێیانەی گەڕاندەوە بۆنەبوونی سیستمی بانک و بۆرسە لەکوردستان، هەروەها گوتی "ئەو کارە جۆرێکە لەقوماری ئابووری، ئەوەش لەئەنجامی نەبوونی سیستمی بانک و بۆرسەوە دروستدەبێ، کە هەمیشە خاوەن کۆمپانیا براوەیە، لەبەرامبەر دانانی بڕە پارەیەکی کەم، زۆرترین قازانج دەکات".

# وەڵامێک لە وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە بۆ سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان

بەڕێز ئارێز عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان لە لاپەڕە 12 ی ڕۆژنامەی «ڕووداو»، ژمارە 2 دا دید و گوتەی سەرنجڕاکێشی دەربارەی وەزارەتی وەرزش و لاوان فەرمووە، ناکرێ بێوەڵام بمێننەوە، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی گوتەی کەسێکی بەرپرسی لیژنەیەکی پەرلەمانی کوردستانە دەربارەی ماکی وەزارەتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئارێز عەبدوڵڵا دەڵێ:«لە هەموو دونیادا ئەو وڵاتانەی دیکتاتۆرن گرنگی زۆر بە وەرزش و کۆنترۆڵکردنی لاوان دەدەن، وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ئەلفەوە تا یای بە زیاد دەزانم، هیوادارم ئەو وەزارەتە پێش بچوککردنەوەی حکومەتیش نەمێنێت".

بۆ زانیاریی کاک ئارێز، کە دەبا زووتر زانیبای، وڵاتانی دیمۆکرات زیاتر گرنگی بە وەرزش و دۆزی لاوان دەدەن، وەزارەتیشیان بۆ تەرخان دەکەن. ناکرێ کەسێک ئەندام پەرلەمان و سەرۆک لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان بێت و نەزانێت هیند، کەنەدا، وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەتی سکاندیناڤیا هەم دیمۆکراتن هەم گرنگیی تایبەت دەدەن بە وەرزش و دۆزی لاوان. گەر مەبەستیش ئەوەیە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە کوردستان بۆ «کۆنترۆڵکردنی» لاوان دامەزراوە ئەوا ئەو گوتەیە لە سنووری هەڵە دەردەچێت و بەرەو دونیای گومڕایی سەر دەکات. مرۆڤی باسەواد دەزانێت وەزارەتی وەرزش و لاوان زادەی بڕیاری پەرلەمانی کوردستانە، لە 2006/5/7 دا بۆ یەکەم جار لە کابینەی پێنجەمدا بۆ خزمەتی وەرزش و لاوان هاتە دامەزراندن. دیسان پەرلەمانی کوردستانە ڕاوێژی لە سەر یاسای وەزارەت کردووە و بڕیاری داوە. ئەوجا سەرۆکی کوردستان ڕۆژی 2007/5/20 ئەو یاسایەی پەسەند کردووە. مان و نەمانی وەزارەت، هەر وەزارەتێک بێت، هیوا و خواستی ئەم و ئەو نییە، بڕیاری پەرلەمانە کە نوێنەری میللەتی کوردستانە.

وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ماوەی نێزیکەی دوو ساڵدا چەندین کاری کردووە بۆ کەسێک فراژووتنی جڤاتی کوردستانی مەبەست بێ، بێنموودن. کەسێکی خاوەن پێگە لە پەرلەمانی کوردستاندا بەر لەوەی بڵێ «وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ئەلفەوە تا یای بە زیاد دەزانم» دەبا هەر نەبێ ئاوڕێکی لە بەرنامەی «فەرهەنگخانەی لاوان» بداتەوە. هەر لە دهۆکەوە هەتا کفری لاوانی کوردستان، دڵخواز (خۆبەخش) انە بە ویست و بڕیاری خۆیان، لە هەلومەرجێکی زۆر سەختی ئابووریدا، سیاسەت و پرۆژەی خۆیان پیادە دەکەن. بێ مووچە و دەرماڵە، ئازادانە ئاوڕ لە چەندین بواری گرنگی ژیانی خۆیان دەدەنەوە و کاری لەسەر دەکەن. وێڕای نەبوونی بوودجە و نیگەرانیی مان و نەمانی وەزارەت، لاوانی کوردستان بەرنامەی ژینگەپارێزی،ژنپارێزی،فێرکاری،تەندروستی، سەروەریی تاکەکەس و بەرژەوەندیی میللی لە فەرهەنگخانەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە پیادە دەکەن. کزیی سەرچاوەی ماددیی وەزارەت بنکە بەرهەمهێنەکانی لاوانی لە خانەقین، ڕزگاری، شۆڕش و باشیک پەک خستووە. دەبا لیژنەکانی نێو پەرلەمان لە ڕۆژگاری وەهادا بە هانای لاوانی وەڵاتەوە بێن، دەرفەت و دەروازەیان لێ بکەنەوە، نەک بە گوتاری وەها سەرپێیی و ڕووخێنەر سەنگەریان لێ بگرن. هیوادارم دڵسۆز و دڵگەرمانی نێو فەرهەنگخانەکان لە ئاست ئەو "ئەلف و یایەی" بەڕێزتان میهرەبان و سنگفرەوان بن.

لە دیداری لیژنەی ڕۆشنبیریی پەرلەماندا، بە مەبەستی فرەواندنی ئاگاهیی بەڕێزتان، شاندی وەزارەت بە چاپکراوی زانیاریی دەربارەی کاروباری خۆی ڕادەستی یەک بە یەکی ئەندامانی لیژنەکەتان کرد، دیارە ئێوە فریای خوێندنەوەی نەکەوتوون. گەر کاتتان بوو سەردانێکی سایتەکەمان بکەن www.mosy-krg.org کورتەباسی کاروباری وەزارەتی تێدا بڵاو کراوەتەوە. بۆ دڵنیابوونیش لە ناوەڕۆکی ئەوەی بڵاو کراوەتەوە، فەرموون بۆ بەسەر کردنەوەی پرۆژەکان میوانمان بن. هەتا ئێستا چەندین لایەنی بیانی، هەم ڕاگەیاندن هەم ڕێکخراوی جیهانی و هەم دەزگەی حکومەتی، لە دووڕڕا بۆ سەردانی پرۆژەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان هاتوونەتە کوردستان. سەردانەکانیان بۆ ئەوە بووە دڵنیابن بەر لەوەی ڕا دەرببڕن. بیریارێکی گەورەی ئەم دونیایە دەڵێ "لە نابینایانەوە فێری ژیری بووم، نابینا پێی دەکوتێ ئەوجا دایدەنێت!".

لە کۆپلەیەکی دیکەی دیدارەکەیدا، کاک ئارێز، دەڵێ«دەکرێت وەزارەتی وەرزش و لاوان ئەو پارەیەی هەیەتی لە دروستکردنی ژێرخانی وەرزشی لە کوردستاندا خەرجی بکات، نەک لە شتی تەرفیهی و کۆنفرانسدا، گرتنی کۆنفرانس لە دەرەوەی وڵات شتێکی زیادە، بەستنی کۆنفرانسی جەماوەری لە دەرەوەی وڵات ماڵوێرانییەکی گەورەیە".

ئەگەر کاکی سەرۆک لیژنە کەمێک وردتر با و سەیرێکی ئەو بوودجەیەی کردبا کە بۆ وەزارەت تەرخانکراوە، وەهای نەدەگوت. کوا بوودجە وکەی ژێرخانی وەرزشیی وێرانەیەکی وەک کوردستان بەو گوڕمەیە بنیات دەنرێ کە لە "شتی تەرفیهی" دا خەرج کراوە؟

گەر مەبەست لە "شتی تەرفیهی" ئەوەیە وەزارەتی وەرزش و لاوان هاوکاریی "گرووپی ژێدار"ی کردووە وەک تیمێکی موزیسیەنی لاوی کوردستان لە ڤییەن (ڤییەنا) ی پایتەختی نەمسا (ئوتریش) بەشداری کێبڕکێیەکی جیهانی بوون و خەڵاتی دووەمیان وەدەست هێنا، ئەوا کێشەکەمان جۆرێکی دیکەیە.

گرووپی ژێدار بەو سەرکەوتنە نایابە هەم ناوی کوردستانیان بەرز ڕاگرت هەم وەک لاو نەخشێکی فەرهەنگیی بەرزیان هێنا.

لە کوردیدا وشەی "فەرهەنگ"، نەک "ڕۆشنبیری"، بەرانبەر (ثقافة) ی عارەبی و (Culture) ئینگلیزییە. گەر ئەو وردەکارییەتان لە لا ڕوون با، سەرکەوتنی موزیسیەنی لاوانی کوردستان نەدەبووە (شتی تەرفیهی) و لە خانەی فەرهەنگیدا وەها بێناز نەدەما.

خاڵی لەمە تاریکتر ئەوەیە کاکی سەرۆک لیژنەی ڕۆشنبیری باس لە "گرتنی کۆنفرانسی جەماوەری وەرزشی لە دەرەوەی وڵات" دەکات! و ئامۆژگاریشمان دەکات کە "ماڵوێرانییەکی گەورەیە". ناشڵێ وەزارەتی وەرزش و لاوان کامە کۆنفرانسی جەماوەری وەرزشی لە دەرەوەی وەڵات گرتووە. بە چ دەستوور و کامە ڕێسا ڕەوایە سەرۆک لیژنەیەکی گرنگ لە پەرلەمانی کوردستاندا دەنگۆیەک بڵاو بکاتەوە دەربارەی وەزارەتێکی حکومەتەکەی خۆی نەک هەر ڕاست نەبێت بگرە لە توانای حکومەتی زۆر چەسپاوتر و زەنگینتریشدا نییە.کێ دەتوانێت "کۆنفرانسی جەماوەری لە دەرەوەی وڵات" ساز بکات برای بەڕێز؟ کێ دەتوانێ ڤیزا وەربگرێت بۆ ئەم "جەماوەر"ەی باسیان دەکەیت؟ کێ و لە کام بوودجە ئەو خەرجییە تەرخان دەکرێت؟

ئەوەی لە پلانی وەزارەتدا هەیە کۆنفرانسە لە وێڵز بۆ کار لەسەر ساختاری فیدراڵیی وەرزش. ئەمەیان باسێکی گرنگە بۆ کەسانێک پەرۆشی ئەو پەیوەندییە بن کوردستان لە عیراقێکی فیدراڵدا هەیەتی. ئەمەیان بۆ دەستەیەکی شارەزا و تایبەتکارە نەک کۆنفرانسی جەماوەری.

بە بۆچوونی ئێمە ئەو هەڵسەنگاندنەی کاک ئارێز زادەی نەزانین و نیگاتەسکییە، ناچێتە خانەی وردەکاریی داکەوتبین (واقیعبین) انەوە. داواش لە ئەندامانی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان دەکەین هەڵوێست لەو گوتانەی کاک ئارێز وەربگرن، گرنگە مرۆڤ بزانێت ئەوە گوتاری تاکەکەسە یان دەربڕینە لە بیروڕای ئەندامانی لیژنە.

**وەزارەتی وەرزش و لاوان**
**2008/4/18**

### حەمە گوڵپی باوکی د.فایەق چۆن پەلاماری دەبابەی دا

## فایەق گوڵپی ئەو مرۆڤەی باوک و دایک و دوو برای شەهیدن سەربردەی ژیانی خۆی و باوکی دەگێڕێتەوە

# پارتی و وەزارەتی شەهیدان هیچ ئاوڕێکیان لە بنەماڵەکەمان نەداوەتەوە



**دکتۆر فایەق گوڵپی،باوک و برایەکی شەهیدی پارتین.براو دایکی لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا شەهیدبوون.خۆی پێشمەرگەی یەکێتی بووە،بە دکتۆریەکەی ژیانی زۆر پێشمەرگە و هاوڵاتی ڕزگارکردووە .لەدادگای ئەنفال شایەتی لە دژی سەدام و عەلی کیمیاوی و ڕژێمەکەیان دا.ئێستا سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانی نزیک لە پ ک ک یە،هاوسەرەکەیشی بەرپرسێکی ڕێکخستنی یەکێتییە.وەک فایەق گوڵپی لەجیهاندا نمونەی ژیانێکی ئاڵۆزی وەک ئەو نییە.لەو هەڤپەیڤینەدا گوڵپی خۆی شایەتی لە سەر رابردوو و ئێستای خۆی دەدات:**

**کاوە ئەمین**
**ڕووداو-ستۆکهۆڵم**

**ڕووداو: پێم خۆشە سەرەتا هەندێک باسی ئەو داستانەمان بۆ بکەی کە باوکتی تێدا شەهیدکرا، باسی هەڵکوتانە سەر دەبابەی (حەمە گوڵپی) خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکە، بەڵام با لەدەمی ئێوەوەی بیبیستین؟**

**ف.گوڵپی:** خێزانەکەی ئێمە لە شەش کەس پێکدەهات، باوکم و دایکم و چوار کوڕ، من کوڕی گەورەی ماڵ بووم. ماوەیەک بوو، باوکم ببووە پێشمەرگە، شەوێکیان، دایکم قسەی لەگەڵدا دەکردو پێیدەگوت: واز لە پێشمەرگایەتی بێنە، ئەگەر تۆ بکوژرێی منداڵەکان بێ سەرپەرشت دەمێننەوە و من ناتوانم بەخێویان بکەم، بەڵام باوکم کە زۆر بڕوای بە پێشمەرگایەتی هەبوو لە وەرامدا پێی وت: زۆر ئاساییە ئەگەر من لە پێناوی کورددا شەهیدبم، لە دوارۆژدا کوڕەکانم لێی سوودمەند دەبن.بە ئیرادەیەکی ئاوا پێشمەرگایەتی دەکرد.

هاوین بوو، من منداڵ بووم، باسی شەڕێکی گەورەیان دەکرد کە لەسەر پردی زەڵم ڕوویدابوو، دەیانگووت سووپای زەعیم سدیق هێرشی هێناوە و دەیەوێت هێرشبکاتە سەر ناوچەی هەورامان و بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە داگیر بکات.

ئەوەبوو پێش ئەوەی سووپا هێرش بکات، پێشمەرگە چووبوونە سەر جادەکە و سەنگەریان لێدابوو و چاڵیان هەڵکەندبوو و لەگەڵ دوژمندا کەوتبوونە شەڕەوە. دیارە تەنیا پێشمەرگەش نەبوو، هێزی بەرگریش چووبوون بەرەو شەڕەکە، باوکیشم لەوێ بوو، دوای سێ ڕۆژ خەبەر هات کە پێشمەرگە شکاوە و دوانزدەکەسیان لێ شەهیدکراوە و یەکێک لەوانە باوکم بوو.

تەرمی هەموو شەهیدەکانی دیکە لەوێ بەجێمابوو و هێنانیانەوە، تەنیا تەرمی باوکمیان بردبوو بۆ سەیدسادق. ئەوەی کە بیستمان ڕووداوی شەهیدکردنی باوکم ئاوا بووە: کە شەڕیان کردووە، باوکم

### بە ژنەکەمم گوتووە یەکێتییەکی باش بە

تفەنگێکی پێنج تیرو دەمانچە و خەنجەری پێبوو، ئەوەی کە بیستمان، کاتێک باوکم فیشەکی لێدەبڕێت و دەبابەیەک لێی نزیکدەبێتەوە لە سەنگەرەکەی خۆی دێتە دەرەوە و دەچێتە سەر دەبابەکە و دەیەوێت بە خەنجەرەکەی شۆفێری دەبابەکە بکوژێت،بەڵام دەبابەیەکی دیکە لە دواوە تەقەی لێدەکات و شەهید دەبێت و تەرمەکەی دەکەوێتە خوارەوە. کاتێک سووپاکەی زەعیم سدیق ئەو ڕووداوە دەبینن، تەرمەکەی باوکم لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ سەیدسادق. بەگوێرەی ئەوەی کە دەیگێڕنەوە لە پردی زەڵمەوە تا سەیدسادق کە پانزە کیلۆمەترێک دەبێت، تەرمەکەی ڕادەکێشن و لەوێ باسی

جۆری کوشتنەکەی دەکەن و دەڵێن ئەمە بەرپرسیان بووە بۆیە تەرمەکەیمان بەو شێوەیە لەگەڵ خۆمان هێناوە. تەرمەکەی لای خۆیان دەهێڵنەوە، پاشان خەڵکی ئەوێ بەتایبەتیش پیاوانی ئایینی دەچن داوای تەرمەکەی دەکەن و بە بەرپرسی هێزەکە دەڵێن: باشە ئەوە کوشتووتانە، بەڵام ئەمە کەسێکی موسڵمانە و دەبێت تەرمەکەیمان بدەنەوە تا بینێژین. ئیتر ئەوانیش ڕازیدەبن و هەر لە سەیدسادق دەینێژن. ڕاستییەکەی داستانی

### کە وازم لە یەکێتی هێناوە وەزعی خێزانەکەمان زۆر خراپتر بووە

شەهیدکردنی باوکم بەو شێوەیە لەلایەن دوژمن خۆیەوە بڵاوکرایەوە.

**ڕووداو: باشە ئەم گێڕانەوەیە لەناو خەڵکدا چۆن دەنگیدایەوە و چۆن باسی لێوەدەکرا؟**

**ف.گوڵپی:** دەنگیدایەوە و بووە هۆی بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە، بەتایبەت باوکم ئەوکاتە سەرپەل بوو، بۆیە گێڕانەوەی داستانەکە و هەڵکوتانە سەر دەبابە بەخەنجەرێکەوە، مۆراڵێک بوو بۆ خەڵک و بۆ ئێمەش. من بۆ خۆم تا ئێستاش شانازی بەوەوە دەکەم کە کوڕی ئەو پیاوەم.

**ڕووداو: لێرەدا بەبێ ئەوەی گوێبدەینە ئینتیمای سیاسی تۆ، لە باشووری کوردستاندا دەستگایەک هەیە بەناوی "دەستگای ئەیلوول"، یارمەتی بنەماڵەی ئەو شەهیدانە دەدات کە لە شۆڕشی ئەیلولدا شەهیدکراون، ئایا بنەماڵەی ئێوە لەلایەن ئەو دەستگایەوە هیچ یارمەتییەک وەردەگرێ، دیارە مەسەلە ئەوە نییە کە ئێوە پێوستان پێیەتی یان نا، بەڵکو وەک مەسەلەیەکی ئەخلاقی و وەفاداری؟**

**ف.گوڵپی:** ڕاست دەکەی.دیارە دەبێت بڵێم مەسەلەکە ئاوایە، من لەبەر ئەوەی خۆم مرۆڤێکی خوێندەوار بووم و ئەگەر بڵێین نەختێک ڕۆحی یاخیبوونیشم تێدایە، لەبەر ئەوە نەمتوانی لە ڕێبازی کوردایەتییەکەی باوکمدا، تێکۆشانی سیاسی بکەم. لەبەر ئەوە بەهۆی ئێمەوە تا ڕادەیەک ئەو قارەمانێتییەی باوکیشم پەراوێزخرا و زۆر درێژەی نەکێشا. بەتایبەت دوای یانزەی ئازار کە ئێمە بەتەواوەتی لە پارتی دوورکەوتینەوە و هەندێک هەڵەی گەورەکرا.

**ڕووداو: من مەبەستم زیاتر لەو دەستگایە؟**

**ف.گوڵپی:** بەداخەوە ئەو دەستگایە وەکو زۆربەی دەستگاکانی دیکە حکوومی نییە، حیزبییە. تا ئێستا بەهیچ شێوەیەک ئێمەیان بەسەر نەکردووەتەوە. من برایەکی دیکەم ماوە، باوکم شەهید بوو، برایەکی

دیکەم پێشمەرگەی پارتی بوو شەهید بوو، برایەکی دیکەم و دایکم و خێزانی براکەم لە کارەساتی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەدا شەهید بوون. ئێستا لە خێزانەکەمان تەنیا من و برایەکم ماوین. ئەو برایەم وەکو شتێکی ڕەمزی وەکو شەهیدانە یارمەتییەک وەردەگرت، وابزانم لەم ماوەیەدا ئەوەشیان بڕیوە. ئیتر نە لە لایەن پارتی و نە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە هیچ ئاوڕێک لە ئێمە نەدراوەتەوە، بە پێچەوانەوە، جارێکیان لە یەکێک لە بەرنامەکانی زاگرۆس تیڤیدا کە چووبوون بۆ ئەو ناوچەیەی ئێمە، براکەم وتی من باسی ئەوەم کردووە کە ئێمە کێین و چەند براین، بەڵام لە بەرنامەکەدا ناوی منیان سڕیبووەوە.

**ڕووداو: واتە کاریگەری تۆ بە نێگەتیڤی لەسەر باوکت و هی باوکیشت لەسەر تۆ هەیە؟**

**ف.گوڵپی :** بەڵی، من ئەو بیروباوەڕەی کە خۆم بڕوام پێیەتی، ڕاستە من قازانجم لە ناوبانگی باوکم نەکردووە نە بە مادی و نە مەعنەوی، دیارە دەکرێت منیش نەختێک زوڵمم لەباوکم کردبێت،بەڵام من لە بەرژەوەندی گشتیدا ئەوەم کردووە، ئێستاش کە وازم لە یەکێتی هێناوە و سەرکردایەتی پارتێکی دیموکراتیتر و نەتەوەییتر دەکەم، وەزعی خێزانی ئێمە لەو ڕووەوە زۆر خراپتر بووە، زۆریش زەرەمان کردووە.

**ڕووداو:باشە تۆ باوکت پارتی بووە، خۆت چوویە ناو کۆمەڵە یانیش یەکێتییەوە، پاشانیش پارتی چارەسەری وله هەمانکاتدا ژنەکەت ئەندامی یەکێتییە، چۆن هاوسەنگی ئەم هەموو دژیەکییە ڕادەگیرێت؟**

**ف.گوڵپی:** بڕاوبکە ئەوژیانەی من هەمە، ئاڵۆزترین ژیانە،زۆر زەحمەتە نموونەیەکی وا بدۆزیتەوە. بەڵام ئەگەر برادەرانی پارتی و یەکێتی، تەعەسووبی حیزبایەتی خۆیان کەمبکەنەوە من دەتوانم بە باشی لەگەڵ ئەوانیشدا بژیم و هاوسەنگییەک لە نێوان ئەو فکرەیەی کە خۆم بڕوام پێی هەیە، ئەو بیروباوەڕەی ژنەکەم هەیەتی و ئەو فکرەیەش کە باوکم خۆی بۆ بە شەهیدکردندا، ڕابگرم. بەڵام تەعەسووبی حیزبایەتی ئەوەندە زۆرە لای ئەوان کە ڕێگا نادەن ئەو هاوسەنگییە دروستبکەم. من ئامادەم چۆن ئێستا پێوەندییەکی باشم لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەیە، بەهەمان شێوە پێوەندییەکی واشم لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا هەبێت. ئەو ماوەیەش کە پێوەندیمان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەبووە، وام کردووە کە بە قازانجی پێکەوەژیانی هەموو لایەکمان بێت، کارێکم کردووە کە پێوەندییەک لە نێوان ئەو پارتانەدا هەبێت. من دەڵێم ژیانی من کەمێک ئاڵۆزە، بەڵام مرۆڤ ئەگەر بیەوێت دەتوانێت کاری باش بکات، هاوسەنگی ڕابگرێت و کەمێک قووڵتر بۆ مەسەلەکان بچێت. ئێستا کە سەردەم سەردەمی فرەڕەنگییە، سەردەمی مافی ژنە، جا ئەم چەمکی دیموکراتی و مافی ژنە، تۆ دەبێت لە پێشدا لە خێزانەکەی خۆتدا پیادەی بکەی، پاشان بچیت بۆ نێو کۆمەڵگە و دەسەلات.

**ڕووداو: باشە ئەو فکرەی یەکسانییەی کە لای تۆ هەیە و باسی لێوە دەکەیت، لای هاوسەرەکەشت هەیە؟**

**ف.گوڵپی:** نەوەڵڵا. بۆ نموونە ئەوە بیست شەوێکە لەوێ نیم زۆر ئیسراحەتم، بۆ؟ چونکە ژنەکەم لەگەڵم نییە تا پێم بڵێت وازبێنە. ئەوە چەندین ساڵە بەبەردەوامی پێمدەڵێت واز لە فکرەکەت بێنە، دەڵێت واز لەو فکرەیەی خۆت بهێنە، ئەو فکرەیەی تۆ هەڵەیە.

**ڕووداو:ئەی تۆ پێیدەڵێی تۆ واز لە فکرەکەت بێنە؟**

**ف.گوڵپی:** نا، پێینالێم. بەپێچەوانەوە من پێیدەڵێم ئەگەر ئەو فکرەیەی من نەبوایە تۆ ئەو ئیسراحەتەت نەدەبوو، هەموو کەس بەخیلی بە ژیانی تۆ دەبات، لە هەموو خێزانێکدا زیاتر عەقڵیەتی پیاوسالاری زاڵە، بەڵام لەبەر ئەوەی من هەڵگری ئەو فکرەیەم، فکرەی پارتی چارەسەری فکرەیەکی فراوانە، یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەو فکرەیە، مافی ئازادی و یەکسانی بۆ ژنە. پێیدەڵێم تۆ سوودت لەو فکرەیەی من کردووە، ئەوەتا تۆ لە حیزبێکی دیکەدا کاردەکەیت. جار جار قەناعەت دەکات، بەڵام پاش ماوەیەک دیسان دەستپێدەکاتەوە.

من پێم وتووە مادام تۆ هەر یەکێتیت، یەکێتییەکی باش بە. خۆت پێشبخە، من زۆرم بۆ هێنا تا بچێت قانوون و سیاسەت بخوێنێت، لە کاتێکدا ئەو بۆ خۆی تا شەشی ئامادەیی خوێندبوو. من پێم وتووە مادەم سیاسەت دەکەی، باشترە لە لایەنە ئەکادیمیەکەشی تێبگەی، تا لە کارەکەی خۆتدا سەرکەوتوو بیت. من لە هێزی ژن ناترسم و حەزدەکەم ئەو ژنانەی کە لە ڕێکخستنەکەی ئێمەدا کار دەکەن، چ کچم بێت چ ژنم بێت، چ خزمی دیکەم بێت، هەر ژنێک بێت، ژنێکی بەهێز و بەتوانا بێت.

**ڕووداو: لە بیرەوەرییەکانتدا، ڕووداوێکی سەردەمی پێشمەرگایەتی دەگێڕیتەوە کە بەلای منەوە، بالکێش بوو. ئەویش**

### ئەوە بیست شەوە لەماڵ نیم زۆر ئیسراحەتم چونکە ژنەکەم لەگەڵم نییە تا پێم بڵێت واز لە فکرەکەت بێنە



**گرتن و شەهیدکردنی دوو هاوڕێی تۆیە لە لایەن جاشەکانەوە، بەڵام جاشەکان بە یەکێکیان دەڵێن خۆتان بەدەستەوە بدەن لەسەر شەرەفی بارزانی هیچتان لێ ناکەین؟ ئەوە چۆن بوو؟**

**ف.گوڵپی:** دیارە ئەوانە سێ دوکتۆر بوون: دوکتۆر جەبار، دوکتۆر ئاسۆ و دوکتۆر دڵشاد. دوکتۆر ئاسۆ یاریدەدەری پزیشکی بوو، کە جاشەکان دەوریان دەگرن، فیشەکێک بە خۆیەوە دەنێت وخۆی دەکوژێت. پاش ماوەیەک ئێمە بەتەمای جەلال و دڵشادیش نەبووین.

ڕۆژێکیان کە ئێمە لە بالیسان بووین سەیردەکەم وا دوکتۆر دڵشاد دێت بۆلامان، منیش وتم ئەوە چۆن گەیشتوویتە ئێرە؟ ئەویش بۆی گێڕاینەوە کە چۆن جاش دەوریان دەگرن و دوکتۆر ئاسۆ خۆی دەکوژێت. جاشەکان بەزەییان پێماندا هاتەوە، داوایان لێکردین ئەگەر تەسلیم بین نەمانکوژن، ئێمەش بڕوامان پێنەدەکردن، ئەوەبوو ئەوان ئەو سوێندەیان خوارد و ئێمەش خۆمان تەسلیم کردن و ڕزگارمان بوو. دیارە مەسەلەی ئەو جاشانە، ڕەنگە هەیانبووبێت سەر بە حیزبێک بووبێت و خەتمایل بووبن، چەکی بۆ دەوڵەت هەڵگرتووە، بەڵام بارزانی خۆشویستبێت، دیارە ئەو سوێندەی خواردبوویشیان جێبەجێیان کردبوو.

**ڕووداو: ئێستا هەردوولایان ماون، ناتەوێت ناوی ئەو کەسە بەریت؟**

**ف.گوڵپی:** بەڵی هەرسێکیان ماون. جا با شتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، ناوەکەیم لەبیر نییە، بەڵام دەزانم کابرا ئامر سریە بوو. دوای ڕاپەڕین، من سەرۆکی تەندروستی سلێمانی بووم، جارێکیان دوکتۆر دڵشاد هات بۆ لام وتی ئەو کابرایەی کە کاتی خۆی ڕزگاری کردین، ئێستا ئیشێکی هەیە، منیش بەبێ ئەوەی تەماشای بکەم بۆم ئیمزاکرد. دیارە دەمێکە دوکتۆر جەلالم نەبینیووە، لەو ماوەیەدا تەلەفونی بۆ کردم بۆ ئەوەی یەکتر ببینین، بەڵام لەو ڕۆژەدا بووکە ناوی ئێمە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی دا بڵاوکرابووە گوایە تورکیا ئێمەی دەوێت، ئەوەبوو لەو ڕۆژەوە دوکتۆر جەلالم نەبینییەوە، دیار بوو ترسابوو.

**ڕووداو: ئەمڕۆ لە باکووری کوردستاندا، مۆدێلێکی سیاسی و سەربازی بۆ ڕزگاری باکووری کوردستان لە ئارادیە، لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکاندا، تا ڕادەیەک هەندێک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، پێتوایە ئەم مۆدیلە سیاسیە بگوێزرێتەوە بۆ پارچەکانی کوردستان؟**

**ف.گوڵپی:** کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا یەک کێشەیە، بەڵام هەر پارچەو هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە شتە بنچینەییەکاندا، لە ئایدۆلۆژیای نەتەوەییدا، لە ستراتیژی نەتەوەییدا، دەتوانین هەماهەنگییەک بکەین بۆ هەموو کوردستان. دیارە بە گوێری قۆناخی خەبات جیاوازییەک هەیە و تایبەتمەندی تایبەت هەن. بۆ نموونە لە باشووری کوردستان، خەبات و تێکۆشان لە چلەکانەوە دەستی پێکردووە و تا ئستا بەردەوامە. هەندێک هێز و لایەنی دیکە ماوەیەکی زۆرە دەسەلاتی ساحەکەیان بەدەستەوەیە،

### ئەو ژیانەی من هەمە، ئاڵۆزترین ژیانە،زۆر زەحمەتە نموونەیەکی وا بدۆزیتەوە

پاشان ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان سیاسەتکردن بەرانبەر بە داگیرکەر نییە، بەڵکو بەرانبەر بەهێزێکە کە خۆی ڕزگار کردووە، بەڵام ئەو هێزە کەمکوڕی هەیە لە سیاسەتدا. لێرەدا، دەبێت ئەو مۆدیلەی باکوور، خەباتە چەکدارییەکی لێ دەرهاوێژین، چونکە ئەو ئەزموونەی باکوور خەباتێکی سەربازی، سیاسی و جەماوەری دەکات، دژی ڕژێمێک کە نکۆڵی لە بوونی کورد نەک تەنیا لە باکوور بەڵکو لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش دەکات. کەواتە لێرەدا، بی ئەملاو ئەولا دەبێت لە باشوور خەباتە عەسکەرییەکە وەلا نێین. دەمێنێتەوە سیاسەت. بەبڕوای من لە باشووردا، لاوازی زۆرە، بۆ نموونە لایەنی فکری زۆر لاوازە، کە فکر لاواز بوو سیاسەت لاواز دەبێت، کە سیاسەتیش لاواز بوو، بەڕێوەبردن لاواز دەبێت و بوارەکانی دیکەی ژیانیش لاواز دەبێت. هەروەها لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو ئەزموونەی باکوور لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆرانکاری گرنگی خولقاندووە، بۆ نموونە لە ئاستی تاکدا، تاکەکانی وا پەروەردە کردووە لە ڕووی دیسپلین و هۆشیاری نەتەوەیی و لە ڕووی ئیلتیزامات بە ماف و ئازادی ژنەوە، واتە کۆمەڵگایەکی تایبەت و پێشکەوتووی دروستکردووە. ئەو دیسپلین و لایەنە کۆمەڵایەتییەی باکوور، دەتوانین بگوێزینەوە بۆ باشوور و کەڵکی لێوەربگرین. بەڵام دیسان لەوەشدا دەبێت هەندێک تایبەتمەندی باشوور ڕەچاو بکرێت، بۆ نموونە نزیکبوونەوە لە خەڵک لە باکوور جیاوازی هەیە لە خەڵکی باشوور، ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە لەگەڵ عەرەبدا ژیاوین و ئەوان لەگەڵ تورکدا و هەندێک گۆڕانکاری کولتووری پەیدا بووە. بۆیە لایەنە سەربازییەکەی نەبێت، دەتوانین کەڵک لە لایەنەکانی دیکەی ئەزموونی باکووری کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان وەربگرین، بە ڕەچاوکردنی ئەو شتانەی باسمکردن.

**ڕووداو: لە کاتی ئازادی خۆتدا بەچییەوە خەریکی، دەچیت بۆ سینەما و شانۆ، دوا کتێب کە خوێندبێتەوە چییە؟**

**ف.گوڵپی:** نا، ناچمە سینەما و شانۆ، ئەوەش پێوەندی بە باری ئەمنییەوە هەیە، بەڵام سەیری فیلم دەکەم. دوا کتێبیش کە خوێندوومەتەوە کتێبێکە بەناوی "گەشتی تیوو"، ڕۆمانێکی ئایینییە لەسەر ئایینەکانە، زۆربەی نەتەوەکان ئایینی تایبەت بەخۆیان هەیە، کورد نەبێت.

# لە ئەزموونی حەریری و نەسروڵڵا
# کامیان هاوشێوەی ئەزموونی کوردستانن ؟!



مەریوان نەقشبەندی
naqshbandy@gmail.com

ئەوەی سەردانی لوبنان بکات خێرا دوو نموونە دەبینێت، یەکێکیان نموونەی حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی حیزبوڵڵا و ئەوی دیکەیان نموونەی ڕەفیق حەریری سەرۆک وەزیرانی تیرۆرکراوی لوبنان. ئەم دوو کەسایەتییە هەریەکەیان خاوەنی ئەزموونێکی تایبەتییە .حەسەن نەسروڵڵا توانی بە ڕووبەڕوبونەوەی ئیسرائیل و بە دیلگرتنی چەند سەربازێکی ئیسرائیلی نێوبانگێکی سیاسی و جەماوەری گەورە لە لوبنان و ناوچەکەدا بۆ خۆی پەیدابکات. کشانەوەی ئیسرائیل پێش چەند ساڵێک لە باشووری لوبنان، حەسەن نەسروڵڵای وەک پاڵەوان خستە بەردەم میدیا عەرەبییەکان و هەریەک لە سوریا و ئێران و چەندین وڵاتی عەرەبی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتگیری و هاوکاری حەسەن نەسروڵڵایان کرد و ئێستاش پشتگیری دەکەن. لە لوبنان ئەو شوێنانەی لایەنگر و ئەندامی حیزبوڵڵای لێیە زۆر بەئاشکرا ئاستی خراپی گوزەران و بێ خزمەتگوزارییان پێوە دیارە. لەجیاتی خزمەتگوزاری حیزبوڵڵا ئەو شوێنانەی تێیدا باڵادەستە بەسەدان هەزار وێنەی حەسەن نەسروڵڵا و عیماد مەغنیە لە ستوونەکانی کارەبا و شوێنەگشتیەکان داوە .مرۆڤ دەتوانێ بڵێ وێنەکانی حەسەن نەسروڵڵا لەشاری (نەبەتیە)ی باشووری لوبنان لەژمارەی دانیشتوانی شارەکە زیاترە. شیعەکانی لوبنان ئەگەرچی زۆر ڕۆشنبیر و کراوەترن لەشیعەکانی عیراق و ئێران، بەڵام ئینتیمای مەزهەبی بەسەریاندا زاڵە و هەروەک لوبنانییەکان دەڵێن ئەوە دیاری سوریا و ئێرانە بۆ لوبنانییەکان.

حەسەن نەسروڵڵا بەردەوام لەسەر وەتەری (مقاوەمە)و (تەحەدای سەربازی)مۆسیقا لێدەدات، دەسەڵات و جەماوەرەکەشی هەر لەسەر ئەم ڕێڕەوە بونیادنراوە .بۆیە قازانجی حیزبوڵڵا لە نائارامی لوبنان و هەڕەشەی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆسەر سوریا و ئێراندایە. بە واتایەکی دیکە لەئەجێندای حەسەن نەسروڵڵا و حیزبەکەیدا شتێک نییە ناوی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بێت . نەسروڵڵا ئەگەرچی باش دەزانێت لوبنان لەسەر داهاتی گەشتوگوزار دەژی و هیچ سەروەت وسامانێکی سروشتی ئەوتۆی نییە خەڵکی ئەو وڵاتە پشتی پێببەستن، بەڵام بە هەموو توانایەک دەیەوێت لوبنان بکاتە وڵاتێک کەتەنیا ئیشوکاری دژایەتیکردنی ئیسرائیل بێت. لێرەشدا بێگومان پارەی نەیارانی ئیسرائیل و ڕۆژئاوای بەسەردا دەبارێت. هەر لەبەر ئەوەش شیعەکانی لوبنان ئێستا 53%ی سوپای لوبنان پێکدێنن.کەواتە لاوانی لوبنان لەجیاتی خوێندن و فێربوونی وانەی گەشتوگوزاری کە وڵاتەکەیان پێیدەژی، بەدوای چەک و مووچەی سەربازیدا دەگەڕێن. لەجیاتی وەرگرتنی وانەی پێکەوەژیان و پتەوکردنی ئاشتی، مەشقی سەربازی و ڕوبەڕوبوونەوەی ئیسرائیل دەکەن.

لەبەرامبەریشدا ئەزموونی ڕەفیق حەریری هەیە کە لوبنانیەکان بە (شەهیدی لوبنان)وەسفیدەکەن. ڕەفیق حەریری کە سەرەک وەزیرانی لوبنان بوو بەیەک تەن مادەی TNT و تەقینەوەیەکی ئێجگار گەورە لەشاری بەیروت تیرۆرکرا و هەتا ئێستاش وردەکاری ڕووداوەکە و ئەوانەی لەپشتیەوەبوون بەتەواوەتی ئاشکرانەبووە. ئەم پیاوە پێش ئەوەی ببێتە سەرەک وەزیرانی لوبنان خاوەنی 12ملیار دۆلاربوو، بەڵام دوای تیرۆرکردنی بەماوەیەک بەدیارکەوت کە تەنیا 2ملیار دۆلاری ماوە. ئەو سەرمایەشی لەباشکردنی ڕەوشی بازار و پڕۆژەی خزمەتگوزاری هەمەجۆر لەسەرتاسەری لوبناندا خەرجکردووە. پرسیاری حەریری لەهەر هەژارێکی لوبنانی بکەی کۆمەڵێک چاکەیت بۆ باس دەکات. ڕەفیق حەریری لەدروستکردن و خزمەتکردنی مزگەوت و کڵێسە، لە دۆستایەتیکردنی موسڵمان و مەسیحی و دورزی هیچ جیاوازیەکی نەکردووە و سەرمایە تایبەتییەکەی گەیاندووەتە هەرجێگایەک و هەر کەسێکی وڵاتەکەی کە پێویستی پێبووبێت. بۆیە زۆر ئاسایی بوو بینیم لەسەر مەزارەکەی ڕەفیق حەریری، موسڵمان، مەسیحی و دورزی دوعای خێریان بۆ دەکرد و لەخوای گەورە دەپاڕانەوە ڕەفیق حەریریەکی دیکە بۆ لوبنان دروست بکاتەوە. پەیکەر و ژمارەی وێنەکانی ڕەفیق حەریری لەبەیروت و سەیدا و تەرابلس ئێجگار زۆرن، بەڵام وێنەکانی خەڵک بۆ خۆیان لەخۆشەویستیدا هەڵیانواسیوە و نەک لەسەر ئەرکی حیزب و حکومەت . حەریری لەلوبناندا هەمیشە بەنموونە دەهێنرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێک هەن خۆشحاڵن بە تیرۆرکردنی . ئەوەش کارێکی ئاساییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕەفیق حەریری وڵاتێکی دروستکردووە کە بەبێ پەرلەمان و سەرۆک و حکومەتیش کاروباری خەڵک و هاتووچۆی هاووڵاتیان و پرۆسەی گەشتوگوزاری وەک سەعات ڕێکوپێک ئیش دەکات.

بەڵام ئاخۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان کام ئەزموونمان هەیە؟! لەڕووی گەشەکردنی ئابووری و بیناسازی و شەقام و ئەمن و ئاسایشەوە هەنگاوی باش نراوە، بەڵام هەموو چین و توێژەکان سودیان لەم پێشکەوتن و گەشەکردنە وەرنەگرتوە. تەنیا خاوەن سەرمایە و بەرپرسان و دەوڵەمەندکراوەکان سوود لەئوتێلە پێنج ئەستێرە و شوققە فاخیرەکان وەردەگرن. بوودجە و داهاتی هەرێمی کوردستان لە داهاتی چەندین وڵاتی ئەفریقا و ئاسیا زۆرترە، بەڵام جیاوازی گوزەرانی هەژار و دەوڵەمەندەکان ئەوەندە فراوانە بووەتە جێی مەترسی . لەڕووی هێزی سەربازی و خیتابی سیاسی جۆشدەرانە، ئێستا خەڵکی کوردستان هەردووکی لەبیرکردووە. نە ناوی پێشمەرگە ئەو پیرۆزییەی ماوە کەخەڵکی بیکەنە نموونە، نە کەسیش بەدوای خیتابی جۆشدەرانەی نەتەوەیی دەکەوێت. ئێستا خەڵکی ئەزموونی 17ساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی شەڕێکی کاولکارییەوە دەبینێت، کە جگە لەوەی بووەتە هۆی لەتبوونی ئیدارە و ئیرادەی میللەتەکەمان، بێئومێدیەکی زۆریشی لەلای خەڵکی دروستکردووە کە پێویستی بە هەوڵێکی حکومی و حیزبی زۆردەبێت بۆ گێڕانەوەی متمانەی نێوان خەڵک و دەسەڵات. لە لوبنان بەبێ حکومەت و پەرلەمان و سەرۆک کۆمار هەموو ئیشوکارێک دەڕوات، بەڵام لەکوردستان بەهەموو ئەوسیستمە سیاسی و حکومییە و بەو ئاسایشە بەرقەرارەی ئەمڕۆوە هێشتا مەترسی جۆراوجۆر هەیە و هاووڵاتی کوردستان زۆربەزەحمەت هەستدەکات خاکی هەیە و دەبێ بیپارێزێت.

# با تەڕ و وشک
# پێکەوە نەسووتێن



ئاری هەرسین
ari.harsin@gmail.com

زۆرجار لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرپرسان و کاربەدەستانی حیزبی و حکومی گلەیی ئەوە لە ڕۆژنامەنووسانی ئازاد دەکرێت، کە چاویان تەنیا شتە خراپەکان دەبینێت و، کەمتر باس لە ئیشە چاکەکان دەکەن. ئەم بۆچوونە تا ڕاددەیەک ڕاستە. لە ڕاستیدا کاری ڕۆژنامەنووس تەنیا دەسنیشانکردنی خراپەکان وەک گەندەڵی، نادادوەری، نائیداری، و لەم بابەتە نییە. بەڵکو گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکانە وەکو خۆی بەبێ کەم و زیاد.

لە وڵاتی ئێمەدا زۆر شت هەن کە بە چاکی بەڕێوە ناچن، بەڵام لەناو دامودەزگاکانی حکومی و ئۆرگانەکانی کۆمەڵایەتیدا خەڵک هەن کار دەکەن و، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەوە کە هەلپەرستن و لەبەرگیرفانپڕکردن سەریان ناپەرژێتە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەی کە خراوەتە ئەستۆیان، کەسانێک هەن ماندوو دەبن و جێ پەنجەشیان دیارە.

یەکێک لەو بوارانەی کە ماندووبونی پێوە دیارە، دامودەزگای پۆلیس و ئاسایشە، یان ئەو پۆلیسانەی هاتووچۆ کە بەسەرما و گەرما ئەرکی خۆیان بەڕێوە دەبەن. ئەمانە وەک ئەو سەربازە ونەیان لێهاتووە کە نە کەس باسیان دەکات و، نە دەستخۆشیشیان لێدەکرێت. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر سەیری ئاستی مووچەو ئیمتیازەکانی ئەم سەربازە ونانە بکەین، دەبوو باری ئاسایشی کوردستان هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەو ناوچانەی عێراق نەبێت کە دۆزەخێکە بۆخۆی، ئەویش چونکە دژواری باری ژیان زۆرجار ئینسان بە هەڵدێردا دەبات و، لە مەرقەدی دەستپاکی و ڕاستگۆیی دووری دەخاتەوە.

ئەم (ئیش باش دەڕوا)یە تەنیا لە سەر ئاستی خوارەوەی دەسەڵات، وەک پۆلیسێکی سادەدا نییە. لەم ڕۆژانەدا سەردانی سایتی پارلەمانی کوردستانم کرد و لەگەڵ سایتی پارلەمانی هۆڵەندیدا بەراوردم دەکرد. هەرچەندە هیچ ئیشێک نییە بێ کەموکوڕی بێت،بەڵام بە بۆچوونی من ڕاگەیاندنی پەرلەمان بە نەخشەی ورد و وەستایانەوە دەستیان بە دروستکردنی سایتەکە کردووە. سایتەکە بە جۆرێک دروستکراوە کە هەر هاووڵاتییەک دەتوانێت ڕۆژانەو بە بەردەوام موتابەعەی موناقەشەکانی پارلەمان بکات. ڕۆژنامەنووسێک یان هەر کەسێکی دیکە کە بە نیازی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەک بێت سەبارەت بە پەرلەمان، کلیلی دەرگای زانیاریەکانی لەبەر دەستدایە.

ئەمە نموونەیەکی دڵسۆزی ئیدارییە. وەک چۆن ئەو پۆلیسەی هاتووچۆ بە لێزمەی باران لە پۆستەکەی خۆیدا وەستاوە، ئەو بەڕێزانەش کە مێشکیان بۆ دامەزراندنی ئەو سایتە چووە بەو شێوە ڕێکوپێکە، دیارە هەست بە بەرپرسێتی دەکەن و، دیارە شەفافیەتیان لا مەبەستە. چونکە دانانی سایتێک بەو شێوەیە، دامەزراندنی نەک هەر سیستەم، بەڵکو کەلتورێکی ئیشکردنە کە بەردەوامی بە خۆیەوە دەبینێت. کۆمەڵگایەکیش بە هێنانە کایەی کەلتووری نوێ پێشدەکەوێت.

مەبەستی ئەم وتارە چەپڵە ڕێزان نییە بۆ ئاسایش، پۆلیس یان بەشی ڕاگەیاندنی پارلەمان، بەڵکو بەبیر هێنانەوەی ئەو ڕاستیەیە کە هەرچەندە خەڵکی گەندەڵ و هەلپەرست لە کۆمەڵگەکەماندا هەن، بەڵام لە هەمانکاتدا کەسانێکیش هەن کە بە ئاراستەی بەرژەوەندی گشتی کار دەکەن، نابێت ئەمانە لە (تەڕو وشکێکدا پێکەوە بسوتێنرێن). من لە لایەن خۆمەوە هیوادارم نموونەیان زۆربێت.

# پرسی کورد و AKP



د.ئیسماعیل بێشکچی-ئیستەنبۆڵ

2-2

## هۆکاری بنچینەیی دژەدیموکراتیکی ژیانی سیاسی تورک

لێرەدا گرنگە پرسیارێکی وا بپرسرێت: ئایا بۆچی ئەوەندە سیاسەتێکی ئەنتی دیموکراتیک پیادەکراوە؟ ئایا بۆچی پێویستی بەسیاسەتێکی ئەنتی دیموکراتیک وقەدەغەکردنی بیروڕا هەیە؟ وڵامی ئەو پرسانە بەشێوەیەکی ئۆرگانیک لەگەڵ پرسی کورد دا پەیوەندی هەیە. بۆ ئەوەی کورد و پرسی کورد بخەنە ژێر گوشار، بۆ ئەوەی پرسەکە فام نەکرێت و ڕێگا لەتێگەیشتنی پرسەکە بگیردرێت، بۆ ئەوەی لەناو کورد دا هیوایەکی چارەسەری دروست نەبێت و ڕێگە لەژیانەوەی هیوا بگیردرێت، پێویستی بەکردەوەی ئەنتی دیموکراتیکی و قەدەغەکردنی دەربڕینی بیروڕا هەیە. سیستەمی باڵادەستی تورک سیاسەتێکی ئاوایە. پارتە سیاسییەکان، سەندیکا، چاپەمەنی و هەڵبژاردن بۆ ئەو دیاردەی ئەنتی دیموکراتبوونە دەبنە پەردە، ڕێگە نادەن کە بەڕوونی ببینرێت.

AKP یانیش حکوومەت، دەخوازێت بەڕێگای برایەتی ئایینی، لەڕێگای برایەتی ئیسلامییەوە چارەیەک بۆ پرسەکە ببینێتەوە. یان دەیەوێت لەڕێگای برایەتی ئیسلامییەوە پرسەکە بتوێنێتەوە. لەهەوڵی ئەوەدایە پرۆسەی گەشەسەندن و پێشڤەچوونی نەتەوەیی کوردو، تێکۆشانی بەدەستخستنی مافەکانیان کە بەدەستی خۆیان بەدەستیان هێناوە، لەناو بەهێزکردنی پرۆسەی دینداریدا لەناوبیبات. لەتورکیا، دین بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدایە. لەوبوارەوە کۆماری تورکیا دەوڵەتێکی سکۆلارولائیک نییە. بەکارهێنانی دین و جەرەیانە دینداریەکان لەبەرامبەر جووڵانەوەی کورد یەکێک لە گرنگترین سیاسەتکانی دەوڵەتە. ئەوەش دەزانرێت کە جووڵانەوەی حزبوڵڵا لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزراوەو ئەندامەکانی لەبارەگا سەربازییەکاندا پەروەردە کراون .وەک نموونە، لەنێوان حزبوڵڵا ی تورکیا و لوبنان لەبواری رامان، چالاکی و ئامانجەوە جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە. ئاشکرایە کە حزبوڵڵا لەتورکیا ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتەوە لەشارە کوردییەکانی وەک باتمان، فارقین، دیاربەکر، بسمیل، نسێبین، بدلیس، تاتوان و...هتد جێگیر کراوە. لەبەرامبەر وڵاتپەروەرانی کورد، وەک نموونە، لەبەرامبەر تەرزی، بەربەر، کۆشکار و نموونەی وەک ئەوانە، لەهەمبەر مەلا و دەرسداران هێرشی توندیان ئەنجامداوە. لەو هێرشانەدا زۆر کەس کوژراون. بەڵام ئەوەش دەزانرێت کە حزبوڵڵای لوبنان بەپەروەردە، تەندروستی و بژێوی خەڵکەوە پەیوەستە و چالاکییەکانی باشکردنی ڕەوشی کۆمەڵگا پێکدێنێت. فەتحوڵڵا گولەن کەسێکی وەهایە کە لەژێر پەردەی دینداریدا نەتەوەپەرستی و نەژادپەرستی تورکێتی پێشدەخات و تورکیایەتی لەناو خەڵکدا پەرەپێدەدات. هەروەها ئەوەش زانراوە، ئەو بەرهەمانەی کە سەعید نەورەسی لەسەدەی 19دا لەبارەی کوردەوە نووسیبووی کە ئەوکات بەناوی سەعید کوردی دەناسرا، برازای فەتحوڵڵا گولەن یان کۆمەڵەی فەتحوڵڵا گولەنی ئەو بەرهەمانە چەواشە دەکات و جۆرە چەواشەکراوەکانی بڵاودەکاتەوە.

AKPو حکوومەتەکەی جیا لەوەی دەیەوێ لەناو چەمکی برایەتی ئیسلامیدا کورد ئاوارە بکات، هۆشی کورد بوەستێنێت، هەستی کوردایەتی لەناو کورداندا پوچ بکاتەوە هیچ ئامانجێکی دیکەی هەیە؟ هەروەها ئەوەش لەبەر چاوە کە خودی دەوڵەت لەناو هەوڵدانێکی گەورەدایە تا لەهەرێمی کوردنشیندا ڕەوتە دینداریەکان گەش بکاتەوە وەک نموونە، بەدەستی خۆی کورسگەلی خوێندنی قورئان، خوێندنگەی پێگەیاندنی ئیمام خەتیبان دەکاتەوە. دیسان ئەوەش دەزانرێت کە، ئەو پرۆژە ئەنتی دیموکراتیکانەی لەتورکیا لەبەرامبەر کورد دا دادەنرێن و جێبەجێ دەکرێن، ڕێگا لەباشبوونی ڕەوشی کۆمەڵگا دەگرن و بۆ پێشڤەچوون دەبنە ئاستەنگ.

## لەبنچینەدا پێویستی بەگۆڕینی عەقلییەت هەیە

ئێستا پێویستە بۆ ئەو پرسە بیر لەچارەسەرییەکی تەندروست بکەینەوە. تا لەپرسی کورد دا چارەسەرییەکی تەندروست و هەمیشەیی نەدۆزرێتەوە مومکین نییە کە دیموکراسی ساز بکرێت. پرسی کوردیش تەنیا لەئەنجامی پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی عەقلییەت دەتوانرێت لێ تێبگەن. چارەسەری پرسەکەش دەتوانرێت تەنیا لەپرۆسەیەکی وەهادا قسەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

گۆڕینەوەی عەقلییەت چۆن دەبێت؟ لەدوایین هێرش بۆ دەرەوەی سنووردا (12-29 شوباتی2008) دەوڵەت ڕایگەیاند کە 240 گەریلای پەکەکە کوژراون. هەرکاتێک لە پێکدادانەکاندا سەربازێک ژیانی خۆی لەدەستدەدات ئەوکات کاربەدەستانی دەوڵەت وحکوومەت و پارتە سیاسییەکان و چاپەمەنی شین دەگێڕن. بە وەسف وپیاهەڵدانی وەک" ساڵی پێشوو زەواجی کردبوو" ئەو ساڵێکە بووەتە باوک"، " سێ ڕۆژ دواتر مۆڵەتی چوونەوە ماڵی وەردەگرت"، " دوو مانگی دی داوەتەکەی دەگێڕا"، هەوڵدەدەن دەربارەی سەربازە کوژراوەکانی خۆیان هاوسۆزی دروست بکەن و ئەو هاوسۆزیەی کە هەیە زیاتری بکەن. ئەو دیمەنانەی کە فیکر و هەستی بنەماڵەی سەربازەکان نیشاندەدەن لەسەر سکرینی تەلەڤزیۆنەکان دەریدەخەن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەرکاتێک کە لە پێکدادانەکاندا دەیان پەکەکەیی گیان لەدەست بدەن، ئەوکات هەمان کەس لەبارەی ئەوانەوە دەڵێن" گەبەر بوون"، " 10 خائینی دیکەش لەناوبران".

هەرگیز سەرەنجی ئەوە نادەن کە ئەوانەش دایک وباوک و بنەماڵەیان هەیە. چاوپۆشی لەوانە دەکەن و لەنەبوون هەژمار دەکرێن. هەرگیز پاخیان پێ ناکرێت. قەت باس لەبیر و هەستی بنەماڵەکانیان ناکرێتەوە. ئەو کاتەی کە ئەوانەش وەک مرۆڤ سەیر بکرێن، بزانرێت کە گەریلاکان دایک و باوک و خوشک و برایان هەیە، ئەوانیش هەست و بیریان هەیە، پێویستە مرۆڤ لەوانیش تێبگات، ئەوکات گۆڕینی عەقلییەت دەستپێدەکات. کاتێک سوپا لەدەرەوەی سنوور کشایەوە، سوپاسالاری تورکیا ڕووبەڕووی هەندێک ڕەخنە کرایەوە، ئەوکات ڕقی هەستاو گوتی،" دەی کوا ئێوەش بڕۆن بڕۆن24 کاتژمێر لەو شوێنانە بمێننەوە، منیش ئێوە دەبینمەوە!" دەبێ ئەو بۆچوونانەش شیبکرێنەوە. باشە بۆچی گەریلا بەساڵان لەو شوێنانەدان؟ هیوای گەریلا چییە؟ ئەوە گۆڕینەوەی هۆشمەندی بەو ئیمپاتییە، بەپێکهێنانی ئەو ئیمپاتییە لەناو خەڵکدا دەستپێدەکات. ئەو قسانەی سەرەوە لەسەر حیسابی گەریلا هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنییە. ئەوەش گرنگە کە ئەو هەڵسەنگاندنە لەلایەن هێزێکەوە کە شەڕ دەکات کراوە، باشە بگەڕێنەوە ماڵەوە، باسی چەکدانانی پەکەکە دەکرێت. ئەڵبەت دەبێ بیر لەوەش بکرێتەوە کە ئەو گەنجانە بۆچی ماڵی خۆیان بەجێهێشتووە. گۆڕینی عەقڵییەت بەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەست پێدەکات.

## نەورۆزی 2008

ئەوە بابەتێکە شیاوی لێکۆڵینەوەیە کە کورد نەورۆزی2008ی چۆن پیرۆز کرد. بەڕاستی، دەبێ پرۆسەی پاش ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور بەسەرنجەوە لێی بکۆڵدرێتەوە. لەکۆتایی شوباتی2008 وە کورد لەشارەکانی وەک دیاربەکر، بازید، وان، جوولەمێرگ، باتمان، قۆسەر، نسێبین، گەڤەر و موش لەسەر پێیە ،، جار هەبوو بە سەتان هەزار و جاریش بەدەیان هەزار مرۆڤ پێکەوە کۆدەبوونەوە. ئەو کۆبوونەوانە وەک خۆپیشاندان و نمایش و میتینگ بۆ سەرکۆنەکردنی هێرشی دەرەوەی سنوور دروست بوونە. لەنەورۆزدا ئەو کۆبوونەوە جەماوەری و خۆپیشاندانانە گەیشتنە بەرزترین ئاست. لەنەورۆزدا لەدیاربەکر نیو ملیۆن مرۆڤ لەمەیدان بوون. لەبازید نزیکەی20 هەزارکەس نەورۆزیان پیرۆز کرد. سەرەڕای کە لەشارگەلی وەک وان، سێرت، جوولەمێرگ و گەڤەر نەورۆز قەدەخەکرا، بەڵام دیسان خەڵکی نەورۆزیان پیرۆز کرد. خەڵکی کورد نەورۆزی2008 یان لەگەڵ بەڕێوەبەرانی هەرێمی و نوێنەرانی خۆیان لە پەرلەمان پیرۆز کرد. سەرەڕای هەبوونی تیرۆر و توندی دەوڵەت، برینداری و کوشتن دیسان خەڵکی نەورۆزیان پیرۆز کرد. گرووپگەلێک کە لەسەرەوە تا پێیان چەکداربوون ڕێگایان لەو ژنانەی دەگرت کە بەجلوبەرگی نەتەوەیی خۆیانەوە بەشدارییان لە ئاهەنگی نەورۆزدا کردبوو، دەستیان بۆ دەهاوێشتن و بەقۆنداخە تفەنگ و بەپێلاقە لەسەر زەوی درێژیان دەکردن و لەسەر زەوی ڕایاندەکێشان. ئەو منداڵانەی کە بەردیان لە تانکەکان دەدا، هێزەکانی دەوڵەت گوللەیان پێوەدەنان. ئەوە هەموو ئەو دیمەنە سەیرانە بوون کە دەبێ مرۆڤ سەرنجیان بدات.

لەو شوێنانەی کە نەورۆز بەشێوەیەکی ئاسایی پیرۆز دەکرا،بە ئاپۆڕەیەکی گەورەو بەجۆشێکی زۆر گەورەوە پیرۆز دەکرا. لەدەڤەرەکانی وەک وان، سێرت، جوولەمێرگ وگەڤەر کە نەورۆز لەو شوێنانەدا قەدەخەکرا، لەکاتی پیرۆزکردندا بویەری زۆر گەورە ڕوویاندا. لەگەڵ زیادبوونی ڕادەی تیرۆری دەوڵەتدا کوشتن و بریندار هەبوون. قۆڵی منداڵی16 ساڵی شکێندرا. سەرۆک وەزیر ڕەجەب تەیب ئەردوغان دەڵێ، AKP بە75 پەرلەمانتەری خۆیەوە نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات دەکات. ئەوە دروشمێکە. ئەوە یەک ڕاستی کۆمەڵگایەو پرۆسەی هەنووکەیی نیشان نادات. دیارە کە لەبارەی پرسی کورد و کوردستاندا ئەو 75 پەرلەمانتارە هیچ داخوازییەکی جیدییان نییە. بۆ نموونە، لەڕۆژانی پیرۆز کردنی نەورۆزدا لەگەڵ ئەوەی تیرۆری دەوڵەت گەیشتە ڕادەیەکی بەرز، ئایا هیچ دەنگێکی نارازیبوون لەو75 پەرلەمانتارە بەرزبووەوە؟ ئایا حکوومەت لە ئاستێکی بەرزدا خۆی زیاتر بەرپرسیاری ئەو تیرۆرەی دەوڵەت نییە ؟ ئایا ئەو75 پەرلەمانتارەش شەریکی ئەو تیرۆرە نین؟ پرسێکی دیکە هەیە کە بەقەد ئەوانە گرنگە: ئایا ئەو75 پەرلەمانتارە نەورۆزیان لەگەڵ ئەو خەڵکەی ئەوانیان هەڵبژارد پیرۆز کرد؟ ئەڵبەت ئەمڕۆ پارتێک کە لە پەرلەماندا نوێنەرایەتی کورد دەکات پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیکە. پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک سەرەڕای گەلێک ریسک، بەڵام هەر ئەوە دەکات. سەرۆکیAKP ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەدوای هەڵبژاردنەکانی 22ی جولای ( تەمموز) هەستایەوەو گوتی" من دیاربەکرم دەوێت، باتمانیش دەخوازم"و ڕایگەیاند کە AKP لەهەڵبژاردنەکانی ئاداری2009 دا ئەو شارانە دەگرێتە دەست.

پیرۆزباییەکانی نەورۆز نیشانیاندا کە ئێوە دەبێ دەست لەگرتنی دیاربەکر و باتمان بەردەن،AKP لەهەرێمەکە گەلێک پاشەکەوت و هەندێک ماوە تا بەتەواوەتی کۆتایی پێبێت. لەونێوەدا، پێویستە ئێمە سەرنج بدەینە سەر بۆچوونەکانی بەڕێوەبەرانی باشووری کوردستان سەبارەت بەAKP و حکومەتەکەی. سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی داوا لە کورد دەکات کە پشتگیری لەAKP و حکوومەتەکەی بکەن. پێشنیاز دەکات کە کورد دەنگی خۆیان بدەنە ئەو پارتە. ئەوە پێشنیازێکی هەڵەیە. چونکە دەبێ کورد دەنگی خۆیان بدەنە پارتە کوردییەکان و ئەو پاڵێوراوانەی کە پارتە کوردییەکان پێشنیازیان کردووە. نەورۆزی2008 لەشارەکانی وەک قۆسەر، نسێبین، باتمان، تەتوان، شێرنەخ، ئەدەنە، مێرسین، ئیزمیر، ئایدین، مانیسا، ئەدێرنە و چانککالایەش لە مەیدانەکان بەکۆمەڵ پیرۆز کرا. " ئیدی بەسە" دروشمی بنەڕەتی بوو. هەروەها PKK" گەلەو گەلیش لێرەیە" دروشمێکی دیکەی بەناوبانگ بوو. کورد بە ژن، منداڵ، کوڕ، کچ و گەنج و پیر لەماوەی مانگێکدا بەردەوام بەو دروشمانە لەسەر پێ بوون. باشترە بڵێین لەهەموو تەمەنێکدا خەڵک لەسەر پێ بوو. ئەو پرۆسەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئیدی کورد نەتەوەن. ئەگەر مرۆڤ لەسەر ئەو سەرهەڵدانە بیربکاتەوە، بۆ پێشخستنی ئیمپەتی، بۆ گۆڕینەوەی هۆشمەندی ئەوە دەبێتە دەستپێکێکی جیدی.

## بۆچی تورکیا کورد وەک بەرامبەر قبووڵ ناکات؟

من لەو قەناعەتەدا نیم کە AKP و حکومەتەکەی سەبارەت بەپرسی کورد، هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵبگرێت. ئایا لەدرێژخایەندا دەتوانێت شتێک بکات؟ سەبارەت بەوە من ناتوانم مەزندەیەک بکەم. ئەگەرمرۆڤ بڵێت ئەو پارتە لەوبوارەدا خاوەنی ئیرادەیەکی سیاسی نییە، من دەڵێم لەوانەیە گرنگیخۆی هەبێت، دەوڵەت و حکوومەت کورد وەک موخاتەب قبووڵ ناکەن. هۆکاری بنەڕەتی بۆ ئەوەی کە دەوڵەت نایەوێت کورد وەک موخاتەبێک قبووڵ بکات ئەوەیە کە ناخوازێت هیچ مافێک بداتە کوردو نایەوێت مافی کورد بناسێت.

لەوڵاتانی دیکە کە پرسی ئەتنیکی لەناویاندا هەبووە، ئایا ئەوان ئەو پرسەیان چۆن چارەسەر کردووە؟ لە ئەفریقا، لەئاسیا وئەمریکای لاتین چۆن لەو جۆرە پرسانە تێگەیشتوون وچۆن چارەسەر بوونە؟ وەک نموونە لە ئەفریقا پاش شەڕی دووەمی جیهانی، بەتایبەتیش پاش ساڵانی1960 پرسگەلی لەوجۆرە چۆن چارەسەر بوونە؟ ئێمە بڵێین، لەوڵاتێک لەوڵاتان بەر لە ڕزگاری نەتەوەیی ولەقۆناخێکی تێکۆشاندا هەندێک پێشنیاز بۆ دەوڵەتی ئیمپریالیست و کۆلۆنیالیستی کراون، داخوازییەکانی خۆیان دەهێنایە زمان. دەوڵەتی ئیمپریالیست یان کۆلۆنیست ئەو داخوازەی وڵامدەدایەوەو دەیگوت" ئێمە لەفڵان وفیسار بابەتدا هیچ وتوویژ ناکەین، بەڵام ئێمە دەتوانین لەفڵان و فیسار بابەتی دیکەدا وتوویژ بکەین". لەو لەو جۆرەدۆخەدا گفتوگۆ دەستی پێدەکرد.

ئەو گفتوگۆیانە بەکات بەردەوام دەبوون و لە کۆتاییدا دەگەیشتنە ئەنجامێک.بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی لەئەفریقا3/2 دەوڵەتانی سەربەخۆ هەبوون. ئەمڕۆ ئەو ژمارەیە نزیکی55ە. لەناو ئەوانەدا تەنیا لە کۆلۆنی فەرەنسا جەزایەر و کۆلۆنی پۆرتوگالی گینەی بیسائۆو موزامبیک و ئەنگۆلا شەڕی چەکداری ڕوویدا.

لەهەموو کۆلۆنییەکانی دیکەی ئەفریقادا، لەکۆلۆنییەکانی ئینگلیز، فەرەنسی، بەلجیکی، ئیسپانی و ئیتالیاییدا لەڕێگای گفتوگۆی یاساییەوە سەربەخۆیی بەدەستهێنرا. کەچی لەتورکیا بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کورداندا پەیوەندی نابەسترێت و کورد وەک موخاتەب قبووڵ ناکرێت. دەوڵەت لەگەڵ سەرۆکی جاشەکان، لەگەڵ ئەوانەی کە دەڵێن "ئێمە تورکین" گفتوگۆو دانیشتن دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوانەی کە لەمافەکانی خۆیان دەگەڕێن گفتوگۆ ناکات. بە قەناعەتی من هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە تورکیا هیچ جارێک نیازی نییە هیچ مافێک بداتە کورد.



## پەیامی ڕوودا

# ڕۆژنامەو دەسەڵات

بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە کە سبەینێ یادی 110 ساڵەیەتی، حەزدەکەم سەرنجی هاوکارەکانم بۆ پرسێک رابکێشم کە پێموایە لای زۆریان بەدحاڵیبوون وبەهەڵە تێگەیەشتنێک هەیە، لە پەیوەند بە ڕەوتاری ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ دەسەڵاتدا.

بەپێچەوانەی داب ونەریتی ڕۆژنامەوانیی دنیا، بەشێک لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان واتێگەیشتوون کە ڕۆژنامەو ڕاگەیاندن بەگشتی دەبێ کوێرانە "دژ"ی دەسەڵات بێت وتەنانەت هەندێک ڕۆژنامە پتر لە هێزگەلێک دەچن کە بەرنامە وپلاتفۆرمێکیان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات وهاتنەسەرکار هەبێت، لەکاتێکدا ڕۆژنامە لە دنیای پێشکەوتوودا "چاودێر"ی دەسەڵاتە وکارو ڕەوتاری دەسەڵاتداران ومۆدێلی دەسەڵاتەکەیان دەخاتەژێر پرسیارو ڕەخنەوە.

مەگەر تەنها ڕۆژنامەو بڵاوکراوە ئایدیۆلۆجییەکان، دەنا هیچ ڕۆژنامەیەکی ئازاد وسەربەخۆو پرۆفیشنەڵ نابێ بێلایەنی پیشەیی خۆی لەدەست بدات و لە کێشەو ململانێی نێوان دەسەڵاتداران و بەرهەڵستکاراندا لایەنگیری یەکێکیان بکات، بەڵکو دەبێ ڕووداو و زانیارییەکان وەکو خۆی وبێ پێوەنان بڵاوبکاتەوەو، ئەرکی تەنها بەرچاو ڕوونکردنەوەی جەماوەر بێت. بۆیە هەر ڕۆژنامەیەک دنەی خەڵک وهانیان بدات بۆ ڕاپەڕین و ڕژانە سەرجادە و ڕووخاندنی دەسەڵات، پێی بزانێ یان نا ئەوە یەکێک لە گرنگترین پەیام ومۆراڵی ڕۆژنامەوانیی پێشێلکردووەو پتر لە ئۆرگانێکی حیزبی دەچێ، ئیدی با پڕوپاگەندەی سەربەخۆییش بکا.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کە بەنێوبانگترین ڕۆژنامەی ئەمێرکا و دنیایە، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ داگیرکردنی ئێراق نەبوو لەلایەن ئەمێرکاوە، بەڵام جگە لە سەروتارە ڕەخنەییەکانی، هیچ جارێک داوای لە ئەمێرکاییەکان نەکردووە حکومەتی جۆرج بوش بڕووخێنن. چونکە ئەوە هەرگیز ئەرک وئیشی میدیای پرۆفیشنەڵ نییە.

دەسەڵاتی کوردستان ئەگەر جارێک شایەنی دەستخۆشیکردن بێت، ئەوە سەدجار شایستەی ڕەخنە لێگرتنە، بۆیە دەستی ئەو ڕۆژنامەوانە بوێرو چەلەنگانە خۆشبێت کەلە چەند ساڵی ڕابردوودا دەستیان بۆ زۆر بابەت بردووە کە هێشتاش بەلای دەسەڵاتدارانەوە هێڵی سوور و بڤەن، بەڵام ئەوە هەرگیز ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە ڕۆژنامەگەریی کوردی هێشتاش سەدان هەنگاو لە پیشەییبوونەوە دوورە.

نوورەدین وەیسی



# ڕۆژنامەیێن سۆرانی ب بادینی

بەشار کیکی *

Kikany1@yahoo.com

ئەڤە ماوەیەکە مینا پێلەکێ چەند ڕۆژنامەیێن کوو لە سلێمانیێ وهەولێرێ دەردکەڤن، چەندەک ژبەرپەرێن خۆ ژبۆ وان دیدوبۆچوون وبراڤ وچالاکیێن دهوکێ ودەڤەرا بادینان ب گشتی هەنە، ڤەکرینە.

ئەڤ دیاردەیە د دەمەکێدا هاتییە کوو هەژی ڤەخویندنێیە ژهەمی ئالیانڤە، چونکە دشیاندایە بەروڤاژی ب هەمان شێوە ڕۆژنامەیێن کوو ل دهوکێ ژی دەردکەڤن چەندەکێ ژبەرپەرێن خۆ بۆ دیالیکتا سۆرانی وبراڤ و بوچوونێن کوو ل هەولێرو سلێمانیێ دهێنە ئەنجامدان ڤەکەن.

ل دەسپێکێ دخوازم بێژم کوو ئەڤە پێنکاڤەکا ئەرێنییە، خۆ ئەگەر ئارمانجێن جودا جودازی ل پشت هەبن، ئەڤ پێنگاڤە ل سەر ئاستێ تەلەڤزیۆن (سەتەلایت) وڕادیۆیان هاتبوو هاڤێتن، بەلێ جهێ داخێیە ل سەر ئاستێ ڕوژنامەیان درەنگ هاتە پێش.

ب گورەی خویندنا من بۆ ڤێ دیاردەیا ساخلەم ئەوە کوو ژنوو ڕوژنامەیێن سلێمانیێ وهەولێرێ پێحەسیان دەڤەرا بادینان وپارێزگەها دهۆک ب گشتی نەخاسمە وەک دیالکتیک رولەکێ مەزن ل سەر ئاستێ کوردستانێ هەیە و سوبەهی ئەگەر دەڤەرێن ماددەیێ 140 ژی هاتنە سەر دێ بیاڤەکێ ئێکجار مەزن یێ دیالیکتا بادینی پەیدابیت کوو قەت دشیاندا نینە بهێتە پەراوێزکرن.

بەلێ ب دیتنا من ئارمانجا ئێکێ یا ڤێ دیاردەیێ پەیداکرنا بازاڕییە، ئانکو دەڤەرا بادینان چ وەک جوگرافیاو چ وەک دیالکتیک بازارەکێ باشە بۆ فرۆتنا روژنامەیان وخەلکەکێ زور یێ خوندەڤان هەیە، نەخاسمە کوو زانکۆیا دهۆک هەیەو چەندین کۆلیژێن خۆ ل دهۆک وزاخۆ هەنە، زێدەباری چەند پەیمانگەهان وکولیژا دهوک یائەهلی ژی هەیە وچەندین قوتابیێن خەلکێ سلێمانیێ وهەولێرێ وکەرکوکێ لێ دخوونن.

ب دیتنا من ئەڤە دەستپێکا چێکرنا هشیاریا نەتەوەیی یا ساخلەمە کوو ل سەر بنیاتەکێ مەعریفی بهێتە ئاڤاکرن ودسەر هەموو بوچوونێن بەرتەنگ را خۆ بهاڤێژیت و دان پێدانانە کوو یاراست نەبوو دهۆک ودەڤەرا بادینان ب گشتی بهێتە پەراوێزکرن ومخابن گەلەک کەسان ب چاڤەکێ نزم ژی تەماشەی ئاستێ ڕۆشنبیری وجڤاکی یێ ڤێ دەڤەرێ دکر.

ئەڤ پێنگاڤەکە دەستپێکە بۆ چێکرنا پەیوەندیێن موکوم یێن مللی ول سەر هەموو ئاستەکی وبلا ئیدی بەس ب شەرمین بەحسێ ڤێ چەندێ بکەین، براستی ژروویێ سیاسی وجڤاکی ڤە جۆرە حەساسیەتەک هەبوویە و دوژمن وناحەزان ژی گەلەک جاران ژی گەلەک موراهەنە ل سەر ڤێ چەندێ کریە.

براستی دوور ژ سیاسەت وحزبایەتیێ بەلکوو پتر نێزیک بوون ژ نەتەوایەتیێ ڕەوشەنبیرێن سۆرانی ( کورمانجیا ژێری) و ڕەوشەنبیرێن بادینی (کورمانجیا ژۆری) ئەڤرۆ ژ هەردەمەکی دن پتر دهەوجەنە دیالۆگ و دانوستاندنەکا ڤەکری ل دۆر چەندین پرس وتەوەرێن حەساس ڤەکەن، نەخاسمە لدۆر پرسا زمانێ (ئێکگرتی، فەرمی، خویندنێ ) ژبەر هندێ ئەز پێشنیار دکەم براڤ وچالاکیێن ڕۆشنبیری وسەندیکایی ل هەردوو ئالیان بهێنە ئالوگۆرکرن، بۆ نموونە من پێشنیارکریە کونفرانسێ داهاتی یێ ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد -تایێ دهوکێ ویێ سەندیکا روژنامەڤانێن دهوکێ ژی ل سلێمانیێ بهێنە بەستن.

مخابن هندەک ڕەوشەنبیر هەبن بخوازن ڤان پرسێن ڕۆشنبیری ونەتەوەیی بکەنە پرسێن سیاسی وسەرکردایەتیا کوردستانێ پێ ئیحراج بکەن. ژبەر هندێ ئەز دەست خوشیێ ل هەر پێنگاڤەکا ژڤی جۆری دکەم و ئیدی بلا دوورکەڤین ژ لایەنێ ناوچەگەریێ وپتر نێزیکی کوردستانیەتێ ببین وب ڕاستی دخزمەتا کێشەیا کوردستانیبوونێ دایە وتەنانەت دخزمەتا خودی ڕۆشنبیران ژی دایە کوو هوشیاریا نەتەوەیی بیاڤەکێ بەرفرە بخۆڤە بگریت ودێ ئەڤێ پێنگاڤێ ڕەنگڤەدانا خۆ ل سەر ئاستێن سیاسی وئابووری و جڤاکی ودەرووونی ژی هەبیت، ونەخاسمە ل سەر ئاستێ زانستی.

*جێگری سەرنڤیسەرێ روژنامەیا (ئەڤرۆ)



# حەماسێکی کوردی بەڕێوەیە

موراد یەتکین*

ئەرێ هیچ سەرنجێکی ڕووداوەکانی شارۆچکەی یۆکسەگۆڤا (گەوەڕ)ی هەکاری-تاندا؟ من باسی ڕێوڕەسمی ناشتنی فەخرەدین شەدال دەکەم کە لەکاتی ئاهەنگگێڕانی نەورۆزدا بریندار بوو، سێشەممەی ڕابردووش بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.

لەهەمان ئەو ڕۆژەی فەخرەدین لەشاری وان مرد، سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپایی، جوسێ مانوێل بارۆسۆ گوتارێکی لە پەرلەمانی تورکیا لەئەنکەرە پێشکێش کرد، بۆرۆسۆ دوای ئەوەی بەئاشکرا پارتی کرێکارانی کوردستانی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریست ناوبرد، داوای لەحکومەتی تورکیاش کرد پلانێکی ستراتیجی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا پێشکێش بکات. بارۆسۆ گوتی" پێویستە کێشەکانی باشووری ڕۆژهەڵات بەپێی لێکتێگەیشتنێکی ستراتیجی چارەسەر بکرێن، پێویستە پلانەکە پێکهاتەیەک بێت لەچاکسازی کۆمەڵایەتی-ئابووری کە مافە کولتووری وسیاسییەکانی کوردەکانی تورکیا لەبەرچاوبگرێت، دەزانم حکومەت خەریکە کار بۆجێبەجێکردنی ئەوپلانە دەکات، بۆیە چاوەڕێم بەزووترین کات گوێم لە وردەکارییەکانی ئەو پلانە بێت".

من دەڵێم ئەو هەوڵانە پێویستە پشتیوانییەک بدەنە هاووڵاتییە کوردەکانی تورکیا ومافە کولتووری وسیاسیەکانیان پێبدرێت،بەمانایەکی دیکە بۆرۆسۆش وەک دیک چینی جێگری سەرۆک کۆماری ئەمەریکا کە لەم دواییانەدا سەردانێکی کورتی تورکیای کرد لەو باوەڕەدایە کە ئێستا حکومەتی ئەردۆغان ئیش لە وردەکارییەکانی پلانێکی ستراتیجی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، بۆرۆسۆ لەوەش واوەتر ڕۆیشت کاتێک گوتی ئەم پلانە مافە سیاسی وکولتوورییەکان بە هاووڵاتیانی کوردی تورکیا دەبەخشێت، لەکاتی سەردانی کۆندالیزا ڕایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش بۆ ئەنقەرە لە 2007/11/2 ئەردۆغان بە ڕایسی ڕاگەیاند پلانێکی بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەبەرنامەدایە، بەڵام دوای چەندین مانگ بەسەر ئەو قسانە گومان دەکرێت پلانێکی واهەبێت،چونکە تاکە پرۆژە لەباشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەبێت پرۆژەی GAP)) و بەرنامەی کوردییە لە رادیۆو تەلەڤزیۆنی تورکیا TRT، بەڵام دیار نییە ئاخۆ چۆن ئەو کەناڵە دەتوانێت پێشبڕکێ لەگەڵ تەلەڤزیۆنەکەی مەسعودبارزانی Kurdistan TV و تەلەڤزیۆنی PKK ڕۆژ تیڤی Roj TV بکات، لەوە زیاتر هیچ پرۆژەیەکی دیکە نییە.

یان ئەوەتا پلانەکەی حکومەت نهێنییە و دەیەوێ لە ڕای گشتی ومیدیای تورکی بشارێتەوە،چونکە دیتمان چۆن سەرۆک وەزیران خەریکبوو شێت ببێت کاتێک لەکۆبوونەوەیەکدا سەرۆکی یانەی دیاربەکر سیزگین تانریولو باسی لەمافی قسەکردن بەزمانی دایک کرد، کەچی ئەردۆغان کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت. بەڵام با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەمان، ڕۆژێک دوای ئاماژەدانی بۆرۆسۆ بە پلانی حکومەت بۆ داننان بەمافە ڕامیارییەکانی کورد، کۆمانداری هێزە زەوینییەکانی تورک جەنەڕاڵ ئیلکەر باشبوگ ڕۆژی هەینی 2008/4/11 بەڕاشکاوی لە نیکۆسیا گوتی " نابێ کەس داوا لە تورکیا بکات یان چاوەڕێی ئەوە بێت کەلە واری سیاسییدا تورکیا چارەسەرێکی سیاسی بۆ گرووپێکی ئەتنی دیاریکراو هەبێت بێجگە لە هەندێک چاکسازی لە بواری کولتووریدا، چونکە داواکاری سیاسی یەکپارچەیی ویەکێتی تورکیا دەخاتە مەترسییەوە".

ڕاستییەکەی سوپاسالاری تورکیا جەنەڕاڵ یاشار بویوکانیت پێشتر هەمان لێدوانی دابوون، بەڵام ئەمجارە لێدوانەکانی باشبوگ وەک بەرسڤێک بوون بۆ قسەکانی بۆرۆسۆ وئەوانیتر . سەرکردەی هێزە زەوینییەکانی تورک لەکاتێکدا ئەو لێدوانەیدا کە نزیکەی بیست هەزار کەس لەسەر جادەکانی یۆکسێگۆڤابوون وبەشداری ڕێورەسمی پرسەی شەدال بوون ولەسەر داوای PKK دوکان وبازاڕگەکان داخرابوون وڕێپێوانەکەش لەدەستپێکەوە تاکۆتاییەکەی لەلایەن PKK وە کۆنترۆڵ کرابوو، نزیکەی هەزار وارۆش لەلایەن DTP بۆ ڕێگەگرتن لەئەگەری ڕوودانی خوێنڕێژی کۆکرابوونەوە، لە ڕێپێوانەکەدا خەڵکەکە لەدژی زیندانیکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی بەندکراوی PKK سلۆگان و دروشمیان دەدا وئەردۆغانیشیان وەک بکوژ ناودەبرد.

وێدەچێت لەهەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی تورکیا کە بڕیارەلە مارسی 2009 بکرێت، ململانێیەکی زۆر توند هەبێت، ئەردۆغان لەلایەکەوە دەبێ کۆششێکی زۆر بکا بۆئەوەی دڵی خەڵکی ناوچەکە بۆخۆی ڕابکێشێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ ئاگاشی لەو یەکپارچەییە بێت کەلە دەستووری تورکیادا باسکراوە. لە قازانجی ئەردۆغاندایە ئەگەر لە نزیکەوە ئاوڕێک لەکێشەی کورد بداتەوە هەروەک چۆن پەرۆشی نزیکبوونەوەیە لە گەیشتن بە ڕێکەوتنێک لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، بۆیە نابێ کۆنترۆڵی کێشەی کوردی لەدەست دەربچێت، ئەگینا لەوانەیە ئەو دەرفەتەمان لەدەست بچێت کە لەگەڵ سەردانی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراق هاتۆتە ئاراوە.

هێشتا بە تەواوی دیارنییە ئاخۆ گرووپە ئیسلامییەکان لەناوچە کوردییەکان چەند پشکی ئەو دەنگانە دەبەن کەپارتی دادو گەشەپێدان AKP لەهەڵبژاردنە گشتییەکانی 2007 لەناوچەکەدا بەدەستی هێنان، هەروەها ناشزانرێت تاچەند ئەو تەوژمە ئیسلامییە لەژێر کۆنترۆڵدایە. نابێ لەبیرمان بچێت کە چۆن سەرەتا بزووتنەوەی حیزبوڵڵای کوردی لەلایەن دەوڵەتەوە لەدژی PKK بەکارهێنراو پاشانیش لەدەست دەرچوو.

ئێستا جگە لەهەبوونی مەترسی PKK، خەریکە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی کوردیش لەسەر زەوینی کۆمەڵایەتی ناوچەکەدا سەرهەڵبدات، مەترسی و هەڕەشەی ئێستا، سەردەرهێنانی "حەماس"ێکی کوردییە،بۆیە لەقازانج وبەرژەوەندی تورکیا وپارتی دادوگەشەپێدانیشدایە کە ئەردۆغان ڕێگە بە سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوە ئیسلامییە نەدات.

* لە Turkish Daily News وە 2008/4/15



# ژیانێکی بە پەردە لەگەڵ درۆ

تامان شاکر

خاتوونی ڕۆژنامەنووس (لەنجە عەبدوڵڵا) ڕیپۆرتاژێکی لە ژمارە 2ی ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا بڵاوکردووەتەوە، سەبارەت بە دوورینەوەی 10 هەزار پەردەی کچێنی بۆ ئەو کچانەی کە لەلایەن کەسانی بێویژدان وهەوەسبازەوە دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر. لەناو ئەوانەشدا شێخ و مەلاش هەن، لە ڕاستیدا ئەم بابەتە قسەو باسی زۆری لێکەوتەوەو هەندێ کەسی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە، تەنانەت یەکێک دەیگوت لەمەودوا نازانین هاوسەری داهاتوومان لە ڕیزی دووراوەکانە یان نا، هەندێکی دیکە دەیانگوت ئەمە کاری پارەدارە هەوەسبازەکان ئاسان دەکات، ڕێگە بە پیادەکردنی سێکس دەدرێت، واتە کچان تا ئەو کاتەی شوو دەکەن دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان کاری سێکسی بکەن، لە کۆتاییشدا سەر بە ماڵی فەوزیەو فەوزیەکانی دیکەدا بکەن و خۆیان بکەنەوە کچێکی دەست لێنەدراو.

ئەم ڕیپۆرتاژە بابەتێکی د نەوال سەعداویم دێنێتەوە یاد، کاتێک کچێک دەچێتە لای و داوای لێدەکات منداڵەکەی سکی فڕێبدات و پەردەکەی بۆ بدورێتەوە، نەوال سەعداوی لێی دەپرسێ ئەمە کارێکی خراپەو شوێنی برینێکی گەورە لە جەستەت پەیدا دەبێت، کەچی ژنەکە دەڵێت ئەوە گرنگ نییە، بەڵام نەمانی پەردە یانی مەرگی من، بۆیە نەوال سەعداویش بۆ پاراستنی ژیانی کچەکە ئەو کارە ئەنجامدەدات.سەعداوی لە هەمانکاتدا دەڵێت ئەو پیاوە چەند گێلە، کە پرسیار لە شوێنەواری برینێکی وا گەورە نەکات، کەچی بۆ پەردەیەکی تەنکی بچووک کە لە ڕاستیدا بوونی نییە، کەسێک دەکوژێت. ئەم ڕیپۆرتاژەش بۆمان دیاردەخات کە ئەو پەردەیە گرنگ نییە، چونکە پارە چاکی دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو تەمەنەیە کە مرۆڤ لەسەر درۆ بنیاتی دەنێ و لە ماڵێکدا بەردەوام شەڕو ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە، بەهۆی ئەو درۆیانەی کە دەکرێن بۆ خەڵەتاندنی یەکدی.

لە ڕووی زانستییەوە سەلمێندراوە کە ئەم پەردەیە خۆی کونە، ئەگەر کون نەبوایە خوێنی مانگانە لە کوێ دەهاتە دەرەوە، بەڵام لە دوای ئەنجامدانی کاری سێکسی پەردەکە فراوان دەبێت، کەمێک خوێنی لێدێت، هەندێک پەردەش هەیە کە لە شێوەی مەتاتیدایەو خوێنی لێنایە، سەیرەکە لەوەدایە ژنان خۆشیان ئەوە نازانن، لەوانەیە بەهۆی ناتێگەیشتنی پیاوان و ژنانی ئەم وڵاتە سەدان ژن تووشی جیابوونەوە، یان کوشتن هاتبن لە شەوی یەکەمەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی نەزانینە کە مرۆڤ جەستەی خۆی و بەرامبەرەکەی نەناسێ.

ڕاگەیاندنی کوردیش لەم بوارەدا لاوازە، ناوێرێ باس لەم بابەتانە بکات، لە قوتابخانەش پەروەردەی جەستەیی و سێکسی نییە، بۆیەش کوردستان لە کوشتنی ژندا پشکی شێری بەرکەوتووە. پیاو حەز دەکات ئەو ژنەی دەبێتە هاوسەری کەس دەستی لێنەدابێ، واتە دەستی یەکەم بێت، چونکە دەبێتە دایکی منداڵەکانی، بەڵام کاتێک ئەو ڕیپۆرتاژانە دەخوێنینەوە، بە تایبەتی پیاوان تووشی دڵەڕاوکێ دەبن. چونکە ڕووبەڕووی دونیایەکی دیکە دەبنەوە کە هاوڕەگەزەکانیان بەشدارن تێیدا.

لە کۆمەڵگەی ئێمە بەهۆی ئەوکارانەی تاکەکانی کۆمەڵگە پێی هەڵدەستن کۆمەڵگە تووشی سەرلێشێواوی دەبێت، لەدوای خوێندنەوەی ئەم ڕیپۆرتاژە بۆمان دەردەکەوێت کە ژیان لەلای زۆربەی تاکەکانی ئێمە دەکرێ لەسەر درۆ بنیات بنرێ، نەک لە سەر بنەمای خۆشەویستی، ئەگەر ژن و پیاوێک یەکتریان خۆشبوێ و مەسەلە کڕین و فرۆشتن نەبێ، کە پەردەکە نرخ دیاری دەکات، بە ڕاشکاوانە بەیەکتر بڵێن شتێکی ئاوا ڕوویداوە،زۆرباشترە. بەڵام لێرە ژیان لەسەر درۆ بنیات دەنرێ، درۆش ژیان دەکاتە دۆزەخ،پیاو لە بێئاگایی و ژنەکەش بەشاردنەوەی نهێنییەک بە درێژایی تەمەن.هەرچەندە دەکرێ پیاوەکەش هەمان کاری ئەنجام دابێ، بەڵام بۆ ئەو گرنگ نییە چونکە ئەو پیاوە دەتوانێ بە شانازییەوە باسی بکات.

کاتێک مرۆڤ بە وردی سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی دەدات، تێدەگات کە دوو جیهان هەیە، جیهانێک لەسەرەوە ئەوەی کە بەئاشکرا دەیبینین و جیهانێکی دیکە کە بەدەگمەن بۆمان دەخوێندرێتەوە مەگەر لە ڕیپۆرتاژێکی ئاوا یان لە کتێبی ئۆڤیانووسێک لە تاوان.

دەستخۆش لەنجە خان کە دەتەوێ ڕووی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵگەمان بۆ بخەیتە ڕوو، چونکە زۆر کەس پێیانوایە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تەنها فریشتە هەن نەک شەیتان.

# Rûdaw

Rudaw readers know more

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات

**خاوەنی ئیمتیاز :** کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن :** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر :** ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا :** هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی :** شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279

ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی


## هۆزان فەتاح:

# ئەز نە یا ئامادەمە ل سەر شاشا تەلەڤزیۆنێ دەرکەڤم!



**سلێمانێ ئالیخان**
**رووداو – ئەڵمانیا**

پشتی پتری حەفت هەیڤان ژ راوەستیانا پرۆگراما هونەرییا (هلبین). مە پێشکێشکارا وێ و بێژەرا تەلەڤزیۆنا کوردستان "هۆزان فەتاح" ل مالا وێ ل بازێرێ ڤۆپەرتالێ ئەڵمانی دیت. وێ ژ (رووداو) را گۆت: "ئەز نۆکە هیچ کارەکی ناکەم و ئەز یا مژوولی ژیانا خوە یا تایبەت و پێکئانینا ژیانا هەڤژینییێمە".

هۆزان فەتاح پەسنا کەش و ژیانا ب ساناهییا ئەڵمانیا دکر و جوداهیا وێ دگەل ژیانا کوردستانێ. لێ خەریبیا وەلات و کەسوکاران ژی دچاڤێن وێ دا دیاربوو، لەوما دگۆت "ئەز خۆلەکەکا کوردستانێ نادەمە ب هزار سالێن ئەڵمانیا".

دەربارەی پرۆگراما خوە یا تەلەڤزیۆنی و دووبارە دەست ب کاربوونێ. پێشکێشکارا پرۆگراما هلبین ژ مە را دیارکر کو ستودیۆیا کوردستان تی ڤی یا ئەورۆپا پەیوەندی ب وێ کرییە، لێ ئەو یا ئامادە نینە کار بکەت و ل دۆر ئەگەرێن ڤێ یەکێ وێ ب خەمگینیڤە دگۆت "ب راستی ئەز نزانم چ بێژم، هندەک دەمێن نەخۆش ب سەرمەدا دەربازبوون و ئەز نۆکە یا درەوشەکا تایبەت دا دژیم، لەوما ئەز نە یا ئامادەمە و ناتوانم ل سەر شاشێ دەرکەڤم و ئەز نەشێم چ ژڤانان ژی بدەمە بینەران بۆ دەرکەتنا خوە".

هۆزانێ قەبوول نەکر ئەم ب کامیرەیا (رووداو) وێنەیێ وێ بگرین و وێنەیەکێ دی یێ خوە دامە کو بەری چەند مەهان گرتییە. هەڵبەت وێ پارسال شاهیا خوە ل بازێرێ دهۆکێ کربوو و نۆکە یا دووگیانە و چاڤەرێیی زارۆکەکی دکەت. دەربارەی خێزان و ژیانا خوە یا نوی دگۆت "ئەز زۆر یا دلخۆشم و هەموو ئەندامێن مالێ ژی گەلەک دهاریکارن دگەل من و ب تایبەت هەڤژینێ من". هەڤژینێ وێ ژی سترانبێژەکێ کوردە و هەلگرێ رەگەزنامەیا ئەڵمانییە و، وەک وێ گوتی ئەو یێ مژوولی تۆمارکرنا چەند سترانان بوو و نیازا دەرێخستنا سی دی یەکی هەبوو، لێ ژ بەر هندەک کاودانێن تایبەت هەموو کارێن وان راوەستیاینە.

بۆ زانین ل شەڤا سەرێ ساڵێ خالەتا هۆزان خانێ دگەل چوار زارۆکێن خوە ل بازارکێ سەرسنکێ ژ ئەگەرێ هلکێشانا بێهنا دوکێلا مۆەلیدێ کارەبێ، ژیانا خوە ژ دەستدان.

# قادر ئەسعەد دەگەڕێتەوە کوردستان



**تایبەت بەرووداو**

سەرچاوەیەکی نزیک لەگۆرانیبێژ قادر ئەسعەد لەسوێد بە (رووداو)ی راگەیاند کە ناوبراو بڕیار وایە لەچەند رۆژی داهاتوودا بگەڕێتەوە کوردستان.

سەرچاوەکە ئاشکرای کرد کە گۆرانیبێژ قادر ئەسعەد بەداوەتنامە دەگەڕێتەوە کوردستان بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی هونەری لە هەولێرو سلێمانی. کە یەکێک لەپرۆژەکانی تەواوکردنی ئەلبوومە نوێیەکەی دەبێت کە خۆی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات.



# "حەسەن قانوون" پاش ئەوەی بووە حاجی دەستی لەهونەر هەڵگرت

**دلبخوین دارا**
**رووداو –ئەڵمانیا**

ناوی حەسەن گەنجۆیە، بە (حەسەن قانوون) ناسراوە و خاوەن نێوبانگێکی زۆری هونەرییە. تا ئێستا لەگەڵ دەیان هونەرمەند چووەتە سەر شانۆ و قانوونی لێداوە. کەس نییە نەیناسێت.

ئەو خەڵکی شاری عەفرینی رۆژئاوای کوردستانە.

حەسەن قانوونژەنێکی زۆر شارەزا بوو. کەسانێک کە لەگەڵ ئەودا کاریان کردووە دەڵێن، ئەو لەکارەکانیدا زۆر جیدی و دروستبوو. نموونەیەک بوو لەو هونەرمەندانەی کە کارەکانی خۆی خۆشدەویست و لەگەڵیاندا دەژیا.

تاقانە قانوونژەنێک بوو کە لە ئەوروپا لەگەڵ هونەرمەندان دا دەچووە کۆنسێرتەکان.

بەڵام ئەو لەزۆربەی هونەرمەندان رازی نەبوو گلەیی لێدەکرن و دەیگوت" لەگەڵ خۆیاندا زۆر ماندوومان دەکەن، ئێمە لەگەڵیاندا وڵات بەوڵات دەگەڕێن، رۆژانە لە خێزانی خۆمان دوور دەکەوینەوە، بەڵام لەدواییدا پارەکەمان نادەن...".

جارێک ئەو گلەییانەی لای من باسکردن و گوتی دەتوانی بیاننووسی.

حەسەن یان حەسەن قانوون چوو بۆ حەج. بووە دیندار، چووە مزگەوت، نوێژی کرد، رۆژووی گرت، قورئانی خوێند و هێدی هێدی لەهونەر دوورکەوتەوە.

حەسەن"تەوبە"ی کرد، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ژەنینی قانوون گوناحە .دەستی لەقانوونژەنی هەڵگرت و بەو بڕیارەشی، هەموو دۆست و هەڤاڵانی خەمگین کرد.

بەڵام دەنگی قانوونی حەسەن هەر لە گوێماندا دەمێنێتەوە.

# نابینایانی سنە دەچنە بەریتانیا

**تایبەت بەرووداو**

فیدراسیۆنی وەرزشی نابینایانی ئێران رایگەیاند دوای ئەوەی تیپی گلۆباڵی نابینایانی کوردستان بە هەڵبژاردەی سەرکەوتووی ئێران دەرچوو، بڕیاروایە لەهەفتەی داهاتوو بچێتە بەریتانیا.

فیدراسیۆنەکە بڵاویکردەوە کە بڕیاروایە تیپی نابینایانی ئۆستانی کوردستان لە هەفتەی داهاتوو بۆ بەشداریکردن لە کێبرکێ نێودەوڵەتییەکان بچێتە لەبەریتانیا . تیپی گلۆبالی نابینایانی کوردستان، وەک تیپی هەڵبژاردەی ئێران لەگەڵ تیپەکانی ئیسپانیا، بەلژیکا، بەریتانیا، سعودیە و تورکیا لەیاریەکانی مانچێستەر لەبەریتانیا بەشداری دەکات.

لەساڵی رابردوو تیپی گلۆبالی نابینایانی کوردستان بووە قارەمانی کێبرکێیەکانی نابینایان لە فینلاند.

# کلیلی کەعبە دەفرۆشرێت

**رووداو – ئاژانسەکان**

کلیلی ماڵی خودا، کەعبە، پیرۆزترین پەرستگەی موسلمانانی جیهان لەمەزادێکدا لە لەندەن بە 9 ملیۆن و 200 هەزار پاوند (19 ملیۆن دۆلار) فرۆشرا.

مەزادخانەی سادبی لەلەندەن رایگەیاند کە کلیکی ماڵی خودا و چەند شوێنەوارێکی هونەری ئیسلامی فرۆشراون،کە کلیلی ماڵی خودا (کەعبە) زۆرترین کڕیاری هەبووەو یەکێک لەدەوڵەمەندەکانی بەریتانیا کلیلەکەی بە 9 ملیۆن و 200 هەزار پاوند (19 ملیۆن دۆلار) کڕیوە.

بەپێی قسەی بەرپرسی مەزادخانەکە کلیلی کەعبە و شوێنەوارەکانی دیکە هەموویان بە 21 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار فرۆشراون، هەروەها ئاشکرای کرد کە جگە لەو کلیلە 58 کلیلی دیکەی کەعبە لەجیهاندا هەن کە 54ی لە ئیستەنبۆلن و 4ەکەی دیکەش لەپاریس و قاهیرە پارێزراون. بەرپرسی مەزادخانەکە روونیشیکردەوە کە"لەسەدەکانی رابردوو ئەوە بووە باو کە هەر خەلیفەیەک حکومەتی ئیسلامی بەدەستەوە بگرتبا، کلیلێکی ماڵی خودای پێدەدرا کە بە نیشانەی بەهێزی ئەو خەلیفەیە لەقەڵەمدراوە".



ئەو کلیلەی لە مەزادخانەی لەندەن فرشرا، لەساڵی 537ی کۆچی (1177ی زایینی) دروستکراوەو دراوەتە دەست ئیمام ئەبو جەعفەر موستەنسر خەلیفەی عەبباسی. کلیلەکە 37 سانتیمەتر درێژە.

# پێشبڕکێی شەڕە کەڵەشێر لە هەرسین



**تایبەت بەرووداو**

لە سەرەتای مانگی داهاتوو لەشاری هەرسینی پارێزگای کرماشان، پێشبرکێی بەشەڕدانی کەڵەشێر ئەنجام بدرێت، کە 3 رۆژ دەخایێنێت.

سیروس سیاوەشی یەکێک لەئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو پێشبڕکێیە بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو پێشبڕکێیە لەسەرەتای مانگی داهاتوو لەشاری هەرسینی پارێزگای کرماشان سازدەکرێ و تا ئێستا نزیکەی 200 کەڵەشێر ناویان نووسراوە.

سیاوەشی گوتیشی ئەو پێشبڕکێیە تەنیا بۆ کەڵەشێرەکانی پارێزگای کرماشانە "ئەگەر پێشبڕکێیەکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوا هەوڵدەدەین لەپارێزگاکانی دیکەش بیکەین".

بەشەڕدانی کەڵەشێرەکان لەکۆنەوە بۆ دانیشتوانی پارێزگای کرماشان ماوەتەوەو ساڵانە لەو پارێزگایە چەند پێشبڕکێیەکی بۆ ئەنجامدەدرێت.






**گۆران محەممەد**



goransalih@hotmail.com

# لادا

هاورێیەکی ژینگە دۆست و گۆشتنەخۆر و سەوزایی بەرهەمهێنم پێی گوتم: "هەموو دارێکی تەواو گەشەکردوو، بایی ئەوە ئۆکسجین بەرهەم دەهێنێ کە بیست و پێنج کەس پێی بژین". کە ئەو قسەیەی کرد یەکسەر ئۆتۆمبیلی لادای شڕم هاتە پێش چاو، ئاخر من خەیاڵم بۆ کورد چوو، زۆربەی کورد لە لادایەکی شڕ دەچن کە مەکینەکەی سەرف دەکات و لە پیسکردنی ژینگە پتر هیچ سوودێکی تری نییە، کورد لە بری گەشت و گوزار، گەشت و گوو دەکات، چوار کەس بچنە سەیران، زبڵی بیست کەس بەجێ دەهێڵن. زۆربەی کورد کە بۆ ئاودەست دەچنە مزگەوت، ئاو بە پاش خۆیاندا ناکەن. کەم کورد هەیە بە رێگادا بڕوات و بەڵغەم فڕێ نەدات. مرۆڤ یەکەمین دوژمنی ژینگەیە، بەڵام مرۆڤی کورد دوژمنێکی باوەکوشتە و داخلەدڵی ژینگەی خۆیەتی.

دەوڵەت هیچ جۆرە فیلتەر و رێوشوێنێکی بۆ پاراستنی ژینگە دانەناوە، ئۆتۆمبێل هەیە دەڵێی مۆزەنەبی هالییە، بەڕێدا دەڕوات و لوولەیەکی بیست مەتر درێژی دووکەڵ بەدواوەیەتی، دەوڵەت لە سەر ئەمە سزای نادات، بەڵام ئەگەر لە گڵۆپی سووری دا سزای دەدات، توو شەرەفتان کامیان گڵۆپی سوورە، کوشتنی ژینگە یان لە ترافیکدان؟ خۆ ئەگەر لە ترافیکدان سەرپێچی بێت، پیسکردنی ژینگە تاوانە. باشە ئەو جۆرە شۆفێرانە چییان لەگەڵ عەلی کیمیاوی جیاوازە؟ مەگەر هەردووکیان ژەهر ناکەنە لووتمانەوە؟

وەزارەتی ژینگەی کوردستان کە کرێچین و لەوێش سەوزایی قات و قڕانە و مۆەلیدەکەیان بەشی هەموو گەڕەکەکەیان ژینگە پیس دەکات، داوای کردبوو شانزەی مانگ کاتژمێر دەی بەیانی شوفێرەکانی کوردستان بۆ تەنیا دوو دەقیقە ئۆتۆمبیلەکانیان بکوژێننەوە، نەک یەک کوردی بەشەرەف ئەمەی نەکرد، بەڵکو هەندێکیان زۆرتر پێیان لێدەنا و دووکەڵی خەستتریان لێبەردەبووەوە. لە سایەی دڵپێنەسووتانی خەڵکەوە، هەموو کوردێکی ژینگەکوژ عەلی کیمیاوییەکی بچووکە و کوردستانیش هەڵەبجەیەکی بەردەوامە.

تەنیا یەک دار ئۆکسجینی بیست و پێنج کەس دەدات، کورد بە لێهاتووییەوە سەرقاڵی لەناوبردنی سەوزایی و قیتکردنەوەی کۆنکریتە. شارەکانی کوردستان خەریکە دەبنە بێڕەنگترین شاری دونیا. خۆ ئەگەر سەتی بیستی کورد یەکی دوو دار بەخێو بکەن، کێشەی کەمی ئۆکسجینمان نامێنێ، خەڵکێکی کەمتر دەکۆکن، خەڵکێکی زۆرتر هەناسەی خاوێن دەکێشن، هیچ دوور نییە خواش کەمتر غەزەبمان لێبگرێت و لە بری خۆڵ، چۆڕێ بارانمان بۆ ببارێنێ.